تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

دیوانی حەریق

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لێکۆڵینەوەی

سەید نەجمەدینی ئەنیسی

بەهاری ١٣٦٨ی هەتاوی

مەهاباد

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

٢٠٠٠

بسم الله الرحمن الرحيم

ڵاوکراوەکانی چاپەمەنی محەمەدی لەسەقز

بەهاری ١٣٦٩

نام کتاب : دیوان حریق

گردآورنده : سید نجم‌الدین ئەنیسی

ناشر : محمدی سقز

تیراژ : ۳۰۰۰

چاپ : نیکنـام

لیتوگرافی : تصویـر ــ تبریـــز

سرپرستی چاپ : ناصح افخم زاده

پێـــرستێکی دیوانی حەریق

نـــاوەڕوک	لاپـــــەرە
ستـایـش وسـوپـاس	١
" حـەریـق"	١
شیعری حەریق	٥
حەریق و غەزەل	١٠
حەریق و شیخی بورهان	١۶
حەریق و بەهار و سروشت و جوانی	٢١
حەریق لەمیژوی ئەدەبی کوردی دا	٢٣
حەریق لەشیعرو ئەدەبیاتی رەفیق حیلمی دا	٣٧
سوفیەتی لە هونراوەی کوردی دا	۴١
حەریق لە دیوانی پاشەروک دا	۴٥
حەریق لە باخچەی شاعیران دا	٥٢
بەسەرهاتی حەریق بەقەلەمی محەممەد رەشید	٥۴
چونیەتی ژیانی و خوورەوشتی	٥٥
حەریق لەژیناوەری زانایانی کوردا	٥٩
حەریق لە گوواری بەیان دا	۶٢
حەریق لە گووڤاری کاروان دا	۶٣
حەریق لە گوواری سروەدا	۶٥
حەریق و بونە شیعرەکانی	۶٧
چەند سەرگوزەشتەیەکی حەریق	٧٣
میژوی ژیانی عارفی رەبانی شیخ شەمسەدینی بورهانی	٧٥

ناوەروک	لاپەزە

یادی شیخی بورهان	٨٢
شیخی بورهان	٨٤
خوو رەوشتی شیخی بورهان	٨٦
قوتبی ئیرشاد	٨٨
شیعری دومانە	٨٩
گیراوی داو	٩٠
غونچەی گولستان	٩١
پیری بورهان	٩٢
شیخ یوسف	٩٧
من و دیوانی حەریق	١٠٠
ناوی کەسان	١٠٢
بەشی غەزەلەکان	١٠٦

==========

خەوف و رەجا	١
نوری محەمەد	٢
ئاگری دوری	٣
تاوی گریان	٤
گولی شادی	٥
هەوری خەفەت	٦
گولی گولشەن	٧
فەرشی غەزەل	٨
جیژنانەیی روح	٩

ناوەروک	لاپەرە
کەوای غەزەل	١٠
دلی غافل	١١
گەوهەری مەعنی	١٢
فرمیسکی نەداmەت	١٣
پەرتەوی شەمس	١٤
گولبژیر	
ئەسراری سوبحانی	١٥
غونچەی مەقسود	١٦
خوسرەوی خوبان	١٧
گەنجی فکر	١٨
مارانگەستە	١٩
دەردی رەحمەت	٢٠
خەرمانی ئەمەل	٢١
رازی عیشق	٢٢
پارسەنگی حەیا	٢٣
گەوهەر فروش	٢٤
ورینە	٢٥
بی چاوەری	٢٦
ئاگری خەم	٢٧
دلی غەریب	٢٨
نیعمەتی وەسل	٢٩
دەردی گران	٣٠

ناوەروک	لاپەرە
خەتی موبەمو	٣١
میعراجی شامال	٣٢
دلی سەرکەش	٣٢
وردو هەراش	٣٣
شامالی رەقیب	٣٤
دوکانی حوسن	٣٥
شیعری ئاودار	٣٦
باغی خەیال	٣٧
مرواری سرشک	٣٧
چامەکان	٣٨
دلبەری فکر	٣٩
هەودایەکی خاو	٤٢
عیشقی حەقیقی	٤٤
مەدینەی ئەمەل	٤٦
خدری ریگە	٤٨
عەسری خەزەف	٥٠
کەوای غەزەل	٥٢
بی وەفایی گول	٥٤
چاوەریی موژدە	٥٦
هەزەیانی ناسازی	٥٨
لالە عوزاران	٦٠
مەسنەوی یەکان	٦٢

ناوەروک	لاپەرە

پیرەکەی بورهان	٦٢
شای شەرفکەند	٦٥
چوارینەکان	٦٧
سەودایەکی سەقمونییا	٦٨
تاپیاوی خەلکی	٦٨
بەردی زەلام	٦٨
مانگی موبارەک	٦٨
بادانەوە	٦٩
کاکی سەردەشتی	٦٩
دوپشک	٦٩
تاکەکان	٧٠
حەریق درتاریخ مشاهیرکرد	٧١
بەشی فارسی ـ جامزر	٧٢
تاریخ وفات استادفاضل مرحوم ملاویسم سردشتی	٧٣
فەرهەنگی دیوانی حەریق	١
سیاسنامە	٩٠

بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

سەرچەمی بەرھەمی " حەریق "

دیوانی " حەریق "

مەلا ساڵحی

کوڕی مەلا ئەسروڵلای

زێویەیی

لێکۆڵینەوەی

سەید نەجمەدینی ئەنیسی

" بەھار "

١٣٦٨ هەتاوی

مهاباد

نام کتاب : دیوانی حه ریق
گردآورنده : سه یید نه جمه دینی ئه‌نیسی
تیراژ : ۳۰۰۰
انتشارات : محمدی سقــز
چاپ افست : نیکنــام
لیتوگرافی : تصـــویر
قیمت : ۱۰۰۰ ریال

بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

بەناوی ئەوخودایەی کەبێ وێنە وهاوتایە وبەدی هێنەری زەمین وئاسمانە وهەتا دونیا دونیایە هەرئەو شایانی سوپاس وستایش وسەنایە ، سلاو لەوپەیامبەرەی کەخۆشەویستی خودایە ، وپەیام هێنەری نور وروناکی و سەفایە ، ولەپاش ئەو پەیامبەرێ نابێت ونایە ، وە درود لەسەرئال ویارانی هەتاهەتایە .

***

لەپاش پێشکەش کردنی ئەو سوپاس وستایش وسلاوە بەرێگای دڵ دا دەڕوێین ودڵ بەشاعیری دڵ سوتاو بەئاگری سۆفیەتی مامۆستا مەلا ساڵحی " حەریق " دەسپێرین وباسی شیعروبەسەرهاتی ژیبانی دەکەین ، وە ئەو بەڵگە ونوسراوانەی کە لە شوێنەواری شاعیران و نوسەران ولێکۆڵەرانەوە بۆمان بەجێ ماون دەیانکەین بەڕێنوێینی ڕێگامان بۆ ئەوەی " حەریق " چاتر وباشتربناسین ، ئەو حەریقەی کەبەمامۆستای مەدرەسەی شیعرو ئەدەبی فێرگەی ئەوبین وئاگر هەڵگیرسێن ناوبانگی دەرکردووە وشیعری ئاگرینی هۆنیوەتەوە .

حەریق

١٨٥١ – ١٩٠٧

گەوهەرناسی کەم وێنەی دەریای عیرفان وتەحقیق
شاعیری ڕێبواری ڕێگەی تەسەووفی پیری شەفیق
سەوداسەری مەعنەویاتی یوسفی میسری تەریق
بەئاگری عیشق سوتاوەبۆیەنازناوی کردووە بە"حەریق"

گەوهەری تروسکە دا روبەترخي نا وسەدەفی ئە مدژریا یەما ن ناوی مەلاسا ڵح وکوڕی مەلانەسروڵڵای زێوەییەیە ، زێویە دێیەکەلەسوردا شلە نا وچەی سولەیما نی پا ڵی دا وە، بەلای رۆژهەلاتی کێوی پیرەمەگرونەوە ، مەلا نەسروڵڵای با وکی خاڵکی دیی کا شتەرە ، کا شتەرولۆن دودینپاڵیا ن دا وەبەکێوی شا هووە کەکەوتۆتەبەیەنی هەورا ما نی لوهۆن وجوا نرووە، دیوی جنوبی پا ڵی دا وە بەما یدەشتەوە ، مەلانەسروڵڵا بەفەقێیەتـــی ولاتەگەیخۆی بەجێ هێشتووە ولەپا شا بەمەلایەتی لە دێی "زێـــویـە" دەگیرسێتەوەوژن دینێ، ما مۆستا " حەریق " لەسا ڵی ١٨٥١ زا یینی لــە دێی " زیوێیە " ئە ستێرەی ژیا نی تریفەی دا وەو چا وی بەرونا کا یــی دونیا هەڵێنا وە ، خوێندنی سەرەتا یی لەلای با وکی دەست پێ دەکا ولــە پا شا دە چێتەسولەیما نیولەمزگەوتی شێخ محەممەدی بەرزنجی دەبێ بە سوختەی فەقێیا ن وگەشتێکی قەرەدا غیشی بووە ، لەبیا رەش با سی"نیکاح" لەکتێبی " منها ج " ی نەوەوی لەلای شێخ حدیدەر دەخوێنێ وسەرێکـــی دی لەسولەیما نی دەدا تەوە ، لەسا ڵی ١٨٨٤ لە " پێنجوین" "کەلەنبە- وی بورها ن " کەعیلمی مەنتیقەلەلای مەلا عەبدورەحما نی پێنجـــوینی دەخوێنێ، لەوێوە دێ بۆموکریا ن " ما وەیەکیش لەونێوەدا هـــەربــە بەفەقێیەتی دەسوڕێتەوە لەپا شا ڕیی دەکەوێتە خا نەقا ی " شێخـــــی بورها ن " وا تــە شێخ شەمسەدین ولەوێ دەکەوێتەدا وی تەریقەتـــەوە، لە شێخ یوسف " شێخی بورها ن" تەریقەت وەردەگرێ و دوا یتەواوکردنی خوێندنی ئا یینی وتا وقەقیبا ن دەبێت بەمەلایەکی زا نا وپا یەبــــەرز ودەچێت بۆئا وا یی" سا حیب "ی نا وچەی سەقزو دەبێت بەمەلاومودەریسی ئەم دێیە وهەرلەوێش ژن دێنیت ودوا ی ما وەیەک لە ئا وا یی سا حێبەوە دەچێت بۆدێی " قا را وا "ی نا وچەی بۆکا ن وخەریکی مەلایەتـــی ودەرس کوتنەوە دەبێت وهەرلەم ئا وا یی یەبەهۆی هۆنینەوەی چوا رینەیــەک

سالّح خانی ئیعزا مول مولّک ئاغای " قاراوا " و " بۆگەبەسی" کە پیاوێکی ساماندا روخاوەن دەسەڵات ودەس رویشتوبووە ریشی دەتاشێت .

ئەم رِوداوە دڵتەزێن وناخۆشە بەجۆرێک کاردەکاتەسەر هەستو هۆش وعاتیفەی ئەم شاعیرە تاسک خەیاڵە کەئەم زامەقوڵ وکاریگەرە تادواهەناسەی ژیبانی هەروا دەمێنێتەوە ، هەروەکولەپارچەشیعرێک داکوتویەتی :

شادی بێگانەیە ، خزمم غەمە گەر مردیشم
ئەوەوا ریس لەحیسابی حەق وگۆڕوکەفەنم
گەنجی فکرم کەلەنێوکونجی غەماديوەئەوە
مُڵکی شادیم هەیە تاساکینی بەیتولحەزەنم

یالەغەزەلێکی ترا تابلّۆیژیبانی تاڵ وناخۆش وپرِلە ئازارو خەفەتی خۆی بەمجۆرە وێنەدەکێشێت ودەڵێت :

هەوری خەفەتە بەفری غەمی داوە بەسەرما
یاسەرسەری دوریتە کەلیتی کردمە سەرما
کەوتۆتە سەرم ئەشک وغوباری ئەلەمی دڵ
یەعنی کەقوری میحنەتەکردومە بەسەرما

" حەریق " بەدڵ شکاوی وناچاری، بەخاووخێزانەوە ئەوێی بەجێ دێڵێت ودەچێت بۆ گوندی " شەرەفکەند" وبۆماوە یەکیش لەوێ دا نیشتەجێ دەبێ ولە وماوەیەدا خەریکی دەرس کُوتنەوەبە فەقێیان دەبێ وپاشان دەچێت بۆ ئاروێرانی ناوچەی مەهاباد وچەندساڵێکیش لەگوندەکانی ئە ناوچەیەدا دەبێ بەمەلاومودەریس ولەپاشان لەساڵی ١٣٢٤ هەتاوی دێتەشاری مەهاباد ودەبێ بەمەلا ومودەریسی مزگەوتی حاجی " سەییدحەسەن " ومحەممەدحوسێن خانی موکری مانگێ سێ تمەن حقوقی بۆدەبرِێتەوە . ئیترپاشماوەی تەمن وژیبانی دەکا بەپەپولەی

دەوری چرای " شێخی بورهان " وتا ساڵی ١٩٠٧ زایینی،ڕێکەوتی ١٣٢٦ کۆچی مانگی دوای ٥٦ ساڵ ژیانی شاعیرانە وسوفیانەلەشاری مەهاباد لەگەڕەکی " ڕزگەیی" یان لەخانوی میرزا "حاجی یوسفیان"ئەوگەوهەرە تروسکەدارە بۆهەمیشە لەگرشە دەکەوێ وماڵاوایی لەژیان دەکا ولە گۆڕستانی " مەلاجامی" لەتەنیشت ئارامگای خوالێخوش بوشێخ مەحمودی نەوەی شێخ تەهای شەمزینی سەری دەبا تەنێوئامێزی خاکەوە .

خوا بەگەورەیی خۆی گیانی بەبەهەشتشاد بکا .

****

شیعری " حەریق "

حەریق شاعیری رێبواری رێگەی سوفیایەتی وخاوەنی دڵێکی بە خرۆش وماموٚستای هوٚنراوەی جوان وراوچی نێچیری شیعروهەڵوٚی مەعنا و گەوهەری بیروخەیاڵە وما مزی مەعنای بە تەواوی رامی خوٚی کردووە ، ئەگەر بەوردی سەرنجێک لە ناوەروک ومەعنا ومەبەستەکانی ئەوشا عیرە مان بدەین ، شیعریعیرفانی وسوفیایەتی زوٚربەی دیوانەکەیگرتوٚتەوە، چونکەعیرفان وسوفیایەتی وخوٚش ویستنی" شێخی بورهان "بەتەواوی هەست وهوٚشی داگرتووە ولە سەرجەمی شیعرەکانی دا ئەوکارتێکردنە بەرچاو دەکەوێ بە شێوەیەک کەگوتنی هوٚنراوەی ئاینی وعیرفانی یاستایشی " پیری بورهان " لەقوڵایی دڵ و دەرونیەوە هەڵقوڵاوەوبە درێژایی تەمەنیشی پەیرەوی لێکردووە ، بوٚیە لەچەند جوٚر هوٚنراوەی ئاینی وعیرفانی وەکو شیعری " خوٚفورەجا " و " نوری موحەممەد " و" دڵی غافل " و " خەرمانی ئەمەل " و " عەسری خەزەف " و " مەدینەی ئەمەل " و " غونچەی مەقسود" و " فەرشی غەزەل" دا زوٚر زانایانەوە شارەزایانەلەمەیدانی رەوانبێژی وجوانکاری ووردەکاری دا ئەسپی خوٚی تاوداوە وهەست وسوٚزی خوٚی دەربڕیوە ،هەروەکولە پارچە شیعری " خەوفورەجا " داگوتویەتی :

خوٚفم لەخودا چونکە لەبەرغەیری خودا یە
ئەمنم بەدرۆ ، سورەتی وەک خوٚفورەجا یە
پاڵی رەحەتی داوە ئەوەنەفسی خەسیسم
یا ئەمنی غەنا ،یا ئەسەری یەئس و هەوایە
باراتی بەرەحمەت لە تەرەف مەبدەئیفەییاز
قەترێ ئەسەری سونبول ویەک چڵ وگیایە

نوقسان لەتەرەف قابیلە ، نەک فاعیلی موختار

ئەم قەولی منەرەئیی جەمیعی حوکەمایە

* * *

یالەشیعری"نوری موحەممەد" داگوتویەتی "

بەو نورە کەزاهیربو لەسەر ڕویی موحەممەد

عالەم هەموئاشوفتە بو وەک مویی موحەممەد

سەروی چەمەنیش پێی لەگڵ وخاری غەمایە

لەرزانە لەحەسرەت قەدی دڵجویی موحەممەد

بورهانەلەسەرنەفیی مونافاتی شەوو ڕۆژ

مویێ کەپەرێشانە لەسەر ڕویی موحەممەد

* * *

حەریق شاعیرێکی ژیری خاوەن هۆش وبیری بەرز ودورئەندێش بووە وپێویستی خۆی بەرانبەر بەخوداوئایین وعیرفان بەجێ هێناوە، بۆیە چووە بۆدونیای شیعری پڕلەخوداناسین وسوفیایەتیەوەودەستی کردووە بەهۆنینەوەی ئەوهۆنراوانەی کەناوەروک ومەبەستەکەیان بریتی بەلەخوداپەرستی وسوفیایەتی وفەلسەفی وستایش وبەسروشت هەڵکوتن ، بەخوێندنەوەوموتاڵاکردنی شیعرەکانی بیری ئایینی ورێبازی عیرفانی حەریقمان بۆ دەردەکەوێ .

خەجاڵەت مونحەسیر بوئەی دڵەی غافڵ لەدونیایە

ئەدا مەت بونەتیجەی ئاخری ئەمشۆروغەوغایە

عەجەب بوت بۆتەزستان زەمهەریری باری عیسیانت

کەشک نەبەی سەرمایە ،دەڵێی وەیوەی چەسەرمایە

لێرەدا ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیەکەیەکەم سەرچاوەی ئیلهام و خروشانی" حەریق " سۆز وهەوای ئەوین وسوفیایەتی بووەکەکاری

کردۆتە سەردڵ ودەرونی بەجۆشی وهەرلەوکاتەوە کەهەوای عیشق و — عیرفانی کەوتۆتە مێشکەوە بەشیعری ئاگری دەرونی دا مرکاندووە ، فەلسفەفەی تەسەووفی " مەحوی" وشاعیرانی سوفی،کاریان تێکردووە و لەسەرئەوە شرا بیروخەیالی ناسکی " " نالی" شۆرشێکیان لەدڵی دا کردۆتەوە ، شیعرەکانی تام ومەزەوچێژی گیان بەخشی تەسەووفیان تێدایەوعیرفان وسوفیایەتی لەزۆربەی هۆنراوەکانی دا دەدرەوشێتەوە بەخوێندنەوەی هەڵبەستەپرلەمەبەستەکانی روانگەی بیری تەسەووفو رێبازی ئایینی وعیرفانیحەریقمان بۆرون دەبێتەوە وبەوجۆرەبۆمان دەردەکەوێ کە " سوفیزم" تاچ رادەیەک کاری کردۆتەسەرشیعروئەدەبی کوردی وتاچ ئەنداز ەیەک سامان داری کردووە وبەرزی کردۆتەوە ،هەر وەکولەشیعری " خەرمانی ئەمەل "دا دەڵێ:

لەخەرمانی ئەمەل میروی عەمەل جەزبی نەکردُدا نێ
لەزەیقەت خاتەدا ترسم هەیە، ئاخرسەری دا نێ
دەڵێن جەردەی ئەجەل رێگا بەکا روانیەنەفەس دەگرێ
شەقامی سینەدەبرێ بۆمەتاعی دیدە دەروانێ
تەریدەی نەفس وشەیتان قافلەی تاعاتیغارت کرد
ئەگەر جاسوسی ئیمانی نەبێ دەرناچێ ئینسانێ

* * *

" حەریق " لە هەموباخچە وگوڵزارێک چەپکەگوڵێکی چنیوەو ناوەروک ومەبەستی هونراوەکانی برێتین لە :

١ ــ ئایینی وخواناسی
٢ ــ عیرفان وسوفیایەتی
٣ ــ فەلسەفی وکۆمەڵایەتی
٤ ــ خۆشەویستی ودڵداری

٥ ـ ستا یش و پێ هەڵكوتن

٦ ـ بەها روسروشت وجوا نی

٧ ـ شین ولاوا ندنەوە

٨ ـ مونا سەبەت

٩ ـ نا مەونا مەكا ری

١٠ـ دا شۆرین و گلەیی

" حەریق " ئەوەندەی كەلەكوردی دا شا عیروخا وەن بەهـرە بووە ئەوەندەش لەشیعری فا رسی دا شا عیروشا رەزا وخا وەن بیری بەرزبـووە و لەپا ڵ هۆنرا وەی كوردی دا هۆنرا وەی بەزما نی فا رسیش هۆنیوەتـەوە وكەشكۆڵ وبەیا زەكا ن،چەندنمونەی ئەوبا بەتەیا ن بۆهەڵگرتوین .

دوكتور" مەعروف خەزنەدا ر" زا نا و نوسەری پا یەبەرزی كوردلە پێشەكی دیوا نی شا عیری گەورەی موكریا ن " یصباحَ الـدیـوا ن "ی " ئەدەب " لەلاپەرەی دوا زدەدا دەڵێ : " حەریق " یەكێك لەوشاعیرانە یە، كە نوێنەری قوتا بخا نەی " نا لی" یە لەخا كی با با ن دا ، وەئـەم شا عیرا نە وا تا شا عیرا نی نیوەی دووەمی سەدەی نوزدەهەم ئەگەرچـی غەزەلی" نا لی" یا ن لەروی روخسا رەوە نەگۆڕیوە بەڵام شۆڕشكیا ن لـە نا وەروك دا بەرپا كردووە ، " حەریق " و" مەحوی" بەدەروێشی،" حا جی بەنیشتما ن پەروەری و" ئەدەب " بەدە رهێنا نی غەزەلی دڵدا ری لـە چوا رچێوەی دەروێشی یەوە، بۆجیها نی رێیا لیزم ، "حەریق "هـەر لـە سەرەتا ی لاوی یەوە دەستی كردووەبەشا عیری ولەهۆنینەوی هۆنـراوەدا سەودا سەرو ئەیدا ی شێوە وشێوا زی شیعرەكا نی " مەحوی"وبەتا یبـەت " نا لی" بووە وشیعرەكا نی ئەوا ن لەشیعری ئەودا ڕەنگ دەدەنـەوە ، دڵی لەوردكا ری ئەوشا عیرا نەچووە وگەلێكشی حەزلەجینا س وتەشبیـەو ئیستیعا رەی جوا ن كردووە ، بۆنمونەتەما شا یەكی ئەوكا رتێكردنـەی

" نالی" لە " حەریق " بکەوبزانە چۆن " حەریق " شوێن شێوەوشێوازی " نالی" کەوتووە ، " نالی" دەڵێ :

چاوە لە برۆ یەعنی لەژێرتاقی تەزارەت

بێ پەردەعەیان دێتەتەکەللوم بەئیشارەت

" حەریق " دەڵێ :

ئەمخوسرەوی خوبانە کەوا دێتە تەزارەت

شیرینە ئەگەردڵ برفێنێ بەئیشارەت

" نالی" دەڵێ :

ئەم تاقمەموتازە کەوا خاسەیی شاهن

ئاشوبی دڵی مەملەکەت وقەلبی سوپاهن

" حەریق " دەڵێ :

ئەم تاقمەشیرینە لەمەکتەبکەدیارن

جەللادی دڵی عالەم وئاشوبی دیارن

باچاوێکیش بەهەردوچامە " قەسیدە" کەی " کچ" ی " نالی "و " کوڕی" "حەریق " دا بخشێنین وبزانین " حەریق " چۆن بەسەرڕێچکە و رێبازی" نالی" دا رۆیشتووە وتەنانەت لەکێش وقافیەش دا پەیرەوی لە " نالی" کردووە وشوێن پێی ئەوی هەڵگرتووە ،"نالی" لەچامەناسک وجوانەکەی دا کەباسی عیشقی مەجازی دەکا ودەڵێ:

عیشقت کەمەجازی بێ، خواهیش مەکەئێللاکچ

شیرین کچ ولەیلاکچ ، سەلماکچ وعەزراکچ

فەرقی کوڕوکچ رۆشن وەک فەرقی مەهەومیهرە

ئەم فەرقی شەوورۆژەوەک فەرقەلەکوڕتاکچ

" حەریق " یش لەچامەبەرز وبەناوبانگەکەی دا باسی عیشقی حەقیقی دەکا و دەڵێ :

عیشقت کەحەقیقی بێ تالیب مەبە ئیللا کوڕ
هەمحەزەرتی لەولا کوڕ ،هەمیوسفی والا کوڕ
ئەو نورەکەمەنشەئ بو ، بۆعاشقی مەبدەئ بو
تێفکرەلەئەونورەمەعلوم وهووەیـــدا کور
سەدحەیفێ کەتۆ " نالی" بەمپیری بەمندالی
بەمتەرزەلەعیشق ئەدۆیی زیباکچودیبا کور
هەرعیشقی حەقیقی بێ،وەک عیشقی"حەریقی"بێ
مەیلی بەدەقیقی بێ،بۆمەعریفەتوللا کـور

* * *

هەروەکوگوتمان " حەریق" شاعیرێکی سوفی یەوهێندێ لەشیعرە ـ کانی عیشقی مەجازین وسەریان لەتەسەووفەوە دەرچووە ،واتەلەعیشقی مەجازی یەوە چووە بۆعیشقی حەقیقی وخودایی .

*

" حەریـق و غــــەزەل "

" حەریق " شاعیرێکی سوفی وغەزەل وێژێکی بەهرەمەندی دوای " نالی" و" مەحوی" یە ، ناوبانگی "حەریق" زیاتربەهۆی غـەزەلـــە بەرزو جوانەکانیەتی،کەبەراستی مەعنای باریک ووشەی جوانی وەکـــو گەوهەرویاقوتی لەملوانکەی هۆنراوە داتێکەڵ کردووە ولەشیعـــــرو غەزەلەکانی دا رۆحی عیرفان وخواناسی بەتەواوی دیاری دەدا ،

بەکەمەندیغەمی دونیاکەسێ خۆی پێچا بـێ
موتڵەقی قەیدی تەکالیفەکەخۆی پێ چا بـــێ
ئەوی خاوی تەمەعکـەوتـۆتە حاڵی چاوی
چۆن لەبەر ریس وگوریسی لەغەزەل جۆیا بـێ

حیکمەتەشیعری من ودەوڵەتی ئەهلی ئیمساک

وەک تەلەسمێکەکەریێ مەشرەبی بونەشکا بێ

*

رێچکەوەدا ڕشتنی شیعرەکانی "حەریق" بەتێکرایی شێوەیەکەلە نێوان غەزەلیدڵداری وسوفیانەدا، یانی عیشق وسوفیەتی تێکەڵاو کردووە وبیروخەیاڵی سوفیانەی لەناوەرۆکی غەزەلی دڵداری وئەویندا نە گونجاندووە.

چاوەکەمئەمرۆلەگوڵشەن گوڵ بەعیشوەخۆی نووا ند

ئەک ئەمەک گیربمبەمەرگی تۆقەسەمهیچ نەمدووا ند

گوڵ بەتۆزی پێتەوەلاف وگەزافی لێ دەدا

واشوکرسۆزەی نەسیم هات وئەویشی لێ ستا ند

بۆگوڵی روت ماتەمی پەرچەم دەبینێ بۆیەوا

ماهی نەورۆزمبەشێوەن وەک محەررەمخۆی نوا ند

"حەریق" لە تین وتاوی ئەوین وخۆشەویستی دا بەهێزبووەو بەهەست وسۆزی سوفیانەوعاریفانەوەئاگری هێناوەتەنێوئاورگی دڵ وبووەبە شاعیروئەدیبی فێرگەی عیشق وبووەبەرێگری دڵەکان، بەراستی ئاگری عیشق لەدڵی "حەریق" داهەستاوە وبڵێسەی ئەستاندووەوسوتاندویەـ تی، بۆیە بەغەزەلەبەرزوبەسۆزەکانی ئاگری لەخەرمانی دڵانی بە هەست بەرداوە.

کەی دێیەوەسەرڕەحمی دڵی زارونەزارم؟

کەی دێ قەدەمی خێرت بەسەرخاکی مەزارم؟

تادیومەلەنێومەسحەفی روت سورەیی یوسف

بۆئایەتی حوسنت لە هەموورەسمی کەنارم

تاووس کەلەسەر زینەتی باڵی ، سەری دانا
ئەمنیش بەپەڕی فکرەوە بێ سەبروقەرارم
پەروانەیی شەوقت مەخەرە ئاگری میحنەت
شەمعی دڵەکەت هەڵکەلەبۆ بەزمی نیگارم

*

" حەریق " بە جوانترین شێوە ناوەروکی ئاینی وعیرفانی، وەبەرزترین بیری سوفیانەوفەلسەفی، وەبەسۆزترین ئاوازی ئەویندارانەی لەغەزەلەکانی لدا دەربڕیوە وتەنانەت زۆربەی غەزەلەدڵدارییەکانیشی ڕەنگی غەزەلەعیرفانیەکانی بەخۆیەوەگرتووە .

بەخەیاڵی شەوی وەسڵت خەوی هیجرانەمدی
بەشەمیمی نەفەست سروەیی چیمەنا نەمدی
چاوی بیمارت ئیشاراتی شفا دەنوێنێ
لەخەتی مەسحەفی روت ئایەیی لوقمانەمدی
گەوهەری مەعنی لەدەریا چەیی دڵ دێنمەدەر
تالەحوققەی دەهەنت لەعلی بەدەخشانەمدی
هەربەئاودا چوسەفینەی غەزەلی بەحری خەیاڵ
لە جیبات سودیمەتاعمزەرەروزیانەمدی
لەگەنی دیدە ،فتیلەی موژە ورەوغەنی ئاه
بۆشەوی وەسڵی لەسەدلاوە چراغانەمدی

*

ئەوهۆنەرەهونەرمەندە ئەویندا رێکی دڵ سوتاوەکەرایەڵ وپۆی غەزەلەکانی لەهەست وسۆزوئەوین وخۆشەویستی چنراون و لەسەر ڕوپەرەی دڵان نەخش کراون ، لەسەرتاسەری ئەم غەزەلانەدا ئەوێنێکی ئاگراوی وسۆزێکی راستەقانی شەپۆل دەداو غەزەلەکانی بەراستی دڵ

دەکە نەوە وبەبێ پەروا ئینسا ن دەخەنەسۆزێکی مەعنەوی ورۆحێکـــــی
رۆحا نی وئەوینداڕنەیا ن هەیە .

بۆجەمعی غەم وشا دی نەبو ڕۆژی موحەڕرەم
ڕوت بەرگی گوڵی شا دی وزوڵفت شەوی ماتەم
بەو وەجهەدەڵێن مەسحەف وبەونوقتەدەڵێن دە م
بەوزولفەدەڵێن قەیدوبەئە محا شیەپەرچە م
تەفسیری شەوی وەسڵ وغەمی ڕۆژی فیــرا قــە
مەشهورەلەدونیا بەبەهەشت وبەجەهەننــە م
تەسبیحی سەنا ی زوڵفی خەیا تەو لەبیمەرجا ن
سەررِیشتەیی ئێمەیەدەوێبوعیقدیمونەززە م
بـۆدڵبەری مەعنی لەحەرە م خا نەیی ئەسـرار
خۆی قەڵەمی ما وە "حەریق"ئێستێبەمەحرە م

*

ئەوبوێژەخۆش را وێژە لەدەربڕینی بیروخەیا ڵ وپەروەردەکردنی نا وە روکی تا زەوبەکا رهێنا نیئیستیعا رەی جوا ن وتەشبیها تی نــا سک ودا هێنەرا نەدا بەهێزوخا وە ن دەسەڵات بووە وغەزەلەشیرین ودڵرفێنەـ کا نی چو ن لەقوڵایی دڵی بەهەستیەوە هەڵقوڵاون لەگەڵ دونیــا یـــەک هەست وسۆزتێکەڵاو ن.

ئەی تۆبەلــەدەس ڕۆژی فیرا ق وشــەوی هجیرا ن
وەی ڕۆلــەهەرا وکەشمەکەشیسا عەتی چیرما ن
بۆسـەبزەیی نەوخیـزی خەتی لالــە روخــا نــم
هــەوری خەفـەتم حا زرە بۆدیدەیی گــریا ن
تۆتا ری سەری زوڵـف ومنیش ئەشکی بەحەسـرەت
خۆش دێن لەیەک ئەورِیشتەوئەودانی مەرجا ن

قەترەی عەرەقی شەونمی بەرگی گوڵــی روت بو
وەمزانی کەمەرجانەلەسەرلەعلی بەدەخشان

"حەریق" دەنگ وناڵەی دەرونی لەقاڵبی غەزەلی ناســک وتــەرو پاراودا هۆنیوەتەوە وهۆنراوەکانی‌نیشانەی سۆزی ئەویندارانــە و عیرفانیەتی ، غەزەلەکانی پارچەئاگرێکن کەلەکورەی دڵی‌ئاگرینیەوە هاتونەتەدەرەوە ودەکرێ بڵێین بەتەواوی مەعنا " حەریــــق" شیعری شاعیرانە و عاریفانەی هۆنیوەتەوە .

هەموکەس با بزانێ من کەسەودای زوڵفی دوتاتم
لەخانەی‌کوڵەمدا کۆڵەملەدەوری‌شای روخت ماتم
ئەگەرچی ساکینی مُڵکی عەجەم‌بوم‌دورلەرۆمکەوتم
لەسایەی‌پەرچەمی‌تۆوەرەشیسی مُڵکی شاماتم
موتالای حاشیەی زوڵفت‌لەسەرسەفحەی روخت‌سەعبە
بەوەمچا بوبەمنداڵی لەدەرسی عیشق راهاتم

" حەریق" زۆرجاریش بەرەوغەزەلی ئەوین ودڵداری رۆیشتــووە و لەم مەیدانەش داسوارچاکی خۆی تێدا تاقی کردۆتەوە ،ئەگەر بــەوردی کەباسی ئەوین وخۆشەویستی، یان بەئاشکرایی تێدا دیارەوویستویــەتی لەهەموروانگەیەکەوە شیعربڵێ وخۆی لەمبوارەش تاقی کردبێتەوە .

حوزنی من یا حوسنی تۆئیشکا لــەتائاخرنەفەس
چون زەکاتی‌حوسنی‌تۆیا حوزنی‌من‌ناگا بەکەس
چۆن دەکەی مەنعی دڵی من تۆلەشەهدی‌لێوی‌خۆت
لێوی تۆوەک شەککەرستانەدڵی‌من‌وەک مەگەس
تازەفەرموتەلەلای کەس رازی عیشقی من مەڵــێ
نەت دەزانی دڵ کەکون بودەنگی‌لێ‌دێ‌وەک جەرەس؟

*

" حەریق " پایەخێکی زۆری بەشیعرەکانی خۆی داوەوزۆری خۆش ویستون وەبەهۆی هۆنراوەکانیەوەخۆی بەوەجاخ رۆشــــنن زانیــوە و

هەڵبەستەکانی بەجگەرگۆشەی خۆی دانا ون وهیوای پاشەڕۆژی پێیـــان بووەوبەموشتەری ودا خوازی شیعرەکانی کوتووەکەشەوهۆنراوەبـەنرخ و جوانانەلەکیس خۆیان نەدەن ، هەروەکولەچامەی "عەسری خەزەف"دا کــە وتویەتی :

هەریەک پەلی فرزەندێ،دەڕی شیعری " حەریقی"

تۆبۆچی لەکیس خۆتی دەدەی موشتەری نادان ؟

*

" حەریق وشێخی بورهان "

حەریق لەکۆڕی ڕەوانبێژی دا بولبولێکی هەزاردەستانە کەدڵ بە دریادا دەدا ورولەخانەقای " شێخی بورهان " دەکا ، کاتێ کەچووەبۆ خانەقای " شێخی بورهان " ولەوێ دانیشتەجێ بووە ، تادوایی ژیبانی لەسۆزوگودازی عیشق دا گوشەنشین بووە وپشکۆئاگراوییەکانی ئەوینی ڕاستەقانی لەدڵ ودەرونی دابڵێسەی ئەستاندووەوئاگرلەخەرمانی ژیانی بەرداوە ،بەراستی لەدونیای عیشق وشەیدایی، وەسۆزوگودازوخۆشەویستی داکەم وێنەبووە :

ئەی دڵ وەرەشادی کەلەبۆبەزمی ویسالت
وداديومەتەوە دڵبەرەکەی تازەنیهالت
زاتێکە موبەررایە لەئەنواعی نەقائیس
ئیترچەدەڵێی دەرحەقی مەفقودەمەجالت
پێی بێژە لەبۆشەوکەتی تۆفەخری زەمانە
پابۆ ستەئەرزوفەلەکیش چەتری جەلالت
پەروازی نییە بولبولی دڵ بۆتەرەفی گوڵ
تاديويەتی پەروانەسیفەت شەمعی جەمالت

" حەریق" شاعیرێکی سۆفی بوەواتەرێگەی سوفیایەتی گرتووەو بڕوایەکی پتەوی پێیان بووەبەتایبەت بەشێخەکەی خۆی واتەشێخیوسف شەمسەدین،حەریق بەتەواوی گەردن کەچی"پیری بورهان " بسووەوبەو پەری گەشە وزەوقەوەروی بەلای ئەودا وەرگێڕاوەوبەدەواەمخەریکی دانانی هۆنراوەی ڕەوان وپڕلەسۆزبووەبۆی، هەروەکولەهەڵبەستی " مەدینەی ئەمل " دا دەڵێ :

تا ریکەدڵم رەوشەنیی شەمسی هیدا یەت
نوقتەی دڵەکەم‌مەبدەئی ها تۆتەنیها یەت
ئەی پادەشەهی مُلکی ویلایەت بەعدەاڵەت
مەزڵومی شەڕی نەفسم‌وها تومەشکا یەت
"بورها ن"وەکو"کەنعا ن"ۆشەرەفکەند"کە "میسر"بو
کردت بەمەدینەی ئەمەل وکەعبەیی‌غا یەت
هەم"شەمسی" بەشینا دی وهەم‌قوتبی بەشیرشا د
ئەو خەرقەبەسەبونەزەری ئەهلی‌کیفایەت

" جەریق" سوتا وی‌چرا ی روخسا ری شێخ شەمسەدین بووەوبەهۆی ئەو شێخەوەبووەکەدڵ ودەرونی خرۆشا وەوقەریحەی شیعری کرا وەتەوەوهەر ئەویش بۆتەهۆی هۆنینەوەی ئەوهەموهۆنرا وەبەرزوبەهێزا نەولەزۆربەی هەڵبەستەکا نی دا سۆزوئا رزەوی خۆی بۆگەیشتن بەشێخەکەی‌پیشا ن دا وە :

لەسەرسەودا ی قوما ری شا هی خوبا ن "پیری بورها نی"
بەچەوگا نی ئیرا دەت گۆی سەرم‌بۆبا زی‌داناوە
بەقوربا نت بم ئەی پیری خەرا با تی جیها ن ئا با د
بەشا هیدبەکەوا روحم‌لەرەهنی قوربی تۆناوە
شەهی‌مُلکی یەقین، شا هنەنشەهی دین،پیری با تەمکین
رەئیسی ئەولیا رەحمێ هەتادڵ ریێنەبەسراوە

دەرسی جنونی مەلاسا ڵحی حەریقیا ن لەسورەی یوسف دا نوسیوە وبۆ پەرەپێدا نی سکەی دین هەموخەرا جی میسری بیروخەیاڵی خۆی بەجوا نی " یوسف " بەخشیوە "

کتێبی عیشقی مەجنون ئا یەتی روخسا ری لەیلایە
لەسورەی یوسفا درسی‌جنونی ئێمەنوسراوە

کەسێ فیئرەت بلندبێ بۆرەوا جی سککەیی دینی

خەرا جی‌میسری قەلبی‌خۆی‌بەخوسنی"یۆسفی"داوە

حەریق سەدا ن کەس لەپیا وا نی خوا وەکو "مەنسور "وهەزا را ن کەسی وەک " شِبْلِی" لەریزی مریدەکا نی شێخ دا دەبینێ کەهەمویا ن بەهەوا ی تێگەیشتن ونا سینی شکۆوگەورەیی شێخ گەسک لێدەری دەرگا ی ئەون،لە پا شا ن بەوپەری شا نا زی کردن وخۆشەویستی ورا ستی ودورستی یەوەسەر لەمەیدا نی مریدا نی دا دەنێ وبەکینا یەخۆی لەریزی ئەوا ن دەژمێرێت ودەڵێت :

سەدهەرووەکومەنسوروهەزا ری وەکوشِبْلِی

چا روکەشی دەرکن بەهوا ی دەرک ودیرا یەت

سەردا نی لەمەیدا نی مریدا نی"حەریقی"

بۆگۆیی شەقێن چا کەخۆشت کوت بەکینا یەت

غەزەل وچا مەکا نی " حەریق"پڕن لەئا گری ئەوین وهەست وسۆز ی خۆشەویستی وخوا نا سی وهەرخا وەن دڵی ئەم‌غەزەل وچا ما نەبخوێنێتەوە ئا گرلەدڵ وگیا نی بەردەبێت ، چون زۆربەی چا مەوغەزەلەکا نی بیر و خەیا ڵی عیرفا نی یا ن تێکەلاوەوبۆگەیشتن بەخوا پیا ڵەی با دەلاهوتی لە مەی گێڕی کۆڕی عا ریفا ن وسەرخۆشا نی خوا نا س دا وا کردووە .

خودا عومرت بدا با قی، وەرەسا قی بدە ڕا قی

کەتۆهەمرا زمی مەی بێنەبۆدەرما نی‌دەردانم

بەڕەنگی ئەشکی خوێنینم‌کەڕوسورملەقا پی‌حەق

لەفەیزی تۆوەیەسا قی بەجۆشەئا وی گریانم

لەنێوئا تەشکەدەی غەمدا کەبا بی دڵ ئەوا برژا

شەرا ب بێنەبەپەیما نەتەوا وەعەهدوپەیمانم

لەزۆربەی غەزەل وچامەکانی داسەوداسەرا نەوئەویندا ڕانە ئەوین وخۆشەویستی خۆی سەبارەت بەشێخی بورهان دەربڕیوەوئەمپیرەپیرۆز و روناک دڵەبووەبەسەرچاوەی خروشانی، زۆربەی غەزەل وچامەکانی، بۆیئە لەچامەیەکی بەرزوبەهێزدا لەپێشا بەشێوەی چامەویژە گەورەکان چامکە بەتەشبیب و غەزەلێکی گیانپەروەرودڵ نشینەوەدەست پێ دەکا وزۆر ــ ماموستایانەوشارەزایانەستایشی شێخەکەی دەکا ولەپاشان بــەوەسف کردنی سروشت چامکەی بەتازەکردنەوەودوپاتکردنەوی سەردێرێکی تر دەست پێ دەکا وبەستایش کردنی مورشیدی گەورەی تەریقەت حــەزرەتی شێخی سیراجەدین وکورەکانیەوە چامکەدوایی پێ دێنێت ودەڵێ:

"سیراجەددین" بەنوری حەق بەهەرشەخسێ بەهای دابێ

بەشەمسی ڕووی"حیسامەددین"وەفاکا بێ ژیبا "نابێ

بەسەرخاکی وجودی تالیبان ئیکسیری ئــەڵتــافــــت

مسی قەڵبی قەلب خالیس دەکا گەرعەکسێ تێیابێ

(لەدنیا چەی کتێبی حوسنی عەلەمەەرووەرەق لادەم

دەبینم مەبحەسی وەسفت لەهەرفەسڵ ولەهەربابێ)

(مه م شێعره حی مەلا محمد عبدولا بێتووشی یە)

بەعیشقی شای سیراجەددین وشەوقی"بولوەفا " چاتا

کەرەمفەرمووەکودێژن نەزانستم بەزانا پێ

حەریق بەتەواوی شێخی بورهانی خۆش ویستووەودڵــــی بــەئاگرو مەشخەڵی ئەمخۆشەویستی یەروناک بووەوئەمخۆشەویستی یەکارێکی تەواوی کردۆتەسەرڕۆحی ناسکی، وەهەست وهۆشی شاعیرانەی داگرتووە

لەدامێنی خەیاڵم دامەنی گوڵ پیچنــەی شاهید

بەشەرتێ شاهی شەمسەددین لەدڵما جیلوەئارابێ

نمونەی ئینقیادوسەرکەشی بۆ سەردی وگــەرمی

کەموخلیس حاڵی گەرمومونکیریش دڵ سەرەدەتامابێ

بەبەڵگەبۆی ئاشکرا بووەکە " پیری بورهانی" یەکێکەلەوشێخە هەڵکەوتووانەی پێشوکەجێگای قازانجی تەواوەبۆئەوەکەسانەی بیانەوێ بەهرەی دەرونی وەربگرن، هەرلەبەرئەوەهەست وسۆزوخۆشەویستی یەکی بێ سنوری بووە بەرامبەری، ئەمهۆنەرەبەکورتی هەتا دوا پلەی ژیانی وازی لەوەفاوخۆشەویستی وپەیوەندی دەرونی لەو زاتەنەهێناوە، هەر وەکولەپارچەشیعری" خزری یگە دا دەڵێ:

ئەی خزری رەهی زوڵەمتی سەر ئاوی حەیاتم
بەشەمسی روختساکینی قەعری زوڵوماتم

بۆدیدەبی یەعقوبی،خیرەدیەک نەزەری تۆ
خاسیەتی پیرا هەنی کردوەبەخەڵاتم

تۆشەمس ومنیش زە ڕەیی‌ی جیلوەبەقوربان
نیسبەت هەیە،عەیبی چییە جویایی بەراتم

" حەریق "

و

بەها ر وسروشت وجوا نی

" حەریق"هۆنەرێکی هونەرمەندوبەرزوبەهرەدا روخا وەنی بیری قوڵ وخەیا ڵی وردوچەستی‌نا سک ودڵی پڕسۆزوشەیدا ی بەها روجوا نیەکا نی سروشت بووە ، لەبا سی گوڵ وگوڵزا رودیمەن و چا وەندا زی جوانی‌سروشت دا گەلێ مەعنا ی نا سکی هۆنیوەتەوەوهەستی جوا نی دەربڕیوە و زۆر شا کا ری بەرزوکەموێنەی لەقا لبی جینا س وجوا نکا ری ووردەکا ری‌بەدیع دا هۆنیوەتەوە ،وەک هۆنەرونیگا رکێشێکی لێها توجوا نترین وخۆما ڵـی ترین تا بلۆی وێنەی جوا نیی سروشتما ن بۆدەکێشێ، سەیرەکەچەنـد بە هست وسۆزی نا سک رودەکا تەبەهەشتی پڕلالەزا ری کوردستا ن وبا سی‌بەهاری رەنگینما ن بۆ دەکا :

قەمەرکەوتۆتەمیزا نی خەیا ڵم موشتەری با بێ
لەعـیقدی نەزموتەسرمتا لبی عیقدی سورەیا بێ
جەما ڵی دڵبەری فکرم لەخەڵوەت دا بوتا ئێستا
بلا با دڵبەر ئا را بێ ، قەبوڵی ئەهلی ئا را بێ
لەموژدەی نەوبەها روغولغولی بولبول لەدەوری گوڵ
وەکوقومری دەبێ تۆقی‌وەفا ی سەروملەمل دا بێ
نەفەس دەم،دیدەپڕئا و،وسەما وەرسینە ،جەرگ ئا تـەش
کەلامقەندەگەرسا قی‌لەگەڵ من ئا رەزوی چا بێ
خەڵاتی شا هی نەورۆزی نیشا نەی ئا تەش شـەفـروزی
نەسیم‌هێنا ی بەدڵ سۆزی دەڵـێ سۆزی جەفاناب‌ێ
رەئیسەهەوروتۆپچی رەعدوتۆپ بەرق ونیـزا م با ران
نەسیم‌پێشرەو ،تەلیعەتەرزە ،فەرِاشی‌دەبێ، بابێ

لەدەنگی رەعدورەنگی بەرق ونالەی هەوروکەمەی با

کەڕوکوێربەفرێتا یین،مەرهەنا سەی سەردی پێما بێ

لەشەوقیگوڵ،لەزەوقی مول،عەجەب سەرخۆشەئەهلی دڵ

دەوێژن تا ییفەیخوبا نمەگەرجەننەت بەدونیابێ

حەجەرهەروەک شەجەرنا تیق بەسیرِ ی قودەرتیحەق بو

کەسێ حاڵی ببێ حاڵی دەبێگەرئەهلی بینا بێ

نیشا نەی نیعمەتی عوقبا لەدونیا دا هووەیسدا بو

کەسێ با وەرِبەمن ناکا لەرەنگی سەوزەجویا بێ

عەتا ی موتلەق بەغەیری خالیقی حەق بۆدرەختی رەق

بەکێدەکرێ هەموساڵێ شکۆفەی سەبزی پێدا بێ؟

٢

حـــەریـــق
لەمێـژووی ئەدەبی کـــوردی دا
١٩٠٧ – ١٨٥١

کرِیاری کالای بازاری بوێژان ، سوتاوی بالای دەستەبرای کیژان ، دڵی بولبولی دەوری گوڵی تیولۆژی، زمانی پاسەبانی باخجـــەسەرای ۆشەی خۆش بێژی ، فیکری بوکێکی رازاوە بە شارایشی هـــەمەڕەنگـە، وێنەئەدا تەوەبەشیعری تەڕی تا پێی بڵێن قەشەنگە ، گاهێ لـــەسۆزی عەشقی مەجازی دا زمان پاراوێکی بەوێنە ، گاهێ لەیادی"پیری بورهانی" داستانیــخوانێکی دڵ خوێنە ، کەللەی تەمی کردووەکەدیویە "نالی"باسی کچی کردووە ، سەمتوری دەنگی داوەتەوەئەم باسی کوڕی کردووە ، یا پا بەندی مەولەوی،کەبو بەپەپولەی شێخ سیرا جەددین، خۆی کردئـەمیـش بەگوڵەبەرۆژەلەدەوری شەمسەددین، سەوداری ئەمانەبونەئەفسانەسینەی بەتیفی جەوری زەمانە ، ئەنجن ئەنجنە وئەلهای دەرمانە !!

شاعیری دڵ سوتاوی ئەمەیدا نەمان ناوی" سالح" وکـــوڕی مەلا نەسروڵلای زیوەییە ، زیوەگوندێکەلەسوردا شلەلیوای سولەیمانـــی، پالی داوەبەلای رۆژەلاتی کێوی"پیرمەگرونەوە " مەلا نەسروڵلای بـاوکی زایندەی دیی کاشتەرە ، لۆن وکاشتەردوگوندێ پالیان داوەبـــەکێوی " شاهۆ" وە ، کەکەوتۆتەبەپـشتی هەوراماني لۆهون وجوانرۆ ،دیوی‌جنوبی پالی داوەبەماهیدەشتەوە ، مەلانەسروڵلابەفەقێیەتی لەوڵاتەکـەی خـۆی پەرت ئەبێ ولەپاشا بەمەلایەتی لەدێی زیوەئەگیرسێتەوەوژن دێنێـت ، سالحی شاعیری ئێمەلەو دایکەولەوباوکەلەسالی "١٨٥١"ی میلادی لـــە گوندی زیوە دێتەدونیاوە ، لەلای باوکی سەرەتای خوێندن دەســت پێ ئەکا ، لەپاشا ئەچێتەسولەیمانی لەمزگەوتی شێخ موحەممەدی بەرزنجـی ئەبێ بەسوختەی فەقێیان، کەشتێکی قەرەداغیشی هەیە ،لەبیارەش باسی

نیکا ح لەکتێبی "منها ج"ی ئەوەوی لەلای شێخ حەیدەرئەخوێنێ،سەرێکی تر لەسولەیما نی ئەدا تەوە ، لە " ١٨٨۴" لەپێنجوین گەلەنبەوی بورها ن کەعیلمی مەنتیقەلەلای ئەو ڕەحما نی پێنجوینی ئەخوێنێ،لەوێوە ئەچێ بۆموکریا ن ، ما وەیەکیش لەونا وەدا هەربەفەقێیەتی ئەسورێتەوە لەپا شا ریێی ئەکەوێتەخا نەقا ی " شێخی بورها ن" لەوێ ئەکەوێتەدا و ی تەریقەتەوە ، لەشێخ یوسف شەمسەددین " شێخی بورها ن" تەریقەت وەرئەگرێ ، لەپا شا لەسا بلاغ ئەبێ بەمودەرریسی مزگەوتی سەییدحەسەن، هەرلەسا بلاخ ژنی هێنا وە ، کوروکچێکی بووە ، ئیترپا شما وەی ژییانی ئەکا بەپەپولەی دەوری چرا ی شێخی بورها ن ، تا لە "١٩٠٧"ی میلادی لە تەمەنی "٥۶" سا ڵی دا کۆچی دوا یی ئەکا ولەگۆڕستا نی"مەلاجا می" لە "سا بلاخ" ئەنێژرێ ، خا وەنی ئەمبا سەی ئێمەپیا وێکی میا نەبا لاوگەنم ڕەنگ بووە ، چا وی پڕوپوش وبچوک بووە ، ڕومەتی مەیلەودرێژبووە ،ـ ڕیشکی تۆپ وبەشی زیا تری سپی بووە ؛ زما ن پا را ووەبەئەهوەنی قسەی کردووە ،مێزەریکی سپی سا بلاخیا نەی لەسەرنا وە ، گوزەرا نیشی وەنەبێ خۆش بوبێت .

ئا یا چی مەلاسا ڵحی هەڵخرا نبێت بۆئەوەی خۆیبا وێژێتەوکۆشی شیعرەوە ؟ ئا یا کەمەندی نا زی نا زدا را ن بوبێت ؟ یا تا فگەوگوڵاڵەیسەر چا وەی کوێستا نا ن ؟ یا کۆیلەیی وکەسا سی ودەربەدەری شا را ن ؟؟..... ڕەنگبێ ئا ما نەهێچیا ن نەبوبن ، بەڵکوسۆزێکی فیتری وکەمەند کێشێکی دەروێشی تێدا بووە ، بەلام تەنها سۆزوهیچی تر ، نەیزا نیوەئیترڕولە کۆی ئەکا تەوە ، ئەمهەستەنا چا ری کردووەبەخوێندنەوەی دیوا نی شا عیرەکا ن، بەتا یبەتی پا بەندی" مەولەوی" و "نا لی"بووە ،لەدەوری نا وەرا ستی فەقێیەتی دا کەوتۆتەگڕوگا ڵ،لەبەرسوتا نی پەروا نەی دڵی بەدەورمومێکی نا دیا ری دا " حەریقی" کردووەبەنا وی شیعری ، کە

پێش کەوتوەبۆلای ئەو مۆمەشۆڕشەکەشی پێش کەوتووە ، لە سەرەتاوە ــ شیعرەکانی ئەوندەبەجۆش نەبون وزۆرگرانیش بۆی هاتووە ،لەپاشکە مۆمی خۆی ئەبینێتەوە کەشێخی بورهانە ، سەرچاوەی شیعری وکوکانیاوی بەهارهەڵ ئەقوڵێ، لەدەوری ئاخرداسۆزی عەشقی شەمسەددین وای لێکردبوهەرکەقسەی ئەکردقسەکانی شیعربون ، زۆرحەزی بەجیناس و عیبارەت ڕەنگینی کردووە، زۆربەشانازی یەوە وتویەتی :

بێرەمەیدانی فەساحەت ئەسپی خۆت لنگ دە "حەریق"

تا بزانمکێ بەشیعرت سوحبەت وبازی ئەکا ؟

ئەمقسانەوای لێکردووەلەگەڵ" نالی" داکەوتوەتەپەنجەبازیەوە وەکوپێی ئەڵێ :

سەدحەیفێ کەتۆ" نالی" بەوپیری یەمندالی

ئەمتەرزەلەعیشق ئەدوێی،زیباکچ ودیباکور

ئەمشیعرەی لەوبڕەشیعرەیەتی کەسەرەتای ئەکاتەوە بە :

عەشقت کەحەقیقی بێ تالیب مەبە ئیلا کوڕ

هەمحەزرەتی لەولاکوڕ ،هەمیوسفی والاکوڕ

ئەمەی بەرامبەر بەوبڕە شیعرەی " نالی " وتووەکەسەرەتاکەی ئەڵێ:

عەشقت کەمەجازی بی خواهیش مەکە ئیلا کچ

شیرین کچ ولەیلا کچ،سەلماکچ وعەزراکچ

شانی لەشانی مەولەویش داوە ، کەچون مەولەوی پەروانەی شێخی دەوڵەمەند سیراجەددین بووە وبەبڕەشیعرەکەی کەبە :

شێخی دەوڵەمەندبەهرەی سەرمەدی   یاگەی حەقیقەت جلوەی ئەحمەدی

سەرەتای ئەکاتەوەسۆزی خۆی بەرامبەبەشێخی خۆی دەربڕیوە، ــ ئەمیش بووە بەپەپولەی شێخ یوسف شەمسەددین وبەوبڕەشیعرەشێوە هەورامیەکەی ، کەسەرەتای ئەکاتەوەبە :

جەسوب سەحەردا دیمغونچەدەمێ   نەپەردەی عیسمەت نما نا چەمێ

وەکودا زی خۆی بەرا مبەربەشێخی خۆی دەرئەبرێ، ئێستە ئەتوانین بێینەسەر ئەوە کەبا س لەهەندێ لەشیعری حەریقەوەبکەین بسۆ ئەوە پا یەیما ن لەمەیدا نی ئەدەبیا تا بۆ دەرکەوێ، وە ئەورێگا یا نەکەلە شیعردا گرتونی بزا نین چەجۆرەرێگا یەکن لەئەدەبی کوردی دا ؟.....

"حەریق" لەدەوری نا وەرا ستی عا لەمی شیعردا ئەبێ، پەیکەری نیگا رێکی پەری ئا مێزقا پی با غچە یەکی تەبیعەتی بۆئەخا تەسەرگا زی پشت وەئەمیش پێ ئەنێ بەجەرگی خۆیا ئەچێتەئەوگوڵشەنەوەوپێیدەڵێ:

چا وەکەم ئەمرۆلەگوڵشەن گوڵ بەعیشوەخۆی نوا ند

نەک نمەک گیربم،بەمەرگی‌تۆقەسەمهیچنەمدوا ند

گوڵ بەتۆزی پێتەوەلاف وگەزا فی لێ ئەدا

وا شوکرسۆزەی نەسیمت ها ت ئەویشی لێ ستا ند

نەشتەری موژگا نی تۆها تۆتە سەرسەفحەی دڵم

هەرخەتێ بوغەیری خەتتی سەوزی تۆپا کی کرا ند

لەشکری ئا هملەگەڵ جەیشی حەبەش دەعوا دەکا

حیرەتما وەکەچۆن ئەودڵبەرەدڵمی رفا ند؟

بۆگوڵی روت ما تەمی پەرچەم دەبینی بۆیەوا

ما هینەورۆژمبەشیوەن وەک محەرمخۆی نوا ند

تۆلەئەووەڵ گۆی وەفا ت هێنا یەنێومەیدا نەوە

ئێستەچەوگا نی خیلافت‌پشتی سەدوەعدەی شکا ند

تۆخودا قەت غیرەتەبۆتۆئەرێ سەروی رەوا ن

گوڵ بەبێ تۆوا لەبا غا خێوەتی‌خۆی لێ‌چەقا ند ؟

با وجودئینسا ف بدەمچا کەگوڵیش موشتا قتە

هەرلەشەوتی تۆیەسەرپۆش وگریبا نی دڕا ند

هەرکەسێ ما بیل بەپیرێکە وتەریقێکی هـــەیــە

تۆبەشوعلەیغەم "حەریقی"وا وُجا خت هەڵگرا نـــد

"حەریق" بۆیەچنوتەئەوبا غچەیەوەکەکا رەسا تی پەڕەی گوڵـــەکـا ن ببینێ ولەپا شا بۆپەیکەری پەڕیئا مىزیبکێڕێتەوەوپیێ بلێ: کەچـــومە گوڵشەن گوڵ بەزا زێکەوەڕوی تێکردم، بەڵامن لەبەر ئەوەکەدڵـم بۆنی گوڵـی رۆی تۆی گرتبولەترسی ئەوەنەوەک نەمک گیرببموبێ وفا دەرچم، قەسەم،بەمەرگی تۆهیچ قسەم لەگەڵ نەکرد، زۆرسەیربو،جا رێـک تـۆ رێگەت کەوتبوە ئەو گوڵشەنە، تۆزی پێڵاوەکا نت نیشتبونەسەرپـــەڕی گوڵەکا ن ،خەریک بون لەبەرئەوتۆزەلەخۆیا ن با یێ ببن، دەس خـۆش ، کوتوپڕسوسەی با ی عەترا مێزت ها ت لـێی سەندەوەونەی هێشت ئەونـــدە فێزبکەن، بەخەیا ڵ نەشتەری برژا نگەکا نتم هێنا وەتەسەرڕومەتـم بـە جۆرێکی وەها کەڕولەسەرڕوبن ، مەبەستەکەشم ئەوەیەکەئەوبرژا نگا نە تەنها خەتی سەوزی سمێڵـمنەبێ کەتا زەدەرها تووەولـەیا دی تۆ ،بەبۆنـــی هەنا سەی تۆ روا وەهەموشتێکی تربکرێنێ ولای بەرێ، ئەمەشم بۆئەوە کردتا تۆبزا نی کوڕێکی شۆخ وشەنگم وتا زەکەوتومەتەمەیدا نیپیاوەتی وبەکەڵکی ئەوەدێمکە ،لامـێ بکەیتەوە ، لەشکری ئاهونا لەمجمەجمیەتی خەریکەلەگەڵ قۆشەنگی زوڵفی ڕەش دا کەئەڵێێ ئوردوی حەبەشەلـەڕەشی وزۆری دا جەنگ ئەکا ، ئێستەش سەرسا مم،نا زا نمخا وەنی ئەولــەشکـــری زولمە، کەدڵبەرمە ، چۆن توا نیدڵـم بفرێنێ بۆئەوەکەپەل وپۆمببرێ و هیچ ئا هم تێدا نەمێنێ تا بەدەست لەشکری زوڵفەکەیەوەبشکێ ؟!

من لەسەرەتا وەکەها تم، بۆگوڵـی ڕومەتت ها تمکەچی پەرچەمتمچا و پێکەوتە ما نگی نەورۆزملێ بوبەما نگی موحەڕەم، "حەریق"لێرەدا زۆر وردرۆیشتووە ،جا رێ ما نگی نەورۆز، ئەوما نگەیەکەئیعتیبا رئەکرێ لــە "٢١"ی شوبا تەوەتا "٢٠" ی ما رت ورۆژی"٢١"ی، رۆژی نەورۆزە ،ئـــەو

مانگەلەبەرئەوەکەنەورۆزی بەشوێنا دێت ودا رودەوەن وگوڵ وگیـــا ئەبوژێتەوە مانگی‌ئادی وئاهەنگە ، مانگی موحەرەمیش ئەومانگەیە کەماتەمی کوژرانی حوسێنی تێدا ئەکرێت ومانگی گریان وشیوەنە ،جـا ئەڵێ منکەهاتم ، بۆگوڵی رومەتت‌هاتم کەگوڵ لەمانگی نەورۆزدا ئەبێ ومانگی ئادی یەکەچی پەرچەمی رەشی پەرش وبلاوتم‌چاوپێ کەوت مانگی ئاهەنگم‌لێ بوبەمانگی ماتەمی ، دەستم کردبەگریان وزاری و ئادیم لێ بوبەشیوەن ، دیسان لەمانگی نەورۆزمانگ دا هەمودا رو ـ دەوەنێک ئەژێتەوە وهەموچڵێک لەبەر ژیانەوە دڵۆپ دڵۆپ ئاولـە سەرەکەیەوە ئەتکێت ، ئەڵێ وامەزانە ئەوەئاوەولەسەرچەکانەوەلەو مانگەدا ئەتکێن ، بەڵکولەبەر ئەوەکەتۆپەرچەمی رەشت پوشیوەئــەو دڵۆپەئاوانەدڵۆپی فرمێسکەوهەڵی ئەرێژن ، ئەمانیش بەگریان وزاری وەکومن مانگی ئادییان لێ بووەتەمانگی موحەرەموماتەمی .
تۆلەسەرەتاوە وەفات‌کردبەگۆیەک وهێنا ئەمەیدا نەوەکەچی ئێستەهـەر خۆت بەگۆچانی پەشیمان بونەوەهەزارتۆپی وات‌راڤراند ، ئەرێ هـەی بالابەرزە ، ئەوەچۆن ئازایکەبۆتۆ ،کەگوڵ لەباخا هەرکە شوێنی تـۆی بری هێنای قیت‌قیت‌ئاپەری خۆی لێ بلاوکردەوە ؟ ئاخرتۆچۆن ئەبێ ئەمەقبوڵ بکەیت ؟ لەگەڵ ئەمەش من پیاوێکی بەشینسافم ،ئەبێ‌ئەوەش بزانم‌نەیشارمەوەکە ، هەرعەشقی روی تۆبوکردیەکاری گوڵی هـەژار سنگ وبەرۆکی خۆی دادڕاندوخۆی بەربەرەلایی ریسواکرد ، هەرکەسـە بۆخۆی پەروانەی هۆش وفیکرورێگەیەکە ، ئای "حەریق" داماوی قوربە سەر ، چاک‌توش بویت بەپەروانەی دەوری غەم وبەبڵێسەی ئاگرینەوە چاک‌وەجاخت‌هەڵگراند؟! ....

"حەریق " پەردەی غەرامی داڵەدا تەوەوئەکەوێتەکۆڕی‌مەی‌نۆشانی تەسەووف وفەلسەفەی تەسەووفەوە ، لێرەدا بەپارێزەوەدەمەکاتـەوە

وئەڵێ :

ئینکاری سیرایەت مەکەئەی مونکیری موفلیس
بۆ سەیری قەمەرکەچبەشۆق وبەزیبایە
مونکیربەمەسەل شەبپەرەبۆ نوری هیدایەت
خۆی تالیبی زوڵمەت بوخودا نوری نەدایە
هەرمەزبەلە، هەرمەشعەلەجێی پرتەوی شەمسە
یەک جێگەیی قوزلە،یەکێ جیگەی فوزەلایە
نوقسان لەئەترەف قابیلە،نەک فاعیلی کامیل
ئەم قەولی منەرەئیسی جامیعی حوکەمایە
بورهانە لەسەر جەهلی عدو" شەمسی"حەقیقەت
تالیع بووە ئەو ئەحمەقەجوبا بیچرایە
چاوی بەتەمەع پربووە ، قەلبی بەحەسادەت
وەک تەبعی بەهایم رەحەتی هەرلەشەوایە
هێندونیەئایینی لەئاوێنەتەعن دا
ئاوێنە، چ سوچی هەیە ئەوروییسیایە ؟
پەروانەبی هەرجەمعێ نەبێ چاکە"حەریقی"
خۆت باوێژە رەنا وزویرەیی ئەمشەمسی هودایە

لێرەدا باوەری "حەریق" لەسەرئەوەیە کەلەدرا ویستی چاک چاکە وەرئەگرێت ولەهی خراپ خراپە، وەلای وایەنزیک بونەوەلەبارەگای نورانی شێخانی رۆحانی نەسیمێکی رزگاربون لەدەست نەفس وشەیتان دێت بەرۆی ئینسانا ، ئەڵێ : تۆنابۆ ئینکاری ئەمەسەلەیەبکەیت و بلێیت جالەم نزیک بونەوەیەدا چ سودێک وەرئەگرم، ئایا نابینی ئەگەربەهۆی ئەودرا وسێبەوەنەبوایەکەلەبەینی مانگ ورۆژدا هەیە مانگەکەئەوشەوق وروناکییەی لەکوێ وەرئەگرت ؟ ئەوانەی مونکیری

ئەم دراوسێتی وتەنیتەوەیەن وەکوشەمشەمەکوێرەوان، شەمشەمەکوێرە لەبەرئەوە کەخۆی هەربۆتاریکی ئەکوتێ خوا لەروناکیبێ بەشیکردووە روناکی بۆئەووەکوتاریکی بۆغەێری ئەووایە ،دیسان تەماشانەکەی هەموشوێنێک چ سەرتۆیلک بێ، چ جێ گوڵستان بیّ روناکی رۆژلیێئەدا، بەلاّم یەکێکیان کەسەرەنۆێلکەکەیەشوێنی خڵتوخاڵە، ئەوی تریان کەگوڵستانەکەیەشوێنی عەتروعەبیرە ....

لێرەدا مەبەستی بەشەمس جینا س وتەلمیحێک پێک دێنێ کەیۆسف شەمسەددین شێخی بورهانە، ئەڵێ تەئیسیری مەعنەویاتی ئەوئەکە ـ وێتە سەرهەموکەسێکی دراوسێ ، ئەوەندەهەیەئەوانەی کەبەئیخلاس لە سێبەری دراوسێتیەکەی دانەبن بێ بەش ئەبن لەنەسیمی مەعنەویاتی، هەروەها بارانی رەحمەتکەئەباریّ ئەدا بەسەرهەموشوێنێکا ،لەهەندێ شوێنا بەهۆی ئەوەوەگوڵ ئەروێ، لەهەندێ شوێنا درک ودالّ، لەورد و درشتی هەموعونسرورەگەزێک تێفکرە، تەماشائەکەی هەواهەیەهەرسەر ئەباتەوەقولاّخی خۆی وبونا وەوەئەچێتەوە، هی واش هەیەمەیلی بەرزی ئەکاو سەرەو ژورئەبێتەوە، یەک بنجەگیالقێکی پان ئەبێتەوەبەسەر زەویەکەدا، لقێکیشی سەرەوژورروەوئاسمان پەروا، ئەمە دیاردە فابیلیەتەکەی وا هەڵ ئەگرێ فاعیلی موختارکەخوایە ،دەخڵێکی بەسەر یانەوە نییە، ئەودولقەگییا یەکەلەیەکسا قەتووروا ون ولەسەر یەک بنجدەرهاتون یەکێکیان مەیلی نزمی ئەکاوئەوی تریان مەیلی بەرزی ئەوەلەبەرئەوەیەکەلەوەزیا تریان لەبارانیەبۆیەوائەکەن،لێرەدا۔ "حەریق" رێگەی عەقایدی ئەهلی ئەشعەری گرتووە، کەئەڵێن:"خواشت دروست ئەکاوئادەمیزادئەی هێنێتەدەست".

ئەڵێ ئەمفسەیەش کەئەیکەمقسەی حوکەماکانەوەتەبێ لەخسۆمەوە پەریبێتمەسەرێ .

لەپاشا دیتەسەرئەوەئەڵێ شوێن سەبەب کەوتن شتێکی رواڵەتییە وەنەبێ دۆزینەوەی ئەسڵی حەقیقەت بێ، تەماشائەکەی رونا کی چرایەک کەدیت وپیا وشوێنی ئەکەوێ ئەوەوەنەبێ شوێن حەقیقەتەکەوتبێ ، لێرەش دا فیکری ئەوشیعرەی " ناڵی کردۆتەوە کەئەڵێ:

ئەحوەلی تەفرەقە نەزەرتەقویەتی سەبەب ئەکا

عارفی وەحدەت ئاشنا لەمقسەیەئەدەب ئەکا

جا ئەڵێ م کا برایە شوێن شتی رواڵەتی کەوتووەچونکەچا ودڵی بە تەماعوحەسودی پڕبوتەوەووەکوماڵاتی لێ هاتووەبێجگە لەخواردن و نوستن هیچی ترنازانێ، دیسان ئەڵێ ، کا برایەکەخۆی لەسرووشتدا ناشیرین بو ، بوچی ئەبێ لەئاوێنەتورەببێ لەکاتێکاکەسەیری خۆی تیا یائەکا ؟ ئەگەرئەمخۆی ئیشی چاکەی کردلەپاشا لەئاوێنەی ئەعمال دا وێنەی چاکەئەبینێتەوە ، ئیتروەنی بێ بوئەمچاکی وخراپییە سوچێک لەئاوێنەکەوەببێ، لەپاشا ئەڵێ: حەریق ! خوت مەکەبە پەروانەی هەموچرایەک ولەهەموشت خوت هەڵمەقوڵتێنە ، خوت تەنها باوێژەرەناوکوڕی ئەمپیا وچاکانەکەکوڕی دەستەی شێخی بورهانە .

* * *

حەریق لەگەڵ ئەوەش کەخوی بەپیاوێکی ڕەندوپابەندی تەریقەت هێناوەتەناوەوەکەچی ویستویەتی دادوزارییەکی بەسۆزیش لە دەست جەوری فەلەک هەڵ ڕێژی وخوی بەپیاوێکی ستەمدیدەش بخاتەڕو ،وەکو لەم شیعرانەیەوە ئەیەوێ ئەوەمان بۆدەرخا .

هەوری خەفەتەبەفری غەمی داوە بەسەرما

یاسەرسەرێ دوریتەکەلێی کردمەسەرما

گاهێ بەشەڕارەی غەموگەموسەرسەرێ هیجران

خۆشی نەبوبۆمن نەبەگەرما ، نەبەسەرما

کەوتوٚتەسەرم ئەشک وغوباری ئەلەمی دڵ
یەعنی کەقوڕی میحنەتەکردومەبەسەرما

گەردەچمەوە "ساحێب" نییەهیچمونیس وساحێب
گەر دەچمە "سەقز" ناری سەقەروا لەجگەرما

شاهیدمەحەواسم کەسەکەمچەندەکەساسم
بەخودا نییەغیرەت لەخەیاڵ ولەنەزەرما

هەرچەندە بەجیسمانی کەدورم لەحزورت
ڕۆحانییەت سەبتەلەنێودیدەیی تەرما

توٚفانی سرشکم چووە سەر " جودی " وجودم
کەشتی،تەنی قوم، کردوەنەنوحو نەئەسەرما

لەو ساوەکەتوٚ رویی دڵم ڕۆیی بەدوتا
هێلانەیی،تەن هەروەکومەئوایی سەقەرما

بێ فەوجی وەفاکەت کەجەفایە، وەرەئەمشەو
ئەم لەشکری شاهی منەبێ فەتح و زەفەرما

لەم قەسوەتەدا تا وەکوکەی پەردەیی زوڵمەت
بەرچاوی دڵم بگرێ، دەسابێ بەگزەرما

ئاوێنەیی دڵ ژەنگی قدساوەت روخی پۆشی
خاکستەری دڵ سوختەیی بێنەبەسەرما

مەڕوا نەبەزا هیرکەبەبێ،قوتم وروتم
روت قوت وخەیاڵت غەزەلی چاکەلەبەرما

سەرمایەیی ئەم مُڵکی خەیاڵاتە " حەریقی"
حەیفێ کەتەلەف بو، بەهەدەرچو، بەزەرەرما

* * *

بەراستی "حەریق" لەبابەت جیناس وعیبارەت ڕەنگینیوهەلسورانی وشەی "سەرما وگەرما " بەچەندمەعنا یەک چا لاکانەوئەدیبانەهـا تـۆتە مەیدانەوە ، ئەمەی کردووە، دیسان هەربەپێی ئەم شیعرانەی وادەرکەوـ تووە کەویستویەتی ژیانێکی خەفەتباری خۆی باس بکا ، ئەمەی وتووە گۆیا بەونیازەکەلەهەموسوچێکی خەیاڵبازی بەوەرمبازێ بکا ،بەلآم من لاموایەکە" حەریق" نەیتوانیوەلەمەیدانی باسکردنی خەفەتبازی دا ئەسپی خۆی تاوبدا .

باشە ، ئەوخەفەتی کردبەهەورووتمان خەفەت بوبەهەور ، ئایا چۆن غەمئەکا بەبەفر ؟ بەفرێ کەسپیەوغەمێ کەرەشە تەشبیەچۆن سەرئەگرێت ؟ لەکوردی دا لەهەرلایەشتێک شوبهێنرا بەبەفر ، ئاشنایەتی لەبەینیانـا یا سپیەتییەیا ساردایەتی، لێرەدا ئەوەئاشنایەتیەنییە ؟ دیسان لـە شیعری دوهەمدا کەئەڵێ"گاهێ بەشەرارەی....هند" شەڕارەکەبۆئاگرە ، بۆغەمبەکاری بینی شوێنی خویەتی ، چونکەئاگرئینسان ئەسـوتێنێ غەمیش ئینسان ئەتوێنێتەوە ،م ئاشنایە تیەهـەیەلەکوردی دا بەلآمئەم لەپێشا غەمی کردبەبەفروئێستەبەئاگر ، ئەمەلەیەک زۆر دورن ! ...

کەوابوئەوکەسانەکەئەڵێن حەریق ژیانی بەخەم وخەفەترا بـوار دووە وئەمبرەشیعرەیان کردووەبەبەڵگەی خەفەتی،دیارەزۆرچاک لـە شیعرەکان وردنەبونەتەوە، ئەگەر وردبونایەتەوەئەیانزانـی کـە حەریق بەتەواوی خەفەتدای نەپۆشیوە ، ئەگەروابوایەوەکوشتەکانی تری ئەیتوانی تەعبیری لەدڵی خۆی بداتەوەوتوشی ئەمتەنگوچەڵمەیە نەهاتایە ؟! ...

ئەمەقسەیکی ڕاستەکە" حەریق" لەپەرپابەندی بەتەسەووفەوە ـ لەوانە بووەکەبزانێ وادەمەدەمی ئەوەهاتووە کەکالآی خۆی لەبازاری گێتی دابپێچێتەوەوکۆچی دوایی بکا ، هێناویەتی بەچەندرۆژێک لـە ـ

پێش ئەم باکردنەدا بەمشیعرانەی خوارەوەی مالاوایی لێ کردوین :

لەخەرمانی ئەمەل مێروی عەمەل جەزبی نەکردانێ
لەزەیقەت خانەدا ترسم هەیە ئاخرسەرێ دانێ

ئەلێن جەردەی ئەجەل ڕێگا بەکاروانی نەفەس ئەگرێ
شەقامی سینە ئەبڕێ بۆمەتاعی دیدە، ئەڕوانێ

تەریدەی نەفس وشەیتان قافلەی تاعاتی غارەت کرد
ئەگەر جاسوسی ئیمانێ نەبێ دەرناچی ئینسانی

تەرازوی تاعەتت لەنگە هەتاکەی ئەمسەروئەوسەر
بەپارسەنگی حەیادەس هەلبڕە ، بنواڕە میزانێ

بەسی بێ تاعەتی روکەش مەلەک سەراڕافی ئەعمالە
موحەسسیل نەقدی قەلب ونارەوانا باتەدیوانێ

ئەوا بەردی ئەجەل هات ولەشیشەی عومری داساقی
بەقوربانی پیالەی چاوەکەت بم تێکەفینجانێ

حەیات خۆچولەنێوجامەی حەیاتی عاری یەبێ عار
ئەوا داوای ئەکەن چیکەم "حەریق" ڕێگاڕەچاکوانێ

* *

بەراستی " حەریق" لەمشیعرانەدا مەردانەها تۆتەدەست وزۆر بەجوانی مێروی کردەوەی لەخەرمانی هیوا بێ بەش کردووە ، چەندبەرێک وپێکی پێت ئەلێ: ئەوا ڕێگری مردن لەهەورازی سینەوەسەری ڕێی بەنەفەس گرتووە و ـ تەنگی بەگلینەی چاویش هەلچنیوەبۆئەوەبهانەیەکەی لێ بسێنێ، راست ئەکا ئەگەرهێزی ئیمان نەبێ نەفس وشەتیان بەکفرەکونێ هەچ کردەوەیەکی چاکە هەیەهەموی تالان ئەکەن ، ئۆف ! چەندبەکوڵ دەری بڕیوەئەوفەلسەفەیە کەئەلێ: تەرازوی عیبادەت واسەرئەکا ، دەسا وەرەپیاوا تەبەپارسەنگی شەرم وحەیا راستی کەوە وئیترشەرم نەتگرێ باوا نەکا ! ... ریباکاری پارەنەکا

چونکەکردەوەنوس فریشتەیە ، ئەوی بەکەڵکەعیبا دەت وکردەوەیەکی خاوێن و دورلەفرۆفێڵە ، کەبەروسوری ئەبرێتەمەیدانەوە ، ئەوی خرا پەکەشیەئەدرێتەوە بەسەرتا ،"ماڵی قەڵب سەربەساحێبیە" ئاخ چۆن بەردی مردن هات ومینای عومری شکاند؟ دەسامەی گێڕی ئازیزتا شوشەکەبەتەواوی لێک نەبۆتەوە بۆم تێکەپێکێ، لەناوئەمجل وبەرگی خواستراوی ژیانەدا هیچ ئاگات لێیەچۆن حەیات چو وبێ شەرمبویت ؟ بەڵێ ئەوادا وای ئەوژیانەئەکەنەوەئایا " حەریقی" ئاخۆڕێی پاڕانەوەلەکوێ بێ، چارەسەرێکت بکەم؟

"حەریق" لەگەڵ ئەوەش کەشاعیرێکی غەرامی وپاشا تەسەووفی بووەلەبازاری نوکتەچیتی وجیناس پەروەریش دا چالاکانەها تۆتەمەیدانەوە :لەتافی خۆی دادا وای گۆی درێژێک لە " مەلا ئەحمەدی لاسور" ئەکاکەئەویش بەهانەی بۆدێنێتەوەو نای داتێ ، ئەمیش ئەڵێ:

لەعوزرا بومەلابۆیە جوابی داوتی:نادەم

وڵاخ دەس ناکەوێ،عەیبی،نییە،چش گەرمنیش پیا دەم

جنێوێکی ئەدیبانەی داوە" لەعوزرا بو" هەڵ ئەگرێ پیانوی بۆهێنا بێتەوە هەڵیش ئەگرێ ترۆی کردبێ، واتەلەعوزری شەرعی دابو ، ساچاکەهەرپیادەم، ئەڵێ قیروسیا وڵاخ نییەهیچ ، بەس نییە پیادەماومەتەوەئەتوانم بەپێی خۆمبڕۆم، ئەوەش هەڵ ئەگرێ، ساخۆئەوڵاغەکەی نەدامێ، کەوابوچاک وایە لەتۆڵەی ئەوەدا پیاکێشم!!! ، لەمشیعرەی دا فێکرێکی تازەوجیناسێکی زۆر جوانی دروستکردووەکەئەڵێ:

تاڵ وشیرین پێکەوەنەمدیوەچابێ، چا ، نەبێ

هەرکەسێکی هەمنشینی چانەبێ، پێت چا نەبێ

ئەڵێ نەمدیوەتاڵ وشیرین پێکەوەبگونجێن " چا یی" نەبێ لەگەڵ شەکردا ، وەیاچایی نەبێ لەگەڵ جگەرەدا ، هەرکس هاوپیاڵەی "چا یی" نەبوبەلاتەوە چاک نەبێ، ئەوەپیاوێکی باش نییە .

"حەریق " وەکوکوتمان لەسەرەتا وەبەشوێن شیعردا گەڕاوە ،بەڵام لـــە دوایی دا والێی ببوبەخو، بەبێ خۆعەزیەت دان کەئەھات بەسەریــا وەکــو برێشکەھەڵی ئەرشت ، لەشیعردا ئارەزوی جیناسی ھەبوەلەگەڵ ئەوەش رەوان وسادەومەعناشی بەھێزە، بەمجۆرە توانیویەتی شوێنی خۆی لەریزی شاعیرەکانی پێش ئەمدەورەدا تەرخان بکاوپێش گەلێکیشیان بکەوێ، ھەروەھــا لــە عەرەبی وفارسیش دا زۆربەشدا ربووە .

دیوانی شیعرەکەی لەلایەن" کوردی مەریوانی" یەوەلەساڵی"١٩٣٨"ی — میلادی لەچاپخانەی بەغدا بۆجاری یەکەم لەچاپ دراوە ، بۆجاری دووەم لـــە لایەن مەحمودخاکی یەوەلە ١٩٦٩ لەچاپخانەی "جەمھوری" لەکەرکوک لـــەچاپ دراوەتەوە .

* * *

"حەریق"

لەشیعروئەدەبیاتی " ماموستا

"رەفیق حیلمی" دا

*

"حەریق"

مەلا " سالح" کوری مەلا نەسروللاوخەلکی گوندی " زیویە"ی ناحیەی سورداشی قەزای سولەیمانیەیە، لە " ١٢٨٢" ی هیجری هاتوتەدونیاوە، بو خویندن زورلەکوردستان دا سوراوەتەوە، لەئیلاهیات دا گەلی شارەزا و لە زمانی فارسی دا دەستیکی تەوانای بووە، لەدوای ئیجازەوەرگرتن بەینیک لەولاتی سولەیمانی دا ماوەتەوەولەپاشا چووەتە " سابلاخ"ولەوی لەحزوری " شیخی بورهانی" خەلیفەی شیخ عوسمانی تەویلەدا توبەی کردووەودا خلی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، عومری بەموتا لاوتەدریس را بوا ردووە، بەسی زمانی عەرەبی وکوردی وفارسی گەلی شیعری هەیەکەزوربەتەئسیروبەلیفە، لە (١٣٢٧" ی هیجری دا لە" سابلاخ" کوچی دوایی کردووەولەقەبرستانی "مەلاجامی" نیژراوەودیوانی ئەشعاری هیشتا لەچاپ نەدراوە، ئەمشیعرەهی "حەریقە" :

چاوەکەمئەمرولەگولشەن گول بەعیشوە خوی نواند

نەک نەمەک گیربم بەمەرگی توقەسەمهیچنەمدوانند

*

جەنابی" ئەمین زەکی بەگ" لەتاریخی سولەیمانی دا تەرجومەی حالی " حەریق" بەمرەنگەدەنوسیٰ وئەمتەرجومەیەکەلەموقەددەمەی دیوانەکەی دا نوسراوە لەگەل ئەمەدا فەرقیکی ئەوتوی نییە،" حەریق" هەرشیعری غەرامی کوتووەبەلام شیعرەکانی سەراپا سەنعەتەولەسەنعەتی شیعریش دا زورترمەیلی جیناس وتەشبیهوئیستیعارەی کردووە، هیزی زانایی ومەلایەتی لەشیعرەکانی

دا دیاره ، وەکو "مەریوانی" ئەڵێ وا دیارەکەهەمیشەدڵ تەنگ وخەفەتباربونی ئەوچەندشیعرەی خوارەوەی وێنەیەکی ناڵەی دڵی خەمباری حەریقە .

هەوری خەفەتەبەفری غەمی داوەبەسەرما
یا سەرسەری دوریتەکەلێی کردمەسەرما

گاهێ بەشەڕارەی غەموکەوسەرسەری هیجران
خۆشی نەبوبۆمن نەبەگەرما،نەبەسەرما

کەوتۆتەسەرم ئەشک وغوباری ئەلەمی دڵ
یەعنی،کەقوری میحنەتەکردومەبەسەرما

گەرئەچمەوە "ساحێب" نییەهیچ مونسی جانی
گەرئەچمە " سەقز"ناری سەقەر والەجگەرما

شاهیدمەحەواسم کەسەکەم چەندەکەساسم
بەخوا نییەغیرەت لەخەیاڵ ولەنەزەرما

هەرچەندەبەجیسمانی کەدورم لەحزورت
رۆحانییەتت سەبتە لەنێودیدەیی تەرما

تۆفانی سرشکم چووەسەر" جودی" وجودم
کەشتی تەنی قوم کردونەنوح ونەئەسەرما

لەوساوە کەتۆرۆیی دڵم رۆیی بەدوتا
هێلانەیی تەن هەروەکومەئوایی سەقەرما

بێ فەوجی وەفاکەت کەجەفایە ،وەرەئەمشەو
ئەم لەشکری شاهی منەبێ فەتح وزەفەرما

لەم قەسوە تەدا تاوەکوکەی پەردەیی زوڵمەت
بەرچاوی دڵم بگرێ، دەسابێ بەگوزەرما

ئاوێنەیی دڵ ژەنگی قەساوەت روخی پۆشی
خاکستەری دڵ سوختەیی، بێنەبەسەرما

مەروا نەبەزا هیرکەبەبێ قـوتـموروتـم
روت قوت وخەیاڵت غەزەلێ چا کەلەبەرما
سەرما یەیی ئەمڵکی خەیا ڵاتـە "حەریقی"
حەیفێ کەئەلەف بو ،بەهەدەرچو ، بەزەرەرما

■

لەمشیعرانەی سەرەوەدا شاعیر" خوتەن وخەتا "وڵاتی "چین وچین و وتۆزێ بەمەعنا ی کەمێک، وەیا تۆزوغوبارێ ها تووە ، دەردودورد ،کەبە مەعنا ی خڵتەدێت وخەراجی میسری وسوڕەی یوسف وقەندوحوسنی یوسف و لوقمەی لوقما ن ، کەڵکی نا گرێ و... ئەوانەی هەموبەومنا یەتیەکی شاعیرانەدا مەزرا ندووەوسەنعەتێکی جوانی ئەدەبی وای تێدا سەرف کردووەکەهەرئەوانەی شاعیر ن ولەسەنعەتی ئەدەب دەتوانن تێ بگەن بەهای بۆدا دەنێن، بێجگەلەمانەش کەبەچا وپێدا خشاندنێکی کەمبۆ شاعیردەردەکەوێ ودەتوانین بلێین کەغەزەلەکانی سەنا عەتێکەوڕێنمەیەکێ زۆرشیرین ورەنگینی بەلاغەتی کوردی یە .

کتێبی عیشقی مەجنون ئا یەتی روخساری لەیلایە
لەسوڕەی یوسفا دەرسی جنونی ئێمەنوسراوە

*

بەلای منەوەگەلێ لەزۆر شیعرەکەی فزولی یەوەیەکەدا نەریحیکا ـ یەتی لەیلی ومەجنونەبەنەزمویەکێکەلەهەرەشا عیرەبەنا وبانگەکانی دەوری پێشوی تورک ، فزولی لەشیعریکا دەڵێ لەگەڵ مەجنون هەردولەقوتابخانەیەکی عیشقا دەما ن خوێند، من لەقورئان بومەوە ،ئەوهێشتا لەسوڕەی" والیل" دا بوکەمەبەستی ئەمەیەعیشقی لەیل مەجنونی لەسەر وشەی " وَالّیلِ" راگرتبو، نەی دەهێشت لەم وشەبێتەوە تا وەکونا وی لەیل لەزمانی جیا نەبێتەوە ، خۆئەوبەلاغەتەی کەلەوشیعرانەدا یە :

مەداری تولی ئومێدم خەیاڵی گەردن وزولفە
بەڵێ سەوداسەرێ عاشق لەسەرهەودایەکیخاوە

وادەزانمئاتاجی کوتن وگێڕانەوەنییە ،"حەریق" لەناوشاعیرەکانی پێش دەوری ئێستادا جێگەیەکی بەرزی هەیەولەگەڵ ئەوەداکەهەموشیعرو غەزەلەکانی پڕەلەسەنعەت ، لەلایەن رەوانی وسەلاسەت وبەهێزوپێزی ، بانی قووەت وەتانەتەوە وەزۆرشیعری گەلێکیان کەوتووە ،بەتایبەتی لەسەنعەتی مەلایانەزیاتر ، کەلەشیعرەکانی "مەحوی"دا یەکجارزۆرە ،ـ بەسەنعەتی شاعیرانەرازاوەتەوە .

* * *

سوفیەتی

لەهۆنراوەی کوردی دا

ئەندامی کارا : عەلائەدین سەجادی

" حەریق"

بچینەسەروەختی هۆنەری دڵ سوتاوبەئاگری سۆزی سوفیەتی"حەریق" وە،بزانین ئەولەمڕووەوەچیَ دەڵێ:

ئینکاری سرایەت مەکەئەی مونکیری موفلیس
بێ سەیری قەمەرکەچ بەشۆقَ وبەزییایە

مونکیربەمەسەل شەبپەرەبێ نوری هیدایەت
خۆی تالبی زوڵمەت بوخودانوری نەدایە

هەرمەزبەلە،هەرپەشعەلەجێێ پرتەوی شەمسە
یەک جێگەیی فوزلە،یەکێ جێێی قوزەلایە

بارانی بەرەحمەت لەتەرەف مەبدەئی فەییاز
قەترێ ئەسەرێ سونبوڵ ویەک چقڵ گییایە

تێفکرە لەئەجزایی عەناسیربەتەبیعەت
یەک مایلی مەرکەز، یەکێ مایل بەهەوایە

نوقسان لەتەرەف قابیلەنەک فاعیلی کامیل
ئەم قەولی منە/رەشیی جەمیعی حوکەمایە

"بورهانە"لەسەرجەهلی عەدو"شەمسی"حەقیقەت
تالیع بووە، ئەو ئەحمەقەجۆیایی چرایە

چاوی بەتەمەع پڕبوەقەلبی بەحەسادەت
وەک تەبعی بەهایم رەحمەتی هەرلەشەوایە

هێندونییەئایینی لەئاوینەتەعەن دا
ئاوێنە چ سوچی هەیە/ئەو،ڕوویی سییایە

پەروا نەبی هەرجەمعێ نەبێ چاکە "حەریق"ی

خۆت باوێژەرەناوزومرەیی ئەم"شەمسی"هودایە

*

حەریق ئەوەی بۆدەرکەوتووەکەلەدراوسێتی چاکان، چاکەوەر دە-
گرێت ولەهی خراپان خراپە . وەباوەری سوفیانەی لەسەر ئەوەیەکە
نزیک بونەوەلەبارەگای پیراتی رۆحانی نەسیمێکی رزگاربون لەدەست
نەفس وشەبتان دێت بەروی ئینسانا ، دەڵێ: تۆنابێ ئینکاری ئەم
مەسەلەیەبکەیت وبلێیت : چالەمنزێک بونەوەیەچ سودێک وەردەگرم؟
ئایانابینی ئەگەربەهۆی ئەودراوسێتی یەوەنەبوایە ، کەلەبەینیمانگ
ورۆژدا هەیە ، مانگەکەئەوشەوق ورونا کییەی لەکوێوەردەگرت ؟
ئەوانەی مونکیری ئەم دراوسێتی وتەنینەوەیەن وەکوشەمشەمە
کوێرەوان، شەمشەمەکوێرەلەبەرئەوەکەخۆی هەربۆتاریکی دەکوتێ،خوا
لەروناکی بێ بەشی کردووە ، روناکیبۆئەووەکوتاریکی بۆغەیری ئەو
وایە .

دیسان تەماشادەکەی هەموشۆێنێک ، چ سەرەنوێلکێ بێ ،چ جێ
گوڵستان بێ رۆناکی رۆژلێی دەدا ،بەلام یەکێکیان کەسەرەنوێلکەکەیە
شوێنی خڵت وخاڵ وپیس وپیسایی یە ، ئەوی تریان کەگوڵستانەکەیە
جیگای عەتروعەبیرو بونخۆشییە ، لێرەدا "حەریق" ئیشارەی بۆپیرەکەی
خۆی کردووەکە " شێخی بورهانە " وروی دڵی لەمەعنەویاتی ئەوکردوتەو
بارانی بەرەحمەت کەدەباریێ دەدا بەسەرهەموشوێنێکا ، لەهێندێ شوێنا
بەهۆی ئەوە وەگوڵ دەڕوێ، لەهێندێ شوێنا دڕک ودال .

لەوردودرشتی هەموعونسورەگەزێک وردبەرەوەتەماشادەکەی هەی
وا هەیەهەرسەردەباتەوەقولاخیخۆی وبعینا وەوەدەچێتەوە ، هی واش هەیە
مەیلی بەرزی دەکاوسەرەوژوردەبێتەوە ، یەک بنجەگیایە ،لقێکی پان

دەبێتەوە بەسەرزەویەکەدا ، لقێکیشی سەرەوژو رووەوئاسما ن دەڕوا ،

ئەمەدیا رەقا بلیەتی وا ی هەڵدەگرت ، ئەگینەفا عیلی کا میل کە خودا بە ئیشیکی پیبا ن نیبە ، ئەودولقەگیبا یەکەلەیەک ساقەتۆورواو ن ولەسەریەک پێنج دەرها تو ن، یەکێکیا ن بەلای نزمیدا دەچێ وئەوی تریا ن رولەبەرزی دەکا ، ئەوەلەبەر ئەوەیەکەلەوەزیا تریا ن لەبا را نییە بۆیەوا دەکە ن.

لێرەدا "حەریق" رێگەی عەقا یدی ئەهلی" ئەشعەری"گرتووە کە دەڵێن : خوا شت دروست دەکا وبەندەدەیهێنێتەدەست ، دەڵێ ئەم قسەیەش کەدەیکەم قسەی حوکەما کا نە ، وەنەبی لەخۆمەوە بیکەم .

شوێن سەبەب وهۆکەوتن شتێکی روا ڵەتی یەوەنەبێ دۆزینەوەی ئەسڵی حەقیقەت بێ، تەما شا دەکەی روونا کی چرا یەک کەدێت وپیا وشوێنی دەکەوێ، ئەوەوەنەبێ شوین حەقیقەتەکەوتبێ.

کا برا بۆیەکەوتۆتەشوێن شتێ روا ڵەتی، چونکە چا ووڵی بەتەما ع وحەسودی پڕبۆتەوەووەکوما لاتی لێ ها تووە بێجگەلەخوا ردن ونوستن هیچی ترنا زا نێ .

کا برا یەک کەخۆی لەسروشت دا نا شیرین بو ، بۆچی دەبێ لەئا وێنە تورە ببێ، لەکا تێکا کەسەیری خۆی تێدا دەکا ؟ ئەگەر ئەوخۆی ئیشی چا کەی کردلەپا شا لەئا وێنەی ئەعما ل دا وێنەی چا کەی بەرچا ودەکەوێ ئیتروەنەبێ بۆئەم چا کی وخرا پی یەسوچێک لەئا وێنەکەدا هەبێ .

"حەریق" خۆت مەکەبەپەروا نەی هەموچرا یەک ولەهەموشت خۆت تێکەڵامەکە ، خۆت تەنیا بەوێژەرەنا کۆری ئەمپیا وچا کا نەکەکوری دستەی " شێخی بورها نە ".

تەما شا دەکەین "حەریق" بەجۆرەبا وەرێکی ترەوەچووەتە نا و فەلسەفەی سۆفێتی یەوە .

"حەریق" مریدی یۆسف شەمسەدین " شێخی بورهان" بووە ،فەلسەفەی سۆفیەتی لەگۆشەی چاوی ئەوەوەدەربڕیوە ، لەباوەری ئەوا " شێخی بورهان" لەعالەمی مەعنەویەتا بەجۆرێک بەرزبۆتەوەئەگەرئەوکەسەی کەدەیەوێ لەماددیات دورکەوێتەوەوبکەوێتەعالەمی مەعنەویاتەوە، ئەگەر دەیەوێ ئەوکەسەبەرێبازی " شێخی بورهان" دانەروا ، ئەوە ئارەزوەیێ کەهەیەتی بۆی نایەتەئەنجا مولەغەیری رێگاکەی ئەوا دەستی ناکەوێ .

دیسان ئەملەتاخی مەعنەویەتا بەجۆرێک رۆچوەکەبەدەربڕینی فەلسەفەی سۆفیتی دەیەوێ ئەومەعنەویاتەوەربگرێ، بەبەڵگەبۆ مونکیرانی عالەمی سۆفیێتی ئیسباتی دەکاکەهەربون ونەبونێک لەم کەونەدا هەیە هەموی پەردەیەوحەقایق لەودیوی پەردەکەوەیە ،جا ئەوانەی کەئەوحەقایقەیان دەوێ دەبێ چاویان لەمپەردەی‌ماددیاتەوەنەبێ چونکەماددیات وئەوحەقایقەمەعنەویە گەلێ دورن لەیەک .

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد

بەرگی شەشەم، ١٩٧٨

لاپەڕەی ٦٢

*

حەریق
لەدیوانی "پاشەروک"ی
ماموستا "هێمن" دا
وەلامێکی دوستانە

دوستێکی زانا ووردوخۆشەویستم کارتێکی بۆنارد ومونوسیویەتی :
ئەم غەزەلەجوانەی بەشیعرەتەڕوناسکە/دەس پێ دەکا ئێ کام شاعیری کوردە ؟

هێندەبیزاری کەزانیومەبەزاری نایەوە
دورلەبالأکەت سەرینی ناهومێدیم نایەوە

من هێندەبەهۆش وگۆش نیم هەرشیعرێکی لێم بپرسنەوەبزانم ئی کییە ؟ بەلأم بەهەڵکەوت خاوەنی ئەمشیعرەدەناسم وتەنانەت دەزانم بەچ بۆنەیەکەوە کوتراوە ، چونکەرەنگبێ زۆرکەسی تریش بێ نەزانن ئی کێیە ؟ بەم وتارەجوابی دۆستەکەمداوە، تاهەمئەووەلأمی خۆی پێ بگاو هەم خوێنەرانیش کەڵکێ لێوەربگرن .

ئەمغەزەلەبەهەڵەلەدیوانی "نالی" داچاپکراوە ، بەلأم ئێ ئەم شاعیرە بەرزوناسک خەیاڵ ونەمرەنییە ، بەڵکوئێ شاعیری رەنجەڕۆ و چارەڕەش مەلاساڵحی حەریقە ، دیارەشاعیری سەربەنەتەوەبێ بەش وزۆر لێکراوەکان/بەختەوەروکامرەوانابن ، هیچ شاعیرێکی کورد/ناسین ژیانێکی خۆش وباشی رابواردبێ، بەلأم لەهەموان چارەڕەش تر ، لێ قەوماوتروهەژارتر "حەریق" بووە ،ئەمشاعیرەمەزنەکەئەگەردیوانەکەی بەرنک وپێکی کۆکراباییەوە ، دەمانزانی یەکێک لەشاعیرەهەرەباشەکانی کوردە ، ژیانێکی زۆرتاڵ وتفت وپڕلەکوێرەوەری رابواردووە ، لەتەواوی ژیانیدا ئاهی خۆشی لەدڵی نەگەڕاوە ، لەساڵەکانی دوایی تەمەنی داکوێروکۆڵەوارو گردەنشین بووەوبەدەس تەنگی وهەناسماردی

مردووه ، تەنانەت کەمبەختی پاش مردنیش یەخەی بەرنەداوەوبـــــە نەناسراوی ماوەتەوە ، بەشی زۆری شیعرەکانی فەوتاون وەئـــــەگـــەر نەفەوتابن هیچ نەبێ چاپ نەکراون، ئەوی چاپیش کراون پادا ریان بە سەرپادارەوە نییە .

چەندسالّ لەوەی پێش لاوێکی بەزەوق وشیعردۆست وزانا بەشی زۆری شیعرەکانی حەریقی کۆکردبووە ، دەتوانم بڵێم رێک وپێک بون ویەکێک لەشاگردەکانی هەرەزانای حەریقیش کەهێشتا مابویا رمەتی دا بو ،منیش تەماشامکردولێی رازی بوموحەریقیشم ناسی وپێموا بوباشترین شاگردی "نالّی"یە ، وەک بزانم نەیتوانی چاپی بکا ، بەڵکولەنێویش چووە ، — "حەریق" نەک هەرباشترین شاگردی " نالّی"بووە ،بەڵکوقوتا بخـــانەی "نالّی" بردۆتەموکریان وشاگردی باشی لەومەلبەندەی کوردستـــان تێ گەیاندون ، " ئەدەب " ، "سەییدرەشید" ،"عەلی بەگی حەیدەری ، و " سەیفی قازی " کەخوی خاوەنی قوتابخانەیەکی شیعری یە ، هـــــەمو شاگردی "حەریق" بون ، دەڵێن مشت نمونەی خەروارە ئەوەلەخوارەوە چەن شیعری بەنمونەدێنمەوە ، چا دەچمەوە سەرباسەکەی خۆم .

چاوەکەمئەمرۆلەگوڵشەن گوڵ بەعیشوەخۆی نواند
نەک نمەک گیربم،بەمەرگی تۆقەسەمهیچنەمدواند

ستونی قامەتی راگرتووە بـــۆخیـّـوەتی دینـــم
خودا بۆتولێ‌عومرێ ئەوتەنا فودارەنەپسێنێ

یـــــا :

بەڵەک بوکێووسەحراوە کەدەڵەک خۆی دزیەوەزستان
زەیستان چون بەرێخست ئێتفا قەهێزی پێ مابێ

"حەریق" هەرلەهەرەتی لاوەتی وفەقێیایەتی دا سۆزی سۆفیگەری لە دلّ دا هەبووە ،کاتێ شاکارەبێ وێنەکەی "نالّی" بلاوبۆتەوەکەدەڵێ :

عیشقت کەمەجازی بێ خوا هیش مەکەئیلّلا کچ
شیرین کچ ولەیلا کچ ،سەلما کچ وعەزرا کچ

فەرقی کچ وکوڕ ڕەوشەن، وەک فەرقی مەومیهرە
ئەم فەرقی شەووڕۆژەوەک فەرقەلەکوڕ تا کچ

فەقێ ساڵحی لاوجوابی داوەتەوەجوابێکی وشکەسۆفیانە کەتەنیا ڕەبەنێکی دێرنشین دەتوانێ جوابەجەنگی ئەم شیعرەی "نالی" بکاکە لەسەربنا خەیەکی زانستی ڕەوانشناسی داندراوەوفەلسەفەیکی قولی تێدا گونجاوە ، جگەلەهونەروسەنعەتی شیعریەکەی کەکەیاندویەتە ئەوپەڕی .

من جوابی فەقێ ساڵح بەدرۆوفریونازانم، بەڵکەبەنـاشیانە ولاوانەی تێدەگەم، مرۆڤ لەسەردەمی لاوەتی وبێ ئەزمونی دا زۆرپابەندی بیروبڕوای خۆیەتی با بیروبڕواکەشی دەگەڵ ئەقڵ وزانست و فەلسەفەزۆریەک نەگرێتەوە ، وادیارە "حەریق" لەکاتی جوابەجەنگی "نالی" دا زۆرلەوەبێ ئەزمون بووەوبەتەواوی بڕوای بەمقسانەهەبووە کەکردونی، بەڵامگوتویانەشانامەشا خرەکەی خۆشە ، ئەوفەقێ ساڵحەبەگژ مامۆستایەکی زاناوخاوەن ئەزمونی وەک "نالی" داهاتۆتەوە.وگوتویەتی:

عیشقت کەحەقیقی بێ ، تالیب مەبەئیللا کوڕ
هەمحەزرەتی لەولاکوڕ ،هەمیوسفی والا کوڕ

عیشقێ کەبەقووەت بێ ، مامیل بەمرووەت بێ
نەمدیوەکەتالیب بێ،ئیللا کەتەڵەب کا کوڕ

سەدحەیفێ کەتۆ "نالی" بەم پیری یسەمنداڵی
بەمتەرزەلەعیشق ئەدوێیی زیبا کچ ودیبا کوڕ

*

بەمبیروبڕوای وشکەسۆفیانەوەخۆێندنی تەواوکردووەوچۆتەخانەقای

" شێخی بورها ن" وبۆتەسا لیک ، سا لیک لەخا نەقا بەوکەسا نەیا ندەکوت کەبۆهەمیشە لەخا نەقا دا دەنیشتن وخەریکی تا عەت وسلوک کێشا ن بون و دەستیا ن لەدنیا هەڵدەگرت وژنیا ن نەدەهێنا وبەرەبەنی دەما نەوە ، ــ تەنا نەت ئێ وا هەبون کەدەستیا ن لەژن وما ڵ وکەس وکا ری خـــۆیـــا ن هەڵدەگرت وبۆهەمیشە یا بۆما وەیەکی درێژلەخا نەقا دەما نەوە،بۆکەسێکی وەک "حەریق" کە تەبیعی ترین هەستی ئیسنا نی بەعەیب دا نا وەوخۆشە- ویستی کچی بۆپیا وێکی وەک " نا ڵی" بەکا ری مندا ڵانەئەژما ردوەجێگەی لەوەی با شترکەقەت چا وی بەچا وی کچ نەکەوێ، با شترچۆ ن وەگیرکەو ــ تووە ؟.

"حەریق" لەخا نەقا ما وەتەوە ، لەکن شێخ ما قوڵ بووە ،خەڵک رێـزی لێ گرتووە ، تا بۆتەما مۆستا ی تا یبەتی کورەشێخەکا ن،بەلاّم هەوەســـی پیا وا نەوتەبعی شا عیرا نەی " حەریق" ئوقرەی لێ بریوە ،نەیتوا نیـوە وەک " سەییدرەشید" و "ما مۆسین " و"مەلا حوسێن"و "ما مجـــەعفـــەر" و" با رمەمەد"و" کا کی شفەڵی" و "مەحموددوشا و" وەدەیا ن ترتا مردن بەرەبەنی بژی وبێ ژن وها وسەرهەڵکا ، بەدزی شێخ ژنی هێنا وەوما ڵــی پێکەوەنا وە ، دوزما ن لەهەمودەوروزەما نا ن دا هەن ، ئەمخەبەرەبـــە گوێی شێخ گەیشتووە. و "حەریقی" لەخا نەقا دەرکردووە ، سەرەتا ی چا رە رەشی " حەریق" بەتا یبەتی لەبا ری ما دی یەوەلێرەوەدەست پێ دەکـا ، لەسەرکچ توشی کوێرەوەری ودەربەدەری ها تووە ،عیشقی مەجا زی ئەگــەر بۆهیچ کەس موجا زا تی نەبوبێ ، بۆئەوهەیبووە ، لەزمـــا نــــی خـۆی دەگێرنەوەکەگوتویەتی بۆپەیدا کردنی پا رەونا نێک هەموشا روگوندە ــ کا نی کوردستا نگەرا وەم جا نا زا نمسەرمبەهەموما ڵێک دا کردوەپا نا ؟

پا ش ما وەیەک دەربەدەری ، پێش نوێژی مزگەوتی " حا جی حەسەن" یا ن کەئەودەمی لەقەرا غ شا ری" سا بلاّخ" ومزگەوتی هەژا را ن بووە ــ

داوەتێ، مزگەوتی نێوبراوچ مەلای زانای پێ رازی نەبون،ئێستا ش هەر کوڵکەمەلایەکی پێش نوێژی کوێرەدییەکی بدەنێ،پێش نـــوێـــژی ئـەم مزگەوتەناکا .

سەرەڕای ئەمەموسوکایەتی پێکردنە "حەریق" هەرسۆفی بـــــووەو عەقیدەی بەشێخی بورهان هەرماوەونەگۆڕاوە ،بۆیەئەمغەزەلەی داناوەو بۆ"سەیید رەشیدی" دۆستی گیانی وشاگردی خۆی ودەمراستی شێخ ناردووە ، سەیید رەشیدیش لەهەلێکی لەباردا بۆشێخی خوێندەوتەوەشێخ بەزەیی بە "حەریق" داهاتووەوبەخشیویەتی، بەڵامهەرگیزجێی خۆی نەـ گرتۆتەوە ، ئەوەش غەزەلەکەیە .

هێنـدەبێزاری کەزانیوسەبەزاری نایـەوە

دورلەباڵاکەت سەرینی نائومێدیم نـا یـەوە

بۆپییاڵەی مەیلی لەیلاقەلبی مەجنون قابیلە

شۆڕشی شیرین لەناڵەی کۆهکەن فـا مـا یەوە

حەیفێ هینەڵت دەربەدرکردڵ لەئیقلیمی ویسال

شیرێ منداڵیت بەزەهرێ هیجرُ پێ هێنـا یەوە

بولبولێکی خۆش نەوا بومبۆنەوای دەوری گوڵت

کێ وەکوهودهودحیکایەتی سەبای گێـڕا یـەوە

بۆکەناری سەوزەیی دەوری،گوڵی روت شین دەکەم

خاکی کۆی عیشقت بەبێژنگی سـەرم بێـژا یەوە

کەوتەنێوخەرمانی عومرم ئاگری تولی ئـەمـەل

سەد کەرەت باراني وەعزي لێـدرا نەکوژا یەوە

تیرێ موژگان ،شیرێ ئەبرۆ ،تاق وجوت دەنوێنێ پێم

تا بزانمڕۆحی شیرینت چلـــۆن کێشـا یەوە

جێی نەزەربوحا شییەی زوڵفت لەسەرئا یا تی روت
زۆرموتا لآمکرد ،وەکودەوروتەسەلسول مایەوە
تا قی میحرا بی برۆت جێی نا زەبۆئەهلی نیبا ز
سۆفیوەیزا نیکەچە ،هێندکەربوخۆی گێڕایەوە
شەمعی خوبا ن پرتەوێکی" شەمسی "روی تۆی لێ کەوت
هێندحەیا وشەرمێ بەخۆیداهات،بەجا رێ توا یەوە
گوڵ بژێرێکی زەریفمکردلەنێوبا غی خەیا ڵ
خۆزگەمەردێکی"رەشید"بۆشێخی بخوێنێدا یەوە

هیوا دا رمدۆستەکەم لێی رون بێتەوەئەمشیعرەئێ حەریقەوبەهەڵە ئا وەکێ نبودیوا نی"نا ڵی" بووە ، دیا رەبوکەسێکی زۆرشا رەزا ی شیعری "نا ڵی" نەبێ هەڵەکەزۆرزەق نا یەتەبەرچا وچونکەوەک گوتسم "حەریق" شا گردێکی زۆرباشی قوتا بخانەی "نا ڵی"بووە ،بەڵام بەدا خەوەدەبێبڵێیم غەڵەتێکی زۆرگەورەودزێولەئا خرشیعری غەزەلەکەدا کرا وە ، " ئەکل وشوربێکی زەریفم کردلەنێوبا خی خەیا ل " بەرا ستی دەبێ پیا وچەندبێ زەوق بێ تا توشی هەڵەی وا بێ،ئەرێ ئەکل وشوربێ نێوبا خی خەیا ڵدەبێ ح تا مێکی هەبێ؟.

جا رێک " حەریق" هەجۆییەکێک لەکورەکا نی شێخ عوسما نی تەوێڵەی کردووە ، ئا غا یەک بەنێوێ ئیعزا مول موڵک " لەسەرئەوەریشی تا شیوە ، "حەریق" شکا یەتی بردۆتەکن " قا زی عەلی"مەلای وڵات بەرا بەری قا زی خەریک بون ئا غا کەی تەمێ بکەن، لەوکا تەدا کورەکوردێک لەدێی " قەبا غکەندی" کچەئەرمەنیەکی هەڵگرتووەکەبا وکی پیا وی روسی - تەزا ری بووە ، ئەم کا رەبچوکەزۆرگەورەبۆتەوەوخەریک بووەشەری عوسما نی وروس ودەوڵەتەمەسیحی یەکا نی لێ پەیدا ببێ،سا ڵی کچی هەرمەنی ما دەتا ریخبوو ، مەسەلەکەئەوندەگەوربو ،مەسەلەی"حەریق"

لەبیرچۆتەوە ، رۆژێک کا برا یەک لە "حەریق" دەپرسێ: ئەرێ مەسەلەی ریشەکەت چی لێ بەسەرهات ؟ "حەریق" دەڵێ: با بەلێ ریشی من لە هینەکەی کچەئەرمەنی دا ون بوو .

من خۆم کچی حەریقمدیبوکەپیرێژنێکی گۆج وشیفلیجبولەنێوی ژنانی "خانەقا "دەژیا وەهەموبەتایبەتی شێخموحەممەدی کوڕی شێخ و "سەیید رەشید" زۆریان رێزلێ دەگرت وپێیان دەکوت "دێدە" .

حــەریــق

لــە " باخچــەی شاعیران " دا

نوسراوی

عەبدول عەزیمماوەتی وعەبدول قادرسـالـح

حــەریــق

١٩٠٧ – ١٨٥١

"حەریق" ناوی سالح کوری مەلانەسروللای زیوەیی یە ،زیوێ گوندێکە بەشاخی سەرەمەگرونەوەلەلیوای سولەیمانی، باوکی خەلقی گـوندی " کاشتەرە " لەنیوان هەورامانی لوهۆن وجوانرۆوە ،باوکی بەفەقێیەتی لەولاتی خۆی دورئەکەوێتەوەولە "زێوێ" ئەگیرسێتەوەوژن دێنی، "حەریق" لەسالی ١٨٥١ ی زایینی دالەگوندی "زێوێ" هاتۆتەجیهانەوە،لای باوکی سەرەتای خوێندن دەست پێ ئەکا ، لەپاشان ئەچێتەسولەیمانی، لـە ونشەوەبۆقەرەداغ وبیارە"،دوبارەئەگەرێتەوەبۆسولەیمانی لای مـەلا ئەو رەحمانی پێنجوینی ماوەیەک دەرس لەو وەرئەگرێ وئەچێ بۆ " موکریان" ماوەیەکیش بەوناوەدا بەفەقێیەتی ئەسورێتەوە ،لەپاشالە خانەقای " شێخی بورهان" ئەکەوێتەداوی تەریقەتەوە ، وەلەلای"یوسف شەمسەددین" تەریقەت وەرئەگرێ ولە "سابلاخ"ئەبێ بەمودەرریسی – مزگەوتی " سەییدحەسەن" و هەرلەوێ ژن ئەهێنێ.

بەمجۆرەلەوێ دوارۆژانی ژیانی بەدەرس وتنەوەبەمریـدی لـە دەوری " شێخی بورهان" ئەباتەسەر، تالەسالی ١٩٠٧ی زایینی دالـە تەمەنی ٥٦ سالی داکۆچی دوایی ئەکا ولەگۆرستانی مەلاجامی لە "سابلاخ" بەخاک ئەسپێرێ، زۆربەی هۆنراوەکانی"حەریق" لەباسی خۆشەویستی و غەزەل ودلداری دایەبەشێوەیەکی تەروبەتاموبەنرخ ،هەروەهالەبارەی

کۆمەلایەتیشەوەهەڵبەستی نا یا بی هەیە ، جا رجا ریش بەلای فەلسەفـــەدا
ڕۆیشتووە ،ئەوەش نموونەی هەڵبەستی :

چا وەکەم ئەمڕۆلەگوڵشەن گوڵ بەعیشوەخۆی نووا ند
نەک نەمەک گیربەبەمەرگی تۆقەسەمهیچنەمد واند
گوڵ بەتۆزی پێتەوەلاف وگەزا فی لـــــێ دەدا
وا شکورسـوزەی نەسیمت‌ها ت ئەویشی لێ ستا ند
نەشتەری مۆژگا نی تۆها تـۆتەسەرسەفحەی دڵـم
هەرخەتێ بوغەیری خەتتی سەبزی تۆپا کی کڕاند
لەشکری ئا هم‌لەگەل جەیشی حەبەش دەعوا دەکا
حیرەتم‌ما وە کەچۆن ئەودڵبەرەدڵـمـی رفا ند ؟
بۆگوڵی روت ما تەمی پەرچەم دەبینی بویـەوا
ما هی‌نەوروزمبەشیوەیوەک محە رمخۆی نوا نـــد
تۆلەئە وەڵ گوێ وەفا ت‌هێنا یە نێومەیدا نەوە
ئێستەچەوگا نی خیلافت پشتی سەدوەعدەی شکا ند
تۆخودا قەت غیرە تەبۆتۆئەرێ سەروی رەوا ن
گوڵ بەبێ تۆوا لەبا غا خیوەتی‌خۆی لێچەقا ند ؟
با وجوئێنسا ف بدەم چا کەگوڵیش مـوشتا قتــە
هەرلەشۆقی تۆیەسەرپۆش وگرێبـــا نی دڕا نـــد
هەرکەسێ ما یـیـل بەپیرێکە وتەریقێکی هەیە
تۆبەشوعلەیغەم"حەریقی"وا وەجا خت هەڵگرا نـد

* * *

بەسەرهاتی حەریق

بەقەڵەمی

محەممەد محەممەد رەشید

"حەریق" ناوی مەلا ساڵح بووە ، لەساڵی ١٨٥١ ی زایینی دا لەدیی "زێوێ" کەگونەێکەلای "سورداش" لەلیوای سولەیمانی وپاڵی دا وەبەلای رۆژهەڵاتی شاخی" پیرەمەگرون" ەوە ، لەدایک بووە ، باوکی ناوی مەلا نەسرو ڵلای بووە ، بەفەقێیەتی لەسنوری ئێرا نەوەها تۆتەعیراق ولە پاشا بەمەلایەتی لەدێی"زێوێ" گیرساوەتەوەوژنی هێناوە ،"حەریق" پاش ئەوەی لەلای باوکی سەرەتای خوێندن دەست پێ ئەکات ،رێبازی مەلاکانی کوردستانئەگرێت وبۆزاخاودا نەوەی مێشکی بەسەرف ونەحۆی عەرەبی بە فەقێیەتی زۆرجێگای کوردستان ئەگەڕێ، ئەچێتەسولەیمانیولەمزگەوتی شێخ محەممەدی بەرزنجی ئەبێ بەسوختەی فەقێیان، ئینجا ئەچێتەقەرەداغ ، لەبیارەش کتێبی " منهاجی نەوەوی" لای شێخ حەدیدەرئەخوێنێ، سەرێکی ترلەسولەیمانی ئەداتەوە ، لەساڵی ١٨٨٤دا لەپێنجوێن لە لای مەلا ئەو رەحمانی پێنجوێنی کتێبی"گەلەنبەوی بورهان "کەعیلمی مەنتیقەئەخوێنێ ولەوێوەئەچێت بۆموکریان، لای شێخ یۆسف شەمسەدین " شێخی بورهانی" کەخەلیفەی شێخ وەسمانی تەوێڵەبووە ،تۆبەئەکاو تەریقەت وەرئەگرێ ،لەپاشا لە " سابلاخ" ئەبێ بەمودەرریسی مزگەوتی " سەییدحەسەن" وهەرلەوێ ژنی هێناوەوکوروکچێکی لێ بووە ،ئیتر پاشماوەی ژیانی لەنزیک شێخی بورهان بەسەرئەبات وتا مردن لەوێ ئەمێنێتەوە .

لە " ١٩٠٧ " ی زایینی لەتەمەنی"٥٦" ساڵی داکۆچی دوایی ئەکاو لەگۆڕستانی"مەلاجامی" لەسابلاخ" ئەنێژرێ .

چونیەتی ژیانی وخوورەوشتـــی

"حەریق" پیاوێکی میانەبا لاوگەنمڕەنگ بووە ، چاوەکانی بچـوک و بەقولاچوبون ، رومەتی مەیلەودرێژبووە ، ریشی خڕوبەشی زۆری سپیـــی بووە ،مێزەرێکی سپی سا بلاخی یانەی لەسەرناوە ،زمانی شیرین ولەسەر خۆقسەی کردووە ، بەهەڵبەستەنەروپا را وەکانی هەموکۆڕێکی خۆش کردووە بەتایبەت لەدوا د وای تەمەنی داکەئەهات بەسەریا وەکوبەریشکیەوبـێ ماندوبون هەڵبەستی هەڵ ئەڕشت ، ژیانی "حەریق" سۆفیانەبووە ،نەمر نەژی، زۆرجا ربێ شێوسەری ناوەتەوە ،بەشی زۆری ژیانی بەدڵ تەنگیو خەمباری بردۆتەسەر .

هـەڵبەستـی :

مەلاساڵح لەسەرەتا وەسۆزێکی دەورێشی تیابووە ،ئەمسۆزوهەستـەی ناچاری کردووەبەخوێندنەوەی دیوانی شاعیرەکان،بەتایبەتی"مەولەوی" و " نالی"لەچاخی ناوەراستی فەقێیەتی داکەوتۆتەگڕوگاڵ،"حـەریق" ی کردووەبەنازناوی هەڵبەستی، لەسەرەتا دا زۆرماندوبووەبەهەڵبەسـتو وتنەوەوبەگرانبۆی هاتووە ، بەلاملەدوایی داکەئیلهامی هەڵبەستیخۆی ئەدۆزێتەوە کە " شێخی بورهانە " سەرچاوەی هەڵبەستی وەکوکانیـاوی بەهار هەڵ ئەقوڵێ، سۆزی عەشقی شەمسەددین وای لێ ئەکات کنبەبـە هەڵبەست لەگەڵ خەڵکا بدوێ .

بەسێ زمان هەڵبەستی وتووە ، بەکوردی وفارسی وعەرەبی، وە لـە کوردی داتوانیویەتی بەشێوەی هەوراميش هەڵبەست بلێ،لەزمانیفارسی دا پرۆفیسورێک بووەبۆخۆی .

هەڵبەستەکانی ئاوێنەیەکن،چۆنیەتی ژیانمان پێشان ئەدا لـەو سەردەمەدا .

زۆرحەزی بەجینا س و ڕستەووشەڕەنگینی کردووە ،کا تێ کەلەمەیدا نی هەڵبەست وُتنا بڕوا ی بەخۆی پەیا کردووەوهەستی کردووەکەهەڵبەستە ـ کا نی پا یەخێکیا ن هەیە ، ئیجگا ربە شا نا زی یەوە وتویەتی :

بێرە مەیدا نی فەسا حەت ئەسپی خۆت لینگ دە "حەریق"

تا بزا نم کێ شیعرت سوحبەت ویا ری ئەکا ؟

ئەمبڕوا یەخۆپەیا کردنەی وا ی لێ کردووەکەلەگەڵ شا عیرەکا نی تـرا بکەوێتەشەڕەهەڵبەست وبەرپەرچ دا نەوەیا ن ، ئەبینین بەهەڵبەـ ستێکی دورودرێژ ڕوبەڕوی " نالی" ئەوەستێ وپێی دەڵێ:

سەدەحەیفێ کەتۆ" نا لی" بەوپیری بەمندا لی

بەمتەرزەلەعیشق ئەدوێی زیبا کچودیباکوڕ

ئەمەی بەرا مبەربەوبڕە هەڵبەستەی " نالی" وتووەکەبەسەرکچا هەڵی دا وە وسەرەتا کەی دەڵێ:

عیشقت کەمەجا زی بێ خوا هیش مەکەئیللا کچ

شیرین کچولەیلاکچ،سەلما کچ وعەزرا کـچ

شا نی لەشا نی مەولەویش دا وە ، کەچۆن مەولەوی پەروا نەی شێـخ عوسما نی سیرا جەدین بووەوبەبڕەهەڵبەستەکەی کەبە:

شێخی دەولەمەندبەهرەی سـەرمـەدی

پا گـەی حەقیقـەت جیلـوەی ئـەحمـەدی

سەرەتا کەی ئەکا تەوەوسۆزی خۆی بەرا مبەرشێخی خۆی دەربڕیـوە ، ئەمیش بووەبەپەپولەی شێخ یۆسف شەمسەدین وبەوبڕەهەڵبەستەشێـوە هەورا می یەکەی،کەسەرەتا ی ئەکا تەوەبە :

چ سـوبسـەحـەردا دیـم غونچـەدەمـێ

نەپەردەی عیسمـەت نمـا نـا چـەمـێ

وەخۆشەویستی خۆی بەرا مبەربەشێخی خۆی دەرئەبڕێ ، "حەریق" وەکـو

لەهەڵبەستەکەیا دەڵێ،توانیویەتی لەزۆرلەمەیدا نەکانی هەڵبەست دا ئەسپی خۆی لنگ دا ، دەبینین وەکوزۆرشا عیرەکانی تردێتەمەیدانی غەرامی یەوە وبەوشەی جوان ورەنگین ،هەست وسۆزی بەرامبەردڵدارەکەی رون ئەکاتەوەوپەیمان پەروەری خۆی پێ ئەسەلمێنێ،جا رێکی تر ئەبینین پەردەی غەرامی دا ئەدا تەوەوئەکەوێتەکۆری مەی نۆشانی تەسەووف وفەلسەفەی تەسەووفەوە وبیتۆلیخۆی لەتیولۆژی دا نیشان ئەدات .

یا ئەبینین لەگەڵ ئەوەشا کەخۆی بەپیاوێکی رەندوپابەندی تەریقەت هێنا وەتەنا وەوە ، کەچی ویستویەتی دا دوزا ریبەکی بەسۆزیش لەدەست جەوری رۆژگارهەڵ رێژێ وخۆی بەپیاوێکی ستەمدیدەبخاتەرو .

"حەریق" لەگەڵ ئەوەشا کەشا عیرێکیغەرامی ولەپاشا تەسەووفی بووە لەبازاری نوکتەچینی وجینا س پەروەریش دا چالاکانەها تۆتەمەیدانەوە. لەتا فیخۆی دا داوای گوێرێیژێک لە"مەلائەحمەدی لاسور" ئەکا ،ئەویش بەها نەی بۆدێنێتەوەونا یدا ئێ ، ئەمیش دەڵێ:

لەعوزرا بو،مەلابۆیەجووا بی دا،کوتی نادەم

ولاخدەس نا کەوێ‌عەیبی‌نیەچش‌گەرمنیش‌پیادەم!

بەمدێرەهەڵبەستەی جنێوێکی ئەدیبانەی پێ داوە ، لەعوزرا بوهەڵ ئەگرێ بیانوی بۆهێنا بێتەوە ، هەڵیش ئەگرێ تروێ کردبێ، واتەلە عوزرِی شەرعی دا بو ، ئینجا دەڵێ: قیروسیا ولاخ ئیمەبەس نییەپییادەمامەتەوەئەتوانم‌بەپێی خۆم‌برۆم؟ ئەوەش ئەگرێتەوە : ساخۆ ولاخەکەی تەدامێ، کەوابوچاک وا یەلەتۆڵەی ئەوەدا پییاکێشم! .

لەمهەڵبەستەی دا بیرێکی تازەوجینا سێکی زۆرجوانی پێک هێناوە کەدەڵێ:

تاڵ وشیرین پێکەوەنەمدیوەچا بێ، چا نەبێ

هەرکەسێکی هەمنشینی چا نەبێ،پێت چا نەبێ

دەڵێ نەمدیوەتاڵ وشیرین پێکەوەبگونجێن "چا یی"نەبی لەگەڵ قەنددا ، هەرکەس ها وپیاڵەی چا یی نەبو بەلاتەوەچاک نەبێ، ئەوە پیا وێکی با ش نییە .

لەپێش مردنی دا بەما وەیەکی کەمئەمهەڵبەستەرێک ئەخا تکەوەکو ئیلها م وا یەبەنزیک بونەوەی مردنی :

لەخەرما نی ئەمەل مێروی عەمەل جەزبی نەکردئدا نێ

لەزەیقەتخا نەدا ترسم هەیەئا خرسەریدانێ

دەڵێن جەردەی ئەجەل رێگا بەکا روا نی نەفەس دەگرێ

شەقا می سێنەدەبرێ بۆمەتا عی دیدەدەروا نێ

لەهەڵبەست دا ئا رزەوی جینا سی هەبووە ، لەگەڵ ئەوەشا رەوا ن وسا دەو ما نا شیبەهێزە ، بەمجۆرەتوا نیویەتی شوێنی خۆی لەریزی شا عیرەکا نی پێش ئەمچەرخەدا تەرخا ن بکا وپێش کەلێکیشیا ن بکەوێ وچەپکەگوڵی هەمەرەنگەی بۆن دا ری خۆی پێشکەش بەگوڵدا نی وێژەکوردیبکا ت .

* * *

حەریق
لە " ژینا وەری زا نا یا نی کورد" دا
١٨٥١ - ١٩٠٧ زا یینی

گوڵی نەژا کا وی نەنا سرا وی وێژا وەرا ن، سوتا وی با ڵای بەژن — زرا وا ن، گوڵی نێوگوڵاڵان لەما نگی گوڵان، زما ن تەروپا را وی پەروەران، سۆفی شێخی سەربەرما ڵان لەپەروەرا ندا نی وا تا ، وا تا ی زۆربەتـــا مو پروا تا یە ، دڵ ودەرونیتەژییەلەقسەووا تا ،سینەی ئەنجن ئەنجن وبریانە لەدەس جەوری زەما نە . بەڵامشیعری"حەریق" بۆدڵ برینداران خۆی باشترین دەرما نە ،هۆنەروخودانهونەرە .

دڵ ودەرون سوتا ویئەمجا رەما ن نا وی" سا ڵح" وکوڕی مەلانەسروڵڵای "زێوێ"یەکەگوندێکەسەربە" سوردا ش " لەئوستا نی سولەیما نی،پـا ڵـی دا وەبەلای خۆرهەلاتی چیبا ی" پیرەمەگرونەوە ،" مەلانەسروڵڵای با وکی لە ئا وا یی " کا شتەر" لەدا یک بووە ، لۆن وکا شتەر دوگوندن لەدا وێنـەی " شا هۆ "دا ن، وەکەوتونەتەهەورا ما نی لەهۆن وجوا نرۆوە ، لای با شورەوە ئەلکێ بەما هی دەشتەوە ، ما مۆستا عەلائەدین سەجا دی زا نا ی نا ودا ری — کوردلەپەرا وی مێژوی ئەدەبی کوردی دا نوسیویەتی: مەلا نەسروڵڵا بـە فەقێیەتیبۆبەدەس هێنا نی عیلموزا نست بەکوردستا نا بەمفێرگەبـۆئـەو فێرگەوبۆفێربون ئەگەرێ وئا وا رەی گوندوشا را ن وهەندەرا ن ئەبێ،لـە پا شا ن بەمەلایەتی لەگوندی " زێوێ"یەدەگیرسێتەوەوژن دێنێت .

بولبولی گوڵزا ری گوڵی وێژەو وێژەوا نی نا وکوردەوا ری" سـا ڵح حەریق" لەسا ڵی ١٨٥١ ی زا یینی لەگوندی"زێوێ"یەلەدا یک بووە ،سەرەتا کتێبەوردیلەکا ن لای مەلانەسروڵڵای با وکی ئەخوێنێ،دوا ی ما وەیـــەک ئەچێتەشا ری سولەیما نی ولەفێرگەی شێخ محەممەدبەرزنجی ئـەبێتـە سوختەی نا وفەقێکا ن وچووەتەقەرەدا غیش ، لەبیا رەمەبەستی" نیکـا ح"

لەپەراوی " مینهاج" ی "نەوەوی" لای"شێخ حەیدەر" ئەخوێنێ،جارێ ـ
تربش ئەگەڕێتەوە شاری سولەیمانی، "حەریق" لەساڵی١٨٨٤ ی زایینی
لەشارە خونجیلانەکەی " پێنجوێن " بورهانی گەلەنبەوی" لەزانستی
مەنتیق دا لەفێرگەی مەلائەورەحمانی پێنجوێنی ئەوزانا گەورەئەخوێنێ
ولەوێوەئەچێ بۆموکریان. پاش ماوەیەک ئەچێتە خانەقای بورهان ولە
سەردەستی شێخ یۆسف شەمسەدین" شێخی بورهان" تەریقەت وەرئەگرێ و
ئەوسا ئەچێتە " سابلاغ" "مەهاباد"وئەبێتەمودە ریسی فێرگەیمزگەوتی
" سەییدحەسەن" ولەشاری مەهاباد ژن دێنێ، خواکچێکی پێ دەدا ، ـ
"حەریق" لەتەمەنی ٥٦ ساڵی دا لەساڵی"١٩٠٧" ی زایینی بەرەولای خوا
بارگەی تێکنا وەولەگۆرستانی زانای ناودار "مەلاجامی"نێژراوە ،
" حەریق" زۆر ئوگری خوێندنەوەی شیعرودیوانی" مەولەوی" و "ناڵی"
بووەوئەمدوزانایەزۆریان شوێن لەسەر "حەریق" دا ناوە ،"حەریق" لە
بەرسۆزی دڵی سوتاوی "حەریق"ی بۆنازناویخۆیدا ناوە ،وەزۆری حەزلە
جیناس وبێژەی ڕەنگین کردووەوویستویەتی شیعرەکانی کۆلکەزێرینە
بن وجارجاریش زۆرشانازی بەشیعری خۆی کردووە ، هەروەکوفەرمویەتی:
بێرەمەیدانی فەساحەت ئەسپی خۆت لینگ دە "حەریق"

تابزانم کێ بەشیعرت سوحبەت ویاری دەکا ؟

جارجاریش بەگژ"ناڵی" داهاتووەوفەرمویەتی :
سەدحەیفێ کەتۆ " ناڵی" بەوپیری یەمنداڵی

بەمتەرزەلەعیشق ئەدوێی زیباکچ ودیباکوڕ

"حەریق" شانی لەشانی مەولەویش داوە:

شێخی دەوڵەمەندبەهرەی سەرمەدی یاگەی حەقیقەت جیلوەیئەحمەدی،

حەریقیش فەمویەتی :

ج سوب سەحەردا دیمغونچەدەمێ نەپەردەی عیسمەت نمانا چەمێ

ئـەمەش " گوڵشەنی حەریق "

چاوەکەم ئەمڕۆ لەگوڵشەن گوڵ بەعیشوە خۆی نووانـد
نەک نمەک گیریم بە مەرگی تۆ قسەم هیچ نەم دووانـد

د محەمەد ماڵح ئیبراهیمی محەمەدی (شـــەپـــۆل)
ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتـی،یا گنجینـەی فەرهەنگ و زانست لاپەڕەی ٧٨٨ تا ٧٩٥ـ چاپی گولأنی هــەزارو سێسەت و شەست و چوار، چاپخانەی مەهارەت لـــەتـــاران

حــەریــق

لــە " گـۆواری بەیان"دا

" ئـەدەب و تـەســەووف "

تەسەووف وەکوپاپۆرێکە بەدەریای شەریعەتی ئیسلامەتی دا ئەڕواو لەمبەرەوە مرۆف ئەپەڕێنێتەوەئەوبەر ، شاعیرەکوردەکلاسیکی یـەکـان هەرکات نەیان توانیوەبەبێ تەریقەت بژین، هەمیشەحەزیان بەسـەرـ گەرمی مەعنەوی ومەستی دەرونی وحاڵەتی جونبوش وجەزبەکردووە و ـ هەمیشەخۆیان کردووەبەخزمەتکاروبەندەوغولامی پیری تەریقەتەکەیان، زانا یەک وشاعیرێکی وەک مـەولـەوی بووەبەپەروانەگشێخی سیراجەدینی یـەکـەم.

"حەریق" مەلا ساڵحی زێویێ" ١٨٥١ – ١٩٠٧" ی۔زایینی ئـەگـەر دەستکەوتێکی رۆحی ومەعنەوی نەبوبێ ولەمەیخانەی مەی فـرۆشـان وبادەنۆشانی دەرگای ئەحەدییەت دا سەرمەست نەبوبێ ،نەئەبـوبـە پەروانەی شێخ یوسفشەمسەدین کەخەلیفەی شێخ عوسمان بووەکەوەکو کانیاوی بەهارهەڵ قوڵاوە هەروەک ئەڵێت :

عیشقت کەحـەقیقی بێ تا لـب مـەبـە ئیلـلا کـورِ
هم حەزرەتی لەولا کور هەم یۆسفـی والا کـورِ
هەرعیشقێ حەقیقی بێ ،وەک عیشقی"حەریقی" بـێ
مەیلی بەدەقیقی بێ، بۆمەعـریفە تـولـلا کـور

ژمارەی ٥١ تەشرینی یەکەمی سـالـی ١٩٧٨
لاپەڕەی ٢٢ ــ جـەمـاڵ موحـەمـەد

حـــەریـــق

و

گـــواری کـــاروان

هۆنەرونوسەری پایەبەرزوبەهرەمەندی کوردما مۆستا کاکەی فەللاح لەگۆواری کاروان ژمارەی چلی مانگی کانونی دوهەمی ١٩٨٦ ســـالی چوارەم نوسراوەومەبەستێکی بلاوکردۆتەوەلەژێرسەردێـــری "چەند شیعرێکی بلاونەکراوەی ناری" ولەم نوسراویەدا یەکێک لەغەزەلەکانی حەریقی بەناوی هۆنەری زاناوبەهرەمەندی کوردخوالێی خۆش بومامۆستا مەلا کاکەحەمەی " ناری" یەوە بلاوکردۆتەوەورای گەیاندووەکەمامۆستا مەلا کاکەحەمەئەمغەزەلەی بۆتایەربەگی وەسمان پاشا وتووە .

سەردێرودوایین دێری غەزلەکەش لەنوسراوەکەی ما مۆستا کـــاکەی فەللاح دا بەمجۆرەیە :

حـوزنی من باحوسنی تۆئێشکا لەتائاخرنەفەس

چون زەکاتی حوسنی تۆیاحوزنی من ناگابەکەس

خالی سەوزە، داخی سەوزە ،بەحسی ناسۆریمەکەن

تازەدەیتۆبێکە "ناری"قەت شیفای نایەبەکەس

بەلاملەراستی دائەوەی شایانی باس بێ ئەوەیەکەئەمهۆنراوەیـــە یەکێک لەغەزەلەهەرەبەرزوجوانەکانی مەلا سالحی حەریقەولە زۆربـــەی کەشکۆل ودەست نوس وبەیازەکان داوتەنانەت لەدەست نوسدبەناوبانگە کەی"میرزا عەبدوللای شابەندەریش " دا هەربەناوی حەریقەوەنوسراوەو تۆمارکراوە .

جگەلەوەش " حەریق" لەهۆنینەوەی هەلبەست وغەزەل دا شێـــوەو شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە وئەم غەزەلەش لەباری مەبەست ومەعنا ولێکچون و وردەکاری وجوانکاری و خۆشخوانیشەوە هەرلە غەزەل و ـ

هونراوەکانی "حەریق" دەچێت وهیچ گومانێکی لێ ناکرێتە هەروەکو ئەم هۆنەرە بەهرەمەندوکارامەیەلەدوابیین دێری غەزەلەکەداتازناوی خۆی زۆرشاعیرانە وشارەزایانەهێنا وەوکوتویەتی :

حوزنی من باحوسنی توئیشکالەتا ئاخرنەفەس
بۆچ زەکاتی حوسنی تویا حوزنیمن ناگا بەکەس؟

خالی سەوزە ،داخی سەوزە ،باسی ناسۆریمەکەن
تازەدەی ئەوبێ"حەریقی"قەت شیفای نایەبەکەس

* * *

حەریق
لەگوواری "سروە" دا
نوسراوی
ماموستا : " هیمن "

" حەریق" ئەوشاعیرە مەزنەیەکەمەکتەبی شیعری " نالّی "هێنا موکریان ولەومەلّبەندە هەرکەس شیعری کوردی کوتووە ، یا دەلّێ، بێ ئەم لاوئەولا لەوێ فێربووە ، نەکەم؟ تائێستا چی وێ نوسراوە و کوتراوەبەکەلّک نەبێ ؟ من بۆخوم لەسەر ئەوشاعیرەگەورەیکەغەزەلی وەک :

هێندەبێزاری،کەزانیومەبەزاری ناییەوە
دورلەبا لاکەت‌سەرینی نائومێدیم نایەوە

یا

چاوەکەمێئەمرۆلەگوڵشەن گوڵ بەعیشوەخۆی نوواند
نەک نەمەک گیربم،بەمەرگی‌تۆقەسەمهیچنەمدووا ند

کوتووە ، هەر ئەوەندەدەزانم، ناوی مەلا سالّح بووە ، نزیکەی‌چەرخێک لەوەی پێش‌لەودیورِا هاتۆتەئەمدیوەولەخانەقای لوساوکان یاخانەقای شێخی بورهان گیرساوەتەوەوزۆری‌عاقیدەبەشێخ بووە .

نازانم لەکوێ بەلاّم لەسەرشیعرێک "ئیعزا مول مولّک "فێئۆدالّی مەشهوورێشی لوس‌تاشیوە ، ئەوەبۆتەهۆی ئەوەبێتە"سا بلاّغ" وببێتە مەلای مزکەوتی حاجی سەیید حەسەن خزمی‌خۆم، ئەوکەسا نەی چل پەنجا سالّ لەوەی پێش‌چاویان بەومزگەوتەکەوتبێ، دەگەلّمن ئەگەر بلّێم برسا یەتی وهەژاری ونا چاری نەبوبا هیچ کۆلکەمەلایەکیش بەپێش‌نوێژی ئەم مزکەوتە رازی نەدەبود، رەنگبێ پێش‌سالّی ١٣٢٨ ی کوّچی کەسالّی

وەفاتی شێخە، مردبێ ولەگۆڕستانی " مەلاجامی" نێژراوە وهەرخوا دەزانێ ئێستا گورەکەی بناخەی خانوی کام موسوڵمان بێ، خوا بکەم لای سەروی هاڵ یا میوا نخانەی بێ ونەکرا بێتەحەمام وشتی وا .

* * *

حەریق

و

بونەی شیعرەکانی

حەریق وەکوشاعیرێکی‌نێوبەدەرەوەوناسراوی کوردبۆگەلێ مناسەبەت وا تەبەبەونەی گەلێ شتەوەشیعری کوتووەو ئەوەی لەدیوانەکەی داتا را دەیەک سەرنج راکێشە ئەوەیەبونەوهۆی کوتنی بەشێک لەهۆنراوەکانی دەزانرێ ، والەخوارەوەچەندوێنەیەک لەوهۆنراوانەی کەلەکاتی خۆی دا کوتویەتی پێشکەشتانی دەکەین .

میرزا لەتیفی قازی کوڕی میرزا ئەحمەدی کوڕی میرزا مەحمودی خوالێخوش بوقازی لەتیفی مەهابادی کەپیاوێکی زۆرزانا وزیرەک وبەهۆش بووە لەدێ " گردی یاقوب " ی ناوچەی شاروێرانێ مەهاباد قازی شەرع بووە ، ئەم غەزەلەپڕلەهەست وسۆزەی بۆمەلاسالحی"حەریق"نوسیوەوبۆی ناردووە، بۆئەوەی پێکەوەبچن بۆزیارەتی شێخی بورهان .

ماهی تەمامە ماهی تەمام نەدیوە من

ئێستا تەمامە،حەیفێ کەجێگام نەدیوە من

بۆ رۆژی عاریزی رۆژت گەلێ گەرام

شەمسی جیهان بەتەلعەتی تۆم‌قەت نەدیوە من

گەرچی خەزانەبۆوەرەقی سەبزی سەرڕەزان

زانیم کەحوجرەسارده تفاقم کڕیوە من

حەریقیش بەهۆنینەوەی غەزەلێکی ئاگراوی وحەریفانەهەرلەسەر ئەم شێوەوشێوازەوەلامی میرزا لەتیف دەداتەوە وغەزەلەکەی ئەوەندە بەسۆزوکاریگەرە ، تین وتەوژم بەزەوق وخەیاڵ دا دێنێت .

لەو وەختەوە لەخزمەتی تۆبێتم بڕیوە من

وەک میهری تۆبەشاشەتی ڕەنگم پەڕیوە من

فەسڵی خەزانە ، وەقتیخزانەلەسەررەزان

سەرمایی سەرد میهریی یارم چەشیوەمن

هەروەک برۆی هیلالی لەبەر جەوری پەرچەمی

چاوی دەزانێ شاهیدەقەددم چەمیوەمن

لەعلی یەمان وحوققەیی مەرجانی باعیسە

ئەشکی لوئالی مەردومی دیدەم چەکیوەمن

خاڵی نییەدەمێکی خەیاڵم لەخاڵی وی

مەنعمە کەپەردەیی عارم دڕیوەمن

من پڕدەکەم تەنوری مەحەببەت لەناری شەوق

تۆش ئاشێ لێ بنی کەدڵم دەرپەڕیوەمن

فەرمووەرە کەفەڕشی غەزەل ڕادەخەملەڕێت

جەرگ ودڵم بەناری مەحەببەت کوڵیوەمن

لەساڵی ١٢٩٦ کۆچی مانگی کەحەزرەتی شێخ لەسەفەری حەج دەگەڕێتەوە حەریق بەبۆنەی هاتنەوە وگەڕانەوی ئەم پیرەروناک دڵەکە سەفەرەکەی ماوەی ساڵێکی خایاندووەغەزەلێکی زۆرناسک وبەسۆزو جوانی هۆنیوەتەوە کەئەوا چەندشیعرێکی لێ دەنوسین .

موژدەبێ بۆبولبولی دڵ گوڵ لەباغان هاتەوە

قومریعومریخۆی سەرف کاسەروی بۆستانهاتەوە

شاسواری عەرسەیی مەیدانی مەردان هاتەوە

دڵبەری جانان لەخزمەت جانی جانان هاتەوە

پیری رەوشەن دڵ وەکوخورشیدی تابان هاتەوە

نائیبی عوسمانی سانی خۆش بەسامان هاتەوە

حەریق ئەمجا مەشی لەدوایین ساڵەکانی ژیانی داکەبەهۆینەخۆشی وناسازی بەوە لەجێگەداکەوتووە، بۆخوالێ خۆش بوسەیدرەشیدنوسیوە

کەئەوا چەندشیعرێکی لێدەنوسین :

ئەی جەنابی سەییدی عالی نەسەبکەی ڕەهرەوێ

عەزرە ودەردی دەوا موبێ دەوا مدینێتەوێ

بۆخروری پیری کامیل عاریفی دانایی راز

شەمسی ئەفلاکی هیدایەت نەجمی رێی هەرشەبرەوێ

خۆموسەللەم گەرلەغاییب دەستی پیر کوتانییە

کەی دەبێ دەست ودڵی پیرێ لەبۆمن رێکەوێ

حەریق جگەلەوەهەموگیروگرفتانەی کەتوشیان بووە لەدوایین ساڵە کانی ژیانی داچاوەکانی خۆی لەدەست داوە و ئەم دەردەش بووەبە سەرباری هەمودەردەکانی تری، ئەم رودا وەنا خۆش ودڵتەزێنەڕۆچنەی هیوا وئاواتی بەیەکجاری لەڕوبەستووەوتوشی خەم وخەفەتێکی زۆری - کردووە ، لەنامەیەک داکەبۆسەییدرەشید دەنوسێت سکالا لەژیانی ناخۆش وپڕلەڕەنج وئازاروئیشارەبۆکوێربونی چاوەکانی خۆی دەکاو ولەچامەیەک دا دەڵێ:

ڕۆژ وشەوغەرقی خەیاڵم بێ ئەنیس و بێ نەدیم

چاونەماوەتا بڵێم قەت خەولەچاوم ناکەوێ

خەڵکی گەردەستی برا من چاوی ڕێی دەستم برا

یەعنی چاومەبرەلەدەست کەس ڕسقی دەست وپێت نەوێ

لەغەزەلێکی تریش دا دیسان هەرئیشارەبۆکوێربونی خۆی دەکاودەڵێ:

کەسێ" سالح" بێ بۆزیکرودوعاگۆییت بەبێ چاوی

هەزارچاوساغی وادێنێ بەچاوزیندوبەدڵ مەیتە

حەریق لەنامەونامەکاریش دا هەمیشە پەنای بردووەبۆمرخ وقەریحەی شاعیرانەی خۆی وتامەی خەڵکیشی هەربەشیعروەڵام داوەتەوە ،بە تایبەت هەرنامەیەکی کەبۆسەییدرەشیدی شاعیروشاگردی پێشوی

نوسبوبەتی لەگەڵ ئەم تا مەشا غەزەل و چا مەیەکی بۆتا ردووەکـــەلـەو غەزەل وچا مەدا داوای یارمەتی لەحەزرەتی شێخ کردووەوتکای لەسەیید رەشیدکردووەکەچا مەکەبۆحەزرەتی شێخ بخوێنێتەوەوزۆربەی ئەمغەزەلو چا مانەی کەمەلا سالّحی حەریق نوسیویەتی هەرلەورێگەوە بـەگـوێیـی شێخ گەیشتووەوبۆی خوێندراوەتەوە، هەروەکولە غەزەلێک داکوتویەتی:

گول بژیریکی زەریفم کردلە نیوبا غـــی خەیـا ل

خۆزگەمەردێکی"رەشید"بۆ"شێخی"بخوێندا یـــەوە

حەریق کتێبی " گەلەنبەوی" لەمەلاعەزیزی مفتی سولەیمـا نی وەر دەگرێ ،هەرچەندەمەلاعەزیزدا وای دەکاتەوە، ئەوهەرنایداتەوە ولـــە ئەنجا مدا " حەریق" بەزمانی مەلا نەسروڵڵای باوکیەوەئەمچوا ربینەیەی دانـاوە:

بـابی کورێکی بو، چە کورِ، ئەربابی مەعنەوی

دەیکوت لەرِوی نەسیحەتەوە دا یبمـەن بـەوی

وەکە جەردەبی، دەرِۆلەعومری منـــت کەوی

نـەیدەیتەوە بەمُفتی ئەفەندی گـەلـەنبەوی

حەریق،غەزەلێکی بەسەردێرەوە بۆجەنابی سەییدرەشیدنا ردووە وبـــە ئاشکرا ناوی هێناوە.

لەلام وابوکەتۆسەییدرەشیدیـا ری لـەبۆیـا ری

لەمُلکی میهرەبانی دا لەیارانی وەفـا داری

حەریق غەزەلێکی بەم سەردێرە لەوەلاّمی ماموّستا مەلا حـەســەنـی قازی " سیف القضات " دا نوسیوە کەدا وای لەمەلاساڵح کردووەکتێبـی قازی ولاری بۆبنێرێت کەیەکێک لەکتێبە فەلسەفی یەکۆنەکانەوحەریق لەم غەزەلە دا ئیشارەی بۆدوکتێبی" ئیشارات " و " شیفای"ی ئـەبـو عەلی سینا کردووەکەبەبۆنەی مەبەست وناوەروکەوەبەتەلمیحێکی جوانو

دلرفێن ئیشارەی پێ کردون.

لەخزمەت قازییا لازیم نییە بۆسەرچ جای مالم

چەحیکمەت بوئیشاراتی نەفەرموبۆشیفای حالم

مەلا ئەحمەدی رەبباتی کەبەمەلای لاسورناسراوە ، مەلایەکی زانا و بەناوبانگ بووە ، لەگەڵ ئەوەش بەهۆی شان و قۆڵیخۆیەوەژییا وەوهیچ ئاتاجێکی بەنانی مەلایەتی نەبوە ، رۆژێک ئەمەلا ئەحمەدی لاسورە کارێکی بەحەریق دەبێ، یەکێک دەنێرێ بۆلای کەکارەکەی بۆجێ بەجێ بکاوبانگیشتنیشی بکا بۆلای خۆی، لەسەرەی ئەوشتانەدا کەدەیدا تێکاڵە کیشی بداتێ ، چونکە مەلای لاسوربێستانەکالەکێکی نایابی هەبوە ،جا کالەک بێ وهی موکریان بێ ومەلای لاسورکردبێتی دەبێ چۆن بێ ؟بەلام حەریق کەدێت مەلاکالەکەکەی ناداتێ ، حەریقیش ئەم چارینەی بۆ دەنوسێت :

مەلا وەعدەی بەکالەک دا شکاندي خەیاڵێکی لەدڵ دا بوگەیاندي

ئەگەردەمزانی کاری تۆیەلاسور بەلای ڕەشتا بەسوکێ ....

حەریق رۆژێک دەچێت بۆمالی خوالێخوش بوقازی مونعیمی باوکی قازی کەریم ولەمالێوا نادوپشکێک پێوەی دەدا ، ئەویش هەربەمهۆیەوە ئەمچارینەی هۆنیوەتەوە :

بەپشکێ رازی یەقازی لەهەرمالێ کەدو، پشکە

لەمالی خۆی لەبۆخەلکی هەمیشەحیسە دۆپشکە

بەلێ "مونعیم" دەبێ وابێ خواکا مالیئاوابێ

نەوەک خەلکی کەمالیان ژەهری مارونێشیدوپشکە

حەریق غەزەلێکی فارسی بەمسەردێرەی خوارەوە بۆکوچی دوایی خوا لێ خوش بومەلا وەسیمی سەردەشتی داناوەشیوەن ولاواندنەوەیەکی زۆر بەکولی بۆکردووەوسالی کوچی دیاری کردووە .

اى دريغا چشم‌علما زدوريت بى نورشد

نورعلمت دربصيرت طا لبا ن را دورشد

جا ريكيا ن سێ كەس ويستويا نەبچن بۆزيا رەتى شێخى بورها ن لە دێى شەرەفكەند ولەپا شا ن هەرسێكيا ن پەشيما ن بونەتەوەونەچون ولە رێگەدا گەرا ونەتەوە ، مەلا سا ڵحى حەريقيش كەئەمەى بيستوتەوە ئەم شيعرەى لەهەجويا ن دا دانا وە .

سێ كەس بەتەڵەب بو ن لەتەڵەب چونەوەجا رێ

را بردوەتەڵەب بێنەوە تا فەسڵى بەها رێ

* * *

چەند سەرگوزەشتەیەکی

حەریق

مەلاسالّحی حەریق و مەلائەحمەدی لاسورپێکەوە رەفیق دەبن،جارێکیان مەلا ئەحمەد هێندێ هەنجیری پێ دەبێ ولەحەریقی دەشارێتەوە وبەشی نادا ، نزیکەی سالێک بەسەرئەمەدا تێدەپەرێ، رۆژێک لەدێی مەرخوزی ناوچەی سەقزلەمەدرەسەی فەقێکان دا هەموپێکەوەدا دەنیشن، یەکێک لەفەقێکان تەفسیرێکی" بیضاوی" دێنێ وقسەلەسورەی " وَالتِّین" وەدەکەن ، مەلا سالّح بێضاویەکەوەردەگرێ وسورەتەکەدەخوێنێ ودەڵێ : " الزَّیْتُون وَطُورِسِینِینَ " مەلائەحمەد دەڵێ، کەی وایەبابە؟ سورەتەکە دەڵێ :

" وَالتِّینِ وَالزَّیْتُونِ وَطُورِسِینِینَ" ، حەریقیش دەڵێ: ئاخرئەوەبو پارتۆ " تین"ە کەت شاردەوە،" تین " هەنجیرە .

سالێکی حەریق چاوی ئێشاوەوبۆچارەسەرکردنی ئەم چاوئێشەیە چووەبۆلای پزیشک وزاناوشاعیری ئاینپەروەری مەهاباد خوالێ خۆش بوحاجی مەلا عەبدولڵای مەولەوی کەنازناوی لەهۆنینەوەی هۆنراوەدا " شەکیب" بووە، بەلام بەداخەوە چاوئێشەکەی چاری نەکراوەوحەریق چاوەکانی کزوکەمبینا بووە، رۆژێکیان یەکێک لەدۆستان وئاشنایانی لێی دەپرسێ وپێی دەڵێ: ئەرێ مەلاسالّح چاوەکانت چۆنن ؟حەریقیش لەوەلامدا دەڵێ: بەخواکاکەجەنابی مەولەوی دەڵێ چاوەکانت چاکن .

حەریق لەدوا ساڵەکانی ژیانی دا کەماوەیەک لەجێگەدا کەوتووە، برینێکی گەورەی لەجەستەولەشی پەیدا بووە، دوکتوروێنەتان کەلەو سەردەمەدا لەشاری مەهاباد دنیشتەجێ بووە، ویستویەتی برینەکەی دەرمان کا ، لەکاتی موداواکردنا پێی دەڵێ: ماموستا بێزەحمەت

وەرگەرێ،حەریفیش لەوەلاّم دا دەڵێ: ئاغای دوکتورهێندەمدەردوبەلاّ دیوە هەر ئەوەندەم ماوە وەرگەرێم!

میـــژووی ژیانی عارفی رەببانی

شێخ " شەمســـەدینـــی بـــورهـا نــی"

خوداناسی پایەبەرزی بارەگای سوبحـــانـــی
سەرقافلەی عابیـدان وسوفیـانـی روحـانـــی
لەپاسمانی عیرفانا خورێکیتروسکەدارونورانی
بۆیەنێوبانگی دەرکردووەبە "شەمسی بورهانی"

خۆری تروسکەداری ئاسمانی ئاینین وعیرفانی ئەوباسەمان نێـــوی یۆسف ونێوی باوکی "محەممەد" ونێوی دایکی " ئایشەبە " باوکـی لــە تایفەی " ماوەت" ودایکی لەهۆزی" کەڵهور"ە لەساڵی٣٤٢ اکۆچیمانگی لەدێی" سێلۆێ" لەئاوایبەکانی ناوچەی" لاجان" هاتۆتەدنیاوە ، هـەر بەمنداڵی باوکی کۆچی دوایی کردووەودایکی چون هەرئەوکورەی بووە ، زۆری خۆش ویستووەوبەپێی دابونەریتی ئەوسەردەمەناویەتـــەبـەر خوێندن وقورئانی پیرۆزی تەواوکردووەوچەندکتێبێکی خوێندووەوبووە بەفەقێ وهێندێک کتێبی نەحووسەرف وشەرعی خوێندووەوئەوجاربودرێژە دان بەخوێندن روی کردۆتەشاری " مەهاباد " ولەلای گەلێ لەزانا پایە بەرزەکانی ئەوسەردەمەخوێندویەتی، دایکی بۆئەوەی هەمیشەچاوەدێری وئاگاداری لێ بکا ، ماڵێ چووەتەدێی" پالاوە " کەبە٣کیلومیترکەوتۆتە رۆژهەلاتی شاری ساباڵخ" ەوە ، ئەوزاتەهەربەمنداڵی نیشانەیهۆشیاری وبەختەوەری وگەورەیی بەنێوچاوانیەوە دیاربووە وشێوەی ساڵحـــانو پیاوچاکانی بەخۆیەوەگرتووەولەفەقێیەتی دا زۆریش بەخودا پـەرستـــی یەوەخەریک بووە ونوێژی سوننەت وشەونوێژی هەمیشەکردووەوئارەزوی لەسوفیەتی وسولوک بووە ، لەسەرئەوئارەزووەشەوێک خەوی بەخوداناسی پایەبەرزوپیرومورشیدینێوبەدەرەوەی تەریقەتخودا لێ خۆش بوحەزرەتی

شێخ عوسمان سیراجەدینەوەدیوەولەوخەوەدا حەزرەتی شێخ بانگیکردووە بۆ " تەوێڵە ".

دڵەدا مرکێ خەیاڵ لیێم لادە گیا نەبۆدیتنی پیرئامادە
ڕۆژی تینی بەگەشەوزەنوێزە ڕۆژی دینی گەش وتیشک ڕێزە

شێخ یوسف شەمسەدین دوای چەندرۆژبیرکردنەوە هەواڵی نییازی سەفەری خۆی بۆ " تەوێڵە " لەنێوفەقێکان وهاوریان ودۆستەکانی دا بڵاودەکاتەوە ورۆژێک لەرۆژان لەشاری "مەهاباد"وە بەرەوشاری"سەردەشت " دەکەوێتەرێ ودوای چەندرۆژمانەوەلەوشارەلەگەڵ چەندکەسێک لەدانیشتوانی " سەردەشت " چووەبو (تەوێڵە " وبەخزمەتی پیرومورشیدی خۆی شێخ سیراجەدینی نەقشبەندی گەیشتووەوتکای لێکردووەکەشێوەی تەریقەتی فێربکا ، حەزرەتی شێخیش زۆری دڵخۆشی داوەتەوەوبەوپەری سەفاو ولوتفەوەتکاکەی وەرگرتووەوشێوەی تەریقەتی نەقشبەندی فێرکردووەونیشانی داوەچون ویردوزیکری خۆی بەجێبێنێ وبەوجۆرە بووەبەمریدی شێخ عوسمانی سیراجەدین وماوەی پازدەساڵ لەدێی " تەوێڵە " ماوەتەوەولەوماوەیەدا وەکومریدکی بەسۆزخەریکی خودا پەرستی وریبازەت وتەزکییەی نەفس وسولوک وبەجێ هێنانی شێوەی تەریقەت بووە وکاتی خۆی بەفێرونەدا وەوبەهەموجۆرێک بەشێوەی-تەسەووفەوە خەریک بووە ورۆژبەرۆژ بووەبەجێگای تەوەجوهاتی شێخ وبەردەوا ملەبەرزبونەوەدا بووە.

گەڕانەوی " شێخی بورهان"
بۆناوچەی " موکریان"

شێخ یوسف شەمسەدین پاش تەواوکردنی دەورەی سەیروسولوک لە سەفەرێک داکەلەگەڵ حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدین دەچێت بۆشاری

" سولەیمانی" بە فەرمانی شێخ لەخانەقای خودا ناس ومورشیدی نێـو بەدەرەوەی تەریقەت خودا لێ خۆش بوحەزرەتی " مەولانا خالیدی " نەقشبەندی حازردەبێ وشێخ عوسمان ئیجازەی خەلافەت وئیرشادی دەدا تێ وپێی دەفەرموێ کەبگەرێتەوەبۆناوچەی موکریان ودەس بکا بە رێگا پێشان دانی ئەوانەی بەدوای رێگای خوداناسی دادەگەرێن، شێخ یۆسفیش ئامادەیی خۆی بۆبەجێ هێنانی فەرمانەکانی شێخ عوسمان پێشان دەدا ،پاش ئەوە "شێخ یۆسف" دەکەوێتەرێ ودەگەرێتەوەبۆناوچەی " موکریان" ماوەیەک لەگەڵ دایکی لەدێی" پالاوەی سەرێ" دادەنیشێ ولەوێشەوە دەچێتەئاوایی "عیساکەند" وماوەی دوسالێش لەوێ دەمێنێتەوەولەپاشان کۆچ دەکا ودەچێتەئاوایی"بورهان" هەرلەوشوێنە شێخ یۆسف کەلەدێی" بورهان" نیشتەجێ دەبێ دەست دەکا بەسولوک کردن وبەجێ هێنانی شێوەی تەریقەت ورێنوێنی کردنی موسوڵمانان بەپێی داب ونەریتی تەریقەتی نەقشبەندی وخانەقایەکی گەورەلەدێی " بورهان" دروست دەکا،وئەوخانەقایەهەرلەوکاتەوەبەخانەقای "شێخی بورهان" ناوبانگی دەرکردووەوماڵ ومولکێکی زۆری لەسەروەقف دەکا و زانایان وەئەهلی تەریقەت لەهەمولایەکەوەروی تێدەکەن شێخ لەوماوەیە داکەدەس دەکا بەئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندی خەڵکێکی زۆرلەزانایان وروحانیان ودا خوازانی سولوک لەهەمولایەکەوەدێن بۆخزمەتیوتەریقەت لەسەردەستی وەردەگرن ونێوبانگ وشۆرەتی بەهەمولایەک دا بڵاودەبێتەوە ومریدومەنسوب لەهەمولایەکەوەدا دەبارێن بەسەری دا ،وەگەڵێ پیاوی گەورە وکەسانی پایەبەرزی وەک مەولانا "محەممەدسادقی مەرزنگ" خودا ناس وعاریفی بەنێوبانگ حاجی سەیید "محەممەدسەعیدی نورانی"هۆنەری هونەرمەندوبەهرەمەندخوالێ خۆش بوماِ مۆستا مەلا سەییدرەشید "کاکەرەش" وکەسانی دی لەسەردەستی شێخ یۆسف دا سولوکیان کردووەوتەربیەتی

ڕۆحی وسوفیا نەیا ن وەرگرتووە٠

"سەفەری حەجّ"

هەرلەوما وەیەدا " شێخی بورها نی" ویستویەتی بچێت بۆحەج وفەرزی حەجّ بەجێ بێنێ، هەموشتێک ئا ما دەکرا وەوچەندکەس لەمریدەکا نی کەیەکێک لەوا ن زا نا وشا عیری ئا یین پەروەروسوفی سەیید محەممەدسەعیدی نورا نی کەلەسەیدەکا نی " کولیجە "بووەلەگەڵ شێخی بورها نی لەرێی ولاّتی عوسما نی ومیسرەوە چون بۆما ڵی خودا ولەرێی " دیمیشق" و" بەغدا " و" هەولێر"ەوەها تونەوەبۆولاّتی خۆیا ن،هێشتا شێخ یۆسف لەسەفەریحیجا زنەگەرا وەتەوەکەزا نا ی خودا نا س مەولانا " محەممەدسا قیمەرزنگ" مریدی دڵسۆزودروستکا ربەیا رمەتی مرید ومەنسوبەکا نی تردودا نگی دێی" شەرفکەند"ی کرِیوەکەبەسی وپێنج کیلومیترکەوتۆتەرۆژئا وا ی شا ری" بۆکا ن"وشێخ یۆسف دوا ی گەرا نەوە لەودیبەدا نیشتەجێ بووەوخا نەقا وچەندهۆدەیەکی لەوێ دروست کردووە چون نێوبا نگ وشۆرەتی ئەوزا تەلەئا وا یی "شەرەفکەند"ەوەبەهەمو لایەک دا بلاّودەبێتەوە مریدا ن ومەنسوبا ن بەتا یبەت زا نایا نورۆحانییا ن لەزۆربەی نا وچەکا نی کوردستا نەوەدا دەبا رین بەسەری دا ، هەرئەوە دەبێتەهۆی ئەوەکەلەدێی"شەرەفکەند" نەمێنێتەوە ،هەربەوهۆیەوە لەپا رچەزەوییەک دا کەبەسولاوکا ن بەنێوبا نگەوبەدوکیلومتیرکەوتۆتە رۆژئا وا ی " شەرەفکەند"ەوە خا نەقا یەک وچەندحوجرەوخا نویلێ‌دروست کردووەوئەوشوێنەهەرلەوسەردەمەوەبە" خا نەقا " نێوبا نگی دەرکردووە شێخ یوسف " شەمسەدین" ما وەی هەژدەسا ڵ لە" خا نەقا "دەمێنێتەوە ، ئەوەی شا یا نی با س بێ ئەوەیەکەدوا ی چەندسا ڵ نێشتەجێ بون لە " خا نەقا " ئا وا یی" ئا تا بلاغی"کرِیوەکەبەدەکیلومیترێک کەوتۆتە رۆژئا وا ی شا ری" بۆکا ن" وروبەروی‌دێی " حا جیلەک"ی شا رویێرا نە

وئەودیيەشی وەقفی " خانەقا " کردووە .

شێـوەی شێـخ یـوٚسـف

شێخ یوسف شەمسەدین پیاوێکی جوان چاک وبالاَبەرزو سورکارە و ریشێکی تەنکی بووە وروخساری وای نیشان داوەکەلەپێش دا قەیا فەیەکی بەهێزی بووە ، بەلاَم عیبادەت ورێیازەت ونوێژکردن ورۆژوگرتن و چلەنشینی ونەفس کوژی وسالاَنی سەردەمی سولوک وهەلگرتنی باری قورس وگرانی ئیرشادبرستی لێ بڕیوەوجەستەوشەندامی کزوبێ هێزکردووە،شێخ یۆسف پیاوێکی قسەزان ورەوان بێژوراکێشەربووەولەگەل خەلکی ئاسایی دا بەزمانی خۆیان قسەی کردووەولەخۆنووا ندن وخۆبەزل زانین وفیزودەعیەبێزاربووەوزۆرهێمن ولەسەرەخۆقسەکردووە ، کاتێ کەبزەوزەردەخەنەها توٚتەسەرلێوی پشتی دەستی لەسەردەمی دا ناوەوهیچکاتێ بەقاقا پێنەکەنیوە .

خێـزان ومنـدالـەکـانـی

شێخ یۆسف هەرکەچووەبۆدیی " بورهان " یەکەمژنی هێناوەوخێزانی یەکەمی کەژنێکی زۆرپاک وپارێزگاربووەنێوی "خانس خاتون"بووەوئەو ژنەی دوای ماوەیەک بەبێ ئەوەی مندالێکی ببێ کۆچی دوایی کردووە ، خێزانی دووەمی کچێک بووەلەسەیدەکانی" کولیجە " ونێوی سەییدزادە " مروت" بووەولەوخێزانەی سێ کوڕوسێ‌کچی بووە ، کوڕەکانی نێتویان شێخ‌عەبدوڕەحمان" وشێخ " ئەحمەد" وشێخ " عەبدورەحیم"بووەوکچەکانیش " زینەب خاتون" و" خەدیجەخاتون" و"فاتیمەخاتون" بـون، خێزانی سێیەمی نێوی "یاسەمەن خاتون" بووەولەوژنەی‌چوارکوڕوکچێکی بووە ، کوڕەکانی نێویان " شێخ عەبدولـلا" و" شێخ ئیبراهیم" و"شیخ محەممەد" و" شێخ عەبدولقادر" و کچەکەشی نێوی" ئامینەخاتون"بووە

خێزانی چوارەمی بێوەژنێک بووە بەنێوی" سەیدزادەئامین"کەلەپێشدا ژنی خوداناسی پایەبلندخوالێخۆش بوحاجی" سەییدمحەممەد سەعیدی نورانی" خەلیفەومریدی دروستکاری بووەکەدوای وەفاتی ئەوپیاوە گەورەوبەرێزەلەسالی٣٠٦ای کوچی مانگی، بۆئەوەی منداڵەکانی بێ سەرپەرست نەمێننەوەئەوژنەشی مارەکردووەولەوخێزانەشی چوارکسوڕو کچێکی بووە، کورەکانی نێویان " شێخ سالح" و" شێخ حەسەن"و" شێخ عەلی" و " شێخ حوسێن" وکچەکەشی نێوی " مریەمخاتون" بووە.

کوچی دوایی شێخ یوسف

ئەوپیرەبەبیروزیرەسدرەنجام لەشەوی یەک شەممەی یازدەیمانگی دوەمی سالی ١٣٢٨ کوچی مانگی لەتەمەنی هەشتادوشەش سالی داکوچی دوایی کردووەوپاش شوشتن وکفن کردنی،ژمارەیەکی زۆرلەخەلیفەو مریدومەنسوبەکانی لەهەلگرتنی جەنازەکەی دا بەشداریان کردووەولە پێنج سەدمیتری رۆژئاوای " خانەقا "وە لەسەرتەپۆلکەیەک بەخاکیان ئەسپاردووە، ئەوەی شایانی باسەئەوەیەکەدوای وەفاتی شێخ،مەولانا محەممەدسادقی مەرزنگ کەخەلیفەیەکی شایان ولێهاتوی شێخ"شەمسەدین" بووە لەسەر"خانەقا " ماوەتەوەوسەرپەرستی کاروباری دینیو دنیایی "خانەقا "شی کردووەولەهەمولایەکەوەخەلک رویان تێکردووەو- هەمیشە "خانەقا "پڕبووەلەمریدومەنسوبکەلەزۆرلای کوردستانەوە - هاتون،"مەولانا" پیاوێکی هوشیاروزاناوشارەزای ئوسولیدینوتەریقەت ومەلایەکی باش بووە وبوکاروباری دنیایی خانەقاش هەروالێهاتوبووە سەرەنجامئەویش تائەورۆژەی کوچی دوایی دەکا بەئیرشادکردن ورێنو- ێنی موسولمانان وخزمەتکردنیانەوەخەریک دەبێ ودا خوازانی زۆری- تەریقەت لەهەمولایەکەوەلێی کۆدەبنەوە، سلاوی خودا بەسەرگلکۆکەیان دابرژێ وەک بارانی " بەهار".

یـــــا دی
" شێخـــی بـــورهـــا ن"
لـــە "یـــا دی مـــــەردا ن"دا

ئە مزا تە نا وی یوسف ولـە قە بی شە مسوددین وخەڵکی دیی" بـورها ن" ولـەهـۆزی "بلـبا س" بووە ، پا ش ئەوەی لـەخوێندن دا ئەگا تەپلـەوپا یەـ یەکی بەرز ، ئەروا بۆهەورا ما ن ولـەسەردەستی شێخ عوسما ن سیراجوددین دا تە مەسوک ئەکا وخەریکی ئا دا بی تەریقەت ئەبێ، تا پا ش ما وەیـــەک ئیجا زەی خەلافەت وەرئەگرێ وئەگەرێتەوەبۆوڵاتی موکریا ن ودەست ئەکا بەئا مۆژگا ری کردن ورێ پێشا ندا نی موسوڵما نا ن،ئە مزا تەیەکە مجا رلـــە دیێ "بورها ن" وپا شا ن لـە " شەرەفکەند" وئەوجا نـە "سولافکا ن"ئیرشا دی کردووەو ،لـە مەی دوا یی یا ن دا خا نەقا ی دروستکردووە ، ئە مزا تـەگەڵێ سیفەتی پیا وا نەی تێدا بووەوەک ئەوەکە :

١) لـەسەرهەموومووریدیکی پێویستکردووەئەگەرنەخوێندەوا ربـــێ دەرسی قورئا ن بخوێنێ بەتەجویدەوەوهەمووڕۆژێ بەگوێرەی تـــوا نـــا دەوری هەندێکی بکا تەوە .

٢) ئەهمیەت دا نی بەسوننەتی پێغەمبەردرودی خوا ی لێ بێ ،بـــە تا یبەتی لـەئا دا بی دەس نوێژورۆژوو مەنا سیکی حجّ دا .

٣) بڕیا ری دا وەلـەسەرهەموومەنسوبێکی کەنا نی کا سبی ورەنجـــی شا نیخۆی بخوا ، مەگەرتووشی دەدێکی وا بووبێ کەرێگا ی کا سبی کردنی لێ گرتبێ، ئەوەئەتوا نێ دا نیشی وخەڵک خزمەتی بکەن.

٤) خۆیشی بەخۆی کا سبی کردووەونا نی خا نەقا ی لـەکەسبی دەستـــی خۆی دا وەوسا لانەئەوەندەبەروبووی کا سبی وکشتوکا ڵیبووە زەکـــا تـــی ما ڵـی بەگەڵێ کەسی هەژا روکەمدەسەلات دا وەودیێ" ئا ڵـبلاغ"ی کـڕیـــوە ووەقفی کردووەبەهەژا را ن وکەسا نێ عیبا دەتکا روڕێبوا را نی خانەقاکە،

٥) کەلەساڵی ١٣٢٨ کۆچی ما نگی دا نەخۆش کەوتووەوهەرلەوساڵەدا بەونەخۆشی یەکۆچیدوا یی کردووە ، وەسیەتی کردووەلەکوڕا نی کەسیا ن جێی نەگرێتەوە ، چونکەکەسیا ن سولوکی تەریقەتی نەبوەوشــا یـــا نی ئیرشا دکردن نەبوو ن.

کا ری وا لەهەمووکەسێک نا وەشێتەوەونیشا نەی پلەیەکی بـــەرزی ڕا ستگۆیی یەلەگەڵ خودا وخۆو خەڵک دا ، بۆسەرپەرشتی کردنی کـــا رو با ری ئەوقا فی خا نەقا کەشی نا وی دوا زدەکەسی بەریزهێنا وە ، هـــەروا بڕیا ری دا وە پا ش مردنی ئەودوا زدەکەسەهەمویا ن ئەهلیخا نەقا خۆیا ن یەکێک هەڵبـژێرن وبیکەن بەسەرپەرشتی کەری کا روبا ری خـــا نـــەقا و ئەوقا فی خا نەقا ، لەئەنجا می ئەم رەوشتەبەرزا نەیەوەبوو ، شیـــخ موحەممەدی کوریشــی وا پەروەردەبووەکەوا لەگەڵ ئەوەیش کەمەلایەکــی زا نا وپا یەبلـندبووەنەی هێشتووەبەنا وی شێخیەتی یەوەکەس دەستیما چ کا ت ، شێخی بورها ن بەسەرتەپۆلکەیەکی بەرزەوەلەنزیکی خا نەقا کەیا بەخا ک سپێـــررا وە .

یا دی مەردا ن : بەرگی دوهەم

لاپـــەڕەی ٥٠٤ - ٥٠٣

نوسرا وی : ما مۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەرریس بیارە

شێخـــی بـــورهان

لـە " رشتـەی مـرواری " دا

بورهان گوندێکەلەولاتی موکریان ، شێخێکی لێ بووەبەناوی شێخی بورهانەوەناوی دەرکردووە ، ناوەئەسڵیەکەی" یۆسف" ولەقەبی شەمسەدین بووە سەردەمی ژیانی سەردەمی نوزدەهەمبوو ،شێخی بورهان یەکێک بووەلەشێخەپایەبەرزەکانی سەربەبنەماڵەی شێخانی تەوێڵە کەکـــوڕی ئاگردانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی،پایەی شێخی بورهان شێخی راستەقینەبووە، خۆپیاوێکی دەولەمەندی بەرساتی دەولەمەندبووە ،دولەتەکەی لەکۆششی خۆی ولەمیراتی باووباپیریەوەبۆماوەتەوە ،چاوی لـــە دەستی خەلک نەبووە ،نانی داوەبەخەلک نانی کەسی وەرنەگرتووە ،لــە ماڵی تایبەتی خۆی "٣٠" مانگا ، پێنج جووتەگاودەئێستری تـەرخـان کردووەبۆخانەقا ، گاوان وجووتیارودارکێشی بۆراگرتون، شیری ئـــەم مانگایانەبۆماستودۆی ئاوەن ورەوەنی مریدانی خانەقا ،بەرهـــەمی جووتەکانیش بۆنانی خانەقا ، ئێسترەکانیش هەمورۆژێ نێرراون بۆدار وسوتەمەنی خانەقا ، ئەوعالەمەلەدوورونزیکەوە هاتوون نان وشوربا و هەمووشت حازربووە، چەندەلەوێ مابێتەوەبەزیکروفیکرەوەرایانبواردووە ئەگەر مریدەکانیشتیان هێنابێ پیاوی تایبەتی هەبوەلێی وەر ـ گرتوون هەرلەخانەقادا عەمارهەبوەبراوەتەئەوێ ودەرخواردی مـــریدان دراوەبەبێ ئەوەئێکەلاوبەماڵی شێخ کرابێ، رابواردنی خۆیشی وابوو، گوێدرێژێکی هەبووهەمورۆژسواری بووەچووەبۆسەر رەزوزەوی وزاری ـ خۆی، خۆی بەدەستیخۆی بژاری رەزی کردووە ،بێڵکاری کردووە ،بەدەستی خۆی گەنمی وەشاندووە ، ئاوی داوەودروویەتەوە ، تەن وبای دردووە ، بردوویەتەئاش هاریویەتی، لەوەلەمەلەوەنانی بۆدروستکراوە ،وەکوو بلێیت دائیمًا لەریپازەت وچەوسانەوەی نەفس دا بووە ، زۆرترخواردنیلە

ونا ن وشوربا یە بووەکەخۆیبەدەستی خۆی هێنا ویەتەدەستە میـــــوەی ئەخوا ردئەویش هەرلەوەکەخۆی بەدەستی خۆی لەرەزەکا نا ئەیهێنـــا یـــە ئەنجا م، هەمودەم دەرزی ودەزوی پێ بووەجلەکا نی خۆی پێ دروەوە، بەهیچ جۆرتەرکی نەئەخستەسەرکەس، لەکۆڕی مرا قبەی سوفیەکا نا ئەچوو سەری ئەنا بەسنگیا نەوەمرا قبەی ئەکردن، هەمووسا ڵێکیش چلەی ئەکێشا ئەمەبوو شێخی بورها ن.

ڕشتەی مروا ری: بــەرگی حەوتەم

ما مۆستا عەلاژەدین سەجا دی : لاپەڕەی ١۶٢ – ١۶١

خـــووره‌وشتـــــی

شێخـــــی بـورهـا ن

خوا لێ خۆش بوو " شێخی بورها ن" پیا وێکی خودا نا س وخۆپا رێـــزو شێوه‌جوا ن وله‌خودا ترس وئا یین په‌روه‌ر بووه‌ودڵێ به‌نوری خودا نـا سـی رونا ک بووه وئا مۆژگا ری ورێنوێنی موسوڵما نا نی کردووه ، هـــه‌رلـه منداڵی یه‌وه‌نیشا نه‌ی زیره‌کی ورێزوخووره‌وشتی به‌رزوپیرۆزلـــه‌نێو چا وا نی دا ده‌رکه‌وتووه ، بۆیه‌زوربه‌ی شا عیرا نی کوردبه‌کوردی وفا رسی له‌وه‌سف وستا یشی دا شیعریا ن گوتووه ، هه‌روه‌کو به‌کۆچی دوا یشی‌شێوا وی که‌وتۆته‌نێودڵ وده‌رونی به‌شێکی زوله‌شا عیرا ن وگه‌لی که‌س له‌هونه‌را نی سه‌رده‌می خۆی بۆلاوا نده‌نه‌وه‌وکۆچی دوا یی ئه‌وپیره‌پیرۆزه‌هۆنرا وه‌یـــا ن هۆنیوه‌ته‌وه وشینیا ن بۆکردووه‌وهه‌ستی جوا ن وبه‌کوڵیا ن ده‌ربـــڕیـوه که‌ئه‌وا هه‌ستی هه‌ندێ له‌وهونه‌را نه‌به‌را مبه‌به‌شێخ دخه‌ینه‌رو ،وه‌چـــه‌ند پا رچه‌یه‌کی کوردی یا ن لێ هه‌ڵ ده‌بژێرین .

یـــوسفـی میـســر

ئه‌ی عه‌زیزی حه‌زره‌تی په‌روه‌ردگا ری به‌ره‌فیـق

قوتبی عا لـه م،پیری دا نا ،یوسفی میسری تـه‌ریق

خوسره‌وی ده‌رویش‌کیسوه‌ت سه‌روه‌ری قه‌یسه‌رغولاّم

ئه‌فسه‌ری شا ها نی‌عا لـه‌مورشیدی خـا قـا ن ره‌فیق

دین نه‌ما بوبێ وجودت دین‌به‌تووه‌نه‌قشی به‌ست

دین نگین،تۆبوی به‌خا ته م ،ئه‌و موسه‌جه‌ع‌تۆعه‌قیق

هه‌رغه‌ریقێ یا دی‌تۆی بێ غیره‌تت مه‌للاحه بـــۆی

گومره‌هی سا حیل نشین بێ یا دوزیکری تـۆغه‌ریق

حەنزەلەبێ شەربەتی میهرت لەمینۆسەلسەبیل
سەلسەبیلەبێ مەزەی قەهرەت لەمینا دا رەحیق

فەیزی تۆبا را ن ومونکیرکۆیروخوبسی دڵ قوڕا و
هەڵ خلیسکی پێی ئەگەر مەسموعە پێم عوزری زەلیق

دین وئیرشا دوتەریقەت هەر بەتۆشا یستەیە
وەک بەشا نی حەزرەتی سەیید ،ریسالەت بوحەقیق

کەی دەگا قوربا ن بەپایەی .عولوی کاخی هیممەتت
وەهمو فکری هەردوعا لەمگەر ببێتە مەنجەنیق

وەسفی نوری عەرش گیرت دێتە تەشریح وبەیا ن
گەر لەها وەن دا بەسەنعەت پەرتەوی مەوبێ سەحیق

نەقشبەندی بێ میسا ل وقا دری قودرەت بەدیع
تۆی لەسەر پەردەی بەقا کێشا بەئەخلاقی خەلیق

سا حێبی خولقی جەمیل ودا وەری حوسن وجەما ڵ
میهرەبا ن وخۆش زبا ن ورەحم کردا روشەفیق

کەمتە کەببور ،بەهەوەس ،خاڵی لەنوقسا ن،پڕ کەما ڵ
دڵ قەوی،مونکیرنەوی،فیترەت عولا،فیکرەت دەقیق

گەوهەری زا تت سەنا ی نا یە بەدەریا ی فیکرەتم
فکری من غەووا سی نا دا ن بەحری جودی توعەمیق

دەمبەدەمشا دا ن وخو ڕەمبی،شیلاهی بێ مەلال
وەک لەئەبری بەهمەنی خەندا نەنەسرین وشەقیق

دوکەسن قوربا ن لەمەحشەر ببیەشا فیعیا ن ئەگەر
یەک "ئەدەب"بەندەی قەدیم ویەک سەنا خوانت "حەریق"

مِصباحُ الدِیوانی " ئەدەب "

قـــوتبـی ئیرشا د

خودا تۆبەلـە دەس ئەودلـبەرەشۆخە ،چ خوێـن ڕێژوچ سەففا کە
دەگەڵ تیپی موحیببا نـی چ بێ رەحموج بێ با کە
دڵ وجا نی بەغـا رەت بردم ورەحمی نـەکــــردجا رێ
لـە مەشقی دڵـبەری یا رەب چ مەزبوتە ، چ چا لاکـــە
لـە جەرگەی ئەولـیا تا قە ،وەکوخورشیـدی ئـــا فـا قە
شەهیدی عیشقی مەولایـە موحیببی شا هی لـەولاکـــە
دەزا نی فەردی ئەوتا دە ، کەسێکی سا حێبی زەوقـــە
دەزا نی قوتبی ئیرشا دە ، کەسێکی ئەهلـی ئیدراکە
ئەگەرحەققەت دەوێ ئەلحەق ویلایەت خا سە بۆوزا تـــە
ئەگەررا ستت دەوێ ئوستا دی کا میل مورشیدی چاکە
لـە من بۆتۆوەسیەت بێ لـەهیچ لا ،لامەدەئـــــەی دڵ
بەجڵدی وچا بوکی بۆزیا رەتی خاکی بـــڕۆ ، ڕا کە
هەتا هەم" حەیدەری" کەمترغولامێکم لـە بەردەرکـــی
هەتا هەمخـا دیم وجا روکەشم لـەومەرقـــەدە پا کـــە

عەلـی بەگی سا لار سەعیـــــد

(حـــەیــــــدەری)

شیعـــری دۆمـــا نـــە

پەرگەما ی قەلبیم بەرشتەی میهری مەولا رۆنـرا
ئیدی غەمنا خۆمکەمشتەی غەمپەڕۆی دڵمی کوتا
خولخولەی قەلبیم کەسەرگەردا نیغەمبوئەمهەلـــە
چا ک لەسەحرا ی عیشقی مەولاهەروەکومەزرەقچەقا
کەرڕدریشەیغەمدڵمکـون کــا چ باکێکــم دەبــــێ
تیرەیی عیشقی دەکێشێ پێکەوە چـەسپــی دە دا
بەومسا لـــەی گەر لەخەرما ن تا وەکوخەرما نیدی
سەعیـــی لێ بکەڵدڕویغەمکا رێکی هەرگیزلێنەکا
هەرچی حەشوی "ماسواک"ە بوبەشفـرەی پیری خۆم
وا بەلوسی را مبڕی ئەسڵەن ســەری تــا ری نەما
قەلبی کونکون وەک کەومقەت ئا وی غەم ڕا نا گرێ
چونکەسیرمەی تا روپۆی وێ توندبەدولایی تەنا
ئا سما ن بێژینگ وهیلەگ بولەبۆیەفەیزی حـــەق
بۆمریدی" شێخی بورها نــــی بـــەبا را ن ڕۆ ڕژا
با حەوا ڵەی پا شی مونکیربێ سەری نـوکی کـــەلاش
چـونکە عەوعەو والەشوێنی پا دشا هی دین دەکا
سیعری دۆمانەی " سەعیدی" هیچ عەیبێکی نیـــــە
چونکەدۆمی دەرکی مەولای من دەبن هەرپا دشــــا

حـا جی سەیدمحەممەد سەعیدی کولیجی

" نـــورا نــــی"

گیـــراوی داو

منلەگوڵزاری ئەزەل گیراوی داوی زوڵفی تـــۆم
بەس بدەچەرخملەسەر ،با زمکەتەیری ڕستەبـۆم
دڵ لەبۆئاوی بەقای تۆکەوتەنێـوزوڵمـاتـــەوە
دەستیمن دا مانی زوڵفت پێمبڵێ بۆکوێ بڕۆم؟
قـووەتی قەلبم کەتۆیی وقوتی ڕۆحـــمعیشقتــــە
بۆچ دەبێ باکملەماسیوا ببێ،غەم بۆچ بخۆم؟
یۆسفی میسری ویلایەتئەی خەلیلی باغـــی قـودس
ناری نمرودەدەرۆن،بێ تۆدوچاومبونەچـــۆم
من بەسەرکەوتومەبەرپێتی زوڵفی وەک چەوگانی تۆ
هەرلەتفلی من ئەسیری لوعبەتی چەوگانوگۆم
بوتەوافی کەعبەیی کوێ"شەمسی دینە" وا "حەســەن "
هەروەکومەزرەق بەهەرمەرزودییا ڕێخول دەخۆم

شــــەمســــەدیـن

یارکەدیتەسەرگۆل وئەستێـــرە	سەیری ئەودەکەن مانگ وئەستێرە
ئەگەردەتەوێ دونیا وقیبامەت	ڕوی خۆت لەودەرکەقەت وەرمەگێرە
هەرکەس دەپەنای شێخیدا نەبێ	حیزی نەفسی یە ،شەیتان پیێفێرە
هاتنی ئەودەرکەتقەت لەدەسمەدە	سەروماڵی خۆت بیێـــرە بسپێـــرە
نێوی شەمسەدین ڕۆژەکەهەڵدێ	هەروەک چەکچەکی هەڵدێ ئەوکوێرە
فەیزوبەرەکەت وەک باران دەڕژا	هەرکەس بەڕاست بێ ئاخربـەخێرە

* * *

ماموستا : " سیف القضـــــات "

غونچەی گوڵستان

عاشقی غونچەی گوڵستانم ئەمن   بۆیەوەک بولبول غەزەڵخوانم ئەمن
دیدەوودڵ ساعەتێ ئاسودەنین   چاوەڕێی دیداری یارانم ئەمن
بەڵکەبەحری رەحمەتی تۆبێتەجۆش   هەربەئومێدهەوروبارانم ئەمن
کەمترین بەندەم لەدەرکی "شەمسەدین"   هەرغوڵامی "شێخی عوسمانم" ئەمن
موخلیسی سەیید، موحیبی "سادقم"   جان فیداکەی عەبدی ڕەحانم ئەمن
غەیری شەڕخێرم لەعومری خۆم نەبو   لەوشەڕەیارەب پەشیمانم ئەمن
"حەیدەری" قەت نامەوێ شان ومەقام
بەسمە بەندەی "شەمسی بورهانم" ئەمن

یۆسفی خۆم

خەستەیی تیری نیگاهی چاوی جانانم ئەمن
عاشقی شەوقی جەماڵی ماهی تابانم ئەمن
پیری کەنعانم بلا بۆ یۆسفی خۆم ڕۆژ وشەو
گریەوزاریمە هەروەک پیری کەنعانم ئەمن
عاشقت باکی لە تەهدیدی قیامەت هەم نیە
عاشقی بێ ترس وخەوفم مەردی مەیدانم ئەمن
بەعدەها جاوجەلالم "حەیدەری" بەس بۆچییە
هەرغوڵامی ئاستانی "شەمسی بورهانم" ئەمن

عەلی بەگی سالار سەعید

" حەیدەری "

پیری بورهان

گیان لەرێ چۆنی بەلەزدەمدا هان
کەوتەبەرکێشەری "پیری بورهان"
مانگەزەردبۆیەوە؟ زۆرت دیوە؟
دیارە تۆبەرلەمنت ناسیوە
دڵەدا مرکێ خەیاڵ لێم لاوە
گیانەبۆدیتنی پیرشا مادە
گومبەزی سپیەوەکوڕوی چاکان
پاکەوەک گیان ودڵی دڵ پاکان
سەدەفەوگەوهەری یەکتای تێدا
بارگاهێکەشەهەنشای تێدا
ماڵی سەرخێلی خودانانانە
بێرەدا چونەبەهەشت هاسانە
لێرە کەشکۆڵی هەزاری تژی یە
هەرچی گێرەی هەیەچاوی لەچی یە؟
ڕۆژی تینی بەگەشە وتیرێژە
ڕۆژی دینی گەش وتیشک رێژە
تیشکی ئەوکاری بەخۆڵ وخاکە
شۆقی ئەمگیان لەبەری ڕونا کە
گیانە تا هەڵ هەیەلەوجێ گەورە
بدە حەوجاری وەکوجەج دەورە
لێێ بپارێوە نزالە خواکا
باگرێی کاری هەزاران ڕاکا

مامۆستا عەبدوڕەحمانی شەرەفکەندی
"هەژار"

پیری مەی نۆشان

چەندین پیری ژیر ، چەندین شۆڕەلاو
بەتین وتاقەت ،بەناوبانگ وناو
سینەیان جێگەی حوببی مەولابو
لەدونیاساردوگەرمی ئەولا بو
وەک سەییدمەشهور "سەییدنورانی"
"موحەممەد سادق"،"مەولانای " سانی
سەیدی باجەوەند "رەحیم"نامی بو
لەناوسالیکان ئیحتیرامی بو
مامۆستای بالەک قورئان خوێنیچاک
سەییدی بەرزنجی،شێخی ئەمین پاک
سەردەستەی مەستان مەستی بێ بادە
مەلانەجمەدین خلیفەزادە
"شێخ موحەممەد"یش دەلێم لەم رەدە
گولی شەوبۆ بو ئەولالە قەدە
جەنابی" مەلا حوسێن" سەقزی
شوغلی شەش سالی چبو؟ نان پەزی
"حاجی شێخ عوزا "وەلی خاموش بو
خاموشی خۆی بوکەفەراموش بو
سەلام دەنێرم لەبۆ" مام سەلام"
ئەگەر لاییق بێ سەلامی غولام
قەلەم لەدەستم بەشکایەتە
دەلێی هەتاکەی ئەمحیکایەتە

سەفی سالیکان سەفی بێ حەدە
گەرتۆبزانی یەکێ لەسەدە
شێخیان " شەمس"بو،مانگ وئەستێرە
تالیبولیلاکان کۆترانتائێرە

* * *

"شەمسەددین" جان بوبەجانانەمەست
پیری مەی نۆشان پەیمانەبەدەست
ڕۆحوڵڵاهی بولەناو شەبیحا
نوروسەماوات لەناو میسباحا
دنیای سەرمەشقی دنیاداران بو
هەوری کەرەم بو، رەحمەت باران بو
ئاوەڵادڵ ودەست و دەروازە
ئیمان ودینی موحەممەد تازە
ئەهل وعەیال ومریدبەپاکی
موعتازی زەمان بەچاکەوچاکی
باری دودنیای لەسەرشان دانا
بەتەوفیقی خەق بردی " مەولانا"
قیامەت ودنیاکاری لەپێش بو
بەهیممەت شابوبەدڵ دەروێش بو

* * *

بۆخۆم نەخشینم و شیعرم نەخشینە
بەبنورهان ئەچم وەختێ بەخشینە
عەرزوداری خۆم هەربەتۆدەڵێم
ئەتۆدەرمکەی جابۆکوێ هەڵێم

نەهەنگی دەریای مەوواجی تەوحید
هومێدم بەتۆمەمکەنا هومێد
رەوزەی پێغەمبەرخۆگلاونا کەم
خەتالەپێشگای ئەوبلاو ناکەم
خودا پەسەندن هەموکاری تۆ
لەهەر مەقامێ خاتردا ری تۆ
دەستودا مێنم پەنام هێناوە
تۆدەرم مەکەقوربان قەوماوە
ریسواوروسیام بەدڵ واهاتم
فکرێکی بکە بۆریێ نەجاتم
هەزاری وەک من دەبێ رزگاری
ئەگەر جارێکی بدوێی لەکاری
هەرچیکێ کردم زوڵم وزوڵمەت بو
هەلی کەسبی خێر هەلم هەڵمەت بو
هەرچێکی کردم دەگەڵ خۆم
هومێدی ئەوە کەمن سەروە تۆم
مەخلوق بەزاهیر من بەدڵ بەدم
هەرخوا دەزانێ بەدی بێ حەدم

"میرزا ئیبراهیمی فازلی"

خانەقا

هەرکەس بەتەمای دین ودنیا بێ
دەبێ لەودەرکەخاکی دەرگا بێ
قیبلەیە بۆمەزۆرلەمێژسالە
ڕوی لێ وەرگێرین نوێژمان بەتاڵە
دڵ وەک ئاوێنە جەلای هەڵدێنێ
ژەنگی گوناهو ژاری نامێنێ
جێگاوخانەقای " شەمسی بورهانە "
شەیتان وەک شێتان لێی سەرگەردانە

مامۆستا "سیفُ القضات"

شیــــخ یـــوســـف
شمــس الــــدیـــن بـرهـا نی
درتـــا ریـــخ مشا هیــــرکــرد
تـا لیف : بـا بـا مـردوّخ رۆحـــا نـــی

شێخ یوسف ملقب بەشمس الدین، بەسال ۱۳۴۵ یا ۱۲۴۶ ه ق درآبادی " ماوەت" ازقرای شاربازێرکردستان عراق تولدیافت ، پدرش زارعبود واودرآغازکودکی تااوایل جوانی درکارهای کشاورزی یاروهمکارپدر بود ، تاجائیکەدرامورروستایی بصیرت ومهارت درخوری پیدا کرد .

پس از آن برا ثرذوق واستعدادذاتی دنبال کسب دانش رفت ودرسلک طلاب بەمدارس عدیدەای راەیافت ومعلومات ارزندەای اندوخت ،بعداز خاتمەتحصیل بەآبادی " طوێڵە"روی نهادوبەقطب الطریقەشیــخ عثمان نقشبندی گروید ، پس ازتمسّک ، ضمن انجام آداب طریقه ، مدتی درخانقاه آنجا بەمنظورتزکیەنفس بەکارآبکشی ورفت وروی خانقاەمشغول بود ،تا اینکەاندک مدارج عالیەراطی کردوبااخذاجازەوا حرازمقام خلافت بەدستورشیخ مرشدبەجانب مکری رواندشدودرآبادی"برهان"اقامت گزید ، وبرتعلیم طریقەنقشبندیەوخدمت بەمسلمانان ازراەامربەمعروف ونهی ازمنکرهمت گماشت .

شیخ یوسف،اندیشمندی نیک سیرت وعارفی ستودەسرپرت بودەاست ، مردمرابەاطاعت خداوانجام اوامردینی دعوت کردەوازریاکاری وتظاهر وابرازکشف وکرامات وقبول کمک مالی ازمریدان ومنسوبان ابادداشتە است ، خودشخصادرهمان آبادی بەامرکشاورزی‌پرداختەوازمردمخواستە است کەدراین کارا وراباری کنند .

اوازمالکان آبادی زمین رااجارەمی کردوبەهمراهی مردمبەزراعت

می پرداخت ، وباکدیمین وعرق جبین معاش ومخارج زندگی خودوزایران ومهمانان را فراهم می آوردکه این خوددرسی بودبرای همهٔ مردم آن سامان که از تنبلی وتن آسایی وزندگی اتکالی بپرهیزندوباسعی وتلاش ورعایت مقررات وآداب دینی ازدسترنج خودارتزاق کنند.

سرانجام بعدازمدتی ازبهرهٔ محصول فلاحت سرمایه ای جهت خانقاه فراهم آمدکه از آن روستایی به نام "شرفکند" خریداری شدودرمحلی ازحومه آنجا به نام "سولاوکان" خانقاهی بناشدکه شیخ بعدها آبادی دیگری را به نام "آتابلاغی" خریداری کردوآن را موقوفهٔ خانقاه قرارداد.

عزت نفس وهمت بلندوتقوای شیخ یوسف موجب شدکه مردم ازهرطرف به خانقاه وی روی نهاده وخودرا تسلیم تعلیم وتلقین طریقه کرده اند، حتی بسیاری ازعلما واد با یطراز اول مکری وشکاک نیزسرسپرده واز مریدان او بوده اند، ازقبیل : سیدمحمدسعیدکلیجی ، ملامحمدوسیم مشهوربه "ملای گوروموه ری" ، ملاسراج الدین شکاک ، ملا احمدیارالی، سیدرشید، ملا محمد صادق مرزنیگه مصباح الدیوان، سیف القضاه مکری، حیدری مهاباد ی "سالارسعید" و...

انبوه مردمی که شبانه روزدرخانقاه شیخ یوسف جمع شده اند شبها سرگرم تهجدوتلاوت قرآن وذکروفکروختم مرسوم طریقه بوده وروزها به کار فلاحت وامورخانقاه پرداخته اند.

شیخ یوسف بارها تاکیدوتوصیه کرده بودکه مشیخت ارثی نیست وبعدازمن هیچیک ازاولادواحفادمن حق مسخت ندارندونباید مریدان کسی را از آنان به عنوان شیخ بپذیرندوا گرچه دارای فرزندان متعددوشایسته ای بود، ــ بعدازوفات خودا وهیچیک از آنها برمسندارشادومشیخت قرارنگرفته ، اما خانقاه تااین اواخرهمچنان دایربوده وزوارومستمندان ازموقوفه آن ــ پذیرایی می شده اند.

شیخ یوسف بەسا ل ۱۳۲۸ هـ ق وفا ت یا فت وبرتبەبلندی درنزدیکـــی خا نقا ەبەخا ک سپردەشد، مقبرەا ش هما کنون مطا ف زا یرا ن ا ست ، ا یـــن عبا رت قرآ نی : " وا جعلەرب رضیـــا " بەحسا ب ا بجد برا بربا سال‌وفات شیخ یوسف ا ست .

مستـغا دا زیا دداشت‌ا ستا دشرفکندی " هــــەژا ر "

یا دی مەردا ن ، بەرگی دوم

مــــن ودیــوانــی

حــەریـــق

من هەرلەمنداڵیەوەسەودا سەروشەیدای شیعرەبەرزوجوان وئاگرا ـ ویەکانی "حەریق" بوموئارزەوەمدەکردرۆژێک بتوانم باسێک لـــەسـەر ژیان وشیعرەکانی بنوسم وپێشکەش بەمێژوی ئەدەبی کوردی بکەم.

لەسەرەتای ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی کەنییازها تەسەر لێکۆڵینەوەولە سەرنوسین وکۆکردنەوەی سەرجەمی شیعرەکانی "حەریق" کـــاتـــی خۆی دیوانێکی دەست خەتی شیعرەکانی، بەخەتێکی زۆرخۆش کەوەک دەڵێـــن دەست خەتی خۆش نوسی نێوبەدەرەوە خوالێخۆش بومیرزا "مەحمـودی شاـ بەندر"ی مەهابادی یە،کەوتبووەدست دۆستی بەرێزم جـەنـابـی کاک دەرۆیش محەممەدی کوڕی خوالێ خۆش بوحاجی شێخ عەبدوڵلای شەمسەدینی وەبۆئەومەبەستەلەهاوینی هەمان ساڵ دا چەندجارێک ویستمئەودیوانە دەست خەتەم چنگ بکەوێ ، چون ئەودیوانەسەر چاوەیەکی زۆرباش بـــو بۆ ئەوەی بەئیتمینان ودڵنیایی یەوە لەبەر روناکایی دا دیوانێکی رێک وپێک وچاکی لەبەربنوسرێتەوە .

ئەوەی راستی بێ زۆربەپەرۆش بومبۆهێنانەدی ئەوئاواتەبــەبێزو گەورەیەم، کەنەک تەنیا هەرئاواتی من بو،بەڵکوئارەزوی هەزاران ـ کەسی دیکەش بوکەپێیان خۆش بورۆژێک لەرۆژان زوتردیوانەکەی مامۆستا مەلا ساڵحی" حەریق" بکەوێتەدەست خەڵک وبڵاوبێتەوە ، ئەوەبورۆژ بـە رۆژپترهەست وویژدان وئارەزوی دڵم هانی دەدام وپاڵی پێوەدەنـــام بەراپەراندنی ئەوئەرکەبەنرخ وپیرۆزەبەوەی کەدەبێ دیوانەکەی لـە فەوتان ولەنان وچون رزگاریکەموبەچاپی بگەیەنم، بەختەوەرانەبەختـم یاربو وەئەوئاواتەمبەدی هات ودۆستی بەرێزجەنابی کاک "دەرۆیـــش محەممەد" لەو ڕووەوەزۆردڵسۆزانەوبەسخاوەتیکی تەواوەوەدەستـــی

سا رمەتی بۆدرێژکردموودەست نوسەکەی میرزا " مەحمودی شا بەندەر"ی بۆ هێنا م، بێجگەلەودەست خەتەی کەبەئەسڵ دا منا سودملەچەندبەیازو کەشکۆڵ ودەست نوسی دیکەش وەرگرتووەووەک سەرچا وەپشتم پێ بەستون وشیعرم لێوەرگرتون.

ئەمجا رکەوتمەپشکنینی ئەوکتێب وگۆوا رونوسرا وا نەی کەشیعرو بەسەرها نی ژیبا نی حەریقیا ن تێدا بلاوکرا وەتەوە، زۆربەی ئەودیوا نەم لەبەر رونا کا یی شیعری نێوکەشکۆڵ وبەیا زەکۆنەکا ن وبەتا یبەت چەند دیوا نی دەست خەت دا نوسیوەتەوە، کەدوا ی لێکۆڵینەوەوگەرا نێکی پشو درێژ وزۆروبەرا وردکردنیا ن لەگەڵ دیوا نەبچوکەبلاوکرا وەکەی، ئەو دیوا نەم دوا ی چەندسا ڵ کا رکردن ولێکۆڵینەوەوتوێژینەوەیێک هێنا و ئا ما دەمکرد. بەدا خەوەلەکا تیخۆی دا مەلاسا ڵحی"حەریق" نەخۆی و نە کەسێکی دی شیعرەکا نی کۆنەکردوەتەوە، بەڵکوهەرشیعرەی کەوتوێتە لای بەکێک وبا لەپشتی کتێبێک وبەیا زێک ودەفتەرێک ولاپەرە کا غەزێک دا نوسرا وە، هەروەها " حەریق " لەوەختی خۆی دا سەردێروسەربا سی بۆ هونرا وەکا نی خۆیدا نەنا وەومن خۆمدوا ی خوێندنەوەوتێگەیشتن لەنا وەروک ومەبەستی هۆنرا وەکا ن ودەرکەوتنی مەبەستەکە نێووسەردێرمبو دا نا ون . ئەوەی شا یا نی با س بی ئەوەیەزوربەی ئەوشیعروبەیا زا نە بەخەتی نەستەعلیق وخەتی شکەستەی فا رسی کۆن نوسرا ون ومنیش بەپێی توا نا یخۆم هەمویا نم گۆڕیوەتەسەرشێوەورێنوسی کوردی ئەمرۆ، وەبە پێی توا نا ش چا مەوغەزەل وچوا رینەوتا کەکا ن وبەشی ئا یینی وعیرفا نی وفەلسەفەوکۆمەڵایەتی وبەها روسروشت وشین ولا وا ندنەوەوهەموجۆریشم جودا کردۆتەوەبۆئەوەی خوێنەری خۆشەویست زیا ترتا موچێژیلێ وەرگرێ.

بەوجۆرەدوا ی تێکۆشا نێکی چەندسا ڵەوزۆر، توا نیم ئەودیوا نەبەو شێوەیەبخەمەبەردەستی خوێندەوا را نی خۆشەویست وبەرێز،هیوا دا م ـ دیوا نەکەی"حەریق" جێی خۆی لەدڵیا ن دا بکا تەوەومنیش بەوکا رەحکۆـ ڵەیەم خزمەتێکی وێژەوئەدەبی کوردیم کردبێت .

نـــاوی کـەســا ن

ئـەبـولـوەفـا : خوا لێ خۆش بوحا جی شیخ عەبدورەحما نی کـــوری شێخ عوسما نی سیرا جەدینە ، لەوەرزی بەها رلەپێنجی موحەرڕەمی ١٢٥٣ کۆچی لەدا یک بووەولەسا ڵی ١٢٨٥ لەدونیا دەرجووە ، ئەوزا تەلـــەنێـو چوا رکوڕەئیرشا دکەرەکەی شێخ عوسما ن سیرا جەدین دا کوڕی دوهەمیانە، حا جی شێخ عەبدورەحما ن شا عیروئەدیبێکی نا سک خەیا ڵ وپا یەبـــەرز ی چەرخی خۆیبووەودیوا نێکی شیعری بەفا رسی لەپا ش بەجێ ما وەوبەشێکـی چا پکرا وە .

" ئـــەدەب " : نا زنا وی شا عیری گەورەوپا یەبەرزیکوردعەبدوڵـلاڵ بەگی کوڕی ئەحمەدبەگی برا یم بەگی ڕۆستەمبەگی کوڕی سەیفەدینە ،لە سا ڵـی ١٨٥٩ زا یینی لەگوندی" ئەرمەنی بلاغی" ها تۆتەدونیا وە ، وەلـــە سا ڵی١٩١٢ لەتەمەنی ٥٣ سا ڵـی دا دونیا ی بەجێ هێشتووە ، .

سیـــرا جـەدیــن: نیبا زلەحەزرەتی شێخ عوسما نی کوڕی خا لـدئا غا ی کوڕی عەبدوڵـلائا غا ی کوڕی سەییدمحەممەدی کوڕی سەیید دەرۆیشە ، لــە سا ڵـی ١١٩٥ کۆچی لەئا وا یی" تەوێڵـە " لەقەزا ی هەڵـەبجەها تۆتەدونیاوە ولەشەوی سێ شەممەی سێزدەی شەشەڵانی ١٢٨٣ لەتەمەنی هەشتا دوهەشـــت سا ڵـی دا کۆچی دوا یی کردووەولەدا وێنی دیی" تەوێڵـە "وەنـــزیـــک بـــەو خا نەقا یە کەخۆی دروستی کردووەبەخا ک سپێرا وە .

سەییدرەشیـــد : زا نا وهونەری بەهەست وقسەخۆشی بەنا وبا نگ لـــە هونرا وەیەک دا کەلەتا ریفی" شێخی بورها ن" دا کوتویەتی نـــــا زنا وی " چا وەش " بووەولەشیعری تریش دا نا زنا وی " شـــەهیـــدی " بـۆخـۆی هەڵـبژا ردووە .

" سەیفول قوززا ت " : شا عیری زا نا وبەهرەوەری کوردمـــا مـۆستـا مەلاحەسەنی سەیفول قوززا ت لەسا ڵـی ١٢٥٥ هەتا وی لەشا ری " مـەها با د"

ها تۆتە دونیا وە ، کوڕی زا نا وپێشەوا ی ئا یینی نا وچەی " مەهابا د"
میرزا قا سمی قا زی یەولەرۆژی حەوتەمی ڕێبەندا نی سا ڵی ١٣٢٢ هەتا وی
دا کۆچی دوا یی کردووەولەخا نەقا ی" شێخی بورها ن" بەخا کسپێردراوە .

فەخرول عولەما : مەبەست حا جی مەلامحەممەدسەعیدی تەوحیدی کوڕی
خوا لێ خۆش بومەلا ئەحمەدی تەوحیدی سورنجدا غی وبرا ی بچوکتری مەلا
سا ڵحی سەدرول عولەما یە ، لەسا ڵی ١٢٤١ هەتا وی لەشا ری " مەها با د"
ها تۆتە دونیا وە ،وەلەسا ڵی ١٣١٨ کۆچی ما نگی لەلایەن "ولیعهدالملک" ەوە لەقەبێ سەدرول عولەما ی دراوەتێ وزا نا یەکی پا یەبەرزوئا یین پەروەر بووەوچەندین سا ڵ لەمزگەوتەکا نی " حا جی ئەحمەد" و "عەبا س ئا غا " و " حا جی سەیبدپا بیز"ی مەها با د ما مۆستا ی ئا یینی ومودەـ
رریس بووە وچەندسا ڵێکیش رەئیسی ئەوقا ف وبەڕێوەبەری سولحییەبووە
هەرلەوشا رەدا ، تا کولە سا ڵی ١٣١٦ی هەتا وی هەرشا ری"مەها با د"کۆچی
دوا یی کردووە .

زییا ئەددین : لەقەبی حەزرەتی شێخ عومەری بیا رەوکوڕی شێخ
عوسما نی سیرا جەدینە ، لەشەوی دوشەممەی بیست وشەشی جوما دەلئولای
١٢٥٥دا لەدێی بیا رەلەدا یک بووەولەشەوی دوشەممەی شەووا لی١٣١٨ دا
کۆچیدوا یی کردووە ، شا عیرونوسەرێکی گەورەبووەوگەلێ شیعروپەخشانی
بەرزی لەپا ش بەجێما وە ونا زنا وی لەهۆنرا وەهۆنینەوەدا "فەوزی"بووە

حا جی با بەشێخ: حا جی "سەیبدبا بەشێخ" ی سەیا دەت زا نا ی پا یە
بەرزوشا عیری ئا یین پەروەری کوردکوڕی خوا لێ خۆش بوقوتبول عارفین
حەزرەتی سەیبدعەبدولکەریمی زەنبیلەولەسا ڵی ١٢٦٤ هەتا وی چا وی بە
رونا کا یی ژییا ن پشکوتووەولە ١٣٣٨/٧/٣٠ هەتا وی لەئا وا یی تورجا ن
کۆچی دوا یی کردووەوبۆهەمیشە ما ڵاوا یی لەژییا ن کردووە .

مەولانا : مەبەست لەمەولانا محەممەدسا دقی وا نی سوفی وخلیفەو

جێ نشینیخوا لێ خۆش بو "شێخی بورها ن" بووە ، مەولانا محەممەدسادق لەزا نستەکا نی شا یینی وخوێندنیقورئا نی پیرۆزدا زۆرشا رەزا وچا زا ن وکا را مەبووە وسەرپەرشتی کەری کا روبا ری خا نەقا و ئەوقا فی خا نەقا بووە ، بەئیش وکا ری شەریعەت وتەریقەتیش را گەیشتووەوتۆبەوتەلقینی مریدومەنسوب وسوفیەکا نی دا دا وەوهەموڕۆژی دەرسی قورئا نی بە تەجویدوتەفسیرەوەبەشا گردەکا نی کوتووەودەوری پێ کسردونەوە و چەندین هەزا رکەس لەخزمەت ئەمما مۆستا زا نا ودین پەروەرەدا فێری قورئا ن خوێندن بون ، مەولانا خاڵی با وکی ما مۆستا "هەژا ر" شا عیری زا نا ونا ودا ری کوردەوپردی " قەرەقشلاغ" و " قەلاتا سیا ن" و " رێگەی بەسری" ئەو دروستی کردووە .

میرزا لەتیفی قا زی : کوڕی میرزا ئەحمەدی کوڕی میرزا مەحمودی کوڕی خوا لێ خۆش بوقا زی لەتیفە ، پیا وێکی زا نا وزیرەک وبەهۆش بووە ولەدیی" گردی یا قوب "ی نا وچەی شا روێرا نی"سا بلاّغ"قا زی شەرعبووە، لەجەنگی یەکەمی جیها نی لەگەڵ خوا لێخوش بووا ن قا زی " مونعیم" و " سا لاری میرزا فەتا ح" بەدەستی سەربا زەکا نی روسی بەدیل گیرا وە و بردویا نەبۆوڵاتی روسی یە وما وەی حەوت سا ڵ لەیەکێک لەشا رەکا نی ئەموڵاتەزیندا نی بووە ولەپا شا ن لەسا ڵی ١٣٤٠ کۆچی ما نگی لەشا ری " مەها با د" شەهیدکرا وەومیرزا کەریمی کوڕی تەرمەکەی بردۆتەوە بۆ خا نەقا یشێخی بورها ن،بورها ن ولەوێ بەخا کیا ن ئەسپا ردووە .

مەلائەحمەدی لاسور : خوا لێخوش بومەلا ئەحمەدی رەببا نی کوڕی مەلا خوسرەوەولەسا ڵی ١٢٨٥ ما نگی لەگوندی " پیریونس" لەدا یک بووە و یەکێک لەمەلا زا نا کا نی نا وچەی موکریا ن بووەو بەمەلای لاسورنا و با نگی دەرکردووە وکۆبەوپەرا وێزی لەسەر زۆرکتیبھەیەوزا نا یەکی قسەخۆش وحا زرجەوا ب بووەو لەتەمەنی حەفتا سا ڵی دا لە ١٣٥٩ای ما نگی

لەدیی" مەرخوز " ی ناوچەی بۆکان کۆچی دوایی کردووە .

شێخ ئەحمەد : مەبەست لەشێخ ئەحمەدکوڕی پێنجەمی خوالێ خۆشبو شێخی بورهانە .

نورانی : مەبەست لە " نورانی" حاجی سەیید محەممەد سەعیدی کولیجی عاریف وخواناسی زاناوشاعیری ناسک خەیاڵی کوردە و ماممی دایکی شاعیری بەهرەمەندی کوردما مۆستا "هەژارە" .

ريـــزوسـوپـا س

لەپێوەندی لەگەڵ ئەۆدیوا نەدا بەرلەهەموشتێک دەمەوێ لـــەخوا ی گەورەوبێ وێنەبپا رێمەوە رەحمەتی بێ سۆزوبێ پا یا نی خوێ بـرێـژێ بەسەر گلکوێ ما مۆستا یا نی زا نا وئا یین پەروەری کوردخوا لێ خۆش بـو ما مۆستا مەلاعەبدولـلای مودەرریسی مەلارومودەرریس وپێش نوێژیمزگەوتی " روستەمبەگ" ی مەها با دومەرحومی ما مۆستا حا جی مەلا ئەحمـــــەدی ـ وەلـزی مەلاوپێش نوێژو دەرس وێژی مزگەوتی(مەولەوی" مەها با دکــەبــە سەختا وەتێکی ئەوا وڵەپێک هێنا ن وئا ما دەکردنی ئەودیوا نەدا پارمەتی ـ یا ن دا م ورێنوێنی یا ن کردم، خوا لێیا ن خۆش بێت وگیا نی پا کیا ن بە بەهەشتی بەرین شا دبکا وهەزا ردرودوسلاو لەمەزا ریا ن بێت .

هەر وەها لەقولایی دڵەوەسوپا سی دۆستا نی بەرێزجەنا بی ما مۆستـا مەلا ئیسما عیلی شەمسەدینی وکا ک مەلا" ئەبو بەکری سپێهرەدین"دەکەم کەلەنوسینی ژیا ننا مەوبەسەرها تی خوا لێ خۆش بو" شێخی بورها ن" دا یا رمەتی یا ن دا م.

هیوا ی سەرکەوتن وبەختەوەری وتەمەن درێژی بۆدۆستی زۆرخۆشەـ ویست ونیگا رکێشی بەهرەمەند وهونەرمەندوکەوێنەی کا ک محەممەدی ـ کەریمی ئا ڵبلاغی دەکەم کەوێنەیەکی حەریقی بۆئەم دیوا نە بۆکیشا م بەڵام بەدا خەوەنەما نتوا نی چا پی بکەین .

لەخوا ی گەورەدا وا دەکەم کەوێنەئەم جۆرەکەسا نە بۆخزمەتکردن بەوێژەوئەدەبی کوردی پتربکا .

بـەشـی غـــەزەلــەکـا ن

بسم الله الرحمن الرحيم

"خوف و رەجا"

خۆفم لەخودا چونکە لەبەر غەیری خودا یە
ئەمنم بەدرۆ ،سورەتی وەک خەوف و ڕجا یە
پا ڵی رەحەتی دا وەتەوە نەفسی خەسیسم
یا ئەمنی غەنا ،یا ئەسەری یەئس و هەوا یە
گەر تالبی بو "یۆسفی " خۆت نەفسی عەجوزە
زوبێنە ، دەزوبێنە دەڵێن ئەهلی وەفا یە
ئینکاری سیرا یەت مەکەئەی مونکیریموفلیس
بێ سەیری قەمەرکەچ بەشۆق و بەزییا یە
مونکیربەمەسەل شەبپەرەبێ نوری هیدا یەت
خۆی تالبی زوڵمەت بوخودا،نوری ئەدلیە
هەرمەزبەلە ، هەرمەشعەلە ،جێی پرتەوی"شەمسە "
یەک جێگەیی فوزلە ،یەکێ جێگەی فوزەلایە
تێفکرەلە ئەجزا یی عەناسیربەتەبیعەت
یەک مایلی مەرکەز ،یەکێ مایل بەهەوا یە
بارانی بەرەحمەت لەتەرەف مەبدەئیفەییاز
قەترێ ئەسەری سونبول ویەک چقڵوگییا یە
نوقصان لەتەرەف قابیلە ، نەک فاعیلیکامیل
ئەم قەولی منەرەئیی جەمیعی حوکەما یە
بورها نەلەسەرجەهلی عەدو "شەمسی"حەقیقەت
تالیع بووە ،ئەو ئەحمەقەجۆیا یی چرا یە
چاوی بەتەمەعپڕبووە ،قەلبی بەحەسادەت
ەک تابعی بەهایم رەحەتی،هەرلەشەوا یە
هێندونییەئا یینی لەئا وێنەتەعن دا
ئاوێنە چ سوچی هەیە ئەورووی سییا یە ؟
پەروانەیی هەرجەمعێ نەبی چاکە "حەریقی"
خۆت بێنەرەنێوزومرەیی ئەمشەمسی هودا یە

* * *

" نـوری مـوحـه‌ممـه‌د "

بەو نورە کەزاهیر بولەسەر ڕوویی موحەممەد
عالەمهەموئاشوفتەبووەک مویی موحەممەد
مەخجول وسەرئەفکەندەیەنەسیرین ووەنەوشە
بۆمویی سەمەن بۆیی دوگێسوویی موحەممەد
مەجزوبەهەموکەس بەرەموزو بەئیشارە
مەجبورەلە دەس ساعیدو بازوویی موحەممەد
سەروی چەمەنیش پێی لەگڵ وخاری غەمایە
لەرزانە لەحەسرەت قەدی دڵجۆیی موحەممەد
لالەش وەکومن سینەیی پڕحەسرەت و داخە
تادیویەتی ڕوخسارەیی گوڵ بوێی موحەممەد
"بورهانە"لەسەرنەفیی مونافاتی شەو ورۆژ
موێی کەپەرێشانەلەسەر ڕوویی موحەممەد
عالەم وەکومن جەرگی بڕاوە بەنیگاهو
رەمکردن وئیستا دەنی ئاهۆیی موحەممەد
رۆح ودڵ ودینت هەیە هەرسێکی " حەریقی "
سەرفی کەلەڕێی وەسف وسەناجۆیی موحەممەد

* * *

ئاگری دوری

ئەمائاوی بەقابادی فەناخاکی بەباداوم
کەیارم ئاگری دوری لەپێستی جەستە بەرداوم
بەقوربانت بمەی ساقی بدە پێمرا حەتی ڕۆحم
بەبێ ئاوی حەیاتی تۆ جگەر سوتاو و برژاوم
بەشەوقی شەوچرای کولمت فریوت داکە مورغی دڵ
بەشێوەی زولفەکەت زانیم کە منگیرۆدەیی داوم
کە دیتم شەمعی روخسارت بەپەروانەی دڵی خۆم کوت
لەنێو چاوانی خۆم نوسیوە هەر بەوشەمعە سوتاوم
تەماشای چاوەکەم کردی بڕۆت فەرموی ئەمن تاقم
بەشۆخی زولفی لاولاوت دەوێژێ هەر ئەمن لاوم
دەڵێن واجێژنی نەورۆزە، دڵم پڕ ئاتەش و سۆزە
وەرە بۆ جێژنە پیرۆزە بدە مرۆحم، بەسەرچاوم
وەرە سەحاوەیی چاوم دەڵیی دەریایی عەممانە
تەماشای ئەشکی گوڵنارمەسایەی چاوی خوێناوم
هەموکەس مەستی بادەی کەیف و شەوقی بەزمی جانانە
بەتەنیا هەر ئەمن ئەمرۆ لەخاکی مەینەتا ماوم
تەماشای چاوی نێرگس کە بەمەستوری چ مەخمورە
تەماشای پێکەنینی گوڵ بە ئەحوالی پەشێواوم
دیارە ساقی بێ باقی، نییە مەیلی بەدڵداری
دەڵێم هانەقدی جان و دڵ، دەڵێ لاچولە بەرچاوم
دەوای هیجرانی گوڵ ئەی دڵ لە "شێخ ئەحمەد" تەمەننا کە
بڵێ ئەمرۆ بەناحەق نەونەمامی جەرگی پێکاوم
حەقم بستێنە ئەی نەخلی مرادو سەروی ئازادم
وەکو عارەب دەخیلت بم زەلیل و زار و روداماوم
"حەریقی" ناری هیجرانو غەریقی ئەشکی حیرمانم
لەخاک و بادی عالەمدا ئەنیسی ئاگروئاوم

* * *

تاوی گریان

لەئەم عیدەبەعیدە من لەدیداری رەفیقانم
خودا سا تۆقەریبم کەی لەخوانی وەسڵی یارانم
لەلایێ عیشرەت وشادی،لەلایێ گەردنی ئازادی
ئەمن کەوتومە نێودا وی حەریقی ناری هیجرانم
سەرم قوربانت ئەی ساقی کەتۆسادەی ،ورە ،سا ،دەی
فیدا تم دەست و بردێ کەئەجەل نەک بێ بەمیوانم
دڵم کەوتۆتە زوڵمات و دەڵێ پێم خۆشەتاریکی
بەتاریکی سەری زوڵفت هومێدم ماوە وە بزانم
خودا عومرت بدا باقی، وەرەساقی بدە راقی
کەتو هەرمرا زمی مەی بێنە بۆ دەرمانی دەردانم
هەتا کوفری سەری زوڵفت ببینم وا لەنێو کوفرام
کەدیتم شەمعی روخسارت دەڵێم ئۆخەی موسوڵمانم
بەرەنگی ئەشکی خوێنیم کەروسورم لەقاپی حەق
لەفەیزی تۆیە ساقی بەجۆشە تاوی گریانم
بەخوێناوی دڵی زارم وەرەکا کۆڵ حەتا یی کە
مەڵێ را وەستە تا قوربان،لەعیدە یناب بەقوربانم
لەنێو ئاتەشکەدەی غەمدا کەبابی دڵ ئەوا برژا
شەراب بێنە بەپەیمانەتەوا وەعەهدو پەیمانم
شکور وەسڵم هەیە ئەمرۆ لەگەڵ پەیکان وتیغی تۆ
کەکوشتەی تیری موژگانم،کەچاکی تیغی حیرمانم
کوتت دا نەی خەیاڵت بێنە رەنێودا وی زوڵفەینم
ئەگەر دەیکەم پەرێشانم،ئەگەر نەیکەم پەشیمانم
سەفی تا بوری موژگانت لەقەلعەی دڵ کەجێ گیربو
هەتیوی دڵ نەما جێکەی،لەبۆکۆی رووێنا زانم
"حەریقی"تەرکی یارنا کەمە سەرم ببڕن ئەگەفەرزەن
نییە با کم لەبەرتەعنەی مریدی پیری رەندانم

* * *

گولی شادی

بۆجەمعی غەموشادی نەبورۆژی مەحروەم
ڕوت بەرگی گوڵی شادی وزوڵفت شەوی ماتەم
بەووەجهەدەڵێن مەسحەف وبەوتوقتەدەڵێن دەم
بەزوڵفەدەڵێن قەیدوبەئەوحاشییە پەرچەم
تەفسیری شەوی وەسڵ وغەمی رۆژی فیراقە
مەشهورەلەدنیا بەبەهشت وبەجەهەننەم
تەقسیمی ئەزەل وابو لەدوابی من وبیارم
بۆسەیری ئەمن سەیدورەقیب کەلبی موعەللەم
تەسبیحی سەنای زولفی خەیاتە ولەبی مەرجان
سەرریشتەیی ئێمەی دەوێ بۆعیقدی مونەززەم
شادی ئەسەری مەستی یەبێ شەرت ووەفایە
بۆفرسەتی تەنگا نەغبەمە مونیس ومەحرەم
عومرێ کەئەساسی هەوەسی بازی نەفس بێ
قابیل نییە بۆخێوی وی شادی وئەلەم وغەم
بێ سیبەروسەبروگرە شەوقێکمە مودارا
نەمدیوەلەگەرما ولەسەرما دڵی خورەم
بۆدڵبەری مەعنی لەحەرەفخانەیی ئەسرار
خۆی وقەلەمی ماوە "حەریق" ئێستەبەمەحرەم

* * *

هەوری خەفەت

هەوری خەفەتە بەفری غەمی داوە بەسەرما
یا سەرسەری دوریتەکەلێی کردمە سەرما
گاهێ بەشەرارەی غەم وکەو سەرسەری هیجران
خۆشی نەبوبۆمن نەبەگەرما،نە بەسەرما
کەوتۆتە سەرمئەشک وغوباری ئەلەمی دڵ
یەعنی:کەقوری میحنەتە کردومە بەسەرما
گەردەچمەوە "ساحێب"نیە هیچ مونیس وساحێب
گەر دەچە "سەقز" ناری سەقەرِ والەجگەرما
شاهیدمەحەوا سم کەسەکەمچەندەکەساسم
بەخودا نییە غیرەت لەخەیاڵ ولەنەزەرما
هەرچەندە بەجیسمانی کەدوم لەحوزورت
رۆحا نییەتت سەبتەلەنێودیدەیی تەرما
تۆفانی سرشک چووەسەر "جودی" وجودم
کەشتی تەنی قوم کردونەنوح ونەئەسمەرما
لەوساوە کەتورِوێی دڵم رۆیی بەدوتا
هێلانەیی تەن هەروەکو مەئوایی سەقەرما
بێ فەوجی وەفا کەت کەجەفایە،وەرەئەمشەو
ئەم لەشکری ئاهی منەبێ فەتحوزەفەرما
لەم قەسوەتەداناوەکەی پەردەیی زوڵمەت
بەرچاوی دڵم بگرێ، دەسا بێ بەگوزەرما
ئاوێنەیی دڵ ژەنگی قەساوەت روخی پۆشی
خاکستەری دڵ سوختەیی بێنەبەسەرما
مەنوارە بەزاهیرکەبەبێ قوتم ورِوتم
رِوت قوت وخەیاڵت غەزەلی چاکەلەبەرما
سەرمایەیی ئەم مڵکی خەیاڵاتە "حەریقی"
حەیفێ کە تەلەف بو، بەهەدەرچو،بەزەرەرما

* * *

گوڵی گوڵشەن

چا وەکە مێەمرۆلەگوڵشەن گوڵ بەعیشوەخۆی نووانند
نەک نمەک گیربەبەمەرگی تۆقەسەهیچنەمدووانند

گوڵ بەتۆزی پێتەوە لاف وگەزافی لێ دەدا
واشکورسۆزەی نەسیم هات وئەویشی لێ ستانند

نەشتەری موژگانی تۆهاتۆتەسەرسەفحەی دڵم
هەرخەتێ بو، غەیری خەتتی سەوزی تۆپاکی کڕاند

لەشکری شاهم لەگەڵ جەیشی حەبەش دەعوا دەکا
حیرەتم ماوە کەچون ئەودڵبەرەدڵمی ڕفاند؟

بۆگوڵی روت ماتەمی پەرچەم دەبینی بۆیەوا
ماهی نەورۆزم بەشیوەن وەک محەڕڕەم خۆی نووانند

تۆلەئەووەڵ کۆی وەفات هینا بەنێومەیدا نسەوە
ئێستەچەوگانی خیلافت پشتی سەدوەعدەی شکانند

تۆخودا قەت غیرە تەبۆتۆئەرێ سەروی روان ـ
گوڵ بەبێ تۆوا لەباغا خێوەتی خۆی لێ چەقاند؟

باوجودئینساف بدەم چاکەگوڵیش موشتاقتە
هەرلەشەوقی تۆیە سەرپۆش وگرێبانی دڕاند

هەرکەسێ مایل بەپیرێکەو تەریقێکی هەیە
تۆبەشوعلەی غەم "حەریقی" وا وەجاخت هەڵگرانند

* * *

فەرشی غەزەل

ئەی دڵ وەرەشادی کەلەبۆبەزمی ویسالت
وا دیومەتەوەدڵبەرەکەی تازەنیهالت
موددێکە کەئەی بولبولی گۆشەی قەفەسیغەم
فەسڵت بووەلەمگوڵ بەدەمەی نەوخەت وخالت
خامۆش ونەمەدپۆش ومەوجەڕەلەعەلاییق
نەم بیستووەئاوازی دەمی تفڵی مەقالت
سا ، هەڵسە لەشوکرانەیی ئەمڕۆژ دەبەئەی دڵ
ئامادەکەئەسبابی تەڕەب ویسعەتیحالت
فەرشی غەزەلت راخەلەنێوحوجرەیی دڵدا
" فەخرول عولەما " بێنەرەدیوانیخەیاڵت
بۆپێشکەشی ڕێی عەدبکەئەوسافی جەمیلی
خەرجێ کەلەرێی دەعوەتی ئەودا سەر وماڵت
حەددمچییەعەددی بکەم ئەوسافی جەمیلی
مەردوت مەرێ کرماجی لەبوعەقڵ وکەماڵت
زاتێکەموبەڕڕایە لەئەنواعی نەقایس
ئیتر چ دەڵێی دەرحەقی،مەفقودەمەجالت
پێی بێژە لەبۆشەوکەتی تۆفەخری زەمانە
پابووستەئەرزوفەلەکیش چەتری جەلالت
شایستەیی شانت کە"رەئیسول عولەمایە"
رێم ناکەوێ حەددمنییەتەعدادی خیسالت
تا ڕۆژی قیامەت لەجەلالابی،جەلالی
نەی بینی ئیلاهی چ بەشەرڕۆژی زەوالت
پەروازی نییە بولبولیدڵ بەتەرەفی گوڵ
تا دیویەتی پەروانەسیفەت شەمعی جەمالت
مەقبوڵە لەلای فەخری زەمان شیعری"حەریقی"
چت پێ هەیە ئەی موددەعی بێ بیکەسوئالت

* * *

حێزنانەی ڕۆح

قوربان وەرە قوربانە، سا بمکە بەقوربانت
ڕەنگین کەبەخوێنا وەکا کوڵی پەرێشانت
ئازادی یە ئەمڕۆژە، سا فەرمو بە ئازانە
تێرت لەکەمانت خە بۆقەتڵی شەهیدانت
حێزنانەیی مە ڕۆحەکردومە بەقوربانت
تۆش ماچی کەرەم فەمولەوسێوی زەنەخدانت
تفڵی دڵی بێچارە مودیکەگرفتارە
غەمخواری دڵ ئازارە بۆ ناوکی موژگانت
ڕۆح ودڵ ودین هەرسێمەجمووع بەیەک دەفعە
قوربانی سەعاتێکی لەعلی لەبی مەرجانت
مەقسودی من ئیزهارەبۆئەمسیلەیی مەدحت
بۆتوحفەیی ئەوسافی ئەزهاری گوڵستانت
ئەی خوسرەوی پەروێزم ،شیرینی شەکەرڕێژم
فەرهادی دڵی کوشتم چاوی ڕەشی فەتتانت
مومکین نییە تەقسیمی زەربی عەدەدی زەخمت
مینها کەلەتەقسیم دا ،زەربی خەمی چەوگانت
دڵ تالبی روخسارت ، جان تالبی گوفتارت
فرزەندی خیرەد ڕوێی بۆلەعلی بەدەخشانت
بۆستانەکەناری دڵ بۆنەخلی قەدت قوربان
دیدەم وەکوڕوبارە بۆسەروی خەرامانت
قەلعەی دڵەکەم قوربان نیشانەیە بۆتیرت
سینەم وەکوسەحرایە ،بۆجیلوەیی مەیدانت
بۆچاوە کەوا مەستە ،دڵ سبتەسەرمەستە
ئەم ئەبرۆوە پەیوەستە، بۆقەتڵی موحیببانت
تەنها کە "حەریقم" من بۆشەمعی شەبوستانت
مەمکوژە وەرە تۆخوا ، ساتۆ، بەرەقیبانت

* * *

کـــەوای غـــەزەل

هەموکەس با بــزانێ من کەسەودای زوڵفی دوتاتم
لەخانەی کوڵەدا کۆڵم بەفەرزی شای روختماتم
ئەگەرچی ساکینی مُڵکی عەجەمبوم دورلەرۆمکەوتم
لەسایەی پەرچەمی تۆوە رەئیسی مُڵکی شاماتم
دڵم هەروەک رەعییەت خۆش نشینیمُڵکی ئەعزاتە
لەهەرجێ دا دەنیشی لێی گەرێ قوربانی باڵاتم
موتالای حاشییەی زوڵفت لەسەرسەفحەی روخت سەعبە
لەبۆمچا بوبەمنــدالّی لەدەرسی عیشق ڕاهاتم
ئەگەرراستت دەوێ سەروی بڵندبــا لادرۆنـــاکەم
لەپاش فەوتی حەیاتیشم بەئومێدی مولاقــاتم
نەوای نالەی حەزینمڕاستەوەک قافلەی حیجازی دێ
وەرەسەرسەیری بەزموسۆزش وشۆری مــەقامــاتم
دەڵێن فەمویەیار بێتەموتالای خەتتی رەیحــانی
بڵێن باشەمعی روخساری هەڵایسێنێ ئەوا هــاتم
بەشیرینی مەزەی لێووخەتی سەبزت دڵم خــۆشــە
لەمەیخانەی غەمی عیشقت کەواسەرمەستیسەهباتم
بەیادی مەدرەسەی عیشقت گەلێ عیلممکەسبکردن
ئەوێستاکەش لەبەرچاوت شەراب خۆریخەراباتم
قڕانی عاشقانەکەس نەما دەرچێت وســەر دەرکــا
مەگەربۆموفلیسی وەک من کەبێ قڕانو پەناباتم
کەواپارچەیغەزەل دەبڕێ"حەریق"ئەمرۆلەدیوانت
دەڵێ هەرچاوەریێ دەستەخەیاتەیزوڵفیتاتم

* * *

دڵی غافڵ

خەیاڵت مونحەسیر بوئەی دڵەی غافڵ لە دنیا یە
نەدا مەت بو نەتیجەی ئاخری ئەمشۆڕ و غەوغا یە
ئەوا لازم بو سەرخۆشی، لە تۆئەی دڵ کە سەرخۆشی
بە بادەی غافڵی بێ هۆشی دەردت قەت شفای نایە
عەجەب بۆت بۆتە زستان زەمهەریری باری عیسیانت
کەشک نابەی چەرمایە، دەڵێی وەبوەیچ سەرمایە
بە دەستی دێوی نەفسم دڵ وەکو مورغی بێپەڕ، وایە
وەکو پەروانە بۆشەمعی تەلەسمی ئەو، بێ پەروایە
کە تفڵی عیشقی بێ مەشقم لەنێو بازاری سەودا یە
بە ئەو سەودایە سەرخۆشە دەڵێ کارم لە سەودا یە
هەتا شەیتان مودە بیبیر بێ، موئەددیب نەفسی زاڵم بێ
عەجەب کەوتۆتە دەست زاڵم ئومورت عەینی زوڵمایە
خودا ڕەببی نەجاتم دەی لە دەس ئەم دێوی بێ ڕەحمە
کەوا وەک دوژمنی خوێنی بەدا پیملێم بەدا وا یە
خەیالاتت هەمو پەشمە، وەکو ریس و گوریس وا یە
هەچی دەیکەی دەڵێن هە هەی فلانی چەندە ریسوایە
کە خاڵی بێ دڵی عاشق لە بادەی حوببی مەعشوقی
بە خۆڕا بیت نەوێ چاکە وەکو شیشەی شکاو وا یە
مەبەتالب بە زوڵفەینی بە میسلی شکڵی لاوا یە
ئەگەر لەو لایە خۆت لادەی لەلام تەحقیقە ئەو لایە
لە قاپی ئاستانەی مورشیدی ئەرشەد "عەلی عالی"
لەوێ ڕۆحت فیدا کە تۆنەجاتت هەر لەوێ دا یە
وەکو پەروانە بۆشەمعی جەماڵی ئەو کەموشتاقم
بە تەسویری "حەریقم" هێندە سۆزی ئەو لە دڵ دا یە

* * *

گەوهەری مەعنی

بەخەیاڵی شەوی وەسڵت خەوی هیجرا نەمدی
بەشەمیمی نەفەست سروەیی حیرمانم دی
چاوی بیمارت شیفا راتی شفا دەنوێنێ
لەخەتی مەسحەفی روت ئایەتی لوقمانم دی
سەیری زوڵفت کەلەسەرئاگری روت ویستاوە
حەیی بێ جانەلەبەرچاووبەپەیمانم دی
بەهەوای عەرعەری قەددت لەخەیا بانی خەیاڵ
شیعری بەرجەستەوەکوسەروی خەرامانم دی
ڕوخی نەورۆزی نەبو،خێزی خەتی ماتەمی گرت
رۆژی شیمساک وشەوی قەدری حەبیبانم دی
گەوهەری مەعنی لەدەریاچەیی دڵ دێنمەدەر
تالەحوققەیی دەهەنت لەعلی بەدەخشانم دی
هەربەئاودا چوسەفینەغەزەلی بەحری خەیاڵ
لەجیباتسودی مەتاعم زەرەروزیانم دی
لەگەنی دیدە، فتیلەی موژەوورەوغەنی شام
بۆشەوی وەسڵی لەسەدلاوە چراخانم دی
لەنەوای تەغنیەیی بولبولی دەوری گوڵی ڕوت
لەهەمومورغی چەمەن ناڵەووشەفغانم دی
گەوهەری نەزم ودوری مەعنی ولەفزی سەدەفم
بردە بازاری نەزەر موشتەری نادانم دی
لەقەباڵەی کەرەمی شەهلی هونەرتێفکریم
وەکوئەشعاری "حەریقی" خەتی بوتلانم دی

* * *

فرمێسکی نەدامەت

کەی دێیەوە سەرڕەحمی دڵی زارونەزارم؟
کەی دێ قەدەمی خێرت لەسەرخاکی مەزارم؟
تاکەی لەتەوافی حەرەمی قیبلەیی ئەبرۆت
وەک پەرچەمی پێشانی سەرئەفکەندەووخوارم؟
جارێ نەبوجاری نەبێ فرمێسکی نەدامەت
بارێ نەبو بارێ نەیەنێ بۆدڵی زارم
قوربەت سەبەبی بوعدەلەیارولەدیارم
ڕازیم بەجەفاگەربەوەفا بێتەدیارم
بۆلەززەتی عەفوت کەجەریئم لەمەعاسی
مەدرێنەدەخیل پەردەیی ڕوخسارەیی کارم
چت داوەلەڕوترشی وسرکەی دەمی ئەغیار
قەندی لەبی شیرین بەدەمی تاڵی خومارم
ئەی عەرعەری بوستانی هیدایەت وەرەباغان
داغانی قییامەت کەقەدی سەروو چنارم
گۆی مەگرە لەئیهرارو لەئیسراری ڕەقیبان
من مەدغەزەبت بێ لە عەفوت چاوە نووارم
تادیومەلەنێومەسحەفی ڕوت سورەیی "یۆسف"
بۆئایەتی حوسنت لەهەموڕەسمێ کەنارم
تاووس کەلەسەرزینەتی باڵی، سەری دانا
ئەمنیش بەپەڕی فکرەوەبێ سەبروقەرارم
پەروانەیی شەوقت مەخەرەئاگری میحنەت
شەمعی دڵەکەت هەڵکەلەبۆبەزمی نیگارم
مۆرەی دڵی بردزوڵفی لەبۆتەختەیی سینە
لەم نەردەمەلیێن وامەیە،دێم فێری قومارم
گەر باڵ وپەڕی بەخت نەسوتایە "حەریقی"
بۆسەیدی مەعانی بەمەسەل بازی شکارم

* * *

پرتەوی شەمس

هێندە بێزاری کەزانیومەبەزاری نایەوە
دورلە بالاکەت سەرینی نائومێدیم نایەوە
بولبولێکی خۆش نەوا بوم بۆنەوای دەوری گوڵت
کێ وەکوهودهودحیکایاتی سەبای گێڕایەوە
بۆپیاڵەی مەیلی لەیلا قەلبی مەجنون قابیلە
شۆڕشی شیرین لەناڵەی کوهکەن فامایەوە
حەیفێ هێندەت دەربەدەرکرددڵ لەئیقلیمی ویسال
شیری مندالیت بەزەهری هیجرپێ هێنایەوە
بۆکەناری سەوزەیی دەوری گوڵی ڕوت شین دەکەم
خاکی کوێ عیشقت بەبێژنگی سەرم بێژرایەوە
کەوتەسەرخەرمانی عومرم ئاگری تولی شەمەل
سەدکەڕەت بارانی وەعزی لێدرا نەکوژایەوە
شیری ئەبرۆ ،تیری موژگان ،تاق وجوت دەنوێنێ پێم
تابزانم ڕۆحی شیرینت چلۆن کێشایەوە
جێی نەزەربوحاشییەی زوڵفت لەسەرشایاتی ڕوت
زۆرموتالاکردوەکودەوروتەسەلسول مایەوە
تاقی میحرابی بڕۆت جێی نازەبۆئەهلی نیاز
سۆفی وەیزانی کەچە ،هێندکەربوخۆی گێڕایەوە
شەمعی خوبان پرتەوێکی شەمسی ڕوێتۆی لێکەوت
هێندحەیاوشەرمی بەخۆی داهات بەجارێ توایەوە
گوڵ بژێرێکیزەریفم کردلەبەنێوباغی خەیاڵ
خۆزگەمەردێکی "رەشید "بۆ "شێخی "بخوێندایەوە

* * *

ئەسراری سوبحانی

لەگۆشەی گوڵخەنی تەن تا بەکەی ئیمانی حیسبانی
بەئیمانی شهودی بێرەنێو ئەسراری سوبحانی
مەڵێ تاریکەرێگەم پەرچەمی پڕخەمدەبەستێ ئەم
شوکروەک رۆژی روناکەسفیدەی سوبحی پێشانی
دەمێکەهەروەکوبولبول لەسەرچڵ ،سەرچڵ وشێتی
زەمانێکیش وەرەسەیری نەمامی باغیعوسمانی
خوتورت ریێ غروری بەستووی بۆمەجلیسی باقی
دەترسم قەت نەبی لاقی کەواتاقی،دڵەی فانی
هەتاکەی تۆلەغەفڵەت دا دەنۆشی ژەهری خامۆشی
ئەگەر عەقڵت هەبێ بەسیەزەمانی جەهل ونادانی
وەکوشا نەهەتا جەمعەخەیاڵت بۆپەرێشانی
بەدیدارت قەسەم ئاخرپەرێشان وپەشیمانی
دەبینم هەرکەسێ توحفەی خولوسیەت لەگەڵ تاعەت
دەبا بۆخزمەتی مورشید بەقەلبی پاکی نورانی
منیش باری خەجاڵەت وا لەسەرشانم کەناتوانم
لەژێرپا بێ لەبەربێ نێم خوداهەرتۆکەڕەحمانی
خەتاباتی بەجەدەل ئەمرۆیەقینەسەفسەتەی مەحزە
نەتیجەی ئەووەڵی فکرەقیاسی کەوتە "بورهانی"
دەڵێن هاتۆتەوەشەخسێ سەمییی ئەشرەفی عالەم
جەنابی سەییدی ئەکرەم ،شەفیعی قاسیپودانی
لەکەعبەی عاریفان ئەمڕۆلەبۆزومرەی مریدانی
فیوزاتی نەسیبی عالەمی موشتاقی خۆی هانی
بچین بۆخزمەتی چاکە بەئیخلاسێکی مەردانە
دوعامان بۆبکابەڵکە لەشەڕی نەفسی زوڵمانی
وەکوپەروانەهەرلەحزە "حەریقی شەمعی جەمعیکم
خوداکەی بی مونەووەربم بەنوری ماهی تابانی؟

* * *

غونچەی مەقسود

مژدەبێ بۆبولبولی دڵ گوڵ لەباغان هاتەوە
قومریعومری خۆی سەرف کا سەروی بۆستان هاتەوە
شاسواری عەرسەیی مەیدانی مەردان هاتەوە
دلبەری جانان لەخزمەت جانی جانان هاتەوە
پیری رەوشەن دڵ وەکوخورشیدی تابان هاتەوە
تا بیبی عوسمانی سانی خۆش بەسامان هاتەوە
وا موعەتتەربودەماغی ئەهلی نیسبەت هەردەڵێ
نیسبەتی پیراهەنی یوسف بەکەنعان هاتەوە
بۆئیفادەونەشری فەیزولوتف وبۆئیرشادی دین
والەقەسری عاریفان یەنبوعی عیرفان هاتەوە
غونچەسەرپۆشی لەرِولادا بەعەزمی دیدەنی
بولبولی تەبعی منیش بۆیە غەزەل خوان هاتەوە
سەرخۆشی کەڵسول کەرەم سەرمەستی سەهبایی قیدەم
باشکوەوباحەشەم، مەجزوبی رەحمان هاتەوە
موددەتێ بوئەم هەوارەبێ سەداو هاواربوو
تا بەجەزبەی حەق بەساقی نەی بەئەفغان هاتەوە
خاتری موخلیس بەدیدارت وەکوتەبعی "حەریق"
غونچەیی مەقسودی پشکوت وبەخەندان هاتەوە

* * *

خوسرەوی خوبان

ئەم خوسرەوی خوبا نەکەوا دێتە نەزارت
شیرینە ئەگەر دڵ بڕفێنێ بەئیشارەت
ئیسمێکی شەریفی هەیە مەنعەلەتەسەڕڕوف
جیسمێکی لەتیفی هەیە لایق بەمەدارەت
نەقدی دڵوروحم هەیە بۆموژدەلەبری دا
زۆرلایق وشایستەیەبیدەم بەبەشارەت
میوەی ئەمەلم کالەبەدوچاوەبی کالی
کالای خەیاڵم هەموڕۆیی وەبەغارەت
لەووەختەوە، تەخفیف کرا ئیسمی شەریفت
من سوکی لەلام بۆتەنیها یاتی زوەزارەت
نوقتەدەهەنت وادڵی هێنا وەتەنگی
جێگایی خەیاڵی نیەبۆفکری بەکارەت
تۆسا حێبی ئەم چاهی زەنەخدا نەبی قوربان
سەدیوسفی کەنعانی دەبێ بێتەزیارەت
باکم نییە لەوخەنجەرەدەیکەی بەکەمەردا
شمشێری برۆت جەرگی بڕیوم بەئیشارەت
شەیتانی رەقیب دوشمنەبۆیە کەرەحمان
ڕەحمی نییە بۆحاڵی دڵی پڕلەمەدارەت

* * *

گەنجی فکر

بولبولی دەوری گوڵ وتوتیی شەککەرشکەنم
قومریی سەروی خەرامان وتەزەڕوی چەمەنم
بۆ نەوا وساحێبی ئاوازی حەزینم بەنەوا
شەمعی هەرجەمعوپەروانەیی هەرئەنجومەنم
سوحبەتی قودسی وسەیری مەلەکوتیم دانا
بەعەلاقەی ئەم وئەوهەمدەمی زاغ وزەغەنم
لەززەتی جەننەتی ڕومدا وەبەدا نەی خاڵی
ئەمەئیرسی پدەریمەبەپەرپێ دەکەنم
مُلکی تەجریدی بەجێ هێشت وبەهەشتی دانا
ئێستەگیرۆدەیی خاروخەس ودارو دەوەنم
بەهەوای ئاوی حەیاتی دەهەن ونۆشی لەبی
خدری زیندەیی سەرچاوەیی چاهی زەقەنم
هاوسەری موشکی سەریزوڵفەقەتاری نەفەسم
مالیکی قافڵەیی چینی خەتاووخوتەنم
مەجمەعی سینەووفینجا نیعمەموشەرەبەتی دەم
خەلعەتی پارە کەزا نیویەغەریبی وەتەنم
قەندی لێوی تەڵەبی چاییە،سا ،سرکەمەکە
نەک بەتاڵی بدوێ خوسرەوی شیرین سوخەنم
وەجدی مەجنون لەپیاڵەی غەمی لەیلادایە
بەخەیاڵی لەبی شیرین ، بێستون هەڵ دەکەنم
شادی بێگانەیە ، خزمم غەمەگەرمەردیشم
ئەوەوا ریس لەحیسابی حەق وگۆڕو کەفەنم
گەنجی فیکری کەلەنیوکونجی غەما دیوەتەوە
مُڵکی شادیسم هەیە تاساکینی بەیتولحەزەنم
تیرەکەی بەختەرەیا ریکەمان ئەبرۆ "حەریق "
گەرچی ئەوڕۆشتەمە ئەلحەق ئەمتیش ڕۆبیتەنم

* * *

مارانگەستە

لەقدیدی زەیدوعەمرا نیم ودڵ یا بەستەیی تۆیە
لەهەروەختێ رەها بێ پێ دەزانم ڕستەیی تۆیە
دەبێتە ئیفتیرا وبوختان ئەگەرنیسبەت وەغەیری دەم
بەها ژەی زوڵفەکەت زانیم کەمارانگەستەیی تۆیە
سەرا سەرڕەختەیی چاو مێنشانەی تیری موژگانە
لەلای خۆی چەشمەسا روسەبزەیی نەورەستەیی تۆیە
حوبابی ئەشکی حەسرەت بۆتەفنجانی سەروسینەم
لەجێی دەستەگوڵی لێدەن دەڵێن گوڵ دستەیی تۆیە
گڵێ بێنی بەسەرماکەی، گوڵی بێنی بەسەرماکەی
غەموشادی سەراپا هەرچی بێ وابەستیەیی تۆیە
دڵمشیشەی شەرابی ڕوتەسرکەی غەیری گەرتێکەم
گوڵاویش بەگلاوبێ،شیشەچۆن بەربەستەیی تۆیە
شکەستەی دەست بەستەچاوەکەمجەبری لەلای تۆیە
مەڵێ کەسرەبەشانەچون شکەستەوبەستەیی تۆیە
تەنافی زوڵفەکەت لادە، خەیابانی خەیاڵم ڕاست
بەبالای سەروی مەوزون وقەدی بەجەستەیی تۆیە
ئەتیببا جەبیان مەسمومودانەی حەببیان پوچە
ئەوەمەغزێکەبێ ئەمرودەهانی بەستەیی تۆیە
بەئوممێدی دەوابولەززەتی دەردی،دڵم دەردێ
دەزانم چون گوسەستەی تۆهەموپەیوەستەیی تۆیە
ئەگەردەردت نەبایەنیسبەتت چون دەبوەدەرمانم
کەهەرکەس دی دەڵێ قوربان "حەریقی" خەستەیی تۆیە

* * *

دەری رەحمــــەت

لەئا دەمتا بەخا تەمجوملەعا لەمپرسەدا وسەیتـــە
بەعیشقیحەزرەتیلەولاک ئەوی زیندونەبێ مەبتـە
تەتیممەی هەرسەلات وخا تیمەی حەمدوتەحییەی حەق
سەنا بۆئا ل وبەیتە ،با قی هەرئــەفسا نەو بەیتە
لەپا ش سیفەی تەرا زی وئا یەتی تەتهیری سەحب وئا ل
بەقوربا ن مەدحییان نا یەبەجوملەزەیتەو کەیتە
کەتۆش لەونەسلەییچەددت رەزا بێ شێربەگۆی دەگری
وەکورێوی زەلیلی گورگینەفسم ،سا،لەبوکەیتە ؟
لەخوت وجەددی خۆت ونەسلی پاکت چا وەریێ لوتفم
لەرێی حەق دا موعینمبن لەغەوغا ی رۆژی یالەیتە
بەشا هیدبن سەگی قا فلەی تەریقی ئا ل وئەسحا بـم
هەمیشەگۆی قولا غوبا نگیهەیهەیم وسەدا یهەیتـە
بەئیستیمدا دولوتفی "یا بەشێخ" وهیممەتی کـا کی
گرۆکا ئێ دەکەمتا بلێن لەچا وکوێروشەلان پەیتە
کەسێ "سا لح"بێ بۆزیکرودوعا گۆییت بەبێ چـــا وی
هەزا رچا وسا غی وا دێنێ بەچا وزیندوبەدڵ مەیتە
لەبۆتەشریفی رێی میعرا جی جەددت بو ،نیدا ی ها تیف
" تعـا لِ یا حبیبَا للّٰهَ تمُــنَّ مـا تَمَنَّیْـــتَ"
دەری رەحمەت گوشا دوبا بی تۆبەورێی رەجا وا سیـع
دەسا تۆش هیممەتێ کەجەعفەری تۆرکنی ئەوبەینە

* * *

خەرمانی ئەمەل

لەخەرمانی ئەمەل مێروی عەمەل جەزبی نەکردداتێ
لەزەیقەت خانەدا ترسم هەیە ئاخرسەری دانێ
دەڵێن جەردەی ئەجەل ڕێگا بەکا رِوانی نەفەس دەگرێ
شەقامی سینەدەبڕێ بۆمەتاعی دیدەدەروانێ
تەریدەی نەفس وشەیتان قافڵەی تاعاتی غارەت کرد
ئەگەرجاسوسی ئیمانی نەبێ دەرنا چێ ئینسانێ
تەرازوی تاعەتت لەنگەهەتاکەی ئەمسەرئەوسەرتە ؟
بەپارسەنگی حەیا دەس هەڵبرەبنوا رەمیزانێ
بەسی بێ تاعەتی ڕوکەش مەلەک سەڕرافی ئەعمالە
موحەسسیل نەقدی قەلب ونا رەوا نابا تەدیوانێ
ئەوا بەردی ئەجەل هات ولەشوشەی عومری داساقی
بەقوربانی پیالەی چاوەکەت بەمتێکە فینجانێ
حەیات خۆچولەنێوجامەی حەیاتی عاریەت بێ عار
ئەوەدا وای دەکەن چبکەم "حەریق"ڕێگەی ڕجاکوانێ؟

* * *

رازی عشـــق

حوزنـی‌من یا حوسنی تۆئیشکا لـەتا ئا خـرنـەفـەس
چون زەکا تی حوسنی تۆیا حوزنی من نا گا بەکەس
زا هیـرەن فەرموتەوەختی مردنی حـا زردەبـــم
وا لـەخۆشی مردنم‌دەمرم،دەسا ئینـســا فـەبـــەس
چـۆن دەکەی مەنعی دڵـی من تۆلـەشەهدی لێوی خۆت ؟
لـێوی تووەک شەککەرێتا نەودڵـی من وەک مەگـەس
چا وەکە مـلـەوبا غی حوسنەمەنعی چا وی مــن مـــەکە
لازمەبۆپـا سەوا نی با غـەکەت جۆتـێ عـەســـەس
تا زەفەرموتـەلـەلای کەس‌رازی عیشقی مــن مەڵێ
نەت دەزا نێ‌دڵ کەکون‌بودەنگی‌لێ‌دێ‌وەک جەرەس؟
پێی بڵـێن زا هیدبەخێری خۆی لـەوەغری من گەڕێ
عیشقی‌من شوعلـەوبڵـێسە،وەعزی ئەووەک‌خاروخەس
خا ڵـی سەوزە،دا غی سەوزە،با سی نا سۆری مەکەن
تا زەدەێ‌ئەوبێ"حەریقی"قەت‌شفا ی نا یەبـەکەس

* * *

پارسەنگی حەیا

خودا تۆبەلەدەس شۆخێ کەوەختێ عیشوەدەنوێنێ
سەری تۆبەی مەلاوزاهیدبە جیلوەدەشکێنێ

ستوونی قامەتت راگرتووە بۆخێوەتی دینم
خودا بۆتولی عومرت ئەوتەناف وداڕەنەپسێنێ

لەرەمزا حیکمەتول عەینی ئیشارەی چاوی بیمارت
بەقانوونی ئەدەب ئایەی شفا بۆئێمە دەخوێنێ

نەخۆشی دەردی هیجرانم ویسالی تۆیە دەرمانم
شفا منایەمەگەرپێنێ نەسیمی بەرچەمت بێنێ

خەیاڵی نەوبەهاروسەیری گوڵزاری عەزیزانم
گەهێ بۆڕوی گوڵ وگاهێ لەبوسەبزەی خەتم دێنێ

زریی زوڵفت و موژەی تیروبرۆی شمشیری راکێشا
لەزومرەی عاشقانی خوێن بەهای ڕوخساری دەستێنێ

لەڕێی بادەی پێیاڵەی چاووشیشەی گەردنی ساقی
کەسێ گەرئابڕوی بێ ڕەنگەجامی عەیشی بڕژێنێ

دەزانی بۆتەرازوی زوڵفی سەرناکا لەهیچ لاوە؟
بەپارسەنگی حەیا دەدستی لەمیزانا دەبزوێنێ

"حەریقی" ناری هیجران وغەریقی ئەشکی حیرمانم
ئەگەرئەوبێ دەخنکێنێ، ئەگەرئەم بێ دەسوتێنێ

* * *

گەوهەر فرۆش

عاشقی سەروی قەدت قومری سیفەت زاری دەکا
ڕوی گوڵی تۆ بولبولی دڵ فێری غەمخواری دەکا
خۆت وەکو سوڵتان و چاوت حاکمو ئەبرۆتە شیر
تیری موژگانت وەزیرە، مەشقی خونخواری دەکا
کەوتە نێو زوڵماتی زوڵفانت دڵی ئەسکەندەرم
خدری زیندەی ماچی لێوتە، کەی دەێ ڕزگاری دەکا
من بە مێزانی تەبیعەت گەوهەرئەفرۆشم، دڵم
وا لەشامی زوڵفی تۆدا کەسبی عەتتاری دەکا
مەیخەرە ژێر پێیەوە گەرحەزدەکەی ژیر بێتەوە
دڵ کەمندا لەشەکەرخەندەی لەبت چاری دەکا
مورغی دڵ برژا لەبەرقرچە هەتاوی فێرقەتت
تا بەکەی داوی سەری زوڵفت گرفتاری دەکا
توتێی دوکانی حوسنت بولبولی تەبعی منی
خستە نێو بەندی تەماع وفێری بازاری دەکا
مەستی بادەی چاوی ئەوم وپێم دەڵێ مەستی مەیە
سەیری کەن بوختانی ناحەق چۆن بەلەبجاری دەکا
بێرە مەیدانی فەساحەت ئەسپی خۆت لینگ دە "حەریق"
تا بزانم کێ بەشیعرت سوحبەت ویاری دەکا

* * *

ورینــــەی حـــــا ڵ

وەفا ی من بۆ بەها بوبۆرەوا جیما مەلبەی یـا ری
رەزا مبا رم کەئەودا ویەبەچینی فیتی بـا زا ڕی
لەسەودا دا "ڕەشیدە" تا لبی قا زا نجی ئەشیا یە
هەتا زوترلەنا وچۆ چا کە ئەجنا سی وەفـــا دا ری
مەتا عی مەعریفەت جینسی وەفا ،فەسڵی نەما ،فەوتا
ئەمن نا بودی ئەوبوم نا بەڵەدبومەخـــریندا ری
رەوا جی نەقدی عەهدی سککەیی دیرێنەفەوتـا وە
بەئەسکینا سەئێستا ما مەلەی با زا ری مەکـــکا ری
بینا ی خا نەی وەفا وەک تا قی کیسرا کونگرەی روخا
ئەمن تا زەتەنا فی جۆت دەکەمبەتەرحیمیعما ری
قسەی ترش وقسەی خۆشم وریـنەی حا ڵیـنا خـۆشـە
بەبێ کەیفیکەلیەزوروکەمخەبەردا رنیەلەمیقداری
لەدەسگا ی نەگبەتا هەرکەس چووە سەرتەختی بەدبەختی
نەدیمئیقبا ڵی نا کا بۆوەزا رەت بەسیەئیدبا ری
ئەوا نەلازمەی تەشریفی مەنزڵ بۆکەسا نێکـــە
خەریکی ئیسترا حەت بن بەنا زونیعمەتی سـا ری
هەزا رحەیفێ"حەریفی" قەت بەزەوقی خۆمنەبوجا رێ
بڵێی بەخوا زەریفت کوت بەمەستییا بەهوشیا ری

* * *

بێ چاوەڕێ

لەلاموا بوکەتۆ "سەییدڕەشید" یاری لەبۆیاری
لەمُڵکی میهرەبانی دا لەیارانی وفا دیاری
لەگەڵ هەرزەڕەبۆجیلوەی جەلای‌میهری جیهان ئارا
لەشۆقی‌موشتەری،نوری قەمەروەک زوهرەسەییاری
جیواری رەحمەت ودەستگاهو‌پێشگای عەدل وئینسافی
لەدەربارەی‌فەقیران ڕاست ئەمینی ئەهلی‌دەرباری
لەزومرەی چاوەشانی"بارەگای باری سەلای عامی
لەحەلقەی‌مەهوەشان سەرخۆشی‌وهەرمەست وهوشیاری
تەلیعەی فەوجی ئەوج ویاوەری سوڵتان وسەرهەنگی
لەسەربازانی مومتازی،لەسەرعەسکەرقوماندای
چ خێربودەوری بەزمت بێ سەدای شاباشی "چاوەش"چو
نەوای تارتچەنەی تاریو دەمی پێکسازنەهات باری
نەوەک مەدورەڕێ بێ چاوەڕێ ماوم‌لەبەرچاوان
لەدەس چوم‌ولەپێ کەوتم ،بەسەرزیندوم‌بەبیماری
نەقورعەی من لەجیبی جامەخانەی مەڕحەمەت دەرهات
نەروقعەی تۆبەرەسمی توحفەدیداری بووەدیاری
کەتۆش هیچ‌بوی، وەکو‌من بالەمەولا، ڕولەمەولا کەم
بەخوا غەیری من وتۆ‌وەک من وتۆبۆمەدەدکاری

* * *

شاگردی غەم

تەعاروفی بەسیفارە، شیعاری ئەهلی کوبار
سەبیلی عادەتی مەسدودە بۆ ڕەواجی سیفار

لەقاوەی قاوەچی هەرکەس کەمەشرەبی چیا بێ
بەدودی قەنەنەقەناعەت دەکا فەقیروهەژار

میزاجی ئادەمی خاکی هەوا بەئاوبادا
عینانی سەبرو بەدەس باگەیشتەکورەی نار

بەمولکی وەحدەت ئەگەر ئاشنا بێ مونکیری حاڵ
دەزانێ عومری عەبەس بولەکەسرەتی ئەغیار

زەرەری نەبێ سەمەرێکی نییە درەختی غەیر
ئەگەر بەبەردوپلار سەرچڵی بخەیتەخوار

درەختی مولکی دڵم میوە بێکی کاڵی هەیە
خودا بکا بەتەحەممول بگا بەسەبروقەرار

بەداغ وحەسرەت وغەم دەچمەحەلقەیی ماتەم
سەفایەکی نەبوسەعییم لەتەوفی کۆی نیگار

لەوەختی عالەمی ئەرواحەوەهەتا ئێستا
سەفەردەکەم نەگەیشتم بەمەنزڵی دڵدار

فیدای زیندەدڵانی تەریقی خوبانم
هەمیشە تازەدڵن وەک گوڵی هەمیشەبەهار

لەچەشمەساری مەعاریف کەسێ نەسیبی نەبێ
هەمیشەچاوی تەڕە، زاری وشکە ،لێوی بەبار

" حەریقی" ئاگری غەم سیخی عومرمی سوتاند
کەبابی سینە بەتاپوختەها تەمەجلیسی یار

* * *

دڵــــی غــەریــب

دەرچونی گــەڵێ مــوشکیلە ،دەرچونی قــەریبــە
ڕۆحــم، دڵــەکەم مــا وەبــەتەنیا ، وەرەبیبــە
قـــوربــا نی ویسـا لـت بم ئەوا کوشتمی هیجیرت
خـۆت وا ریـس وحـەقـدا رمی قـا تڵ کەرەقیبـە
خـۆت دیوتەلەنێومیسری مەلاحـەت چ غەریبـــی
سـا ، رەحمێ بەحـا ڵی دەڵەکەم،کە،کەغەریبـە
هـەر دوکەڵیزولفیوروخی ئـا رت سەبـەبە ، وا
ئـەشکم کەپەیـا پەی دێ، دەرونم بـەلـەهیبـە
رەببی بــەخەدەنگی غەمی دوری دڵــی کـون بێ
هـەرکەس لەنیگا هـت کەبەئا را م وشـــەکیبـــە
وا زەن مەبەگیا ن سەختوسەمەرگم کـەئـەمردم
ئـوممیـّـدی ویسـا لـتوەکـولـوقمـا نی تەبیبە
تا بوریموژەت چـەنـدەبەتەرتیب ونیـــزا مـــە
بـۆسـەف شکـەنی دڵ چ سوپا هێکــی مـەهیبــــە
وا لـەشکـری ئـا هم چووە سـەرکا فـری زوڵفـــت
گـەڕشا هی روختلێ بگـەڕێ سـەیری عـەجیبــە
بـۆموشکی خەتا چـوبەخـەتا کەوتەئەنێـوچیـــن
لـەو بۆنەوە هەرزوڵمەتەشـا می بەنـەسیبـــە
قوربا نی وجوو وئومـەنا ی شا هی روخـــتبـــم
هەریێکە لـەجێـی خۆی چ ئەمیرێکـی ئـەمینــە
ئەسکینی دڵت ها تووە ئۆخەی کـە " حـــەریقی "
یـا رتکەبەخوێنی جگەرتکەففـــی خـەزیبـــە

* * *

نیعمەتی وەسڵ

بەزا هیرگەرلەئەسابی سرووروسوری تۆدورم
بەشوکری نیعمەتی وەسڵت لەشاریدا موەسرورم

لەبوک وپێخەسووبەربوک وپۆپ چەرمک ،نەبوم ئەمما
دوعاگۆیی دەلیلەئەڵبەتە لەوزومرەمەحشورم

لەخەیمەی ساحێبی سەیف وقەڵەم وەزعی علیم چا بو
سەدای تەپڵی بەشارەت بو ،بەڵێ فەتحیم ومەنسورم

بەنەقدی گەرحەیاتی عاریەت قابیل بەتەقدیمە
نیساری فەرموتا بیڵێم شکوربۆپا رەمەنزورم

لەسۆزی سینەیی عودمەجمەری بەزمی موحیببا نم
لەگەڵ ئەفسوردەییش بۆگەرمی مەجلیس ئاگری سورم

وجودم گەرخەرابە ،رەنجەدڵ ، هەرمەخزەنی گەنجە
بۆسەیرانیش لەلای ئەهلی دەرون ئابادومەعمورم

قوتابی نیم لەهەوڵی نان وشەکرولوقمەقازی بم
لەئەهلی تایبی تەحسیل وزیکروویردی مەشورم

لەدەعوادا یەدی بەیزاوعەسای موسات لەدەستابو
ئیجازەی ماری خۆشت پێ نەما فەرموتە مەسحورم

* * *

دەردی گـــرا ن

بـــەشـی نا سینی نا مەردی لـەکەس دا مەردی نا بینم
لـەلایـکی کەڕوگەرمی نـەبێ دڵ سەردی نا بینـــم
چ ڕوسپیەک بەڕوسوری لـەبۆتەی ئیمتیحا ن دورچـو
درۆنا کەم بەوەجهی را ستی ڕوزەردی نـــا بینم
لـەکەندورەندی عا لـەمقەت مەپرسەگەرخیرەدمەندی
خـــودا هەڵـنا گرێ ڕەندم نەدیوەکەندی نا بینـــم
لـەکەس وردیم نـەدیوەتا درشتی پێ نما یا ن بـــێ
کەسێ برۆیش دەکا ولاتی دەقیقەوردی نـــا بینـم
گەلێ کەس دەستی چا دەروا وەکوچا ئا بڕوی ڕویـــی
بەڵام بۆدین وەکودونیا بەدەست وبردی نا بینم
ئەوەی عا ریف بودەیزا نی ئەمن چمدەکوت ولام‌با شە
دەڵێم زا هیدبەدا را چێ ئەمن وەک بەردی‌نابینم
" حەریق" دەردی گرا نەدەردی بێ ها ودەردیەتی‌وا
لـەها ودەردێ گەڕا وم‌حەیفێ‌هیچ‌هاوەردێ نا بینم

* * *

موحتاجەبەمەودایی دەمی تیغی بڕۆت دڵ
بیبێ لەملم شەرت بێ کەئایمەتبێ ئێستێ
ئەغیارو رەقیب شادو ئەمن هەمدەمی قەریاد
یا رەببی خودا کەی بێ کەوەختی هەلی من بێ؟
زۆرم دەکوت ئەی دڵ مەبەسەرکەس لەخزوری
زۆرموستەحەقی خۆبری، دەبا واتە بەسەربێ
تۆبنی وسەری خۆت عەبدێکی زۆرچاکە "حەریقی"
ئازادی مەکەئاخری بۆتۆبەعەمەل دێ

* * *

وردو هەراش

عالەمێکە پڕشەڕوشۆڕونیزاع وشیرتیهاش
ڕۆژگارێکە سەراسەرمیحنەت وپڕئیفتیشاش
کەس نییە بۆئیستراحەت سەربنێتەسەرسەرین
کەس نییە ئاسودەبێ پالوی لەخاری ئیفتراش
تالبی ئیمساکی دەرخست ڕوبەڕوها توتەپێش
ساحێبی عیرفان ودانیش سەربەزانوچۆتەپاش
بوسلوکی ڕێی مەعاریف پالەوانیش ناتەوان
بۆتەریقی جەزبی جیفەوەک یەکەوردوهەراش
نان وئاوی ئەهلی دڵ هەرغوسسەیەوخۆێنیجگەر
دەستی بەردا وەلەعورزەتالبی نانی بەلاش
هەرکەسێ دانگێ شعوری بێ شەعیرێکی هەیە
ئەبلەبێ‌دەنگ بۆتەساحێب مڵکی‌شەش‌دانگومەعاش
گەربەتێلاوزۆرنەبێ رۆزی وەدەس کەس ناکەوێ
شاهیدەبۆمودەعایەحوکمی‌قازی و..........

دین بەزا بیع چومەگەربۆی رێک کەوێ پیا ونا گەها ن
وەک کەلیمولڵاخودا کردیە دەلیلی سەنگ تراش
نەک وەکوقا زی زەروری ووەک مەلای نا خوێندەوا ر
یا خەلیفە کۆلەتاش ومورشیدی خۆهەلتراش
یا وە کومن بەخت،تالیع یا وەرویا رم نەبو
جێی موتا ڵاونۆرەدەرسمبۆبەدەورەی نۆبەشاش
وەک شەرەستوبم ،جیها نگیرم سکەندەربێ ،نیە
جا رێ "با با " یەرفیقم بێ وەکو وێڵدا شیبا ش

شا ما لی رەقیب

موعتا دی فەلەک دا بیمەهەرجەوروجەفا یە
خۆخا سەلەگەڵ ئەهلی زەکا یا ن بێ وەفا یە
یا رەبی رەقیب توشی بەڵاودەردوغەمێ بێ
بەدودەردەبنا ڵێنێ هەتا رۆژی جەزا یە
بەوریشە وەشێستا کەڕەئیسێکەلەلای خۆی
تەزکیری کەتەزویرە،لەسە دا می خەتا یە
بۆما چی دە می سا ڵێکە سوفی لەڕەهن دا
ئیما نی بەخت کردوشکورما چی نەدا یە
زا هیدمەکەمەنعم کەدەکەم وەسفی گوڵیخۆم
گوڵ غونچەیی من لاییقەموشتەق لەسەنایە
هەرچەندەبەسین تفلی ،شکورعا قلی قوربا ن
تێی هەلدەبەشەق ئەوکەرەهەرعەینی بەلایە
هەرشوکری خودا بێنەبەجێ تۆکە "حەریقی"
ئەما لی رەقیبت کەهەموجەوروجەفا یە

* * *

دوكانی حوسن

بەقوربان ئێستە هیجرانت دەناسم
کەناری فیرقەتت بۆتە لیباسم
بەبێ دوکانی حوسنت موددەتێکە
لەبازاری رەواجا من کەسا سم
موشەووەش بووەکوکاکۆڵەکەی تۆ
لەفونەشری خەیالاتی قیاسم
بەئشابوری بلوکی نوکی موژگان
شکاتەرتیب ونیزامی حەواسم
بەتیرێکت کەجەرگت پارەکردم
مەکەبەوبارە هەرمن بوخەلاسم
کە خاڵی لەعلی لێوت رەهبەرم بێ
لەخدری زیندەنابێ ئیلتیماسم
کەشکا بەمگوڵی ڕوی لالەرەنگت
ئەوا موحتاجی ڕوی لالە عەباسم
لەبەرتەعنەی عەوا مئەندێشەناکەم
کەمن عاشق بەگوڵ غونچەیخەواسم
بەشەمعی جەمعی روخسارت "جەریقم"
نەسیمی ئیلتیفاتی تۆ دەناسم

* * *

شیعری ئاوادار

بێینە سەرباسی نیگاری گوڵ عوزار

شۆخ وشەنگ ولالە ڕەنگ وچاخومار

چاوی مەخموری کەهەڵ بێنێ بەناز

دڵ لەلای نامێنێ ئارام وقەرار

پەرچەم وکاکۆڵی داوی دین ودڵ

گۆشەیی چاوی فریوی رۆژگار

دڵبەرو خورسەندوشیرین ولەتیف

نیم نیگاهی شیبهی ئاهۆیی تەتار

لێوی لەعلی وا دڵی خستۆمەخۆین

جۆگەلەی خوێنین لەدیدەمدێتەخوار

رۆژوشەو هەردومونافین پێکەوە

یاری من جەمعەلەلای لەیل ونەهار

سینەپڕسۆزە بەڕوی ناریني نار

وەک تەنوری پڕلەسۆزوپەشەڕار

تەرفی ئەم شارەچ خۆشە بۆبەهار

لایێ گوڵ غونچەلەلایێ لالەزار

بێ وەفایی هەرلەبۆیارمایەوە

ئاخری هەربێ وەفایی کردەکار

کەس وەکومن بێ بەش ومەئیوس نییە

باغ وەکومن زەردنییەوا بێ ژومار

ئافەرین بۆتەبعی سافت ئەی "حەریق"

بێ غەڵ وغەش ئێژی شیعری ئاودار

* * *

باغی خەیاڵ

کەقەتلی خوێنی من زوڵفی کەچی کرد
ئیبە داخم ئیترزوڵفی کە، چی کرد
خەیاڵم کرد لەباغی خاڵی فەرموی
هەتیولاچۆ خەیاڵی خۆت لەچی کرد؟
لەخزمەت ئاسمانی حوسنی ڕوی تۆ
سەماکەوتەسەماگەردن کەچی کرد
بەتیری غەمزەجەرگت پارەکردم
تەماشای تیری موژگانت کەچی کرد
ئەگەروەسفت بە" ما هذا بَشَرْ" کەم
پەشیمانم دەڵێم وەسفم بەچی کرد؟
خەیالاتی شەوورۆژم لەشام و
نەهارو زوڵف و ڕوی تۆبو هەچی کرد
" حەریق" سینەی کەپردوخانیغەمبو
لەداغی" ئەحمەدی دوخانەچی "کرد

* * *

مرواری سرشک

وەکوکاکۆڵی سەرشانی عەزیزم
پەراکەندەوپەرێشانی عەزیزم
دوچاوم پڕلەمرواری سرشکە
لەبۆلەعلی بەدەخشانی عەزیزم
لەتەندوری دڵم بۆی وەک تەنورە
جگەر سوتاوی هیجرانیعەزیزم

هەموورۆژێ لەبۆتەسلیمی ڕۆحم
وەکو قوربانی قوربانی عەزیزم
مەڵێن کوشتەی خەدەنگەیا نەخەنجەر
شەهیدی تیری موژگانی عەزیزم
بەدا بیم مەست و مەخموورە لەبادەی
پێیالەی چاوی فەتتانی عەزیزم
لەفەننی دڵبەری یو دڵ روبایی
نییە ئەمسال وئەقرانی عەزیزم
هیلالی نەو، نەحیفی گۆشەگیرە
لەحەسرەت ماهی تابانی عەزیزم
وەکو شاهی جیهانم تا "حەریقی"
گەدای دەرسالی دەربانی عەزیزم

* * *

چامەکان

دڵبەری فکـــــــر

قەمەرکـەوتۆتەمیزانی خەیاڵم‌موشتەری با بـێ
لەعیقدی نەزمونەسرم‌تالیبی عیقدی سورەییا بێ
جەماڵی دڵبەری فکرم‌لەخەڵوەت دا بوتا ئێستـــا
بـــلا با دڵبەرئا را بێ،قەبوڵی ئـەهلـی ئا را بێ
لـــەدوکانی خەیاڵم بۆعروسی دڵ غـەزەل دێنم
گرانجانی بەکارنا یەکەسێ سەودای لەسەردا بێ
لەموژدەی نەوبەهاروغولـغولی بولـبول لەدەوری گوڵ
وەکوقومریدەبێ تۆقی‌وەفای سەروملەمـل دا بـێ
نەفەس دەم ،دیدەپڕئا ووسەما وەرسینەجەرگ ئا تەش
کەلامم‌قەندەگەرسا قی‌لەگەڵ من‌ئا روزوی چـا بێ
سەرمەستوروسینەسازوشەشکەمتا رەبـەوشـەرتـــە
بـدا سا قی مەیی نا بێ بڵێ‌موتریب بڵـێـێ نا بێ
لەدا مێنی خەیاڵمدا مەنی گوڵ بچنەئەی شا هیـد
بەشەرتێ شاهی"شەمسەددین"لەدڵما جیلـوەئا را بێ
لەگەرمی لوتفی"مەولاوە "نییەسەردی‌لـەمەولاوە
بەسەرما رۆییوەسـەرما ،نییەباکم بەسەرما بێ
خەڵاتی شا هی نەورۆزی‌نیشانەی ئا تەش ئەفرۆزی
نەسیم‌هێنا ی بەدڵسۆزی دڵێی سۆزی جەفـا نا بێ
رەئیسەهەوروتۆپچی رەعدوتۆپ بەرق ونیزام‌باران
نەسیم‌پێشرەو ،تەلیعەتەرزە ،فـەرزا شی‌دەبێ‌بابێ
شەماڵ سەرتیپی تەرتیبی غولاما نەی غـولاما نـە
جنوبی یا وەری فەوجی شەدەودەسمـاڵی والابـێ

بەڵەک بوکێووسەحرا وەک دەڵەک خۆی دزیەوەزستا ن
زەییستان ئیتتیفاقە ن چون بەری خست هێزی پێی با بێ
لەدەنگی رەعدورەنگی بەرق ونالەی هەوروگرمەی با
کە ڕوکوێربەفری ئابیین مەرهەنا سەسەردی پێمابێ
لەشەوقی گوڵ، لەزەوقی مول، عەجەب سەرخۆشن ئەهلی دڵ
دەوێژن تایفەی خوبا نەمەگەرجەننەت بەدنیا بێ
حەجەرهەروەک شەجەرنا تیق بەسڕڕی قودرەتی حەق بــو
کەسێ حاڵی ببێ حاڵی دەبێ گەرئەهلی بینا بێ
ئیشا نەی نیعمەتی عوقبا لەدنیـا دا هووەیـدا بــو
کەسێ با وەربەمن نا کا لەڕەنگی سەوزەجویا بێ
عەتا ی موتلەق بەغەیری خالیقی حەق بۆدرەختی ڕەق
بەکێ دەکرێ هەموساڵێ شکۆفەی سەبزی پێدا بێ ؟
ئەبا تا تی زەمین ئەوخێزوجا می کەیفی گوڵ لەبـریز
لەخەوبێدا ربونەرگس ها ت بەخێربێ ما ڵی ئاوابێ
بەعەزمی دە ست بۆسی دەدستەدەستەها تەخزمەت شــا
هەموەمخوری ئیسبەت وەک کەسێ سەرمەستی سەهبا بێ
وەئەوشەبۆ غولامی خاڵی خوبا ن گەردنی کـەچ کـــــرد
بەوەجهەوەجهی وەک موئمین لەبەسوجدە بەسیمابێ
سەفینەی فیکرەتم ڕۆچو دەفینەی حیکمەتی ئوش بــــو
سەلەفحیرزی خەلەفهەر وەک سەدەف بودور موهەییا بێ
نمونەی ئینقیا دوسەرکەشی بـۆسەردی وگــەرمـــــــی
کەموخلیس حاڵی گەرم و مونکیریش دڵ سەردە تاما بێ
" سیردا جەددین"بەنوری حەق بەهەرشەخسێ بەها ی دا بێ
بەشەمسی ڕوی"حیسا مەددین"وەفا کا بێ"زیبا ئابێ

بەسەرخاکی وجودی تالیبان ئیکسیری ئەلتافت
مسی قەلبی قەلب خالیس دەکا گەرعەکسی تێدا بێ

(لەدیبا چەی کتێبی حوسنی عالەم هەروەرەق لادەم
دەبینم مەبحەسی وەسفت لەهەرفەسل ولەهەربابێ)

لەگەڵ نەفسی یەزیدوەک پا یەزیدەهەردڵێ بۆتۆ
موتیع وئەهل ودا نابێ،سەری تەسلیمی دا نابێ

بەنەحوی سەرفی دڵ تا زولفەقارت گرتەنێوچەنگت
وەکو"حەیدەر"لەفەتحی خەیبەرا شمشیری کێشا بێ

بەعیشقی شای "سیراجەددین"وشەوقی "بولوەفا "جانا
کەرەم فەرمووە کودتێژن نەزا نستم بەزا نابێ

"حەریقی"ڕیشتەیی جانت فتیلەی شەمعی جانانە
لەبەزمی پیری مەیخا نەکزەی دڵ بێ مەزەنابێ

* * *

هەودا یەکی خاو

بەنی ئادەمخودا وای کردووە رۆژێکی ئاماوە
سەرا سەرعومری سەرفی بەرف ونەحوی زەرفی "تاماوە"
مەداری تولی ئومێدم خەیاڵی گەردن وزوڵفە
بەڵێ سەوداسەری عاشق لەسەرهەوداییەکی خاوە
بەساتی پەرچەمی ئاشوفتەسەرگوردان و زوڵفیدە
بەمیسلی زوڵفی سونبول دڵ هەمیشەحاڵی شێواوە
هەوای نافەی غەزاڵەی ڕێی خوتەن توشی خەتای کردم
بەیادی میشکی زوڵفی ڕوملە "چینی" پەرچەمی ناوە
چرا غی عومری عاشق بای فەنای هیجرانی لەهەلبو
لەفانوسی "ئەدەب" دا حیفزی کەیەک دونەفەس ماوە
دەمێکەچاوەڕێی سورمەی غوباری مەقدەمی یارم
لەکوێ خوبانەوەئەمڕۆنەسیم تۆزێکی هێناوە
کتێبی عیشقی مەجنون ئایەتی روخساری لەیلایە
لەسوڕەی یوسفا دەرسی جنونی ئێمەنوسراوە
سەرم کاسی شەرابی سوحبەتی کاسەی‌دڵی غەیرە
لەدەردی دوردی ئەمجامەپەنامبۆساقی هێناوە
کەسێ فیبرەت بڵندبێ بۆ رەواجی سککەیی دینی
خەراجی میسری قەلبی خۆی بەحوسنی "یۆسفی" داوە
لەسەرسەودای قوماری شاهی خوبان "پیری بورهانی"
بەچەوگانی ئیرادەت گۆی سەرم بۆبازی داناوە
نمای رۆح وحەیاتی من بەجیلوەی ساقی یەباقی
نەوەک وەک سپلەبۆ سفرەلەدوی نان، چاوی بڕاوە

بەقوربانت بمئەی پیری خەراباتی جیهان ئاباد
بەشا هیدبەکەوا رۆحملەرەهنی قوربی تۆنا وە
شەهی مُلکی یەقین شاهەنشەهی دین پیری باتەمکین
رەئیسی ئەولیبا رەحمێ هەتا دڵ ریێ نەبە سراوە
لەدا رول حوزنیمیحنەت ناجی یەوەک پیری کەنعانی
بەبۆی پیراهەنی یۆسف کەسێ چاوی هەڵێنا وە
حوزوری تۆبەهەشتە شادەم دڵ وئەهلی حەسەد شەیتان
بەبۆی دانەی تەمەعکێشا ویەنا ودا وی دونیا وە
ئەرابی سوحبەتت ئیکسیری خاکی مەعدەنی رۆحـــــە
لەکارخانەی سەعادەت لوقمەیی لوقمانیهێناوە
عەدوبا هەروەکوعەقرەب بەکلکی نێشی خۆی دانـێ
شوکرتۆزێ حەیای بووا بەچاویا دیا رەدا بنـاوە
هەتاگوێی پێوەبومونکیرلەزەلکاوی حەسـا دەت دا
هەزارێ کلکی بگرێ کەڵکی ناگرێ تا زەخنکاوە
وەکوپەروانەبۆشەمعی جەمالی تۆ "حەریق" ئەمشەو
چرای شۆقی بەکبریتی تەبیعەت خۆش هەڵایسا وە

* * *

عیشقی حەقیقی

عیشقت کەحەقیقی بێ تالیب مەبە ئیللا کوڕ

هەم حەزرەتی لەولا کوڕ، هەم یۆسفی والا، کوڕ

ئەونورەکە مەنشەء بو، بۆعاشقی مەبدەء بو

تێکفرەلەئەونورەمەعلوم وهووەیندا، کوڕ

عیشقێ کەبەقووەت بێ مایل بەمرووەت بێ

نەمدیوەکەتالیب بێ ئیللا کەتەڵەب کا، کوڕ

عیشقێ کەبەغەوغا بووەک عیشقی زولەیخا بو

سەرگەشتەووریسوابو بۆیوسفی والا، کوڕ

شیرین کەشەکەرڕێزبو، بۆکێ بودڵ ئاوێزبو

بۆخوسرەوی پەروێزبو، فەرهادی هەوا خوا، کوڕ

کچ مایلی والایە وەک دامی بەڵا وایە

کوڕ وەک کوڕی شا وایە بی خەوف و موحابا، کوڕ

کچ تەبعی کەچ ونا قیس، کورتەبعی تەروخالیس

هەمسوحبەت وهەمجالیس خۆش مەنزوروسیما، کوڕ

کچ زوڵفی پەرێشانە، کوڕپەرچەمی ئەفشانە

کاکۆڵی بەجەمعیەت هەم شانی کچە، یا، کوڕ

کچ ساحێبی لەرزانە، کوڕمەردە لەمەیدانە

کوڕهەمدەمی ئینسانە، خۆش مەشرەب وگۆیا، کوڕ

هەرکەس بەتەبیعەت بێ، ئەربابی مرووەت بێ

لەم نوقتەتەماشاکا، خانمکچ وئاغا، کوڕ

قامەتەکەوەکونەی بێ، کێ دیویەلەگەڵ بەی بێ

ئەمنیسبەتی ئەخلاقە دەرحەق بەکچە، یا، کوڕ

سەدحەیفێ کەتۆ " نالی"بەمپیری بەمندالی

ئەم تەرزەلەعیشقئەدوێی،زیباکچ ودیبا ،کور
موێی کەلەڕوی کوڕێ، رێحا نەیێ نێوباغە

سەدجەرگی لەبۆدا غە ،ساحێب خەت وئینشا ،کور
بۆخەڵوەتی تەنیا بیفیلوا قیعەکچ چاکە

ئەمما کەلەعیشق بدوێی،ئەدناکچ وئەعلا ،کور
بۆخەڵوەتی تەنیاکچ بۆ بەزمی تەماشا ، کور

بۆفاسقی ریسواکچ ،بۆعاشقی سەودا ،کور
کچ وەختێ شکاسەددی، نامێنێ چ سەرحەددی

نەقسی نییەتی عەددی، مەحفوز وموبەررا،کور
لەم تەبعی کەچەلادە ، عومرت هەموبەربا دە

خۆی ساقی بوچاوبادە ، مەزبوت وموهەییا، کور
ئەمعیشقە مەجازاتە ، ئەنجامی موجازاتە

غەوواسی حەقیقەت بە ،دوڕدا نەیی دەریا ،کور
هەرعیشقێ حەقیقی بێ،وەک عیشقی "حەریقی" بێ

مەیلی بەدەقیقی بێ،بۆمەعریفەتوڵڵا، کور

* * *

مەدینەی شەمەل

تاریکەدڵم ڕەوشەنیی شەمسی هیدایەت
نوقتەی دڵەکەم مەبدەئی هاتۆتەنیهایەت
ڕۆژم وەکو شەوە وا بەبێ شەمعی جەماڵت
سوبحی ئەمەلم چاوەنووا ڕەلەعنیایەت
نامەی عەمەلم ڕۆڕەشە، وەک سەفحەیی قەلبم
غەیری ڕەشی ڕەنگی نییە خۆش حاڵ وحیکایەت
ئاهێکی جگەرسۆزو نیگاهێکی دڵئەفروز
باپێ لەتەرەف تۆوە بەتەئسیروسیرایەت
بەرقی بەرقی دوژمنی دین، مونکیری بەدبین
کەی دێتەسەر خەرمەنی هەستیم بەڕیعایەت
عیسیان بەئیزاعەی دڵ ونیسیان بەئیتاعەت
وەک جوتەبرا سوحبەتییان گەیرەتەغایەت
"سەیید" سەنەدە، شاهیدی "ساڵ دیقمە" محەممەد
بێ سەیقەلی تۆدڵ نییەتی دەرک ودیرایەت
ئەی پادشەهی مڵکی ویلایەت بەعەدالەت
مەزلومی شەڕی نەفسم وها تومەشکایەت
کەوتومەتەژێر دەستی شەیاتینی نفووسم
دەستێ بدەرە دەستی شکەستم بەعینایەت
قوربان بەفیدای قاپی سەگی قاپی یەکەتبم
وەبزانە سەگم ڕا مکرەبۆحیفزوحیمایەت
وەک تازی لەدوی سەیدەوەمن دەبمەتوفەیلی
بەو شەرتەکەوا پەس نیگەریت بێ بەعینایەت

حەیفە سەگی قاپیەت لەزیبا نابێ زمانی

بێ باکم ئەگەرنا لەهەزار جورم وجینایەت

بێ تۆشەم وها تومەئەدەرمالی کەریمان

هەرجارەبەبێ تۆشە دەچن ئەهلی ویلایەت

" بورهان" وەکو" کەنعان" و"ئەرەفکەند"کەمیسربو

کردت بەمەدینەئەمەل وکەعبەیی غایەت

هەم شەمسی بەئیسنادی وهەمقوتبی بەئیرشاد

ئەو خەرقەبەسەبونەزەری ئەهلی کیفایەت

هەمحازروهەمغاییب وهەمجەمع وپەرێشان

ئەم جەمعەنەقیزەنیەلەتۆبوبەریوایەت

بۆبەحسی سفاتت چ جەلالی چ جەمالی

هەرعەقڵێ کەکول بوهەموکول بولەبیدایەت

سەدهەروەکو" مەنسور" وهەزاری وەکو" شبلی"

جارِوکەشی دەرکن بەهەوای دەرک ودیرایەت

سەردانێ لەمەیدانی مریدانی " حەریقی"

بۆگوێی ئەقێن چاکەخۆشت کوت بەکینایەت

* * *

خــزری رێگــــە

ئـەی خـزری ڕەهی زوڵمەتـی نێوئاوی حەیاتم
بـێ شەمسی ڕوخت ساکینی قەعری زوڵـومـاتم
ئەفسوردەیی سـەرمایی حوزووزو شـەهەواتـــم
ڕنجیـدەووئازوردەیی دەستـــی خـەتـــەراتم
دڵ بۆتەپییــادە جلەوی ئەسپـی هـەنـاســم
بـــۆدەوری ڕوخی شاهی جیهـان بەیدەقـیماتم
هەرچـەند کەهەڵاتم وەکوبـومشومـی وڵاتـــم
هـەرچاوەنووارِی کـەرەمـــی پیـــری هیراتم
گــەرچی وەکوسەردەفتـەر وسالاری عـوســاتـم
لــەم خاکی دەری ڕەحمەتە مەئمولـەنـەجاتم
قوربـانی سەگت بم شـەهی مەیـدانی هیدایەت
وەک سالـیکی بێ مەسلـەکـی ڕێی هاتونەهاتم
زەنگی خەتەرووەسوەسەواقـەلـبی قەلـبکـــرد
هـەرمـونتـەزیـری گۆشـەیی میرئاتیجـەلاتـم
حـەیران وسەراسیمە وەکوبولبـولـی بـــێ گـوڵ
ئاشـوفتـەووگیـرۆدەیی خـاری وکـەنـاتـم
تەعمیری دڵـی باغی لەباغ چاتـرەقـــوربـان
لـەم چاوەمنیش مونتـەزیری مـاشـی فـوراتم
تـامـەتلـەعی کەنعانی بە نێوچاهی زەمیـــرم
سەنگیس بەسەعادەت بۆتەرازویـــــی نیشـــاتم
بــۆدیـدەیی یەعقوبـی خیـرەدیـەک نـەزەرێتۆ
خـاسیـەتـی پیــراهەنی کـردوەبەخـەلاتـم

زانیوم مەکە سوئی ئەدەبە شیکوە لە ئەواڵ
چبکەم دەسەڵاتم نییە بێ سەبرو سوباتم

تۆ "شەمس" و منیش زەررەیی بێ خیلوە بە قوربان
نیسبەت هەیە عەیبی چییە جۆیایی بەراتم؟

با وەسفی هەموزیللەت و ئەحواڵی ڕەزیلم
چون مونکیری تۆنیم وەکو سوڵتانی وڵاتم

بە مەتەبلەیی عەتتاری خەیاڵاتە "حەریقی"
هەربانگ کەوەرە موشتەری بۆ شەهدو نەباتم

* * *

عەسری خەزەف

ئەی تۆبەلەدەس رۆژی فیراق وشەوی هیجران
وەی ڕولەهەرا و کەشمەکەشی ساعەتی حیرمان

هەرخۆزگەبەپارم لەفیراقی غەمی یارم
هەرچاوەنوارم لەنیگای دیدەغەزەلان

جاران بوکە، کەمالم دەچوباقی بو "کەمالم"
ئەم جارەبەجارێ سەرومالم چوبە تالان

تاسونبولی زوڵفت بووە پەرژینی گوڵی ڕوت
ئەمدیوەلەدوڕیشەوەعیشوەی خەت وخالان

بۆسەبزەیی ئەوخێزی خەتی لالەڕوخسانم
هەوری خەفەتم حازرە بۆدیدەیی گریان

غونچەی ئەمەلم چونکەنەپشکوتووەئەمساڵ
بولبول بەدڵم دێژێ کەسەد خۆزگەبەسالان

تۆتاری سەری زوڵف ومنیش ئەشکی بەحەسرەت
خۆش دین لەیەک ئەوڕیشتەوئەودا نەیی‌مەرجان

قەترەی عەرەقی شەونمی بەرگی گوڵی ڕوتبو
وەمزانی کەمەرجانەلەسەرلەعلی بەدەخشان

تاڕیشتەیی زوڵفت بووەدامی دڵی مەیلم
مەجنونی دوجەیلم لەهەموقەومێ هەراسان

جەرگم‌بەدەمی تیغی بڕۆت بێرە بەشەرتێ
بدرویەتەلی زوڵف وبەتای سوزەنی موژگان

لەوچاکەکەوا دیومەکەواچاکی دوگیرفان
گیرفانی دەرونم‌بەخەیاڵ پڕبولەعیرفان

دڵ بۆیه سەوادی بووەوە زولـــەخـەتـی تـــۆ
مـنـدا ڵ بــوکــەفیـێــربولـەخەتی لەوحەییچا نا ن
تا ئا یەتی حوسنی لـەخەتی مەسحەفی ڕوت خوێند
سا حێبی سەوا دوخەتەئنا نیق بـــوبــەقـــوڕئـا ن
تەشریحی خـەیاڵی فەلەکول شەعزەمی وەجهـت
تـەسـویری بـە بێ گوێ زەقەنت نا یەتەویجدا ن
خاڵت لـەڕوخت نوقتەیەبـۆمـەرکـەزی عـا لــەم
زولفی وەکوقـەترەت بەکـەشش هـــا تنەجـــەولان
بـۆمـەتلـەعی بورجی قەمەر وشەمسی جەماڵـــت
کـەوتومەرەسەدخا نەیی نێوچـا هی زەنەخـــدا ن
وەک مەنعی منی کردلـەتەوافی حەرەمـــی ڕوت
سـا ،ڕەببی لـەئیما نـی کـەسـەردا ری لـەئیما ن
با زا ری جەهل گەرم وهونەر سەردە ڕەوا جــــی
عەسری خەزەفەحەیفەگوهەربێنییە مـــەیـــدا ن
هەییەک پەلی فرزەندێ دەژی شیعری "حەریقی"
تۆبۆچی لـەکیس خۆتی دەدەی مـوشتـەری نا دا ن

* * *

کەوای غەزەل

تاڵ وشیرینی زەمانە بەمەزاقت نابێ
چا نییەساقی بدابا دەوتۆبڵێتێ نابێ

بەزوخاڵی جگەرو دودکەشی ئاهی سینەت
هەربەجۆشی دەبوچا بێت ودەمی کێشابێ

ساقی جامی کەرەموەدەوری عەتای شیرینە
بابەتاڵیشی بدا ،ڕوٚح لەسەلات بێجابێ

پیری مەیخانەدەڵێ نەزم ومەقامت ئەمەبێ
هەرکەسێدوردی نەبێ ساف وکەوا رانابێ

نەخشی نامەی قەڵەمی قودرەتی ئیبداعی وجود
زشتی تێدا نییەگەرتۆ نەزەرت زیبابێ

بەکەمەندی غەمی دونیاکەسێ خۆی پێچابێ
موتڵەقی قەیدی تەکالیفەکەخۆی پێ چابێ

جیلوەیی ساقی یونەشئەی مەی ولەهجەیموتریب
فەرحی مەجلیسە تاجامی ئەدەب نەڕژابێ

سەرخۆشی چاوی ئەوی مەکرەلەسرکەی ئەبرۆی
قەندی لێوی مەزەیەمەشرەبی تۆگەرچابێ

من لەبەرچاوی کوتم بۆمەزە چابولێوت
ئەودەڵێ جامی مەیە ، چانییەبۆتۆنابێ

بێ نەواکەی بەسەدای کردوکوتی گۆیابێ
بەرەزای پیری موغان موتریب ئەگەر گۆیابێ

ئەوی خامی ئەمەعەکەوتۆتەحالی جاوی
چۆن لەبەرریس وگوریسی لەغەزەل جۆیابێ

حیکمەتەشیعری من ودەوڵــەتی ئەهلــی ئیمساک
وەک تەلەسمێکەکەرِیی مەسرەفی بۆ نەشکا بــێ
گــەرچی دەردی سەری بەتولی کەلامــی خــەڵکــی
من" کەوا " .بێ غەزەلم چاکــە کەسەرتا پا بێ
بۆکەسێ چاکە سەفینەی غەزەلی بەحری "حەریق"
گەوهەری ئەشکی هەمو رِەشکی دڵــــی دەریا بێ

* * *

بێ وەفایی گوڵ

عیلاجی دەردی بێ دەرمانی من هەرلوتفیجانانە
بەڵێ ئەوخۆی حەکیمەلوتفەکەی دەرمانیدەردانە
مەلول وزاروبیمارم بەسەدعیللەت گرفتارم
خودا رەحمێ بەحامکە،کەعەیشمعەینی نوقسانە
عەجاییب مەجمەری سینەمبەسوزوتابش وتابە
وەکوقومری دەناڵێنێ دڵەی مەحزون ودیوانە
لەلای خۆمتەبعی عالیمبو،لەلایخۆمفکری"ناڵیم"بو
ئەمێستا شیعری بێ مەعنامدەڵێیوەکجیسمیبێجانە
لەلام بێ ساقیی سادەکەپێی بێ ساغری بادە
کەگۆشەی چاوەکەی بادا دڵم دینێتەجولانە
کووانێ موتریبی خۆشگو ، کووانێ ساقیی دڵجۆ
بەبێ نەینەزمەکەمستە،بەبێمەیدڵکەحەیرانە
دەناڵێنم وەکوبولبول لەداغی بێ وەفایی گوڵ
رەوانەنەزمی وەک دوڵدوڵ وەلێخاترپەرێشانە
بەمەجموعی وەرەساقی بنیشین پێکەوەساتێ
دڵی زارم پەرێشانەوەکوزوڵفتکەپەخشانە
وەکوشەعری لەف ونەشرت هەموشیعرمموشەووەش بون
هەتابێمودۆستێ شیعرێ بڵێم بۆئەمجانابانە
دڵا تاکەی بەبێ هۆشی دەنۆشی مەی بەخامۆشی
لەگۆشەی غەم. هەڵستەوەختی سەیرانیخەیابانە
عەجاییب مەدرەسەی ئێمەیەبەزمورەزموشاهەنگە
ئیلاهی بەرقەراری کەی تۆئەمبەزمی فەقێیانە

جەنابی زاتی" مەولانا "فەریدی‌دەهرە ماشەڵڵا

وەحیدی عەسرە لەم عەسرە بە عەینی عەینی‌نوعمانە

لەهەیئەت دا ، لەحیکمەت دا ،لەئادابی تەریقەت دا

لەئەحکامی شەریعەت دا ،لەمەنتیق دادورِئەفشانە

جەنابی ئەمزهوری بو ، زەهاوی ناویش ون بـــو

نەزیروشیبهی"مەعدومە "میسالی غەیرە ئیمکانــە

زبانی من کلیلە بۆکلیلی بابی ئەم مەدحـــە

ئەگەرچی فیلمەسا ڵ فەتتاحی‌بابی‌علیم‌وعیرفانە

"حەریقی"شیعرەکانی تۆهەمووەک مورغی بێ باڵن

لەعیشقا باڵیان سوتا بەمیسلی باڵی پەروانــە

* * *

چاوەڕێی مـــوژدە

چاوەڕێی موژدەی نەسیمم تالەگوڵشەن دێتەوە
بەڵکەفەرمایش بکاگوڵ،بولبولم باپێتەوە
واوەعیدی بەفری زستانی فیراقت کەوتنەدڵ
مەربەبایوەعدەیوسیاڵت کێوی دڵ ڕەش بێتەوە
میروەحەی زوڵفت لەدەوری ژاتەشی ڕوت بێ ،چلۆن
ئاگری‌عیشقت بەئاوی چاوی من دەکوژێتەوە ؟
سوچی زوڵفت بوکەپەروانەی دڵمڕوی کردەڕوت
ئاگری وەسڵی شەموپەروانەشەودەگرێتەوە
حەتت ومووری‌زوڵف وخاڵت حوججەتی مُڵکی دڵە
نەقشی ئەومۆرەبەئاوی "خوڕخوڕە" ناچێتەوە
دڵ لەترسی چاوەکەت ڕوی کردە میحرابی برۆت
ئێستەبیستومەلەچینی زوڵف جێی نابێتەوە
کێوی هیجرت ختەسەرشانی دڵمپێی ختووە
تانەگادەستی بەزوڵفت زەحمەتە هەستێتەوە
سەدکەرەت خستمەگێژومەهلەکەی بەحری فیراق
ئاخری موژگانی قولابت دەرمدێنێتەوە
مەزرەعەی میهرومەحەببەت ئوخمی وەسڵی شین نەکرد
گوڵ بەشادی دادەچێنمخاری غەم دەڕوێتەوە
خۆت دەزانی موددەتێکە گەردی پاماڵی جەفام
کەی وەکونەقشی قەدەمسەردێنمەژێرپێتەوە
دڵ ئەواکەوتۆتەزیندانی غەمت قوربانتم
تایەکی زوڵفت بنێرە بەڵکەبۆمدەربێتەوە

تـۆخودا تاکەی لەتاریکی شەوی هیجرانـی تـۆ
دەستەوئەژنودا بنشیم ،رەببی کەی رۆژبێتـەوە

بۆ شیشارەی حیکەتول عەینی شیفاتنا یێ شیفام
خۆت دەزانی زامی دوری سەختەخۆش نـا بێتەوە

فکری من چونکەدەقیقەعاشقی قەددی ئـەوە
مولەموگیـراوەچبکەملێنک جۆی نا بێتـەوە

زەخمی دڵ بێ مەرهەمی وەسڵی بەنا سۆرکەوتووە
ئەی"حەریق" باسی مەکەتۆخوا بلا نەکولێتـەوە

* * *

هـەزبـانی نـاسـازی

ئەی جەنابی سەییدی عالی نەسەبکەی ڕەهرەوێ

عـەرزەودەردی دەوام وبێ دەوام دێنێتـــەوێ

بـۆحـزوری پیری کامل عـاریفـی دانـایی راز

شەمسی ئەفلاکیهیدا یەت نەجمی ڕێیهەرشەبرەوێ

خۆمەسەلـلـەمگەرلەغاییب دەستی پیرکۆتـانییـە

کەی دەبێ دەستودڵی پیرێ لەبۆمن ڕێ کـەوێ

ڕۆژوشـەو غەرقی خەیـاڵمبێ ئەنیس وبێنەدیم

چاونەماوەتابڵێم قەت خەولەچاوم نـــاکەوێ

خەڵکی گەردە ستی برامن چاوی ڕێیدەستمبـــڕا

یەعنی چاومەبڕەلەدەست کەسزۆقیدەست وپێت نەوێ

گەرهەزا رپێ بێ وهەزا رچاوبێ بەقووەی بازوی

غەیری مەقسومی نەسیبیکەس وەدەستکەسناکەوێ

وەمدەزانی تۆلەخزمەت شێخ وقازی لیـــرەدا

مەلجەئەبۆموستەمەندی دەربەدەرلیـرەولەوێ

بۆقەزای حاجەتلەتەنگانەی زەروری بەوکەسێ

لێی بقەومێ ئێوەداڵدەن گەرزەروری هەڵکەوێ

ئێستەوەک زانیومەهەرکەس ڕولەداڵدەی ئێوەکـا

خەرمەنی هەستی بەباچوڕۆژێ سەداڵیـەی دەوێ

پارلـە "پشتەپ" واشەکی بودەفعی سەدوەهمیدەکرد

زەتنیئەوساڵ بەیەقین چوڕەفعی شەککیشولەوێ

پارو پێرا ربەحسی فیترەی بەردەسپاتیان دەکرد

بەقسەرا بردوقسەش مەعلوم زەکاتی نـــاکەوێ

تا "مەلاحوسێن" بوخەیالی پشکەڵێکملێ دەکرد

نەمدەزانی دەوڵەمەندبۆشیا کەرۆحی ناسرەوێ

ئێستەگەرموڵلامەمجیدسورباشەلەودەوروبەرە

وەک دەڵێن بێ دەوڵەتەئەوپشکەڵی ڕێناکەوێ

ڕەسمی ناسازیوەیەهەزبانی ناسازی هەیە

گەرلەبێ تامیلەتا مژۆیێ قسەت دڵ هەڵکووێ

سائیلی لامەزهەبی بێ ڕێ قسەی جێ دەکا

وەک ئەمیرفەرموی زبانی ببرەتا لەزبانکەوێ

نوقتەیی ئەک بۆبەبانیپشکەڵی موڵلاحوسێن

چونکەئیشکا لەبەئەمفەحوا بەکوشتی دەرکەوێ

* * *

لالەعوزاران

ئەم تا قمەشیرینەلەمەکتەب کەدیبیارن
جەلالادی دڵی عالەم وئاشوبی دیبارن

شیرین سەنەموِدڵبەروفەتتان وعەیارن
خاڵی لەخەلەل جوملەوەکونەقدی عەیارن

شۆخن ،هەموشەنگن ، هەموکوڵ ئاتەشی ڕەنگن
ئامادەیی جەنگن ،هەموسەییادی شکارن

ئاهورەوش ومەهوەش وشیرین حەرەکاتن
ناسک بەدەن وسیم تەن ولالەعوزارن

گاهێ دەبنە رەهزەنی ئیمان ودڵ ودین
گاهێ وەکوسوفی هەموما یل بەکەنارن

گاهێ دەنوێنن روخ وروناک دەکەن رۆژ
گاهی یەدو زولفەینی سیا وەک شەوی تارن

زولف وروخ و پەرچەم لەگەڵ ئەگریجەوکاکۆڵ
ئیعلانی حەرەبیا نەکەئیسلام وکوفارن

خاڵ وخەتی بێ حەد کەهەموجەمعەلەسەرخەد
وەک زەنگی لەگەڵ حور،ووەکیو زاغ وعوقارن

کێ حەددی هەیە تالیبی گەنجی روخیان بێ
یەک یەک کەهەموسا حێبی زولفی وەکومارن

مومتازی جیهانن هەموهەم مونتەخەبی شار
ئاغالە روبەگزادەو ئەسناف وکوبارن

وەختێ کەدەکن جیلوە لەمیدانی حوسن دا
وەک کەبکی خەرامان ووەک ئاهویی تەتارن

مەوزون ولەتیف وخۆش وخورسەندوسەعیـــدن
مـەتبوع ورەشیدن بـەشوسـول وبەویقارن
وەک موعجیـزەیی موستـەفەوی وا نە لە لای من
بـەولـەعلی نمەک ڕێـژەکەوا شەککەرئەبارن
هـەر ئەحمەدومەحمـودە. خەیاڵی شـــەو ڕۆژم
لەم مـەکتـەبی روشـدی یەکـەوا پڕلەنیگارن
هەرچـەنـدەکەسـوڵتانی جیهانن لەحوســـن دا
بۆشـری ڕەقیبم حەسەن و حوسینـــی هەژارن
بەم هەیئەتی دەرۆیشی بەرازیـم وڕەقیبـــان
دەستـم لـەیەخە ناکـەنەوە چەنـدە شـەڕارن
عـاریزبـولـە سەر عاریزیبان زوڵفی پەرێشـان
بـێ عەینی دەڵیی حاڵ ومەحەل لەیل ونەهارن
پەیـوەستەوەکـودەستەگوڵی باغی جینـا نـــن
وەک غونچەیی نەشکوفتەیی نـەورۆز وبـەهارن
ئەمما لـەگەڵ ئەم حوسنەنییە حوسنی وەفـا یـان
حـەیفـێ کەلـەسە رەنجی دڵی عـاشقـی زارن
پـارەی جگـەرم کردەکـەباب ومـەزە بـۆیـان
تـا دیـومـە کەوا ساحێبی دوچـاوی خـومارن
لەوحی دڵیـان سـا دەلـەمیهرولـەوەفـایـە
بێ میهرومەحەببەت هـەموبێ شـەرت وقـەرارن
هەرچـەندەکەبێ تالیع وبەدبـەختە " حـەریقی"
ئەشعـاری بەئیشعاری عەجەب پـڕلــە شیعارن

* * *

مەسنەوی یەکان
پیرەکەی بورهان

پیربوم وژیرنەبوم بۆتەجرەبەی کاران
باراني فرمێسکم باراند لەدوی یاران
سەر تا پام شین کرد بۆسەوزەی ڕوی گوڵزاری
ئاوی چاوم سوربو، بۆسەروی جۆباری
لەخەوی غەفڵەتا هاتمەوە بێداری
دیسان واچومەسەر شیوەن وسەرزاری
تۆ وەنۆشی سوحبەت وڕازی شەوی وەسڵت
تو وەنێش فیرقەت و زاری ڕۆژی فەسڵت
بەپەیکانی موژەت چەند جارت پێکاوم؟
لەمیحرابی ئەبرۆت بەستیم وگیراوم؟
تۆ ئەگریجەی خاوت، تۆ زوڵفی لاولاوت
بەبێ دانەیی خاڵت مەمخەرە نێموداوت
بەپەرژینی زوڵفت ڕوی گوڵت شاردەوە
دڵم نارد بەدیاری، تۆبۆچیت ناردەوە؟
یا خودا بێ قەزابی، لوتفی تۆ هەروایە؟
درێغم لێ دەکەی بۆتاقنە هەودایە؟
تۆ جامی لێورێژت ،تۆوغەمزەی خوێن ڕێژت
تۆودەست پارێزت یا بەس بێ گورێزت
تۆوریزەکەی رازت، تۆو چاوەکەی بازت
تۆوتیرەکەی نازت، بەس بێ گیروگازت
لەبەرجیلوەت مرم نیقابی ڕوت لادە
لەبەرعیشوەت مرم چاو پیالەی بادە

ئـا ورێکـم لـێ وەدە ، حـەیـاتـم تازەکە
جـەرگـت پـارەکـردم بـەوتیـرە تـازەکـە
بـەوەعـدەی خیـلافـت گـۆی سەرت شکانـدم
بـەچـەوگـانی زوڵفـت دڵـت لـێ رفاندم
تـۆ تـاریکـەشـەو ، هیجـرانی چەنـدسالـم
تـۆ رۆژی روونـاک ، کـۆچـی مـاڵـەومـاڵـم
تـۆبـالای عـەر عـەرت ، زوڵفت لاولاوکـە
تـۆ نیگـای دڵبـەرت جـارێکـی لێـم لاوکـە
تـۆ دەروونی گـەرم وتـۆو هەناسەی سـەردم
تـۆ دڵـەی پـڕدەردو تـۆ روخساریی زەردم
لـە سـەرشـانـی دڵـم بـاری غەم خوارمەکە
تـۆ راستی بالاکـەت ، شـەدەکـەت لار مـەکە
ئەمجـا تۆبـەی عەکسـی تەجـەلـلای سیفـاتـە
ئەمجا تۆبەی جیلوەی جامی خـۆش سەفـاتە
وەک خەتـی میشکینـت تـاکـەی پەرێشـانـی ؟
وەک پەڕگـاری زوڵفـت تاکەی سـەرگـەردانی؟
ڕوزەردی ئیشراقـی خـورشیـدی جـەمـالـم
شـەرمـەنـدەی بارەگای زوڵف وخەت وخـالـم
ئـاوارەی وەتـەن وغەریبـی کـۆی یـارم
میحنـەت زەدەی دەستـی رەقیـب وئەغیارم
تـۆ کەعبـەی مرادت ، قیبلـەی دنیـا ودینم
جـارێ دەرکـەوە ، بـا بـالاکـەت ببینـم
مـەقـامی عـاشقـان سـەدای قـەدقـامـەتە
بـە نـەوای حـەزینـم راستـی قیـامەتـە

بەشێوەی شیرینت سەد فەرهاد دڵ کەیلە
هەزار مەجنون سەودای زوڵفی لەیلە
بۆچ هەر من مەخموری بادەی دیدەی مەستم
یا هەر من سەرمەستی جامەکەی ئەلەستم
لەلای خۆی "حەریقی" شەمعی ڕوی خوبانم
گیرۆدەی زنجیری "پیرەکەی بورهانم"

* * *

شێوەی هەورامی

شای شەرەفکەند

جە سوب سەحەردا دیم غونچە دەمێ
ئەپەردەی عیسمەت نما نا چەمێ
وە سەد نەزاکەت دەهەن وازمەکەرد
وەیەک ناز ئیزهار سەد نیاز مەکەرد
دەماغ نیسبەت موعەتتەر کەردە
گرد وەجهە توغرایی موعتەبەر بەردە
گوڵ چون ساحێب دڵ گردین دیمارێ
وە هەوای فەیزش نە ئینتزار بێ
لا جەمێ کەمێ وەلاومەکەردی
نەجام گوڵ دا گولاو مەکەردی
پەی غونچە غونچەی ئەوناز کنەوگوڵ
گیان نشت نەعازاو، دڵ شین سەر چڵ
وە سەر پەنجەی ناز نیقاو هەڵداوە
ئاهیرێ نەتۆی جەرگم وەردا وە
شیم وەخزمەتش و ڕوی شەرمەوە
وە دوعاو سەلام لەفز نەرمەوە
جە ڕوی ئیلتیفات جواو سەندەوە
دڵ نەداغ و دەرد هیجران سەندووە
وە دیدەی تەحقیق چون تامول کەردم
جەو بۆ جەو نیسبەت تەحقیق ئاوەردم

تۆمەز یەنیشان بۆی کۆی کەنعانەن
نەسیم ئاوەردی " پیربورهانەن "
بەبۆی پیراهەن یوسف نەژادەن
پەرێو چەم کوران کەعبەی مورادەن
ئەوبۆ موخلیسان یەعقوب ئاساکەرد
مونکیران گردین دەس وەدوعا کەرد
سەفایێ پەی دڵ ، زیبایێ پەی دین
ئەربۆها جەلای شاه شەمسەددین
دەک نەسیم فیدای سۆزەی راهەت بام
یا پیر تویچ وەفیدای سۆز راهەت بام
قووەی بینایی وەگەرد پاتەن
دیدە و بینایی سەر گەرد راتەن
ددان جە سوحبەت ئەغیاران کەندم
چون وەدڵ دڵبەند شای " شەرەفکەندم "
بەشق " بولوەفا " شای وەفاداران
سەر حەلقەی گردین نازک نازداران
رەحمێ چەنیم کەر جەهەر حالەتێ
نەگێج عیسیان ، هەر جەهالەتێ
ئەر رەحمێ نەکەی وە جەستەو حالم
وەداغ عیسیان دەرون زوغالم
چون پیردانا " مەعدوم " مەحروم
فەرمایش کەردەن فەردی خۆش مەفهوم
" ساقی ئامانەن نەشو جەوپرت "
" فەریاد رەسیم کەر تۆ بەشقی پیرت "

پیـــر ڕەوشـــەن دڵ منیـــچ دەخیلـــــــم
ڕاگـــە گـــوم کـەردە و ویـێـــڵ و زەلیلـــــم
ئێستـــە وەهـەر حاڵ پـــرخـــەجاڵـەتم
خاکـــم وەســـەربـــۆ پـــەی قییـــا مەتـم
پـەی دڵ وەشـی وێـم گـــاکـــا مـــوا چـــۆم
ئـەر ســەد ڕەنجە ڕۆم سـەگـی قافڵەی تـــۆم
" حـەریـق " کـــا فییـــن پـــەی دنیـــا ودینم
ســەگـی ئاستانـەی شـای "شەمســەددینـــم"

* * *

جـــوا ریشـــەکـــا ن

سـەودا یـەکـی سەقمونیا

عیلمی جەلب وکەسبی دونیا بۆتـەئەجزا ی کیمییا

بۆمنی سەودا زدە سەودا یە کـی سەقمـونییـــا

ها و دەرس بوومن لەگەڵ زا هید لەدیبا چەی کتێب

من نەگەیمەفەسڵی ئەزویرئەوچوبـۆبا بی رییـا

*

نـا پیا وی خـەڵکـــی

عـەزیزم تۆدەزا نی من لەبەرچا وت کەروگێـژم

لەبەرنا پیا وی خەڵکی تێدەگەیموحتا جیگۆیدرێژم

سووا رنیموپییا دەمچـون دەبێ وەسڵ و مولاقا تـم

ولاغدەسناکەوێ هەربۆ تەبەرروک خۆی سەرئا وێژم

*

بـەردی زەلام

چۆن بەسەرکەمزەرفی ئەوقەومەدڵم بەسۆیـنەیـە

جا میعەیشی ئەکل وشوربی پا کییا ن بەسۆینـەیە

خـۆی لەقوڕنێ هەرکەسێ ئەمڕۆلەنێوقوڕدا نەبێ

دەس لەخۆی بەردا کەسێ بەردی زەلامی پێ نەیـە

*

مـا نگـی مـوبـا ڕەک

لەگەڵ ما نگی موبا رەک بێ قەزا بێ سا زیشمنا بێ

لە تەکلیفی ئەدا ی بێ موڵـەتی گونجا یشم نا بێ

حەکیما نە قەرا ری چا نەفەرموی گـەر بەشیرینی

ئەوەندەدەمتا لەقەت ڕۆژێ ئەمن ئا سا یشم نا بێ

بادانەوە

کاغەزی وا زۆر دەهاتن زو لە هەورامانەوە
وەک گەلا تالو هەموان خستە ئاگر دانەوە
دوێنێ دەتکوت یوسفی سددیقی میسری دین ئەوە
ئەمرۆ باتداوە، چ عەیبێکی هەیە بادانەوە؟

*

کاکی سەردەشتی

هەروەکو بیستومە بەینێکە لەئەم بەرئەم بەری
بۆمەلای "مزگەوتی سور"وا چاکەتۆبی لەوبەری
پێ لەحاشا بو لەگەڵ من مەحکەمەی قازی دەچو
کاکی سەردەشتی بەتەرەدەستی وەسەرجێگا پەری

*

دوپشک

بەپشکێ رازی یەقازی لە هەرماڵێ کەدو،پشکە
لەماڵی خۆی لەبۆ خەڵکی هەمیشەحیسسەدوپشکە
بەڵێ"مونعیم" دەبێ واپێ خودا کا ماڵی ئاوا بێ
نەوک خەڵکی کەماڵیان زەهری مارونێشی دوپشکە

*

ئەربابی مەعنەوی

بابێ کورێکی بو، چ کور، ئەربابی مەعنەوی
دەیکوت لەروی نەسیحەتەوە دایمەن بەوی
وەک جەردەبی، دەرۆڵەلەعەسری منت کەوی
ئەی دەیتەوە بەمفتی ئەفەندی گەلەنبەوی

تـــا كـەكـــــا ن

تــا ڵ وشيــريـن پێكەوەنەمدیوەچا بێ، چا ،نەبێ
هەركەسێكی هەمنشینی چا نەبێ،پێت چا ، نـەبـێ

*

كوتـم بۆسەمدەوێ ڕویخۆم بەئاوی ڕوت گوڵاو ،نا كەم
كوتـیبۆسەت دەوێ شێتەمنیش ڕویخۆمگڵاو ،نا كەم

*

لـەعوزا را بــومــەلا بۆیە جووا بی دا كـنوتـیـنا دەم
ولاغدەس نا كەوێ عەیبیـنیەچبش گەرمنیش پیا دەم

*

سووا ری مەركەبی فكــرم لـەدەوری مُلكی مەحا ڵ
سوا ری تەوسەنی هیممەت نەما "قَحْطُ الرِجا ل"

*

هەربەدەستوری مەلای لاسور، وەها كەوتۆتــەسـوڕ
وەی دەزا نی لێیدەخەمگەربچمەسەر"مزگەوتیسور "

*

ئیحتیا جیم كەوتە"سۆما "چومەوێ حەتتا ئەوێــش
ڕێی نەدا موجێی نـەكردم ئەیخودا "اَیْنَ الْمَفَرّ"؟

*

موجا زی كرد ،مەجا زی كرد ،جەبەی كردوجبەی لێ كرد
قەبا ڵەی ئەسڵ وفەرعیخوێندقەبا ییل تابلێین جسنە

*

سێ كەس بەتەڵەب بون ، لەتەڵەب چونەوەجا رێ
را بوردوەتەڵەب بێنـەوە تا فەسڵــی بەهــا رێ

*

ای كا ش هــردوگــوش من احوا ل بودی چـوچشـــم
تـــا هـــرچەگفتـی ازتـو مكـرر شنیـــدمـــی

حــــــریـــــق

درتــا ریـــخ‌مشا هـیرکـــرد

تــا لیف : با با مـردوخ روّحـا نی

" شیــّـرا. "

ملاصا لّح متخلص به " حـریق " فرزندملانصرا لّلـه‌به‌سا ل ۱۲۷۱ هـ ق دردهکه‌زیویه‌ا زنـوا حی سوردا ش تا بع لـوا ی سلیما نیه‌عرا ق تولدیا فتـه ا ســت .

پدرش ملانصرا للـه‌ا هل روستا ی کا شترا زدها ت بیلـوا رکردستا ن‌بوده ا ست‌که‌پس ا زخا تمه‌تحصیل درمنا طق کردنشین ا یرا ن وعرا ق،درزیــویــه ا قا مت‌گزیده‌وهما نجا تا هل کرده‌ا ست .

حریق ا بتدا نزدپدرش مقدما تی را فرا می گیردوپس ا زآ ن مــدتـــی ده‌قره‌دا غ وا یا می درپنجوین وبیا ره وسلیما نیه‌درس می خوا نده ، پس ا زآ ن را هی سا بلاغ می شودودرآ نجا تحصیلات‌خودرا به‌پا یا ن می رسا نـد ، آ نگا ه به‌خدمت‌شیخ یوسف " شمس ا لـدین بوها ن " مشرف می شودوبعدا ز تمسک به‌طریقهٔ نقشبندیه‌ویک مدت‌سیروسلـوک ، به‌سا بلاغ‌برگشته‌تـا هـل می کندودریکی ا زمدا رس‌آ نجا به‌تدریس می پردا زدوعا قبت درا وا خرسا ل ۱۳۲۶ یا ۱۳۲۷ هـ ق ،درسن ۵۶ سا لگی هما نجا به‌دنیا رآخرت می‌پیوندد .

حریق ا زشعرا ی خوش‌ذوق وبلـیغ کردی سورا نی ا ست ،ا شعارش‌بیشتر تـغزل وغرا می ومملـوا زصنا یع ومحسنا ت‌لفظی ومعنوی ا ست .به‌فا رسی و عربی نیزشعرگفته‌ودیوا نش‌به‌سا ل ۱۹۳۸ م دربغدا دبه‌چا پ رسیده‌ا ست .

وا ینک ا شعا ری ا زحریق .

جام زر

خیزای زیبا پسر دست به جام زر زنیم
بی تامل جام زر بر فتوی آزر زنیم
جام بر کف، کام در بر، شور در سر یکرهه
بیخود از عالم ره آن عالم دیگر زنیم
گر حریفان را به مسجد ره نماید شیخ شهر
ما که در میخانه راهش در سر کوثر زنیم
او به تهدیدات مبهم را میما در می زند
ما به تمهیدات محکم راهش از کوثر زنیم
قطره سان بی پا و سر روجانب دریا نهیم
غوطه ور گرداب اندر پای پهناور زنیم
قطره مشتق آمد از دریا به وصف قطرگی
وصف بردا ریم مشتق را و در مصدر زنیم
در مقام لی مع الله در حریم کبریا
دست رد بر سینهٔ هر کهتر و مهتر زنیم
رخت را جایی فرا داریم کآنجا جبرئیل
گر زند پر آتش یکبار ه بر شهپر زنیم
پای عزت برفراز عرش و آنسوتر نهیم
سر به سنگ آستان پاک پیغمبر زنیم

* * *

تاریخ وفات استاد فاضل

مرحوم "ملاوسیم" سردشتی

" گنج مستور "

ای دریغا چشم علم ازدوریت بی نورشد
نورعلم دربصیرت طالبان را دورشد

گنج را رسمست زیرخاک تسوی گل رود
ای دریغا گنج علمت درنظر مستورشد

گوهردریای علمت جمله چون دریتیم
عقدجان بودا زدست اجل منشورشد

خانه دین ازفوات علم میگرددخراب
خانه جهل ازوفات عالمان معمورشد

مردهٔ دل زنده را گلها بسرگلها بود
خاک برسرزنده دل ،مرده گرمغرورشد

پرتو "شمس الیقین" نازم بهرجائی که تافت
زآن تجلی موسیان راکوه دل چون طورشد

آری آری هر "وسیمی" را نسیما زقبله یافت
ازصفای صدق نیت سعی اومشکورشد

ازفیل خرق عادت جانش ازمهروطن
درصفرعزم سفرکرد وزتن مهجورشد

مسئله کردم زهاتف حال آن مرحوم را
زد بشارت برملاتاریخا و "مغفور" شد

۱۳۲۶ هجری قمری

* * * * * * * *

ئـ = فـەرهـەنگـی دیـوانـی حـەریـق

ئـادەم: ئینسانی یەکم ، باوکی نەوەی مرۆڤە ، بـەپێـی بیروڕای ئایین خودا لە سەرشێوەی خۆی دروستی کردولەبـەهـەشتـی دانا ، حەووای لەپەراسوی ئادەم دەرهێنا و کردی بەژنی ،بـەڵام هەردوکیان فەرمانی خودایان بەجێ نەهێنا لەبەرئەوە لەبەهەشت دەرکران "٢" ئینسان ، مرۆڤ ، کەس ، نەوەی ئادەم .

ئـایـیـن : دین ، مەزهەب ، شێوە ورەوشت ، دەستور ،باوەڕ .

ئـاوی بـەقـا : ئاوی حەیات ، ئاوی ژیان ، لەزاراوەی — سوفیایەتی داسەرچاوەییکە لەتاریکی دا کەهەرکەس لـیی بخواتەوە ژیانی هەمیشەیی دەس دەکەوێ ولەزاراوەی سالیکان داسەر چاوەی ئەوین وخۆشەویستی یە، کە هەرکەس لێی بخواتەوە هەرگیزنا مرێـت ولە بەین ناچێـت .

ئـاوێـنـە : ئەینوک ، پارچە شوشەییکە پشتەکەی بەجیـوە سواغ دراوە ، ڕەنگی هەموشتێک دەداتەوەە .

ئـاتـەشکەدە : ئاگردان، شوێنی ئاگرەلێکرساندن،ئەوشوێنەی پەیرەوانی دینی زەردوشت ئاگریان تێدا دەکردەوە ، جێگای بـەجـێ گەیاندنی ڕێ وشوێنی ئایینی دینی زەردوشت ، ئاتەشگـاە .

ئـایـەت : "١" نیشان ، بەلگە ، عەلامەت "٢" هەریـەکێـک لە ڕستەکانی قورئان ، پیاوی گەورە ، شتی سەیر .

ئـال وبـەیـت : مەبەس بنەمالە وخانەدان وکەس وکاروندەوەو ئالی پێغەمبەرە ، خاووخێزان وبنەمالەی پیغەمبەری ئیسلام .

ئـاشـوب : ئاژاوە ، پەشێوی ،شۆڕش ، فیتنە ، هەرا و هـوریا ، کاری بەگژیەکاچون وتێک بەربونی خەلک ، حالەتی تێکچـونـی ئاسایشـت .

ئـاشـوفتـه : شیـّواو ، پەرێشان ، خەمگین ،ژییانی سـەخـت وتال .

ئـاستـانـه : دەرمال ، قاپی گەورە ، مالان ، خێـوی خستـه ئاستانەکـه .

ئـاهـوی تـەتـار : ئاسکی تاتار ، مامزی تەتار ،مامزی ولاتی تاتارستـان .

ئـامـال : ئـامانج ، ئاوات ، هیـوا ، ئارەزوە .

ئـاتـەش ئـەفـروز : ئــاگــرهــەلگیرسێن .

ئـازوورده : ئازاردراو ، ئیش پیگەیشتو ،رەنج دیتو ، رنجاو ، دل تەنگ ، توراو .

ئـەرواح : کوی روحه ، (١) رەوان ، گیان (٢) فەرمـانـی خودا ، وەحی خودا ، فریشتـه .

ئـەسبـاب " اسبـاب " کوی " سەبەب = سبب "ە (١) هــو ، بەلگە ، عیللەت ، وەسیلە ، ریگە ، ئامراز (٢)پێوەندی نـزیکـی و خزمایەتی، (٣) زاراوەییکی زانستی عەروزە .

ئـەسکـەندەر : لەوازەی ئوروپایی ئەلیکساندرەوەوەرگیراوە کوری فیلیپۆسی ئیمپراتۆری مەقدونی بووە ، بەلەشکریکی چل هەزار کەسییەوە هیرشی بردە سەردەولـەتی دارالـە ٣٣١ ی پێش زاییـن ، لەشەری " گوگامیل" لەنزیک " هەولێر" سەرکەوت ودەولـەتـی ئێرانـی روخاندوئاگری لەئێستەخر بەردا ، بەسەرهەموورۆژهەلاتـی کۆن دازال بوتاکەیشتەروباری سەندلەهێندوستان ، ئـەرەستـو ماموستای بووە ، ئەسکەندەری عالەم گیروزولقەرنەنیشی پیدەلین.

ئـەلـەسـت " الست " : ئایا نیم؟ واتەرۆژی ئەزەل وزەمانی کەسەرەتای نیە ، دەلێن ئەوکـەخواروی قسەی لەنەتەوەی ئادەبـو

فەرموی : " الست بربکم"؟ واتەئا یا من پەروەردگای ئیوە نیسم؟.

ئەجناس : کوی " جنس " ە (١) ئەوشتەیەکەلەچەنندجۆرە شتێک پێک هاتبێ، وەکوجنسی گیاندارکەبریتی یەلە ئادەمیزاد وهەموخاوەن گیانیک . (٢) لەزاراوەی زانستی مەشتق دا جنس ئەوە یە کەلە" ئەنواع = انواع" پێک هاتووە ، وەنەوع لە ئەسناف = اصناف " پێک هاتووە ، وەسنف لە"ئەفراد ـ افراد"، پێک هاتووە ،(٢) کەل وپەل ، کالا، ناومال ، جنێو .

ئەسرار" اسرار" : کوی "سرە" : نهێنی، شتی داپۆشراو و نەبیزاو، راز.

ئەفسانە : حەکایەت ، داستان ، چیروکێکی روداوی کۆنی وا بگێرێتەوە نەچێتەمێشکەوەوعەقل وەری نەگرێ، نەقل، سەر ـ گوزەشت .

ئەفشان : بلاو کردنەوە ، رژاندن ، پەراکەندە کردن ، ئاشکراکردن.

ئەلەم: " الم" : ئازار ، دەرد، ژان ، رەنج، ئێش .

ئەنجومەن : دەستە ، کور ، دەزگایەکی هەمیشەیی یەکەلە چەند کەس پێک هاتبێ بۆ هەلسورانی کاروبارونا وبەناوکۆببیتەوە بۆتەکبیرکردن، مالی کومەل ، خانوی جەماعەت .

ئەسناف " اصناف " کۆمەلی کاسب ووردەسەنعەتکار ،تاجر، بازرگان ، دوکانداران .

ئەحزان "احزان": کوی "حوزن = حزن"ە ، خەم و خەفەت پەژارە ودل تەنگی ، دژی خوشی .

ئەشک : فرمێسک ، پاوی چاو، ئەسرین .

ئـەهـل " اهـل" : (١) شا یا ن ، خا وەن ، پسپۆر ، (٢)بنەماڵە، خێزا ن ، خا نەوا دە ،

ئـا دا بــی ئــەریقــەت : رێ و رەوشتی سوفیا یەتی،رێ وشوێنی دەروێشـــی .

ئـا یــا ت " آیــا ت " : کوی ئا یەت = آیت " ە ، ئـا یــەت : بەڵگـە ، نیشـا ن .

ئـەجـەل " اجــل ": ئا کا م ، وەعدەی مردن ، ئەودەمــــەی ژیا نی کەسێک تیێــدا تەوا ودەبێ، وەختی شتێک .

ئـەمـەل " امـل ": ئا وا ت ، هیوا ، ئا ما نج ، ئا رەزو ،،

ئـەرشـەد"ا رشــد": ئا زا تر ، گەورەتر ، با لاتر ، ئەوکــەسـەی کەلـەنا وها وکا را ن و ها وریبا نی خۆی دا پلـەیێکی بەرزتری هەبێ . ئەوکەسەی بەرێی را ست دا دە روا ، پێکەیشتوتر ، بەتەمەن تـــــر ، گەورە وسەرکردەی دەستەیەک .

ئــەسـەر" ا ثـر": شـوێن ، نیشا ن ، شوێنی پێ، گیرا نـەوە ، هەموشتێکی کەوێنەی مـا بیتـەوە ، نیشا نەو بەڵگـەیەکی بونی شتێک لـەوەختێکا لـەشوێنیک پیشا ن بدا ت .

ئـەسا س " اسـا س ": بنا خە ، پا یە ، بنچینـە .

ئـەعــلا "اعلـی" : بەرز ، با لا ، بلـند ، "مەعنەوی" خودا ـ دەرەجەی ئەعلا کا .

ئـەحکـا م " احکـا م" : کوی " حوکم = حکم "ە ،فەرمـــا ن، هەموفەما نێکی کە لـەدا دگا دەردەکری بۆکا رەسا توروودا ویک .

ئـەشیـا " اشیـاء " : کوی " شیئـی" شـت ، شتومەک ،کەل وپەل

ئـەشــرەف " اشـرف ": گەورەتر ، مەزنتر ، بەرێزتر ،ئەشرەفی عا لـەم: بەرێزتر وشەریفترلـەهەموعا لـەم نیا زحەزرەتی موحـەمـەد

پێغەمبەری خوایە .

ئەفغان " افغان ": ئاەوناڵە گریان وشیوەن ، بانگ و هاوار ، فەریادوزاری .

ئەرەستو " ارسطو " : حەکیم وزانای نیوبەدەرەوە کـــە مامۆستای ئەسکندەری مەقدونی بووە .

ئەزهار " ازهار " : کوی " زەهر ـ زهر "ە گول ، شکوفـە ، پشکوتنی خونچەوگـول .

ئەجزا " اجزاء " : کوی " جوزئ = جزء "ە ، بەش ،پارچە لەشتێک ، بەشێک لەشتێک .

ئەمیر " امیر " : فەرمانرەوا ، فەرمانده ، میـر .

ئەشعار " اشعار " : کـوی " شیعر = شعر "ە ، چامە ،هونراوە .

ئەزەل " ازل " : هەمیشەیی، ئەوەی سەرەتاودوایی نیـــە ، هەربووە وهەردەبێ .

ئەقوال " اقوال ": کوی " قەول = قول "ە ،قسە ،وتار .

ئەکل " اکل : خـــواردن .

ئەفسوردە " افسردە ": ژاکاو، خەمگین ، دل تەنگ ، دل ـ ساردە .

ئەمن " امن ": بیباکی ، دلنیایی ، بی ترسی ،هێمنایەتی دل ، ئاسایش ، دژی خۆف .

ئەخلاف " اخلاف ": کوی " خەلەف = خلف "ە ،جێ نشینـــان، لەپاش بەجێماوان ، داهاتووان .

ئەنیس " انیس ": هاودەم، ئەوەی دل دەداتەوە ، ئەوەی ـ دەبێتەمایەی خۆشی بۆیەکیکی تەنیاوگوشەگیر .

ئەولیا " اولیاء " : کوی وەلی، " اولیاءاللە ": دوستانی

خودا ، بەندەگانی نزیکی دەرگای خودا ، لەزاراوەی خواناسان وعارفاندا ئەولیا لەدوی ئەنبیا وپێغەمبەرانن کەکەرامەتیان هەیە ودەتوانن نهێنیەکان ئاشکرابکەن ، پیاوچاک ، شێخی دین .

ئەوسا ف " اوصاف " : کوی " وصف = وەسف "ە چلۆنایەتی شیتی، ئەونیشانانەی شتێک یاکەسێکیان پێ دەناسرێتەوە ،پەسند ، وەسپ .

ئێکسیر : (١) زاراوەیێکی زانستی کیمیایە ، بەتایبەتی لەلایەن کیمیاگەرانی کۆن بەکاردەهێنرا ، ئەوجەوهەرەیەکەبنیادو نەژادی شت دەگۆرێ، بوبەلگەمس بکابەزێر وئالتون،دەرمانی کە بەبیروباوەری پێشتینیان چاوەی هەموتەخۆشی یەکی کردووە . بیرو باوەری مورشیدی تەواو کەچونەیەتی خەلک بگۆرێ ،(٢) شتیەکجار بەکەلک وسود ، (٣) هەرشتێکی کەمدەست کەوی .

ئیسلام" اسلام" : ئاینی موسولمانان لەدەوروبەری سالی ٦١١ زاینی بەهۆی حەزرەتی موحەممەدی کوری عەبدوللا بلاوبووەوە ، لە پیشانا لەناوعەرەب ، ئینجا لەناوهەندی نەتەوەی تریش ، (٢) چونەناوئاشتی یەوە ، خودان بەدەدستەوە ،موسولمان بون.

ئیشعار " اشعار" : ئاگادارکردن، خەبەردان بەکەسێک،زانا کردنی کەسێک بەکارێک ،فێرکردن ، پێ راگەیاندن.

ئیمکان " امکان" : (١) رێ تێچون ، توانایی بەرامبەر بە کارێک ، رێگەخوش کردن ، (٢) لەزاراوەی زانستی فەلسەفەدا ئەوشتەیەکەبون ونەبوتی وەکویەکەوپیویست نیە ، وەکوئینسان ، جانەوەر ، کشت وکال ، بێ گیان، بەرامبەرئەوە "وجوب " هەیەکە بونی پیویستە وەکو" واجب الوجود " ئەمەکۆمەلی ئینسان وجانەوەرو کشت وکال وبێ گیانە .

ئیرەم: (١) ناوی باخێکەگۆیا شەدداد دروستی کرد بەناوی ئەوەی ببێتەبەهەشتی سەر زەوی ، لەبەر ئەوە بەهەشتی شەدادیشی پەدەلین (٢) ناوی عەشیرەتیکەلەهوزی "عاد" خودا غەزەبی لــێ ــ گرتن لە بەرگوناهی زوریان ، ئەدودا وانە لەقورئانی پیــرۆزدا باس کراوە .

ئیشراق " اشراق ": "١) روناک بون ، پرتەوە ،درەوشانەوە تروسکە ورووناکی خۆر، رۆژ هەلاتن .(٢) ئیلهام وەرگرتن.

ئینسان " انسان ": ئادلامزاد، خەلک ، بەشەر ،بیلبیلەی چاو.

ئولفەت " الفت ": (١) خووڕەوشت گــرتن ، دۆستایەتی، فیربون ، هاودەمی، راهاتن ، هۆگری ، پەیوەندی ودۆستایەتـــی دەگەل کەسێک یا شتێک ، حەزلەشتێک یاکا رێک کردن.

ئیبداع "ابداع": پەیدا کردن، بەدی هینانی شتێکی جوان وتازە ، کردنی کارێکی تازە ، لەزاراوەی زانستی بەدیع دا ئەوەیە کەشاعیرشێعریک بلێ . کەچەندسەنعەت لەسەنعەتەکانی بەدیعییەی تێدا بێ .

ئیزهار " اظهار ": دەرخستن ، ئاشکراکردن،رون کردنەوەو دەربرینی قسەیەک .

ئیشارات " اشارات ": کوی ئیشارەیە ،(١) پیشاندانـــی شتێک بەهوی بزوتنەوەی چاویا قامک ، بەدەست وچاویا بروقسەکردن دەگەل کەسێک ، قسەکردن بەرەمز ، قسەکردن بەکینایەت ،(٢) لــە زاراوەی بەدیع دا ئیشارە ئەوەیەکەشاعیربەواژە وینەزوردروست بکـا .

ئینشا " انشاء ": دروست کردن، داهێنان ،نوسینەوەیقسەی

جوان ، وتنی‌قسەی جوان ، لەخووەشت داهێنانی نامەی ئەدیبانە ، ڕێکخستن وڕازاندنەوەی قسەبەنوسین .

ئیرتیهاش " ارتهاش ": دەسە بڕین ، فروفێل .

ئیرس " ارث " : میراث وەرگرتن ، بەشداربون لەمیراث ، سەروەت وسامان وهەرشتێکی کەلەکەسێکی مردوبوبنەمالەوخانە ـ وادە وخیزانی بەجێ دەمێنێ .

ئیمتیحان " امتحان ": تاقی کردنەوە ، تاقیکاری،ئەزمون.

ئیسناد "اسناد": گەڕانەوەی شتێک بۆسەرشتێکی تر ، گەڕانەوەی قسەبۆ ئەوکەسەی کەکردبێتی، گەڕانەوەی حەدیس بوپێغەمبەر .

ئیتتیفاق " اتفاق ": ڕێکەوت ، دوداو ، کارەسات ،حادیسە

ئیکمال " اکمال ": تەواوکردن، گەیاندن بە ئاوات وئامانج .

ئیفتیرا " افتراء " بەدرو تاوان بوکەسیک دروست بکری، تاوان هەلبەستن .

ئیلاهی: خودایا ، ئەی خودا ، خودایی، زانستی هەراوی ـ خواناسی .

ئیقبال " اقبال": (١) پێشوازی کردن، رودان ، (٢)ـ بەخت ، چارەنوس ، تالیع .

ئەمر" امر": فلارمان ، بریار ، شتی بەرز ، روداوی ـ گەورە .

ئیفادە : دەعیە ، فیز ، تەکەببور ، (٢) هەموئەو وەلامانەی کەسێک دەربارەی مەسەلەیێک لەپرسیارو وەلامیکی رەسمیدا ـ دەیاندا تەوە .

ئینکار" انکار": حاشاکردن ، کەسێکی قسەی کەسی بە گوێی دانەچی ،لەسەر قسەی خوی سوربێ، ئینکارکردن : پاشە گەزبونەوە لەقسەیەک یا لەکارێک .

ئیرادەت " ارادت ": دلسۆزی وئیخلاس لەدۆستایەتی دا ، دۆستایەتی راستێکەل بەخۆ بەکەمگرتن و بچوکایەتی .

ئیسرار" اصرار": لەسەر رویشتن ، پی داگرتن ، سوربون، لەسەرکارێک یا شتێک .

ئیستیمداد" استمداد": یارمەتی ویستن ، کومەک خواستن.

ئیرشاد" ارشاد": رێ نیشان دان ، رێنوینی کردن بۆ رێی راست ، رێبەری کردن ، رێنمایی .

ئیسم " اسم" : ناو.

ئیستادەن : راوەستان .

ئیخلاس " اخلاص ": دلپاکی ودلسۆزی لەدۆستایەتیدا ،راستی وجگەر سوزی لەکاروکردەوەدا .

ئیزاعە "اضاعە": زایع کردن ، بەفیرودان، بەهەدەردان ، لەدەست دانی شتێک بەخۆرایی ،(٢) زوربونی ئاوو زەمینی کەسیک .

ئیمزا " امضاء " : نیشانەیکە لەدوایی نامەونوسراوە دادەندری، نوسینی ناوی نوسەری نامەیەبەشیۆەیکی تایبەتی لەپای کاغەزو نوسراوەدا بەئەوەی بزانن کێ نوسیویەتی .

ئەبلە " ابلە": بێ عەقل ، تێ نەگەیشتو ، نەزان،گێژ ، عەقل سوک ، دەبەنگ ، نەفام، حۆل .

ئیلتیفات : چاولەکەسێک کردن لەروی خۆشەویستی ومیهرە بانیەوە ، روانین لەکەسێک لەچاوی خۆشەویستی یەوە ، جیاکەو

میهرەبانی کردن لەگەل کەسێک ، بەنەرمی جولانەوە لەگەل کەسیک .

ئیلتیماس " التماس " : داواکردنی شتێک لەکەسێک . شت ویستن لەکەسێک ، خۆبەکەمگرتن ، پارانەوە .

ئینقیاد " انقیاد " : وەئەستوگرتن ، رامبون، فەرمان وەرگرتن ، خۆبەکەمگرتن .

ئیعلان " اعلان " : راگەیاندن ، ئاشکراکردن، دەرخستن ، نوسراوەیا لاپەرەیێکی چاپکراوکەبەهۆی ئەووەرە . مەبەستێک بەخەڵک رابگەیەندریٚ بۆ ئاگاداری .

ئەهلی نیسبەت : ئەوکەسەی پەیوەندی ونزیکایەتی لەگەل خوا ناسان وپیاوچاکانا هەیە .

ئەهلی کیبار : پیاوانی گەورە ، ئەوکەسانەی مەزن و بەریزن .

ئەربا ب " ارباب " : کوی " رب ــ رەب "ە : خاوەن، بار هێنەر ، جوامێر ، خان ، خاوەن پارە ودەولەمەند .

ئەتیببا " اطباء " : کوی " طبیب ــ تەبیب "ە : حەکیم ، پزشک ، دوکتور .

ئیقلیم " اقلیم " : هەرێم ، مەلبەند ، ناوچە ، پارچەیەک لەزەوی کەلەباری ئاو وهەواو وەزعی سروشتی لەگەل پارچەکانیترا جیاوازی هەبێ وهەلبژاردەوچاتری ئەوانی تربێ .

ئیتتیفاق " اتفاق " : بەیەکەوە بون، چەندکەسێک کەبیرو راوقسەیان دەکەن بەیەک . هاوریێی، هاوکاری، یەکیەتی، هاو پەیمان ،(٢) روداو ، کارەسات ، پێشهات .

ئەدنا " ادنی " : نزم تر ، زەبونتر ، پەست تر ، نزیکتر .

ئیمساک " امساک " : دەسە پێوەگرتن، خۆدورخستنەوەلە

خواردەمەنی (٢) بەخێل ، چاوچنۆک ، رژد .

ئیفتیراش " افتراش ": دەسپێکردن بەسەرین ، هەردوباسک کردن بەسەرین .

ئیغتیشاش " اغتشاش ": پەیدابون ودەرکەوتنی غەل وغەش وئالودەیی کەلەسیکا یالەشتیکا ، شێواوی ، سورش .

ئومەنا " امنا ": کوی " امین = ئەمین "ە دروستکار ، راست ودروست ، دەس پاک ، ئەوکەسەی کەخەڵک باوەری پێ بکا ، حالی ئەوشوێنەی پیاوترسی ئەوەی نەبێ لەوێ شتێکی بەسەربێ یا توشی بەڵایێک ببێ .

ئیدبار "ادبار": رووەرگێران ، پشت‌کردنەوە ، وەرگەرانی بەخت ، بەدبەختی، چارەرەشی .

ئوسول " اصول ": کوی " اصل = ئەسل "ە ، بناغەءبنیاد بنج، قانون ، دەستور، سەرەتاکان، مەبادی سیاسی، داب ودەستوری کەومەلایەتی .

ب =

باقی : (١) نەمر، هەرمان، بەردەوام، پایەدار، ئەوەی ماوە، ئەوەی لەجێگەی یەکی تردەمێنێتەوە، (٢)ماوەی شتێک کە لەشتێکی تردەردەهێنرێ .

بارەگاە : کۆشک، کاخ، قەسری پادشایان، ئەو شوێنەی کە فەرمانرەوایان ئیجازەی خەڵک دەدەن بۆئەوەی پخش بولایان.

باب : (١)باوک، (٢) دەرگا، دەرکە، دەروازە،بەشێک لەکتێب .

باغی : لەخوانەترس، زۆردار، سەرکێش، گەردن کەش .

بایەزید "بایزید" : بایەزیدی بەستامی عارف و خواناسی گەورەی سەدەی دوهەم وسێهەمی کۆچی یەکەعارفان وزانایان وشاعیرانی ئێرانی وئیسلامی ،" سلطان العارفین" "برهان لموحدین" "مرادالسالکین "، "برهان المحققین" "حجەالخلایق"" مرشد السالکین " نیان ناوناوەو لەئسەستیرەهەرەپرشنگدارەکانی عیرفانە، ناوی ئەبویەزید ئەیسوری کوری عیسای کوری سروشانی بەستامی یە، لەبنەمالەیکی زەرتەزشتی بوکەلە پاشان موسلمان بو، شاری بەسنام لەتەنیشت شارەکانی سەمنان ودامەغای ئیستای ئێرانە .

بەشارەت " بشارت" : مزگێنی، موژدە، خەبەری شادی،هەوالی خۆش .

بەقا "بقاء" : مانەوە، هەمیشەیی، تێک نەچون،نەمردن، هەرمان .

بەنی ئادەم : ئادەمزاد، نەوەی ئادەم، خەڵک ،ئینسان مرۆ .

بەیەت " بیت " : (١)ماڵ، خانە، خانو، جێگەی ژیان وحەسانەوە، (٢) ماڵی خودا، کابە، کەعبە، (٣)دێری شیعر کەلە دونیوەدێرشێعریا میسراع پێک هاتووە، چیرۆک، داستان،بەیت وبا ووکەڵەپوری ئەدەبی .

بەسیرەت " بصیرت " :بینایی، زانایی، روناک بینی، زیرەکی، وشیاری، بەقین، رەوشەن دڵی، عەقل، (٢) بریتی یەلە هێزی قەلبی کەبەنوری پیروزروناک بێ وبەمهێزەئینسان حەقیقەت وپاتینی شتەکان ببینێ، هەر بەوجۆرەی کەنەفس بەهۆی چاو وێنە وشێوەورواڵەتی شتەکان دەبینێ، زانایان وپێشینیان "بەسیرەت" بەهێزی پیرۆز، واتە " قووەی قودسیە " ناو دەبەن.

بەرجەستە : وەسەرکەوتو ،کەسێکی بەناوبانگ وگەورە، — چاک، هەڵبژیردارو، بەرز، چوست وچالاک .

بەیتولحەزەن " بیت الحزن " : (١) ژوری خەموخەفەت، ماڵ ومەڵبەندی خەوناسور، هەموجێگەیەکی کەخەوخەفەتی لێ بێ ، (٢) ئەوژوورەیەکەیەعقوب تێیدا دەژیا ولەدوری یوسفی کوری دەتلایەوە ولەشین وناسوروواوەیلادابو، " بیت الاحزان" وکولبەیی ئەحزانیشی پێ دەلێن .

بەیدەق : رێگا نیشاندوری سەفەر، رابەری سەفەر، (٢) ئاوی یەکێک لەبەردەکانی شەترەنجە، (٣) سەبازی پیادە .

بینا : بینەر، وشیار، زیرەک، ئاگادار، بەهۆش .

بەزم: جەژن وئاهەنگ، کۆبونەوی خۆش رابواردن، کۆری خواردنەوەو سەرخۆشی .

بەکارەت (بکارت ": ژنی نەسمراو، ژنی کون نەکراو، کچێنی، (٢) نۆبەرە، سەرەتاویەکمی هەموشتێک، تازەبون ،

دڕینی پەردەی کچێنی .

بەهایم" بهائم" : کوی " بهیمە = بەهیمە"یە : — حەیوان چوارپییان ، پاتال ، ئاژال .

بەعید" بعید" : دور

بیمار :نەخۆش ، ناساغ ، کەسێکی تەندورستی بکەوێتە مەترسی یەو .

بورج : (١) هەریەکێک لەدوازدەبەشی فەلەک کەزەوی لە دەوری یان دەسورێتەوە ، هەرکاتێک کەزەوییەکێکیان دەبڕێ مانگێکی خورشیدی تەواوەدەبێ، بەم پێیەبورجەکان دوازدەن — بەرامبەردوازدەمانگ .بەرخ ، گا ، دوپەیکە ، قرژال، شیر ، گولەگەنم، تەرازو،دوپشک ، کەوان ، کار ، دەولک ،نەهەنگ ، (٢) کوشک ، قلا، بینای بلندی خر ، یاچزارگۆشەی کەبۆپاسەوانی بەکاردەهێنرێ ، هێلانەکۆتر .

بوسە : ماچ .

بوهتان : درو، بوختان ، بەدروهەلبەستنی قسەیە زمانی یەکێکی ترەوە .

بوریا : حەسیر ، هەموراپەخیکی لەقامیش ولقی دارخورما دروستکرابێ .

بورهان : رون کردن ، بەلگە، دەلیل ، حوجەتە (٢) ناوی گوندێکی سەربە ناوچەی مەهابادە .

بوعد" بعد": دوری، دوربونەوە، دورکەوتنەوە .

پ =

پابوس : پێ ماچ کەر .

پەرچەم : کاکۆل ، قژی سەرنێوچاوان (٢) دروشم ، ئەو قوماشەیە کەبدارەوە دەکرێ ودروشم ونیشانەی ولاتێک یا رێکخراوێکە ، (٣) ەوجییەیە لەگول داکەتووی لێیە .

پرتەو : تیشک ، تریفە ، ترووسکە ، پرشنگ ، روناکایی ، شۆق .

پیر : بەسالاچو ، بەتەمن گەورە ، کۆنەسال ، شێخ ، شێخی خانەقا ، پیری مەی فرۆش ، پیری تەریقەت ،مورشیدورابەری دەروێشی .

پیری خەرابات : پیری مەیخانە ، پیری مەی فرۆش ، لەزاراوەی سوفیزم دا ئینسانی پۆختوشارەزا ، ریبەرومورشیدی " کامیل " کەمریدان بوریبی هەژاری وسوفیایەتی رێنوێنی دەکا .

پیری مەیکەدە : پیری مەیخانە لەزاراوەی سوفیایەتی دا ئینسانی وختوکامیل ، رێبەری رۆحانی، رێنماومورشید ، پیری تەریقەت ،بەسالاچوی بادەفرۆش .

پیری کەنعانی : نیاز ، یاقوب پێغەمبەرە .

پیری موغان : سەروک وگەورەی موغەکان کەپێشەوایانی ئاینی زەردەوشتی بون .

پیراهەنی یوسف : کراسی یوسف کوری یەعقوبە ،دەلێن رۆژیک هەردوازدە کوری یەعقوب دەچن بۆسەیران،یوسف خۆشەویسترینیان دەبێ لای باوکی، براکانی یوسف دەخەنەبیرێکەوە ، لەئەنجامی ئەرودا وەیەعقوب لەخەفەتا کوێردەبێ، لەپاشاکەکراسەکەی یوسفی بۆدێنن یەعقوب بۆنی پێوەدەکا وچاوی جادەبێتەوەو

بینا یی ورونا کا یی پێشوی دەست دەکەوێتەوە .

پـوختـــە : خواردەمەنی پێگەییو ، دژی خا و ،ئینسا نی کا را مە وزا نا و خا وەن تا قی کردنەوە .

پـوپـچـەرمـک : ریش سپـــی ،

پـەیمـا نـە : جا م، پیا لە ، ئەو قا پەیە کەشەرا ب ومەی تیدا دەخوریتەوە ، کا سە پیکە کەدا نەوێلەوشتی تری پێ دەپێون.

پـەیکـا ن : تیر ، سەرەتیر ، هەموئا سنێکی نوک تیژ .

پـەیـوەستـە : پێوەند ، بەیەکتری بەستن، بەیەک گەیشتـن، هەمیشــــە .

پـدەر: با وک ، با ب .

پـســەر: کور ، ئەولادی نێرینە .

ت =

تـالیـع : (١) بەخت ، چارەنوس ، (٢) دەرکەوتن، دیاربون هەلاتنی رۆژومانگ و ئەستێرە ، دیاربونی دڵبەروخۆشەویست .

تـالیـب " طـالـب ": (١) داخواز ، ئەوکەسەی داوای شتێک دەکا تالیبان : ئەوکـەسانەی داوای شتێک دەکەن، قوتابیان ، — داخوازان .

تـاوس : بالندەیێکی جوانە ، نێرینەی توک وپەری رەنگـاو رەنگی هەیە ، توکی لەسەرەتای هاوین دا فری دەداودوبارەهی تازە دەروبتەوە ، بەزۆری لەخوارووی ئاسیاوهیندوستان دادەژی، لـە سەدەکانی ناوەراستدا دەولەمەندانی ئوروپا گۆشتی تاوسیان بـۆ رێزگرتن لەپێش میوان دادەنا ، لەگەل،ئەوەی وەنەبێ گوشتیشـی خۆش بێ، لای هێندێ کەس رەمزی تاڵەباری یە ، دەلێن تاوس بـووە هۆی دەربەدەری ئادەم وحەووا لەبەهەشت ، رۆیشتنی بەنازوخـان وخەرمانی کچی جوان لەناوکوردەواری دالەگەل رەوتی تـاوس بەراواردو بەرامبەردەکرێ .

تـابـور "طـابـور" : لەشکر، تیپ ، رێز ، فیرقـە .

تـازی : تاژی، تانجی، تاجی، جورەسەگێکی راوو شکارە .

تـەبیعـەت : سروشت ، خوورەوشت (٢) روی زەوی، جیهـان ، دونیا ، هەموگوران ودروستکردنێکی کەدەستی ئادەمیزادی تێـدا نـەبـێ .

تـاریـخ: مێژو ، دیارکردنی کاتەهەرشتێک ، دیاری کردنـی ئەوسەردەمەی کەروداوی گەورەی تێدابووە ، لێکدانەوی روداو وبەسەرهاتی پێشینیان .

تـاقـی کسیـرا : ئەیوانی کسیرا ، مەداینین، بەناوبانگترین

کۆشک وبالەخانەییکە شاھەنشاھاتی ساسانی دروستیان کردووە ،لە پیشانائاوەدان ویەکێک بولە خۆشترینی قەسروبالەخانەکانی جیھان، ئیساکەکەلاوەیە ، ھێندێ لەتاق ودیوارەکانی ماوە ،بەپێی افسانەی ئاینی ناوکوردەواری گۆیا تاقەکەلەحەزمەت پەیدابونی ئاینی پیرۆزی ئیسلام درزی بردووە ، چونکەرەمزی سەردەمی گاوری وبوت پەرستی بووە .

تابان : درەوشەدەر ، ئەوەی روناکی دەدا .

تابش : (١) درەوشانەوی، پرئەودان ، روشنایی وگەرمایی رۆژ وھەتاوئاگر (٢) سورکردنەوەی ئاسن بەئاگر .

تاری زولف : رەشی مو ،تال، تالی مو ، داوی مو .

تاعەت " طاعت " : پەیرەوی کردن ،ئیتاعەتکردن.

تاماو : تاوێک کەخۆی وئاردی دەکوِن ودەیدەن بەئاژەل و پاتال .

تەطبع "طبع" : خوورەوشت . سروشت .

تەجەللا " تجلی " : رون بون ، روناک بون، دیاربون، تیشک ، کینایەتەبوچونی روحی خودابۆناو دلّی سۆفی ودەروێش ،ـ ئەوەی دەگاتەپایە " فناء فی اللە " : ھەروەھاکینایەتیشەبۆ دیاربونی نوری خودالەکیۆی تور ، ئەوەی موسای بێ ھۆش ومەدھوش کرد .

تەجرید "تجرید" : (١) روتکردنەوە ، جیاکردنەوەی ـ شتێک لەھەموشتێکی کەلەبنج دالەنەزادی ئەونەبێ،پیستەلەدار ـ کردنەوە (٢) شیروخەنجەر لەکالان دەرھێنان (٣) تەنیایی، گوشەگیری .

تەسبیح" تسبیح" : ئەوکەسەی دەلێ" سبحان اللە "،بە

پاکی یادکردنی خودا (٢) ئەورستەوردەشتەیەکەلەموروودەکا ولەکاتی تەسبیحات دا لەدەست دەگیرێ.

تەسویر "تصویر": دروست کردنی وێنەی کەسێک یا شتێک گرتنی وینەی کەسێک یا شتێک ، نەخش کردنی شێوەی کەسێک یا شتێک وێنە گرتن .

تەشریح " تشریح": پارچەپارچەکردن، بڕینی ئەندامی لەش ، (٢) رون کردنەوە .

تەریق " طریق": (١)رێگە ، رێ، شەقام (٢) شەرمەزار بون.

تەشریف " تشریف ": گەورەخۆپیشان دان ، خودەرخستن وەکپیایەبەرزوماقول .

تەرەب "طرب " : هەڵپەرین وسەما لەئەنجامی شادی دا ، شادبون ، خۆشی ئاهەنگ ورابواردن .

تەرەف " طرف ": کەنار ، دوایی شت ، لاجێگە .

تەرح "طرح": دانان ، نەخشە کێشان .

تەریدە: جەردە ، دز ، رێگر ، چەتە .

تەخفیف " تخفیف ": سوک کردن ، کورت کردنەوە .

تەعنە " طعنە ": شیونی تیژەلەلەش دا ، قسەی سوک بە یەکێک وتن . دەرخستنی کەموکوری کەسێک ، سەرزەنشت کردن.

تەعمیر " تعمیر ": ئاواکردن، ئاوەدان کردن، چاک کردنەوەی خانوی روخاو ، چاک کردنەوەی هەموشتێکی کۆن کەکەمو کوری هەبێ ، تێپەکردنی ژیانی زۆر .

تەعداد: ژمارەکردن، حیساب کردن، ئەژماردن.

تەحسیل " تحصیل ": وەدەست خستن ، وەدەست هینان.

پەیــداکردن ، وەرگرتنی زانستیێ .

تــەحــەممــول " تحمــل ": خۆراگرتن ، لەبەرهەمونا خوشی یەک ، ئارامگرتن ، هیزوتوانانواندن.

تــەفسیــر " تفسیــر " : (١) رون کردنەوەی ماناومەبەستــی قسەییێک ، ئاشکراکردنی ماناومەبەستی رستەییێک . (٢) رون — کردنەوەی مانای ئایەتیقورئان .

تــەزەرو (تــذرو ": چور ، ناوی بالندەییکەگوشتی دەخوری، نیرینەی پەروبالی جوانی هەیە ، لەناوجەنگەل وکێلگەگان دا — دەژی .

تــەلیســم " طلســم ": پارچەکاغەزیان مەعدەنیکەجادوگــەرو فالچی یان جەدوەلی لەسەردەکیێشن ونوسینی لەسەردەنوسن،باوە— ریان لەسەرئەوەیەکەئەمەپارێزگاری خەلکی دەکاوئازاروخراپە— یان لێ دوردەخاتەوە .

تــەلــەف " تلــف ": لەناوچون ، لەناوبردن ، تــەمــان ، فەوتــان ، .

تــەلیعــە " طلیعــە ": پێشەنگ ، پێشرەو ، سەرەتای لەشکر ، دیاری دان ، دەرکەوتن .

تــەعــاروف " تعارف ": یەکترناسین ،بەخیرهێنانی یەکێک پێشکەش کردنی شتێک بەکەسێک .

تــەســەرروف " تصــرف ": بەدەس گرتن، داگیرکـــــردن ،— دەست بردن بۆکارێک یا شتێک ، گۆرینی کارێک بەمایل وئارەزو، ئەو کەسەی دەبێ بەخاوەنی شتێک .

تــەحقیــق " تحقیــق ": پێ راگەیشتن ، لێکۆلینەوە بــــۆ رون کردنەوەی کارێک یا شتێک ، راستی ودروستی .

تەقسیم " تقسیم ": بلاوکردن، بەش کردن، دابەشینەوە .

تەقدیم "تقدیم ": وەپێش خستن ، پێشکەش کردن.

تەزویر " تزویر ": فریو ، دوروویی، ریاکاری، فێڵ، دەغەلی ، فێل کرذن لەکرِین وفرۆشتن دا .

تەتیمە " تتمە ": دوایی، پایان ، دوایی شت ،ئاخری .

تەغنیە "تغنیە ": گۆرانی وتن ، ئاواز دەرخستن.

تەئسیر "تاثیر ": کارتێکردن، کارلێ کردن، دەسەڵات بەسەردا سەپاندن.

تەهارەت " طهارت ": پاکی، پاک وخاوێنی .

تەمەع" طمع": ئارەزو، ویستنی زۆر.

تەزکیر (تذکیر ": یادکردن، وەبیرهێنانەوە ،ئامۆژگاری کردن .

توشە: تویشو ، ئەوخواردەمەنیەی کاتی سەفەرریبواران ـ لەگەڵ خۆیان هەڵی دەگرن ، خواردەمەنی بۆکاتی پێویستی ،.

تەکالیف " تکالیف ": کاری قورس وگران ، کارێک لە توانای ئادەمیزاددا نەبێ، ئەرکی سەخت وگران .

تەواف " طواف ": گەران بەدەورەی شتێک دا ، گەرانی شت ، سورانەوە بەدەوری کەعبەدا .

تەمکین " تمکین ": هێزوتوانادان، رێگەخۆش کردن.

تەن : (١) لەش ، بەدەن ، جەستە (٢)رەشی مەنجەل .

تەوف " طوف " : سۆران لەدەوری شتدا ، بروانەتەواف.

توفەیلی " طفیلی": نیسبەتەبەکەسێک ناوی توفەیل بووە ، کەبەبێ بانگ کردن بەمیوانی چوتەسەرسفرەی خەڵکی،میوانی بانگ نەکراو..

تفل "طفل ": مندال ، بچوکی ئادەمیزا ،منالی ساوا .

توخم: توو، دان ، دانە، شەهوەت .

توحفە " تحفە ": دیاری، ئەرمەغان ، سەوقات ، هەمو شوێنیکی بچوک وبەنرخ ، هەموشتێکی بەنرخ .

تەتهیر " تطهیر ": پاکی

تەبلە " طبلە ": سندوقێکی بچوک یا کاسەیەک کەلەداریا لەشوشە دروست کرابێ وعەترفروش لەودا عەتری بۆن خۆش رابگرێ .

ج =

جـا ن : (١) گیا ن ، رەوا ن ، روح (٢) جنوکە ، جن ،ئەجندە .

جـا نــی جـا نـا ن : گیا نی گیا نا ن .

جـا سوس : ئەوکەسەی دەنگ وبا س وهەوا ل دەگەیەنێ ،ئــەو کەسەی هەوا ڵی نهێنی کەسێک یا ولاتێک کۆدەکا تەوەودەیدا بەلایێکی تـــر .

جـەلال " جـلال ": گـەورەیی، بلـندی، بەرزی، شکۆ .

جـەنـنـەت " جنـت " : با خ، بەهەشت ، فیردەوس .

جـەبـر " جبـر ": (١) بەستنیئیسقا نی شکا و ، نەنـدا مێکـــی کەئیسقا نی شکا بێ ولەکەچ گیــرا بێ، (٢)نا وی کۆمـەلـەیێکــــی فەلسەفی یە ، جەبرییا ن پـێ گتووە بیروڕا یا ن ئەوە بووەکـــە تەوا وی کردەوەی ئا دەمیزا دبەفەرما نی خودا یە بەندەهیچ جـــۆرە ئیـختیا رێکی نیە ، دژی " ا ختیا رتفویض "ە (٣) جەبروموقا بەلـە زا نستی بێکی ما تیما تیکی یەکەتێیدا تیپ لەبا تی ژما رەبـەکــا ر دەهێـنرێ .

جـەهـل " جهـل ": بەهۆشی، نەزا نین ، نەخوێندەوا ری،دژی زا نستــی .

جیلــوە : ئا شکرا کردنێ دیا ری دا ن ، خۆنیشا ن دا ن بــــە کەسێک (٢) لەزا را وەی سۆفیا یەتی وعیرفا ن دا بریتی یەلەدرەوەــ شا نەوەی نوری خوا یی لەنا ودڵی عا رف وخوا نا س دا بەجۆرێ کـــە سەودا سەر وشەیدا ی بکا .(٣) ئەودیا ری یەیەکەزا وا لەکا تی بەیەک گەیشتن دا پێشکەش بوکی دەکا .

جیـنــش " جنــس ": ئەوشتەیەکەلەچەندجۆرەشتێک پێک ها تبێ، وەکوجنسی گیا ندا ر کەبریتی یەلەئا دەمیزا دوهەموخا وەن گیا نێک .

(٢) لەزاراوەی زانستی مەنتیق دا جینس ئەوەیەکەلەئەنواع پێک هاتووە، (٣) کەڵ وپەڵ ، کالا.

جەمع "جمع": هەموشتێکی بڵاوپەراکەندەکۆبکرێتەوە، ـ زاراوەیێکی زانستی دیعە، ئەوەیەکەشاعیردوسیفەتیا زیاترلە یەک حالەت داکۆبکاتەوە،(٢) کۆمەڵێک ، تاقمێک ، کۆمەڵێک ئادەمیزاد.

جەمعییەت " جمعیت ": (١) کۆبونەوە، یەک گرتن ، تەبایی لەناویەک دا ،(٢) کۆمەلەکەسێک ، خەڵکێکی زۆرلەشوێنێک دا کۆببنەوە.

جەلاد " جلاد ": ئەوکەسەی کەکوشتنی مەحکومانی پێ دەسپێرن ، ئەوەی ئازاروئەشکەنجەکردنی خەڵکی پێ ئەسپێراوە، میرغەزەب.

جەلا" جلا " : (١) رون ودیار، ئاشکرابونی هەرشتێک ، (٢) مشت وماڵ کردنی ئاوێنەوشیروخەنجەروشتی ترلەژەنگ وژارو- گەراندنەوەی بریقەوتروسکەی،(٣) دورکەوتنەوەلەماڵ ومەلبەندو نیشتمان .

جینایەت " جنایت ": تاوان، سوچ، گوناهی گەورە.

جەستە : لەش ، بەدەن .

جیفە : کەلاک ، لاشە، مردار، لەشی مردوکەخراپ دەبێ و بۆگەن دەکا .

جەنوب " جنوب ": قیبلە، نیوەرو، یەکێکەلەچوارلاکان بەرامبەر باکورە، لای راستی کەسێکە روبەروی رۆژهەلات ،بوەستێ

جیهان ئارا : جیهان رازێنەرەوە.

جیهانگیر: ئەوکەسەی کەناوبانگی دەچێ بۆهەموشوێنێکی

ئەم جیهانە ، پادشایەک کەولاتانی گەورەدەگریٚ .

جەد "جـد": باوکی باوک ، باوکی گەورە ، باوکی دایک .

جیسم " جسم": لەش ، بەدەن ، جەستە ، پەیکەر ،هەرشتیٚکی.

جەری "جری": ئازا ، بیباک ، نەترس .

جەیش :لەشکر ، دەستە ، سپا .

جورم "جرم": گوناە ، تاوان ، خەتا .

جەولان : دەورلیٚدان، هیٚنان وبردنی ئەسپ بۆهەرلایەک ، هاتوچۆکردنی ئەسپ بۆهەرلایەک .

جەدەل " جدل ": گفتوگۆی تیژ ، دوژمنایەتی .

جەزب " جذب ": کیٚشان ، ئەوەی کەسیٚک پانشتیکبۆلای خۆی دەکیشیٚ .

جودی : ناوی کیٚویکەلەنزیک شاری موسلەوەیەکەیەکیٚک لەشارەکانیکوردستانی عیٚراقە ، دەلیٚن کەشتی نوح پیٚغەمبەر لەسەرئەمکیٚوە لەنگەری گرتووە .

جەزبەی حەق " جذبە حق ":

چ =

چاک : (١) باش ، پەسند ، داوێن پاک ، پیاوچاک . (٢) درز ، کون ، دراو ، بەروک ، کونێکی گەورەلەجل وبەرگ دا ، یەخەی کراس .

چاهی زەنەخدان : چالی چەنە . قولایی ناوچانەیەەندێ ژن .

چاە : چالاو ، بیر .

چەمی : " هەورامی" نیوە نیگایی ، نیوەڕوانینی .

چین : ڕێز ، ڕیزێک لە شتێک (٢) ناوی ولاتێکی بەناو ـ بانگە لەرۆژهەلات دا .

چەوگان : گۆچان .

ح =

حاشیە : تەنیشت ، قەراغی جل وبەرگ یا کتێب ، شەرحێکی لەتەنیشت کتێب دەنوسرێ، مەبەستێکی کەلەمەتن زیادبکرێ .

حەبەش : (١) میللەتێکی پیست رەشە لەئەفریقادادەژی ،- کەسی پیست رەش ، (٢) کینایەتە بورەنگی رەش ، (٣) ولاتی زنگبار کەخەڵکی ئەوێ رەنگیان رەشە ، لەشێعردا رەنگی رەش کینایەتە بۆشەوە .

حەزین " حزین": خەمبار ، دڵتەنگ ، گرژ ، غەمگین .

حەریق "حریق": سوتاو ، ئەوکەسەی بەئاگردەسوتێ،ئاگر سوتاندن، هاڵاو ، کلپە . (٢) نازناوی خاوەنی ئەمدیوانەیە .

حەرەم" حرم": ناوەوەی خانو ، ناوەوەی ژور ، (٢)هەر- جێگەیێکی کەپیاودەبێ بیپارێزێ، ئەوژورو جێگەیەی کەژن و - مندالی لی دەژی لەمال دا (٣) ناوکەعبە ،دەوروبەری کەعبە ،

حەرەمەین : مەککەومەدینە .

حەقیقی" حقیقی": راست ودروست ، رەسەن، نەژادپاک .

حەقیقەت " حقیقت ": نەژادی شت ، بنج وبناوانی شت ، راستی ودروستی .

حەسرەت " حسرت": داخ کێشان، ئاخ وداخ کێشان،حەیف دریغ .

حوسن " حسن ": چاکی، باشی ، جوانی .

حەد" حد": (١) شتێک بکەوێتەنێوان دوشت ولەیەکتری جیایان بکاتەوە ، قەراغی هەموشتێک ، دوایی وکوتایی هەمو شتێک ، سوز ، (٢) توندوتیژی ، تیژی خەنجەروشیر ، (٣) جەزای گوناهکاروتاوانبارلەجەلدەلی دان .

حەزەت " حضرت ": (١) نزیکی، دەربار ،(٢) واژەییکەبۆ ڕێزگرتن پێش ناوی کەسی گەورەومەزن دەوترێ ودەنوسرێ،حەزرەتی لەولا: نیازحەزرەتی موحەممەد پێغەمبەری خوایت .

حیکایات " حکایات ": کوی حیکایەتە: داستان، سەر گوزەشتە، سەروسەربردەی پێشینیان ، گێڕانەوەی هەوالّ لەبابەت هەرشتێکەوە بێ .

حیکمەت " حکمت ": فەلسەفە، قسەی بەجێ ، ڕاستی و دروستی لەهەموشتێک دا ، دادپەروەری، زانستی، ژیری ودوربینی ، پەندوئاموژگاری .

حوکەما " حکماء ": کوی حەکیمە ،زانا ، خاوەن حیکمەت .

حوجرە " حجرە ": (١) دوکانی بەزاز، جێگەی قوماش فرۆشتن ، (٢) ژور ،(٣) حوجرەی مزگەوت ودەرس خوێندن، ژوری مەدەرسە یاکاروانسەرا .

حوققە " حقە ": قتو، سندوقی بچوکی جوان کە زێر و جەواهیری لەنێودا دەپارێزرێ .

حەجەر " حجر ": (١) سەنگ ، بەرد (٢) پیرۆز، یاقوت .

حەسادەت " حسادت ": ئەوکەسەیەکەنەتوانێ دەولەمەندی وبەختیاری خەلّکی ببینی وئارەزوی لەناوچونی بکا ، حەسودی بەخیلی .

حەشەم " حشم ": خزمان و کەسان، نۆکەران وخزمەتکارانی پیاو، مەرەکان .

حەرب " حرب ": جەنگ ، شەر، کێشە .

حەرەمخانە "حرمخانە ": حەرەم سەرا ، ژوروسەرای گەورەکان کە جێگەی ژنانە، شوێنی ژنان،.

حەمد " حمد ": ستایش ، سپاس ، ستایش‌کردن، شوکرکردن،یاد کردن .

حیرز " حرز ": (١) جێگەی قایم، پەناوپەسێو، شوێنی کە شتێکی تێدا بپارێزن (٢) بەهرە، نەسیب ، ئەودوعایەی لەکاغەز دەینوسن و لەگەل خویان هەڵی دەگرن.

حیرمان " حرمان ": ناهۆمێدی، بێ بەهرەبون ، بێ بەش کردن .

حیمایەت " حمایت ": ئاگاداری لێ کردن، چاوەدێری کردن، پارێزگاری کردن لەشتێک یالە کەسێک ، پشتیوانی کردن ، پاسەوانی .

حەبیبان : خۆشەویستان، دۆستان .

حیفز " حفظ ": پاراستین ، پارێزگاری کردن ، پاسەوانی، بەرگری کردن لەلەناوچونی شتێک ، ئاگاداری کردن لەشتێکتاتێک نەچی ، لەبەکردنیشێعریاهەرنوسین وقسەییێکی تر .

حزور " حضور ": (١) ئامادەبون، ئامادەکردن، لەنزیک کەسێک دابون(٢) واژەی وشەی رێزگرتنەلەپێش ناوی کەسی گەورە دەوترێ ودەنوسرێ .

حوبب " حب ":وستی ، عیشق ، دلداری،خۆشەویستی .

حوباب " حباب ": (١) یلقی ئاو، گومبەزی ئاو (٢) روپۆشی پاولەشیشەیابلور.

حوزن " حزن ": خەم وخەفەت ، دڵتەنگی ، کەسەرە

حوجەت " حجت ": بەلگە، دەلیل ، بورهان .

حەی "حی ": زیندو، گیاندار، نەمر، خودا (٢) مار (٣) گوند، ئاوایی، ئاوەدانی ، قەوم، عەشیرەت .

حەیدەر "حیدر": (١) یەکێکەلەناوەکانی خەلیفەچوارمی راشدین ، عەلی کوری ئەبوتالیب (٢) شیر، شیری قەدبارێک .

خ =

خـالـيـق " خـالـق ": بەدی هێنەر، دروستکەر، پەروەردگار، خوا، ئافەریدگار، یەکێک لەناوەکانی خوایە.

خـاتـەم" خـاتـم": (١) مور، نیشانە، دوایی هەرشتێـک، ئەنگوستیلە، نقیم، (٢) زاری یار، دەمی یار، شتێک کەلەعـاجی فیل وئێسکی وشتردروستی بکەن وگوڵ ووێنەی جۆراجۆری لـەسەز بکێشنەوە.

خـاکستـەر: خۆڵەمێش، مشکی، ئەوخاکەیەکەلەئەنجامـی سوتانی دارودەوەن دروست دەبێ ورەنگی بورە.

خـام: خاو، نەگەیشتو، نەگەییو، هەرشتێکی کەدەسکـاری نەکرابێ ولەسەر تەبیعەتی خۆی مابێتەوە، (٢) پیستی دەباغنەکراو، (٣)کەمەند.

خـاسـە "خـاصـە": تایبەتی، هێزوتوانای تایبەتی ناوەوەی کەلەشت دا هەیە، دژی گشتی.

خـاتیمـە" خـاتمـە":مـس "خاتیم"ە، دوایـی.

خـار: درک، درو، چەقل، تیغی دارودەوەن، خاروخەس : درک ودال، خاری وەکەنات : درووی وشترخۆر،

خـەرابـات "خـرابـات": مەیخانە، لەبنج دا بەعەرەبـی "خربات"ە، "کوی" حربە = خەریبە" یەواتە ویرانەوکاولگـە، لەکون دا بەوما لانەیان ئەوت کەشوێنی مەی نۆشی وشەراب خواردنەـوە .ودڵداری کردن لەگەل کەنیزەکان بو، لەزاراوەی سوفیایەتیـدا بریتییەلەپلەوپایەی خەرابی ولەناوچونی خوورەوشتی نەفسانی وحەیوانی، وەجیگەی ئاکارورەوشتی مەلـەکوتی وئاسمانی، ئـەوـجێیەی کەخواناسان وسالیکان لەزنجیری خوورەوشت وحالـەتەکانـی نەفسانی رزگاردەبن وسەرمەستی مەیی یەک پەیوستواتە "وەحـدەت" دەبن، وەخەراباتی بە ئینسانی پوخت وشارەزا ئەلێن کەگەیشتیبێتە

پلەی بەرزی عیرفان وخواناسی وناسەوەری .

خدری زیندە : خدرپیغەمبەر ، ناوی یەکێکەلەپێغەمبەران، لەسەردەمی موساپێغەمبەردا ژیاوەوهاوریێ بووە ، لەئەفسانەی سامی یان دا ئاوی ژیانی خواردوتەوە هەتاهەتایە نامرێ، لەکوردەواری دا خدریزیندەی پێ دەلێن، ناوی تالیایا ،ئیلیایوهن بووە ، وەلەبەر ئەوەی هەمیشە لەجێگەی تەوسەوزی دادانیشتووە - "خضر" یان پێ وتووە ، هەروەها دەلێن لەگەل ئەسکەندەری گەورەلە ئاوی ژیبان گەراولەخاکی زولمات داسەرچاوەی ئەوئاوەی دوزی - یەوە ولێی خواردەوە ،پی مەگەیشتەژیبانی ئەمری وهەمیشەیی،وەلە هەمودەوروزەمانیک دالەبیابان دابەهانای ونبووان دەگاو یارمەتی یان دەدات ، قورئانی پیروزباسی کردووە ،لەکەدەرویش وسوفی یان داپایەیکی بلندهەیە .

خەرامان : بەنازویشتن، بەنازوفیزبەرێگادارویشتن.

خەرقە : ئیلمە ، پارچەی جل ، پارچەییکی بچوک لەقوماش جلێک لەپارچەیبچوک بچوکی جوّراوجوّردروست کرابێ، جل وبەرگی دەروێشان .

خەراج " خراج": باج ، ئەومالەیەکەلەباتی بەکارهێنانی زەوی لەبەرهەمی کشت وکال وشتی تروەردەگیرێ.

خەرقی عادەت :پێچەوانەی خوورەوشت ، لاچون لەسەخووو رەوشت ، زیادەلەرەوشت .

خیرەق " خرق": کوی " خرقە= خەرقە (یە : پارچەی جل ،- جل وبەرگی دەورێشان .

خزمەت : کارکردن بوّکەسێکی تر ، نوّکەری، خزمەتکاری .

خەسیس : چنوک ، چاوچنوک ،بەرچاوتەنگ ، لەچەر ،نان - نەخور، نان نەدەر.

خـــزان : چونەناوشتێکی تەسک ، لەسەرنگ رویشتن،رۆیشتنی چانەوەری بی پی .

خەتـا " خطـا " : تاوان ، سوچ ، نادروست ، تاوان وگوناهێکی بەئانقەست نەکرابێ.

خەجالـەت : شەرمەزاری، حەیا ، شەرمنی .

خیتـابـات (خطـابـات " : وتوویژ، قسەی روبەروئەوقسانەی روبەروبوکەسێک دەوتری، ئەو قسانەی کەسێک بەیەکێکی تربلی وئەو وەلامی بداتەوە .

خەتـی بـوتـلان " خـط بطـلان " : خەتی ناراست ، دێـــری ناحەق، خەتی پوچ ، نوسینی ناراست .

خەنـدان : شکوفەی گوڵ ، خونچەی گوڵ ، دەمبەپێکەنیـــن، خوشحال ، دڵخۆش .

خەلـوەت " خلـوت " : تەنیایی هەڵبژاردن ،جێ بەتـــال ، شوێنی خەوتن (٢) خەزان ، گەلاریزان، پاییز، یەکێکەلەچوار ـ کەژی سال ، سێ مانگی پێش زستانە .

خەلەف " خلـف " : نەوە، نەوەی چاک ، کەسێکەلەدوای کەسێکی ترەوەبی، جێ نشین ، ئەولادی دروستکاروشایان .

خەلیفـە : جێ نشینی پیغەمبەریائیمام، ئەوکەسەیەکەلەجی کەسێکی تردادەنیشێ، (٣) ناوی سەرۆکی دەولەتەئیسلامی یەکـــان بولەپاش حەزرەتی موحەممەدەوە تاروخانی دەولەتی عوسمانی .

خلـوسییـەت " خلـوصیـت " : پاکی، خاوێنی، بی غەشی .

خوش مەنزەر " خوش منظر ":خۆش دیمەن ، روح پەروەر ،دیـمـەن جوان .

خوسـرەوی خوبـان : فەرمانرەوای جوانان ، پادشای جوانان، خوسرەوی پەرویز، نەوەی ئەنوشیروانی داپەروەرە، لەسەردەمـــی ئەودا پیغەمبەری موسولمانان موحەممەدپەیدابو، خوسرەوپادشاییکی

خاوەن شکوبو، دەولەمەندی وگەنجینەکانی بون بەئەفسانە،دلداری لەگەل شیرین بووە، بەسەرچاوەی چیروکی شیعریلەویژەوئەدەبیات دا .

خورشیدی تابان : روژی روناک ، خوری تروسکەدار ،.

خورسەند : خوش‌حال ، دلخوش ، شادمان، قانیع بون ، رازی بون .

خوررەم" خرم" : دلخوش ، شاد، خوشحال ،(٢)ئەروتازەو – نازدار.

خوبان : جوانان ، چاکان ، شوخان ، دلبەران .

خەدەنگ : تیری راست‌ودریژ، داریکی سەخت‌وقورس‌وپتەو، تیرونیزەی لی دروست‌دەکری(٢) دارگەز، درەختی گەز.

خیرەد"خرد" : عەقل وهوش ، زانست، خیرەدمەند: زانا ، هوشیار، بەنوش ، عاقل .

خوتور" خطور" : یادهاتنەوە، هاتنەوەبیر، شتیک لەبیر کرابی ویستوەیاد.

خەواس" خواص" : کوی " خاصە = خاسسە"یە: خزمان ، کەسان ونیزیکان، گەورەکان وهەلبژاردراوانی قەوم(٢) سود و قازانج ، خەواس‌بەرامبەری عەوام.

خومار"خمار" : ئەو وژانەسەروسەرئیشانەی کەدوای مەی خواردنەوە بەدی دی، دەردی سەروستی یێکە دوای لەناوچونی نەشئەی شەراب‌لەئینسان دابەدی دی، حالەتی دوای مەستی .

خوان : سفرە، ئەو شتەی نانی لەسەردەخوری .

خەلەل " خلل" : درز، کون ، پەک‌کەوتنی کاریک،کاریک کەچەتی تیکەوی وپیک نەیەت ، زیان ولەناوچونی کاریک ،شیواوی بیرورا، جیاوازی ، مەودای نیوان دوست .

خیسال " خصال ": کوی" خصلت = خیسلەت "ە: خوورەوشت، عادەت.

خەد "خد": رومەت، کولمە، روخسار، گونا.

خەتاوخوتەن: ناوی کۆنی تاوچەکانی باکوری چینەکە موشکی ئەونا وەبەنا وبانگ بووە.

خونکار: خوێن ڕێژ، ئەوەی خوێن دەرێژێ، ئەوەی کەسێک دەکوژێ.

خەیال: ئەندێشە، وەهم، گومان.

خیلاف " خلاف ": پێچەوانە.

د =

دانیش : زانست ، زانیاری ،عیلم ، دانایی .

دانــی : نزیک ، نیزیک بو ، دژی"قاصی ـ قاسی".

دارولحوزن (دارالحزن ": مالی خەموخەفەت ، مال وشوێنی کەدانیشتووانی توشی خەوخەفەت بن .

دەرک : تێگەیشتن ، گەیشتن بەشتێک ، حالّی بون.

دیرایەت "درایت": تێگەیشتن، زانین ، ئاداربون،شارەزا بـون .

دەلـەک : جانەوەرێکی گوشت خورە ، لەسمورەدەکاوهینـدەی پشیلەیاتوری گەورەترە ، پیی کورتە ، پیستی یەکجارنەرمە ،رەنگی زەردوقاوەیی هەیە ، ژێرگەردن وسنگی سپی یە ، پیستی بەنـرخە ، لەکوردستان دا پەیدادەبێ .

دەلیـل " دلیـل ": بەلگە ، رێبەر ، پیر ، مورشید ، هـەمـو بەلگەیەک بوورون کردنەوەی شت ، حوججەت .

دلجـو : دڵخواز ، ئەوەی دڵ پەسندی دەکات .

دولـدول : ژوشکی گەورە ، ژوشکی تیرهاوێژ ، سیخور ، (٢)بـە مانای کارێکی گەورە ، (٣) ناوی ئێسترێکەدەلین "مـوقـوقیـس فەرمانرەوای میسربـۆپێغەمبەریئیسلامی ناردبوبەیداری وحەزرەتـی علی کوری ئەبوتالیب سواری دەبو ، هەربەمهۆیەوەبەحەزرتی عەلـی یان وتووە شای " دولدول سووار ".

دەقیـق : بارێک ، نەرم ، ورد ، (٢) ئارد (٣) کارێک پیـاو سەری لێ دەرنەکا ، کاری داپۆشراووشەستم ، نوکتەی باریک .

دود : دوکـەل .

دەمـاغ : مێشک ، شتێکی نەرم ورەنگ بوری کالەناوقـاپـی سەر " جومجـومە"دایـە .

دەهـر "دهـر" : رۆژگار ، زەمان، زەمانە ، رۆژگاری بێ پایان.

دەقیقـی : باریکی، نەرمی، وردی .

دەفینـــە : شاراوە ، پەنهان ، پارەیا شتێکی ترکەلەژێرخاکـا شاردرابێتەوە ، گەنجینە ،خـەزێنە .

دور : دور" در" : مرواری درشت .

دورد : خلتـــە .

دیبـــا : جوزەقوماشیکیئاوریشمی یە ، قوماشی ئـاوریشمـــی رنگاورەنگ .

دیباچـــە : سەرەتا ، سەرەتای مەبەست ، شەرحێ کەلەپێشەوەی کتێب دا بنوسرێ، (٢) روخسار ، رو ، بەعەرەبی" دیباجە "ی پێیئەلێن.

دیـــار : کوی دار ، مال ، شار ، سەرزەمین ، هەرێم ، — مەلبەند ، ناوچە (٢) ئاشکرا ، دیاری .

دەهـەن : زار ، دەم

دیرینـە : کۆن ، کۆنە ، پێشینە ، لەمێژینە ، قەدیم بون ،بـە سالاچو ، پیری لەکارکەوتو .

ر =

رەجـــا "رجـا": تكـا كردن، ئومێدكردن.

رەحمـەت "رحمـت": مێهرەبانی چاكەكردن، بەخشین، بەزەیی.

رەئیـــس "رئیـس": سـەردار، سەروەر، سەردەستە، پێشـەوا، گەورەی میللـەت.

رەشـك: غیرەت، حەسادەت.

رەم "رم": (١) رامكردن، هەڵاتن، دوركەوتنەوەراكردن لـــە ترسان، رەو، رەوینەوە (٢) پەلامار، هێرش، بەسەردادن، رەمـــی ئاهو: سل كردنی مامز.

رەهـــن: بریتی یەلـەوشتەی كەدەدرێتەكەسێك وپارەی لـــێ قەرزدەكرێ، نرخی ئەوشتەهێندەی پاركەبێ، قەرزدارشتەكـەی وەر دەگرێتـەوەلـەپاش ئەوەی قەرزەكەداداتەوە.

رەحمـان "رحمـان": بەخشەندەومیهرەبان، یەكێك لەناوەـ كانی خوای گەورەیە.

رمـــوز: كوی رەمزە: ئیشارەت، رازی نهێنی داپۆشراو، ئەو بزوتنـەوەیەكەلـەئەنجامی دائادەمیزاددەركی مەبەس دەكا.

روح: (١) گیان، رەوان، نەفس، جان، (٢) فەرمانی خـودا وەحی خودا، فریشتە.

رەوغـەن: رون، شتێكی شل یانەرم وچەورەلـەكەرەیـا دوگیا دەنكی بادام وگەرچەك وزەیتون وشتی تردەردەهێنرێ.

روقعـە "رقعـە": نامە، نوسین، نوسراو، پارچەكاغەزیـــك بۆنوسین یامادەبی(٢) جۆرەخەتێكی نوسینە (٣)پارچەی هەموشتێـك (٤) پینەی جل وبەرگ.

روخنـــە: كون، درز.

روبـــاب: یەكێك لەئامرازەكانی موسیقای كۆنە، وێنـــەی تارە بەلام كاسەكەی بچوكترەولەكوناودتەلی بووەبەهۆی كەمانچەوە

لیدراوه.

ریعایەت " رعایت ": لەوەراندنی مەروماڵات ،لەوە ـ راندنی ئاژەل وپاتالی گیاخورلەلەوەرگادا ،(٢)راگەیشتن بە ئیش وکاری رەعیەتان ،(٣) راگرتنیڕێزومافی کەسێکەدلنەوایی و میهرەبانی، چاکەویارمەتی دان .

ریوایەت " روایت ": چیروک ، داستان، گێرانەوەی مەبەست ،خەبەریاحەدیس .

روحانیەت " روحانیت ": پاکی وپیروزی، پارێزگاری، (٢) زانایان وپێشەوایانی ئایینی، کۆمەلی روحانیانی ئایینی ، ئەوکەسانەی پێیان وایەروحاددەنیە .

روکن " رکن": (١) بەشی گەورەتروبەهێزتری هەرشتێک ئەندامی گەورە ، ئەوەی کەپێی بەهێزبن وپالی وی دەن (٢)پایەو کۆلەکە (٣) گەورەوپێشەوای قەوم.

ریشتە "رشتە": رستە ، تال ، داو ، رێزیک شتی هونراوەی ـ وەکومرواری، تەناف .

رەقیبان : ئەوکەسانەی مەیلیان بۆشتێک یاکەسیک هەبێ و عاشقی بن ، هەریەکەیان رەقیبی ئەوی تریانە ، ئەوانەی قسە و کردەوەوبزوتنەوەی خەلکی هەڵدەگرن یاتوماری دەکەن .

ریسوا : بێ ئابرو، بەدناو، بێ شەرم، شەرمەزاری بەهوێ کاری ناحەزوخراپەوە، ئەوکەسەی کەکاری خراب وناحەزی لێ ئاشکرا بێ ولەلای خەلک شەرمەزاروبێ ئابروبێ .

ریا : بەدروخۆپیشان دان بەکەسێکی باش ودا وێن پاک ، خۆپیشان دان بەخیرخوا ولەراستیش داوا تەبی، دورویی،.

رەزان : میو، داری تری.

رەزیل "رذیل ": ناکەس ، پەست ، نزم ، زەبون .

رەعــد "رعــد": هەورەتریشقە، دەنگی هەور.

رەســەدخـانــە: ئەومال وشوێنەی کەئامرازوکــەرەســـــەی ئەستێرەناسی تێداکودەبێتەوە.

ز =

زاهید "زاهد": تۆبەکار ، ئەوکەسەی وازی لەدونیا هێنا بێ وخەریکی عیبادەت بێ ، پارێزگار ، پارسا .

زات "ذات": خاوەن ، خوداوەندی هەبون وجەوهەری هەموشتێک نەفسی هەموشتێک ، سرشت .

زاهیر "ظاهر": ئاشکرا ، دیار ، پەیدا ، نوێنراوە .

زایع "ضایع": بێ بەهرە ، بێ سود ،بێکار ،بەغیروچو ، وازلێهێنراو ، ون بو ،بزربو .

زاغ : قەلەرەشە ، باڵدارێکی رەشە ، لەقەلەسابونەبچوکترە ودەنوک وپێی سورە ، لەهاوینادەچێتەکوێستان وشێنی سارد .

زانو: چوک ، ئەژنۆ .

زەمیر "ضمیر": (١) ناوەوەی ئادەمیزاد ،ناخیدل،ئەندیشە ورازی ناودل ، نیهاد ، دەرون، (٢) لەدەستوری زمان دا ئەوەوشەیەک جێگری ناوەوشەخس دەگەیێنی ، وەکومن ، تۆ ، ئەو ،ئێمە ، ئەوان .

زەمهەریر "زمهریر": زۆرسارد ، سەرمای سەخت ، جێگەیەکجار سارد .

زەلیخا : ناوی ژنی پوتیفاری عەزیزی میسربو ، ئەوەی — حەزرەتی یوسفی بەپارەکری، زولەیخا عاشقی یوسف بو بەلام یوسف مەیلی بۆی نەبولەبەرئەوەلای پوتیفاری مێردی بوختانی پێ کرد تاخستی یەزیندانەوە ، بەلام لەئەنجام دا ،یوسف لەزیندان رزگاری بو لەوکاتەی زولەیخا پیربوبو ، رۆژی لەسەررێی یوسف دانیشت وبەفرمێسک وپارانەوەدا وایلێ کردکەلێ خۆش بێ وئیمانیشی بە پیغەمبەرایەتی هێنا ، ئیتریوسف دۆعای بۆکردوگەنج بووەوشویان بەیەکتری کرد ، لەقورئان دا باسی ئەمرودا وانەکراوە .

زوهــره " زهـره ": ناهید، وینوس ، نزیکترینی ئەستیره ـ گەروکەکانەلەزەوی ئێمە ، لەپێش رۆژهەلاّت ولەپاش روژئاوا لـــە ئاسمان دادەبیزی، ماوەی بزوتنەوەی لەدەوری رۆژدا "٢٢٥" روژە ، دوئەوەندەی عەتاریدوهەندی لەزەوی ئێمەبچوکترە ، گۆرانیی فیکر و سەماکەری چەرخ وفەلەکی پەدەلین .

زەوال " زوال ": لەناوچون ، لەبەین چون ، دورکەوتنەوە ، پاک بونەوە .

زومـرە " زمـره ": دەستە، پول ، کۆمەل ، گروه .

زەرف "ظـرف ": لەزانستی " سەرف = صرف " داهەموشتێکـــی کەشتیکی تری تێدابێ، ئەوەی ماناى " لە "ی تێدایە ،دوبەشە ،جێگە و کات ، (٢) بلیمەتی ، پسیوری (٣) قاپ ، هەموشتێکی کەشتیکـی تری بخرێتەناوەوە، (٤) حال ، وەزع .

زەکـات " زکـاه ": = زکوە: خوالاسەوهەلبژاردەی شتیک بـــە شتیک لەمال کەبەدەستوروفەرمانی شەرع لەرێی خودا بیدەن بنـــە فەقیروهەژار ، لەزاراوەی " فیق ـ فیقە " دابەشیکی دیاری لـــە مالەکەدەبێ بیدەن بەهەژاران وئەوانەی خێریان پێ دەشێ .

زەررە " ذره ": (١) شتی یەکجاربچوک (٢) هەریەکێک لەوشتـە بچوکانەی لەهەوادابلاون ولەبەرتیشکی روژدیاردەبن .

زیـارەت " زیـارت ": چونەلای کەسی گەورەوپایەبلنـدبـــۆ دەست ماچ کردنی، چونەلای شێخان وپیاوچاکان وخواناسان بۆدەست ماچ کردنی، چونەسەرئارامگاوگۆری پیرانی پیروزوپیاوچاکانـــی مـردو .

زینـەت : جوان کردن ،هەرشتێکی کەشتێکی تری پێ جوان ـ بکرێ، ئارایش .

زەنــگ : (١) ژەنگ ، ئەوشتەیەکەلەئەنجامی هەواوتەرایـــی

لەسەرئاسن پەیدادەبێ ، کارکردنی ئۆلسپژین لەئاسن ، (٢)تیشکی مانگ وروژ ، (٣) کەسی خەلکی زەنگبارکەناوی ولاتێکەلەئەفریقا دانیشتتوانی ئەوی پێستیان رەشە ، (٤) زەنگولە .

زەنگی : نیسبەتەبۆزەنگ یا زەنگبارکەناویولاتێکەلە ئەفریقاوخەڵکەکەی پێست رەش، لەکونابەهەمورەشکانیان دەگوت زەنگی، رەشی، قولەرەش ،.

زیا "ضیاء": رۆشنایی ، روناکی، تروسکایی، تریفە .

زەغەن : بالداریکەلەقەلەرەشەدەچێ وبچوکترە ، جانەوەری بچوکی وەکو منتبک راودەکاوچولەکەی رەشیشی پێ دەلێن .

زیکر " ذکر": (١) هاتنەوەیاد ، وەبیرهاتنەوە ، (٢) ناو ـ هێنان (٣) ستایش وسپاس ، نوێژ ، ویژدودوعا .

زمیمە "ضمیمە": پێوەلکینەراو ، پێوەنوساو ،پێوەچەسپاو .

زولفەقار " ذوالفقار": ناوی شمشیری حەزرەتی عەلی کوری ئەبوتالیبە .

زولەمات " ظلمات": کوی " ظلمت = زولمەت "ە ، تاریکی دواکەوتویی، نەویندەواری ،پێشینیان وقەدیمیان پێیان وابوکە زولەمات لەئاخری زەوی دایەوسەرچاوەیکی کەهەرکەس ئاوی ئەم سەرچاوەیە بخواتەوە ژیانی هەمیشەیی دەست دەکەوی ، هەربەمهۆیە وە ئەمسەرچاوەیان ناونا وەئاوی حەیات وگوتویانەکەئەسکەندەر چوبەشوێن ئاوی حەیات دا بەلامنەیگەیشتی وخدرپیغەمبەرلەئاوی ئەوسەرچاوەی خواردەوەوژیانی هەمیشەیی دەستکەوت ،جوغرافیا ـ نوسانی کون زولەماتیان بەقوتبی شیمال داناوە ، چون ماوەی شەش مانگ لە سال دالەوشوێنەدا هەواتاریکەوبەبیروباوەری ئەهلی تەسەووف مەبەست لە هەوای نەفسانی وخووورەوشتی حەیوانی یە ،

زەفەر " ظفر": هیواوئامانج هاتنەدی، بەئاوات گەیشتن ، بەمەزارگەیشتن ، سەرکەوتن .

زەوق " ذوق ": (١) چیژ، تام (٢) خوورەوشت (٣) خۆشی، — دونیایی .

زیللەت " ذلت ": چارەرەشی ، بەدبەختی، پەستی،گومرایی، ڕێکەون کردن،

زیقەتخانە "ذیقتخانە": مالی تەنگ وتاریک .

زیشت : ناحەز، ناجوان ، ناپەسند ،روناحەز ،بەددیمەن،

زەیستان : ژنی تازەزاو،

زیبا : جوان ، روجوان ، دڵبەر، دڵڕفین ، شۆخ .

زەقەن " ذقن ": چالی چەند .

ژ =

ژولیدە : خەمگین ، پەرێشان ، لێقەوماو، سەراوژێر . لێقەوماو .

س =

ساقی : (١) ئەوکەسەی ئاویا شەراب دەدا بەیەکێکی تر ، ئەوەی لەکۆری مەنوشی دامەی لەپیالەدەکاودەیدا بەدەستی مەی نوشان ، (٢) لەزاراوەی سوفیایەتی دارابەری راستەقینە ، "مورشیدی حەقیقی" کەئەمەخواخویەتی : وەکولەقورئان داهاتووە "وسقاهم ربهم شرابا طهورا " ، (٣) پیری پوخت و شارەزاکەفەیزوبەهرە بەمریدەکان دەگەیەنێ .

سالیک " سالک ": رێبوار ، پەیرەو ، زاهید ، سۆفی ، دەروێش ، ئەوکەسەی دەروا ، ئەوکەسەی رێیەک دەگرێتەبەروبەورێیەدا دەروا ، لەزاراوەی سوفیزمدا ئەوکەسەی کەبەرێنوینی پیرومورشیدبەریی خواناسی وپاریزگاری دابروا وسلوک بەیتی یەلەگەران لەپلەو پایەی وجوددا بۆگەیشتن بەراستی ودروستی ، لەمەرجەکانی ئەو بریتی یەلەرەنج وزەحمەت وگۆشەگیری وعیبادەت وشەونەنوستن ودورکەوتنەوەلەهەوای نەفس ، بەسالیکان ئەهلی سلوک وئەهلی تەریقەتیشیان پێ دەلێن .

سالح "صالح": چاک ، دروستکار ، راست وکردەوەچاکە .

سامان : دەولەت ومال ، ئەسبابی دەولەمەندی ، (٢) رێک و پێکی ، جوانی (٣) نیشانەوئەندازە ، (۴) هێمنی ولەسەرخۆیی ، (٥) هەموبەرهەمێکی ئەدەبی وهونەری (٦) ناوی کەسێک بوکەبنەمالەی پادشایانی سامانی دروست کرد .

سافەر: جام ، پیالەی شەراب خواردنەوە ، کاسەیەک بۆمەی خواردنەوەکەلەبلوریا زێروزیۆیا شتێکی تردروست کرابێ ، لەزاراوەی سوفیایەتی داشتێکی کەلەودانوری غەیبی وتهێنی ببینن ولەواتا ومەعنەویات بگەن ، دلی خواناس وعارف .

ساری : (١) كاركردن لەشتێک بەجۆرێک كەبەهەمولایێک بلاو ببێتەوە ، (٢) ئەوەی بەشەودەروا ، شەورەو ،دەرچون لەودیو ،لە زاراوەی پزشكیدا نەخۆشی یەک لەكەسێكەوەبەكەسێكی تربگا .

سالار: سەروک ، سەردار ، رەئیس ، سەرۆكی میللەتە گەورەی قەوم ، گەورەوپێشرەوی كاروان یا لەشكر ، قافلەسالار ،لەزاراوەی كشت وكال دا وەرزێری ئاگاداروكارامەكەبەكاروبا ری زەوی وئاو داشتن و كشت وكال رابگا .

ساكین " ساكن ": ئارامگرتو ، بێ بزوتنەوە ،نیشتەجێ ، موقیم ، دانیشتو .

سەبات " ثبات ": قایمی ، راست ودروستی ، نەگۆرین ، بیروورا نەگورین .

سەرراف " صراف ": (١) ئەوكەسەی كەپارەی ساغلەپارەی قەلب جیادەكاتەوە ، زێرناس ، (٢) ئەوكەسەیەكەپارەدەگۆرێتەوە ، ئەو كەسەیەكەبازرگانی وكرین وفروشتن بەپارەدەكا .

سەرف " صرف ": زانستی ییكەبەباەت پیشتیاقی وشەی عەرەبیەوە (٢) بلاوكردنەوە ، خەرج كردن ، خەرج كردنی مال وپارە (٣) دەرهێنانی شتێک یا كەسێک لەجێگەیێک .

سر "سر": راز ، نهێنی ، نهینی دەرون ، شتی داپۆشراوو نەبیزاو .

سەرمایە : پارەوپول ومالی بازرگانی،ئەوەی ئالویری پێ دەكرێ .

سەمەر " ثمر ": بەر ، میوە ،.

سەفینە " سفینە ": كەشتی ، پاپور .

سەلات " صلاە " : نوێژو پارانەوەلەلایەن بەندەوەلە

خودا ، رەحمەتی خوا بەبەندەکانی .

سەلا" صلا": وشەیێکەبۆبانگ کردنی خەڵکی بەکاردەهێنری، بانگ کردنی خەڵک بۆکارێک ، نویژکردن، (٢) نان خواردن .

سەررشتە: سەری هەوادا ،ڕێگەی کار ، سەرکەوتن وزانینی کار شارەزا بی وکارامەیی لەکاردا (٢)دەفتەری حیساب .

سەدارەت " صدارت " : جێگەی بەرز ، گەورەیی،پلـەی سەرۆکی وەزیران، سەدری ئەعزەم، بالانشین .

سیلاح" سلاح": چەک ، هەموئالەتێکی کەلەشەڕدا بـەکـار بهێنری، تەقەمەنی، .

سیفات " صفات ": کوی" صفت = سیفەت "ە: چۆنیەتـی ئـەو شتەیەکەچۆنیەتی شتێک یاکەسێک دیاری بکا .

سوجدە " سجدە ": نیوچاوان کەیاندنەسەرزەوی‌بۆمەبەستی عیبادەت وخۆبەچوک ونزمپیشان دان ، کڕنۆش بردن .

سوحبەت " صحبت ": : هاودەمی، هاورێیەتی، وتـوویـژ ، گوفتوگۆ .

سوبحان : بەپاکی یادی خوداکردن، حەزرەتی سوبحـان : خودای پاک وبێ عەیب ، سوبحانی: خودایی، ئیلاهی .

سولوک " سلوک ": گرتنی ڕێگەیێک ولەسەری رۆیشتن ، ـ رەفتار ، رەوشت ، رێرەو ، بوتەریقەت بەکاردەهێنرێ، .

سریشک : فرمێسک ، ئەسرین ، دلۆپەدلۆپەی ئاوی چاوکـە لەکاتی گریان دادەرژێتەخوارەوە .

سوفی" صوفی": دەروێش ، شێخ، مرید ، ئەوکەسـەیـەکـە پرەوی تەریقەتی سۆفی " سوفیزم" دەکا ، پەشمینەپۆش . یـەکـەم کەس کەپێیان وتووە سوفی ئەبوقاسمی سوفی بووەکەلەسـالـی ١٦٠ کۆچی مانگی ، کۆچی دوایی کردووەویەکەم کەس کەوازەی سۆفی لـە

کتێبەکەی خویا هینا وەعەمروبنی بەحری جاحیزبووەکەلەنیوەی یەکەمی سەدەی سێهەمی کۆچی دا ژیاو..

سروروسور: کەیف وخۆشی ، شایی وزەماوەند ،شادی وکامەرانی، گوشادی ودڵخوشی .

سورە: فەسل یا پارچەیێکی سەربەخۆلەکتیب ،بەشێک یا پارچەیەک لەقورئان ، هەرکامڵەسەدوچاردەفەسلەکانی قورشانی پیرۆز، سورەی یوسف : پارچەوبەشێک لەقورئان کەباسی حەزرەتی یوسف دەکا .

سەیقەل "صیقل": مشت ومال کردنی شیروخەنجەر، پاک کردنەوەوتیژ کردنوبریقەدان بەشیروخەنجەرە .

سەفسەتە " سفسطە": وەرگیراو لەیونانی، بەلگەوقیاسی باتل ونادروست بۆپیچەوانەنیشان دانی راستی .

سیغە " صیغە": چور، ئەسل ، شێوەی هەرشتێک لەقالبی رێژراودا ، لەزاراوەی سەرفی عەرەبی داشیوەوشکلێک کەبەکەم وزیادکردنی پیتەکان یا گورانی حەرەکەکان دەدری بەوازە،وەکو سیغەی موفرەد، سیغەی تەسبیە، لەزاراوەی فیق داکاتی معامەلە و کرین وفروشتن وبەستنی نیکاح بەسەرزمانی دادەهینن وە، بەلگەی رازی بونی هەردولایە،(٢) ژنێکی کەهەمیشەیی نەبێ ، ژنێکی کە بۆماوەییکی کەم ودیاری کراولەپیاوێک مارەبکرێ .

سیغەی تەرازی : چونیایەتی رازی بونی دەکەس .

سەدەف " صدف": گیاندارێکی بچووکەلەنێوئاودادەژی، لاشەی لەنێوتویکلێک دایەپیی دەلێن " سەدەف" ئەوگیاندارەچەند جۆری هەیە، ئەوگیاندارەچەند جوری هەیە، بەناوبانگترینیان سەدەفی مرواری یەکەمایەیەک لەنێولەشی خۆی دادینیتەبەرهەمئەو مایەیەوردەوردەرەق دەبێ ومرواری لێ پیک دێ، بۆدروست کردنی

ئەنگوستیلەوزیوەروهەندێ شتی جوان ورازاوەلەتویکلی ئەو گیاندارانەسودوەردەگرن ،سەدەفی سەدوچاردەلیزگەکینایەلە قورئانی پیروزەکەسەدوچاردە سورەی هەیە ، سەدەفی ئاگرین کینایە لەخورەکەسەدەفی فەلەک وسەدەفی روژیشی پێ دەلیێن ، سەدەفی مرواری لەئیقیانوسی گەورەوئیقیانوسی هیندوخەلیجی فارس دا بەزوری هەیە .

سەمی یی " سمیی ": هاوناو ، هاوتا .

سەلەف " سلف ": رابردو ، لەرابردودا ،هەرکەس کەپتر ژیابێ لەباوکان وخزمانی کەسێک .

سەداوسەیحە " صداوصیحە ": دەنگ وئاواز ، بانگ و ئاوازیک کەلەکیویاشوینیکی ترەوەدەنگ داتەوە ودوبارەببیسرێتەوە .

شورمە : کل ، چەشنەخولێکی نەرم ورەش ووردەبورەش کردنی برژانگ ورشتنی چاوبەکاردەهێنری .

سوبحی شەمەل " صبحامل": بەربەیانی ئارەزو ، بەرەبەیانی ئاوات .

سەید"صید": راو ، شکار ، راووشکار ، نیچیر .

سولتان " سلطان ":(١) فەرمانرەوا ، پادشا ، مەلیک ، (٢) بەلگە ، هێزوتوانا .

سەییاد " صیاد ": راوکەر ، راوچی، شکارچی .

سەرشەلکەندە : شەرمەزار ، سەرنەوی .

سەعادەت : بەختیاری، کامەرانی، خوش بەختی ، دژی بەد بەختی .

سەقەر "سقر": دوزەخ .

سەنا "ثناء": ستایش ، مەدح.

سەیار "سیار": گەروک ، کاروان ، قافلە .

سیم تەن : لەشی سپی زیوین ، بەدەنی سپی وەک زیو .

سیما : وێنە، روخسار ، نەقش ، شێوە ، شکل .

سەبیل "سبیل": رێگە ، رێ، رێگەی ئاشکرا .

سەرچل : (١) شێت وسەرسەری، (٢) سەرلق .

سرایەت "سرایت": بروانە ساری .

سەبا "صبا": (١) بای شەماڵ ، بایەک کەلەرۆژهەلاتەوە شنەی دێ .

سەفەر "سفر": بریتی رێگە ، لەشارێک بۆشارێک چون .

سەعی "سعی": (١) تێکۆشان، کارکردن، (٢) چون ، رویشتن ، (٣) ئەوراکردنەیەلەکاتی حەج دا لەنیوان "سەفا و مەروە".

سەنەم "صنم": بوت .

سپیدەی سوبح: روناکی بەیانی، روناکایی بەرەبەیان.

سەبو : گوزە .

سەحیفە "صحیفە": نامە، لاپەرەی کتیب ، کتێبی بچوک، گۆڤار ، رۆژنامە .

ستون : کۆڵەکە .

سەعب "صعب": سەخت ، کاری سەخت ، ئەوشتەی بەسەختی بێتەدەست .

سەفا "صفاء": سافبون ،پاک وروناک ، پاکی وخاوێنی، رەوشەنی ، روناکایی، برەو ، خۆشی وشادی، یەک رەنگی.

سەهبا " صهبا " : پیاڵە، پیاڵەی شەراب ، جام .

سەودا : ڕەشایی ، تاپۆ، رەشایی خەڵک ، کەس ،رەشایی شارێک کەلەدوردێتەبەرچاوە .

ش =

شاهید "شاهد": بوک کچی جوان ، مەعشوق ، دلبـەر ، (٢) گەواه ، ئەوەی روداوو کارەساتێک بەچاوی خۆی دەبینێ و گەواهی دەدا ، حازربون.

شام: (١) سەرەتای شەو ، ئەوکاتەی کەتازەتاریکی دەست پێ دەکا ، کینایەتە بۆڕەشی وتاریکی(٢) خواردەمەنی ئێوارەوشەو (٣) وڵاتی سوریە، شاری دیمەشق .

شامات: کۆی " شام" ە-بڕوانە شام (٢) کۆی " شامە"یە خاڵ ، (٣) شامرد ، مردنی شا ، زاراوەییکە لەیاری شەترەنج بە کار دەهێنرێ ، (٤) ناوچەییکەسەربەمەهاباد .

شەرارە: بڵێسە ، پڕوشکە ، ئەوەی لەئاگرەوەبۆهەوا بەرزدەبێتەوە ، قرچە .

شەمس " شمس ": خۆر ، رۆژ ، شوعلە ، بڵێسە ، گڕ،زمانەی شاور.

شەوق "شۆق": ئارەزو ، مەیل ، تاسە ، ئیشتیاق،رەغبەت ، بیرکردن ، یاد ، نیاز ، (٢) روناکی ، تیشک .

شەعر "شعر": مو ، مۆی ئادەمیزاد ، توک ومۆی ئاژاڵ .

شەوی قەدر: شەوی عیبادەت ومانگی قەمەری ، سی شەوی دوایی مانگی قەمەری کەمانگ دیارنابێ ،شەوێکەلەمانگی رەمەزان دا ، شەوی پارانەوەیە ، قورئانی پیرۆز ، لەوشەوەدا بۆپێغەمبەر هاتۆتەخوارەوە .

شەریف " شریف ": خاوەن شەرەف ، بەرێزوبەحورمەت .

شەرەفیابی: بەخزمەت کەسێکی گەورەگەیشتن.

شەکیب: سەبروئارام .

شهلی: نیسبەتەبەشیلە، لەئاوایییەکانی "ما وراء لنهر".

شورب "شُرب": خواردنەوە، ئاوخواردنەوە.

شەجەر "شَجَر": دار، درەخت،.

شەعیر "شعیر": جۆ، شەبیهە، وێنە.

شەفیع "شَفیع": تکاکار.

شەکوە "شکوە": گلەیی، سکالا کردن، شکایەت (٢)جۆرە نەخۆشی ییکە.

شوهود "شهود": کۆی شاهیدە بروانەشاهید.

شیعر "شِعر": قسەی بەکێش وقافیەوهۆنراوە، ئەوقسەیەی کێش وقافیەوخەیالی تێدایە.

شیعار "شِعار": درۆشم، وێنە، عەلامەت

شەهد "شهد": هەنگوین.

ع =

عالەم" عالَم": (١) جیهان ، خەلق ،(٢) فەلەک ، رۆژگار، دونیاوئەوەی تییدایە .

عار: نەنگ ، شەرم، عەیب .

عارِز" عارِض": (١) پێشان دان ، روداو، سەردەستەی لەشکر، پەیدابون (٢) ڕو، روخسار، ڕومەت ، دەموچاوە .

عەبەس "عَبث ": کاری بێ هودە ، کاری بەسود، کردنی شتێک کەسودی تێدا نەبێ.

عەسەس " عسس ": کۆی " عاس"ە (١) پاسەوانی شەو ،شەو گەرد ، ئەوەی شتەودەگەڕێ بەمەبەستی پاسەوانی ،(٢) دز .

عیسمەت " عصمت ": خۆپاراستن لەگوناه ، تاوان وگوناەو نەکردن، ڕێ گرتن لەخراپە ، پاکی .

عەسا " عصا ": گۆچان ، ئەوداردەسەرخوارەیەکەلەکاتی ڕۆیشتن دابەدە ستەوەدەیگرن ویاریدەی رۆیشتن دەدا ،عەسای موسا : گۆچانی حەزرەتی موسا .

عیسیان " عصیان ": سەردانەنواندن، یاخیبون، بەقسە نەکردن ، فەرمان نەهێنانەجێ ، غەزرین .

عەسر" عصر": (١) کاتی دوای نیوەڕو تارۆژئاوا ، (٢) رۆژگار، خول ، چەرخ، دەور، سەدە، دەهر،(٣) گوشینی شتێک بۆ مەبەستی ئەوەی ئاویاشیرەی دەربهێنرێ .

عوشرەت " عشرت ": دوستایەتی، تێکەڵ بون، ژیان لەگەڵ یەکتری دا ، ژیانی خۆش ، ژیانی بەختیاری.

عەقار" عقار": ماڵ ، کەرەسەی ناوماڵ (٢) ئاووزەوی ـ کشت وکاڵ .

عوقار" عقار": (١) ماڵ ، کەرەسەی ناوماڵ، ماڵی

هەڵبژێردراو، (٢)شەراب ، مەی .

عەرسە "عرصە": حەوشە ، گۆڕەپانی ناوخانو ،گۆڕەپانی پێش قەسروباڵەخانە ، مەیدان .

عەقڵ "عقل": هۆش ، ئەوهێزوهەستەیەلە ئادەمیزاداکە جوانی، ناشیرینی، کاری چاک وخراپ لەیەکتری جودادەکاتەوە ، عەقڵی کول : عەقڵی تەواو .

عینان "عِنان": جڵەو ، ئەو پەتەیەکەبەڵغاوی ئەسپەوەیە وسواربەدەستی دەیگرێ .

عینایەت "عِنایت": رێ پێشان دان ، پاراستن ، دەست گرتنی یەکێک لەپێناوی ئەوەی لەکارێ داسەربکەوێ، وردی لەکار کردن دا .

عەتتار "عَطّار": عەترفرۆش، ئەوکەسەی عەترودەرمانی بۆن خۆش دەفرۆشێ .

عیقد "عِقد": (١) ملوانکە ، گەردانە ، گەردن بەند ،عیقدی سورەییا (عِقدثُرَّیا): چەند ئەستێرەی روناک وتروسکەدارکەبە شێوەی ملوانکەدیاری دەدەن وشێوەی گەردن بەندێک دێنن،پەورین عیقدی مونەززەم " عِقدِمُنَظَّم": رستەرێک وپێک ، رستەمرواری رێک وپێک .

عیشوە : کاری داپۆشراو ، کاری نادیاری، ناز ، دڵبەری،ناز فرۆشتن .

عوقبا "عُقبی": جەزا ، سزای کردەوە ، دوایی هەرشتێک دوایی هەرکارێک ، ئاخیرەت ، رۆژی دوایی ، رۆژی لێ پرسینەوە ، دنیای دیکە .

عەد (عَدّ": ژماردکردن، بژاردن ..

عوسات " عَصات ": كۆی" عاسی ـ عاصِی": گوناهکار، ـ تاوانبار، خاوەن گوناح .

عەداڵەت " عدالت ": دادگەری، بەئینساف بون.

عەقرەب " عَقْرب ": دوپشک ، ناوی بورجی هەشتەم لە دوازدەبورجەکانیئاسمان .

عورزە "عرضە ":لێ هاتویی،هیمەت ، هێزوتوانایی، (٢) مەکروفیڵ .

عود: (١) دار، لقێکی لەدرەخت جودا دەبێتەوە، (٢) ناوی یەکێک لەئامزارەکانی موسیقایە (٣) ناوی درەختێکەلەهێندو- بیرمانی دەڕوێ، دارەکەی قاوەیی ڕەنگ وبون خۆشە، لەئاوری ـ داوێن بۆ ئەوەی بونی خۆش بێت، عودی قوماری:جۆرەعودێکە ، نیسبەتەبۆ" قومار" یا " کۆمار" ناوی شارێکە لەوڵاتی هێندوستان

عەجوز "عجوز": پیرێژن ، ژنی پیر،ژنی بەسالاچو .

عەلایق " عَلائق": کۆی " عەلاقە . علاقە" بەهەمو شتێکی پەیوەندی بەئادەمیزادەوە هەبێ وەکومال ومندال ، پیوەندی دۆستایەتی، خۆشەویستی، عیشق ، ئەوین .

عەفو "عَفو": لێخۆش بون ، لێ بوردن ، بەخشین، لەگوناهی یەکێک خۆش بون .

عەدو "عدو": دوژمن .

عید: جەژن ، ڕۆژی جەژن ، هەرڕۆژێکی کەدەبێتەمایەی خۆشی وشادی کۆمەڵە، کەسێک . عیدەبنیا : لەجەژنی ئێمە .

عیرفان " عِرفان": ناسین، خواناسی، ئاسەوەری،عیرفان بەمانای گشتی شاوەزایی وئاگاداربون لەوردەکاری ونهێنیەکانی شتێکە ، بەرامبەری زانستی رواڵەتی وچبنایەتی، بەوێنەدەڵێن

فلان کەس پزشکێکی عاریفە ، واتەهەربەتوسراوەوخوێندنەوەرازی ــ نابێ، یا فلان عارف ، چازان وقسەزانێکی عارفە ، واتەتەنیا بە لاسایی کردنەوەی رواڵەتی قانیع نابێ، جوانی ووردەکاری قسە ـ زانی وچازانیفێربووە ، عیرفان بەمانای تایبەتی، دوزینەوەوبە دەست هێنانی راستی شت ،بەشێوەی دیتن ودۆزینەوە ،وەبەم هۆیەوە سوفیایەتی واتە تەسەووف لەبنەرتا یەکێک لەتروسکەکانی عیرفانە سوفییاتی نەحلەشێوەورێگا ورێبازێکی کیردەوەیی یەکەسەرچاوەکەی لە عیرفانەوەیە ، بەلاّم عیرفان مانایەکی گشتی وتێکرایی ترە ، کەبریتی یەلەسوفیایەتی ونەحلەکانیش ، دەگرێتەوە ، بەعیبارە ـ تێکی ترنیسبەتی نێوان سوفیایەتی وعیرفان بەقەولی مەنتیقیان، بەومانایەبۆی هەیە ئینسانێک وکەسێک عارف بێ بەلاّمسوفی نەبێ، هەر وەکوبۆی هەیە کەسێک بەرواڵەت چوبێتەناورێگەورێبازی ـ تەسەووفەوە ، بەلاّم لەعیرفان وخواناسی بەهرەیەکی وەرنەگرتبێ، جاری وایە دیومانە واژەی عارفیان لەمەعنادا بەرزتروبەرێزترلە واژەی دەروێش وسۆفی بەکارهێناوە .

عناسیر " عَناصر ": (١) ماک ، ڕەگەز، ڕیشە ، بنەرەت ــ (٢) چوارعونسوری پێشینان ، بریتی یە لەئاو ،با ،خاک ،ئاگر .

غ =

غـايـب " غـائـب ": نادیار، دورلەپێش چاو ،لەجێگەنەبون، ناپەیدا، ئەوکەسەیەکەئامادەنیەولەجێیەکی ترە.

غـافـڵ "غـافـل": بێ ئاگا ،ناهوشیار، ئەوەی زوشتی لـــە بیردەچێتەوە، بێ خەبەر، فەراموشکار، ئەوەی لەگوێی گـــادا ـ نوستووە، وئاگای لەخۆی نیە.

غـارەت " غـارت ": تالآن کردن،بەتالآن چون ، بەسەردادان، هێرش بردن .

غـایـەت " غـایـت ": دوایی، دوایی هەرشتێک،مـەبـەست ، ئاوات، ئامانج ، ئارەزو.

غـــەزەل "غـزل": جۆرەشیعرێکە لەڕوی روخسارەوە هـەمـــو دێرەکانی لەسەریەککێشی عەروزی ویەک قافیەیە، ژمارەی دێرە ـ کانی لەحەوت کەمترولەپانزدەزیاترنیە، بەلآم‌لەڕوی ناوەروکەوە باسی دڵداری وعیشقبازی یە لەگەڵ ژنان دا (٢) هەموقسەیکی‌جوانی ئەدەبی کەبۆویف ودڵداری وئەویندار ی لەگەڵ ژنان دادادەنری ، (٣) قوماشێکی نەرمی ئاوریشمی یە حەریق دەڵــێ :
کەوا پارچەی غەزەل دەبڕی " حەریق" ئەمڕۆلەدیوانت .
دەڵێ هەرچاوەڕێی دەستەخەیاتەی زوڵفی تاتاتم.

غـەزال :مامز، ئاسک .

غـەوغـا : (١) خەڵکێکی زۆری تێک چرژاو، خەڵکی پەستـــی ئاژاوەچی ، هەراوهەوریا ، دەنگ وسەدا لەکاتی شۆڕش وجەنگ داکـە خەڵکی بەگژیەکدادەچـن .

غینـا " غنـاء ": (١) گۆرانی ، ئاوازی خۆش (٢) دەوڵەمەـ ندی ، خاوەنی ماڵ وسامان .

غـەفڵـەت " غفلـت ": فەراموش کردن، لەیادبردن،فەراـ مۆشکاری، بێ خەبەری، سستی وکەم‌تەرخەمی،بێ موبالاتی .

غـولـغـول " غلـغـل ": نـاوی دەنـگ دەنـگ وسەدای بالّداران، هەرا وهوریای تێک چڕژاو، دەنگی جۆشینی ئاو یا هەرشتێکی شل .

غـوسـە " غصـه ": خەموخەفەت ، ئەوخەفەتەی گەرودەگـرێ، خەموخەفەت لەدڵ دارراگرتن .

ف =

فانی: نەبون ، لەناوچو ، نابود ، بەرامبەری باقــی (٢) ناپایەدار ، بێ دەوام ، ئەوکەسەی کەلەرێی ناسینی خواوگەیشتــن بەدل ودڵخوازلەخۆی ببورێ ولە مەعشوق دافانی ببێ بۆئەوەی ـ بەقای دەستکەوێ ، پیری بەسالاچو ، پیری کەوتو ، دنیای مـاددی کەناپەیداروبێ دەوامە .

فاسیــق " فاسـق ": گوناهکار ، تاوانبار ،کردەوەیناراست. (٢) پیاوێک لەگەڵ ژنی بەمێردحەزلێ کردن ودۆستایەتی بکا .

فانۆس : چراییکەلەمەعدەن وشیشە یاکاغەزیاشتێتروبوروست دەکرێ، چراییکەبۆروناک کردنی ماوەی زۆر لەژورمنارەیاجێ تــر دای دەمەزرێنن .

فاعیــل : بەجێ هێنەر ، کردنی کارێک، کەسێک کەکـارێـک ئەنجام بدا ، فاعیلی موختار : بەجێ هێنەروبەرێوەبەری کـارێک کەکارەکەی لەژێردەسەلات وئیرادەی خۆی دابێتە ئەوکەسەی کارێک بەدەسەلات وئیرادەی خۆی بەرێوەبباوئەگەرنەیەوێ ئەنجامی نەدا .

فەتــح " فتــح ": کردنەوە ، رزگارکردن .

فەساحــەت "فصاحــت": رەوانبێژی ، دەمەوەری ، زمانیتیژ ، زمانی گەرم ، لەزانستی بەدیع دامانای ئەومیەکەقسەلەهەموکەم وکورێ بێک دوربێ لەرۆی سفتی وشەو بەهێزی تەعبیرەوە .

فەتتـاح "فتـاح": ئەوەی یەکجارکاری خەڵک ئاسان دەکـا ، ئەوەی خەڵک سەردەخا (٢) یەکێکەلەناوەکانی خودا ، کارگــوشـا ، یاریدەدەر ، حاکم ، داوەر .

فەنا "فنـاء": نەبون ، نەبونی ، نابودی ، دژی بـــون.

فەرەح "فـرح": شادی ، شادمانی،خۆشـی .

فیـراق " فـراق": جودا بونەوە بەیەکتری، جودایی، دوری ، شەوی فیراق ، شەوی لەیەکتری جودا بونەوە ، ئەوشەوەی دڵـــدا رو دڵبەرپێکەوە نەبن .

فـەسـل "فصل ": (١) جوداکردنەوە ، پارچەکردن، بـــڕیـــن (٢) قەدەغەکردن لەنێوان دوشت ، ئەو جێیەی دوئیسقان پێـــدا دەگەنەیەکتری، (٣) بەشێک یا پارچەیێکی سەربەخۆلەکتێب ، (٤)کەژ ، وەرز ، یەکێک لەچوار بەشەکەی ساڵ کەبەهار وهاوین وپاییزوزستانە.

فـەتتـان "فتـان": زۆرفیتنەئەنگێـز ، زۆرجوان ودڵرفێـــن کەبەنازوجوانی روشەیدابکا ، (٢) شەیتان(٣)دز ، ریگر .

فیتـرەت "فطـرت ": سروشت ، تەبیعەت ، خووڕەوشتی سروشتی ئادەمیزاد .

فـەیـز "فیـض ": ئاوی زۆر ، لافاو ،شتی زۆر ،دیاری زۆر ، — بەهـرە .

فـەییـاز "فیـاض ": (١) ئاودار ، سەرچاوەی پرلەئاو ، (٢)— جەوانمەرد ، کەسێ چاوتێروسەخی تەبیعەت .

فـــرزەنـد" فـرزنـد": منداڵ ، کوڕیاکچی پیاووژنێک کـــە لەموڵەوبێ .

فـەریـد" فـریـد": یەکتا ، تەنیا ، بێ هاوتا ، بێ وێنـــە ، گەوهەری یەکتاوبەنرخ، گەوهەرێک کەلەناوگەردنبەندوملوانکەدا جێی بکەنەوە .

فـەلـەک "فلـک ": چەرخ، گەردون، مەداری ئەستێرەکـــان، ئاسمـــان .

فـەلـەکـول ئـەعـزەم" فلک الاعظـم": ئاسمانی گەورە .

فینجـان : قاپێکی بچوکەڵەچینی یا بللوردروست دەکرێ بـــۆ خواردنەوەی چایی یاقاوە بەکاردەهێنرێ .

فـەزلـە " فضلە ": پاشماوە، پاشماوەی شتێک ، پاشمـاوەی تەعامـوخواردەمەنی(٢) سەرنوبلک ، سەرگین .

فــوزەلا " فضلا " : زانایان، دانیشمەندان ،هونەرمەندان.

فـەوات " فـوات ": مردن، مەرگ، نەمان، نەبون، تێپــــەر بونی وەختی کارێک ، رابردنی وەختی کارێک ، فرسەت ،دەرفەت .

فــەوج: دەستـەدەستە، پۆل پۆل ، گرۆگرۆ .

فیلـواقیعـە " فـی الـواقعـە ": لەراستی دا .

فیــوزات " فیـوضـات ": کوی " فیض = فەیزە ": بـــڕوانــە فـەیــز .

ق =

قـاسـی " قـاصـی" : دور ، دوربو ، دوربوەوە ،دژی دا نی .

قـا مـەت "قـا مـت ": با ڵآ، قەد، بەژن ، ئەندا م، بڵنـــدی لەشی ئا دەمیزا د (٢) تەکبیروشەها دەو هەموشەووشەوتەعبیرا نەی کە لەپا ش با نگی نوێژکردن وسەرەتا ی نوێژدا دەوترین .

قـا فڵـە " قـا فلـە ": قا فڵ : کا روا ن، کۆمەڵێک خـــەڵـــک کەبەیەکەوەسەفەرئەکەن ، قا فڵە، سا لار ، سەرقا فلە ، سەرۆکی کا روان.

قـا پـی : دەرگا ، با رگا .

قـەسـوەت " قسـوت ": سەختی، ڕەقی ، دڵ ڕەق بون، بەزەیی نەها تنەوە...

قـوتـب " قطـب ": (١) وەلی ، شێخ، پیر ، سەرۆکی میللـــەت (٢) لەزا را وەی جوغرا فیا دا هەریەکێک لەدولاکەی میحورەی زەوی کـــە قوتبی با کوری وقوتبی جنوبی پێ دەڵێن (٣) نا وی ئەستێرەییکـــــە لەنێوا ن جەدی وفەرقەدا ن دا یە ورا بەری قەبیلەیە .

قـورب " قـرب ": نزیک ، نزیکی، دژی دوری.

قـولـلاب " قـلاب ": : چەنگا ڵ، ئا لەتێکی مەعدەنی. سـەر ــ چەما وەیە بۆما سی گرتن بەکا ردەهێنرێ .

قـودسـی" قـدسـی": نیسبەتەبوقودس ، نا وی ئیسلامی شـــا ری ئورشەلیمە ، بەهەشتی، پا ک وپیرۆز ، قودسیا ن: کۆی قودسی،فریشتـــە کا ن ، دروستکا را ن، را ستا ن .

قـومـری : با ڵندەییکەلەکوتربچوکترە ، بەجوتەلەگەڵ یەکتری دا دەژین، گۆشتی زۆرخۆشە .

قـوت : (١) خوا ردن ، خوا ردەمەنی ئەوشتەی کەئا دەمیـــزا د دەیخوا ، (٢)تـــا ک .

قـیـدەم"قـدم": پێشینە ، کۆن، دێرینە ، پێشینەلەکا رێک دا ، دژی " حدوس ــ حدوث".

قیاس : ئەندازەگرتن ، بەرامبەرکردنی شتێک لەگەڵ شتێکی تر ، کەوەک یەک بچن ، بەراوردکردنی دوشت لەگەڵ یەکتر (٢)گومان.

قەناعەت " قناعت ": رازی بون بەبەش ، رازی بون بە کەم ، بۆوێنەدەڵێن فلان کەس قەناعەت دەکا ، واتەبەبەشی خۆی قانع ودڵخۆش ورازی یە .

قەمەر " قمر ": مانگ ، ڕوی مانگ

قورعە " قرعە ": بەش ، بەهرە ، نەسیب ، بەخت ،پارچە یەک کاغەز یا ئێسک کەفالی پێ دەگرنەوەوبەش وبەهرەی کەسێکی پێ دیاری دەکەن .

قەید " قید ": (١) بەند ، حەبس ، زیندانی کردن(٢)ئەو پەتەی کەدەست وپێی ئینسان یاحەیوانی پێ دەبەستن (٣)شەرت وپەیمان (٤) ئەوداغەی بەملی وشتریەوەدەنین ، (٥) بەش و ئەندازە ، (٦) جۆرەئاڵەتێکی دار ، ئەوئاڵەتەیەکەسەححافەکان دوای پەراویزلێ نانی کتێب ، کتێبەکەی تێدا ڕادەگرن .

قەریب " قریب ": نزیک ، نێزیک .

قەعر " قعر ": بن ، قوڵایی .

قازی لاری : ناوی موسلیحەدین لاری یە، خەڵکی ناوچەی لارستانەوپەراوێزی لەسەرزۆرکتێبی عیلمی(دینی) هەیە .

ک =

کامیل " کامل": تەواو ،بێ کەموکەسری ،خوورەوشتی تەواو.

کاکۆڵ : موی سەر ، دەستەموییکەلەسەرکەبەسەرنیۆچاوان دا شۆردەبێتەوە.

کالا : جل وبەرگ ، کەل وپەل ، کوتاڵی بازرگانی ، ماڵ و سامان .

کەعبە " کعبە ": کابە ، خانویەکی چوارگۆشەیەلەناوەراستی شاری مەککە ، بەردی ڕەش " حجرالاسود " لەیەکێ لەسوچەکانی بەتی، لەسەردەمی جاهیلی دابوتخانەی بوتەگەورەکانی عەرەب لات وعوززا ومەنات وهوببەل بو ، بیری زەمزەم لەنزیکی یەوەیە ، حەزرەتی موحەممەد پەیامبەری ئیسلام بوتەکانی لەزا وبردوکردی بەقیبلەی موسوڵمانان،ماڵی خوداشی پێ دەڵێن، ئەم ناوەبۆسەردەمی جاهیلی وپاش ئیسلامیش دەشێ .

کەلب " کلب ": سەگ ، کەلبی موعەللەم: سەگی فێرکراو سەگی پەروەردەکراو، سەگی دەرس دادراو.

کەماڵ " کَماڵ ": تەواوبو، کامل بو، بەکەموکوڕی، - خوورەوشتی تەواو، عەقڵ ، ژیری .

کەریمان : جوامیران، گەورەکان ،

کەس " کاس ": پیاڵە، جام، کاسە، پیاڵەیەک کەئاو یا شەرابی تێدا دەخۆنەوە. " کەسولکەرەم "كَأْسَ ألكَرَمْ": کاسەیَ کەریمان ، پیاڵەی گەورەکان، جاموپیاڵەی ئەوکەسانەی گەورەو - خاوەن کەرەم وبەخشەندەن .

کەلیم " کلیم ": هاوقسە، هاو سوحبەت ، "کەلیمولـلا = کیلم اللە ": نازناوی حەزرەتی موسایە، کەلیمی: پەیرەوی -

حەزرەتی موسا ، یەهودی .

کولبە " کلبە ": کوخ ، خانوی هەژاران ، خانوی بچوک ، خانوی گوندوئا وایی.

کینایەت " کنایە ": وشەییکە لەجیێی مانای راستی خۆی بەکارنا هێنرێ بەڵکوبۆماناومەبەستێ تربەکاردەهێنرێ .

کونگرە : کۆڕ ، ئەنجومەن ، کۆڕێک کەلەنوێنەرانی چەند دەوڵەت بۆبەریوەبردنی کاروباری سیاسی وکۆمەڵایەتی پێک بێ، کۆڕی زانایان وشارەزایان وهونەرمەندان بۆباس وووتووێژکردنی مەبەستەکانی زانستی .

کەشمەکەش : کێشەکێش ، تێک هەڵچون ، بەیەکاچون ، گیڕە وکێشە ، تەنگ وچەڵەمە ، بگرەوبەردە ، گفت وگۆوئاژاوە ، ـ دوژمنایەتی وناخۆشی .

کوفار "کفار": کۆی کافر ، خوانەناس ، بێ ئیمان ، بێ باوەر ، ناسوپاس .

کیفایەت " کفایت " : بەس کردن ، بەس بون ، کافی بون (٢) لێهاتویی .

کەنعان : ناوی جێگەوئەوعەشیرەتەیە کەیەعقوب سەرۆکیان بووە ، ناوی کونی فەلەستین ، یا (ئەرزی مەوعود " بەڵێنی پێدراو ".

کەففی خەزیب " کفالخضیب ": دەستی بەخەنەسورکراو ، بەری دەستی خوێناوی. (٢) چەندئەستێرەییکی بچوک وبەیەکەوە نوساون کەشێوە دەستێکی لەخنەدراونیشان دەدەن.

کۆ : کوچە ، کۆڵان، گەرەک ، ریێ بارێکی ناوشاروئاوایی .
کلیلە : بەستراو .

گ =

گوڵنار: گوڵی هەنار، گوڵی سور، گوڵێ لەڕەنگی ئاگر.

گولخەن : ئاتەشخانە، ئاتەشخانەی گەرماو، تونی حەمام.

گلاو: پێس بون، پێس بون لەئەنجامی لەش بەلەشی سەگ یا بەرازبکەوێ.

گریبان : بەرۆک، بەخە گەنج: خەزێنەی زێروزێووجەواهیرات وبەردی بەنرخی شاررا وەلەجێگەییکی نهێنی دا.

گردین: "هەورامی": هەمو، تێکڕایی.

گوسەستە: لێک هەڵوەشاو، لێک هەڵپێچراو، لێک جودا بووە

گیج: "هەورامی": گێژ، گێژاو.

ل =

لالـــه : (١) گولاڵەسورە ، گوڵێکی نیسا ن، گییا یکی بچوکـــە کەبە زۆری لەجێگەی تەرونا وشا خ وقەرا خ ئا ودەڕوێ،کێوی وما ڵــی هەیە ، هەروەها لەڕوی ڕەنگ وژما رەی پەریەوەجۆری زۆرە ،کیـــوی یەکەی ڕەنگی سورەلەژێرپەرەکا نی دا لەککەییکی ڕەش هەیە (٢)جۆرە چرا دا نێکی بەللوری یەموێی لەنا ودا دەنرێ، لالەروخا ن، لالەڕووا ن لالەڕوخسا را ن .

لائیــق " لائــق ": شا یا ن ، لێ وەشا وەوە .

لاف وگــەزا ف :خۆهەڵکێشا ن، قسەکردنی بێ ما نا ، دا وا کردنی زیا دلەرا ستی .

لــەعلــی بــەدەخشــا ن : یەکێکەلە بەردەبەنرخەکا ن وڕەنگــی سورەوەکویا قوت ، چەشنەئۆکسیدێکی ئا لۆمینی ڕەنگا وڕەنگـــەلـــە تەبیعەت پەیدا دەبێ ، جوا نترینی لەعلی بەدەخشا نە ، لەعلـــــی بەدەخشا ن : کینا یەتەبۆلێوی سور ، دەمی یا ر ، شەرا بی سور ،مەیـــی ڕەنگ ســور .

لــەفــف ونــەشــر " لــف ونشــر ": (١) پێچا نەوەوبلاّوکردنەوە (٢) لەزا را وەی زا نستی " ئەدەب " دا ئەوەیەکەشا عیرچەندوشەییک یا چەندنا وێک لەدیرەشیعریک دا بهێنێ، وەلەدیرەشیعری دا ها تــودا سیفەت بۆئەووشا نەبهێنێ،.بەو وا ژەو نا وا نەدەڵێن" لەفف"وەبــە سیفەت بەرا وردەکا نیشی دەڵێن"نەشر" لەففونەشرسێ جۆرە ،(١) ــ لەففونەشری مورەتتەب : وا تە وا ژەی یەکەمی نەشرپێوەندی بــە وا ژەی یەکەمی لەففەوەدەبێ، وە دووەم بەدووەم وسێیەمبەسێیەم، تا دوا یی(٢) لەففونەشری مەعکوس : وا تەوشەی یەکەمی نەشــــر پێوەندی بەوا ژەی دوا یی لەففەوە دەبێ(٣) لەففونەشری موشــە و وەش ئەوەیەکەتەرتیب ودە ستوری تا یبەتی ودیا ری کرا وی نیە .

لەیلا" لیلٰی ": کچی مەهدی عامیری یە ، ناوی ژنێکی عەرەب بووە. بەڵام باوکی ویستویەتی بیدا بەکابرایەک ناوی ئیبن سەلام بووە ، بەڵام لەیلاشوی پێ نەکردووە ولەداخی دڵدا ریمەجنون مردووە لەپاش ئەومەجنونیش کۆچی دایی کردووە نیزامی گەنجەوی شاعیری بڵندپایەلەچیرۆکی شیعری" لەیلێ ومەجنون" ئەرودا وانەی کردووە بەئەدەب وهونەرێکی یەکجاربەرزوناپاب .

لەیل ونەهار" لیل ونها ر": شەو ورۆژ.

لەتیف " لطیف ": نەرم، ناسک ، جوان ، دڵسۆز ،میهرەبان ، خووشڕەوشتی چاک .

لیقا " لقا ": (١) دیدارکردن، دیتن ، دیتن وقسەکردن لەگەڵ کەسێک ،(٢) ڕو، روخسار.

لەولا "لولا": وشەییکەتێکەڵاو لەلەوولا= لوولا": واتە ئەگەرنا ،" لەولاک . لولاک ": واتەئەگەرتۆنەبای، ئیشارە بە حەدیسی بەناوبانگی : " لولاک لما خلقت الافلاک ": کەڕوی قسەی لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلامە ، واتەئەگەرتۆنەبای ئاسمانەکانم دروست نەدەکرد .

لوئالی " لئالی": کۆی " لوئلوء = لوءلو ": دوڕ ، مرواری .

لەهجە " لهجە ": زبان، زبان ووشەیەک کەئینسان قسەی پێ دەکا ، شێوەی قسەکردن.

م =

ماهی تابان : مانگی تریفەدار ، مانگی درەوشەدار ، مانگی روناک .

ماتەم"ماتم": پرسە ، تازیە .

ماشی فورات " ماء فرات ": ئاوی ڕوباری "فورات ".

مایل " مائل ": ئەوەی ئارەزوی شتێک دەکا ،ئەوەی بە شوێن شتێک دا دەگەڕێ، لایەنگر .

مەجبور" مجبور": ناچار ، بێچارە ، ئەوکەسەی کاری بە دەست خۆی نەبێ، ئەو کەسەی بەزۆرکارێکی پێ بکرێ.

مەئوا " ماوا = ماوی ": جێگە ، پەناگا ،ماڵ، هێلانە .

مەتاع" متاع": کالا، سامان، هەموشتێکی سودی هەبێ ، زێروزیو .

مەئیوس " مایوس ": ناهومێد ، بێ هیوا ، بێ ئامانج، دڵ سارد ، دەست شوشتن لەشتێک .

مەحروم" محروم": ناهومێد ، بێ بەش ،بێ بەهرە ،دورلە هەمو خێروخۆشی یێک .

مەحرەم" محرم": کەس وکاری نزیک ، ئەندامانی بنەماڵە ، ئەوانەی نابێ شوکردن لەنێوانیان دابێ .

موحەررەم" محرم": مانگی یەکەم لەساڵی کۆچی مانگی، " شهرالحرام ومحرمالحرام " یشی پێ دەڵێن، ئەومانگەبۆیە پێی دەڵێن موحەررەمچون عەرەبەکان شەڕکردنیان لەومانگەدا بەحەرام زانیوە .

مەسلەک "مسلک ": ڕێ، رێباز، رێگە ، رەوشت ،تەریقەت

مەشکور"مشکور": ئەو کەسەی سپاس دەکرێ، ئەوکەسەی

کاروکردەوەی ئەسنددەکرێ، سوپاس وتن .

مەسرور " مسرور ": شادمان ، شاد ، خۆشحاڵ ، دڵخۆش .

موبەررا " مبرئ ": ئەوکەسەی لەتاوان پاک وبەدورە ،ئەو کەسەیەکەلەدوایی دائاشکرادەبێ کەتاوانی نەکردووە .

مەرجان : بەردێکی سوری مەیلە وپەمەیی بەنرخەلەجۆرە جانەوەرێکی دەریایی دەردەهێنرێ، ئەو جانەوەرەلەگیادەکا ،هەر وەکوئەویش لەزەوی بن دەریاچەسپاوە ، لەکۆن دا وایان دەزانی کەیەکێکەلەگیاکانی دەریا ،جۆرێکی مەرجان لەزەرنگەی دابەکار دەهێنرێ بۆدروست کردنی خشڵ وشتی تری هونەری بەنرخ.

مەجنون "مجنون": (١)قەیسی عامیری، خەڵکی نەجدبووە ،- لەراستی داشێت نەبووە ، بەڵکوپلەی دڵدا ریوخۆشەویستی بەرامبەر لەیلا وای لێکردووە ، لەگەڵ لەیلادا ئامۆزابون، بەڵام کەویستی لەیلابخوازێ باوکی نەیدایە ، سەری خۆی هەڵگرت ورویی بۆبیابانە کانی شام ونەجدوحیجازوکەوتەشیعروتن، لەگەڵ کێوی یادان‌دەبیرا تارۆژێک بەمردویی لەناوکۆمەڵەبەردێک دۆزرایەوە ، ئەسمەعی دەڵێ مەجنون نەبووە ، چاحیزیش دەڵێ هەرشاعیرێکی نەناسراو شیعریکی وتبێ وناوی لەیلای تێدابوبێ،خراوەتەپاڵ مەجنون،گۆیا لەساڵی ٦٨٨ زایینی دامردووە ،(٢) شێت ، سەرچڵ ، دیوانە .

موجەررەد "مجرد": (١)روت ، بێ جل وبەرگ ، تاک وتەنیا پیاوی بێ ژن (٢) لەزاراوەی زانستی حیکمەت دائەویەکەدوربێ لە ماددە وەکو بیروگیان .

موتلەق " مطلق ": (١) ئازاد، رزگار (٢) ئەڵبەت ، دیارە ، دەبێ، بەهەموجۆرێ .

موتریب " مطرب ": گۆرانی بێژ، موسیقازەن،سەماکەر .

میهر "مهر" : (١) دڵسۆزی، خۆشەویستی، دۆستی، (٢) رۆژ ،-

خۆر ، هەتاو ، (٣) لەپێش زەردەشتدا ناوی یەکێک لەخوداکان بووە کەلەرۆژدا خۆی نوواندووە ، (٤) مانگی حەوتەمی ساڵی هیجری خورشیدی ئێرانی یە ، مانگی یەکەمی پاییزە ، (٥) ناوی رۆژی — شازدەهەمی هەموومانگێکی خورشیدی یە (٦) جەژنێکەلەکۆن دا لە رۆژی شازدەهەمی مانگی میهربووە ، میهرەگانیان پێ وتووە ، (٧) ناوی کچە .

موبارک " مبارک ": پیرۆز ، بەپیت وبەرەکەت .

موسحەف " مسحف ": قورئان ئەوکتێبەپیرۆزەئاسمانیەی کەبۆحەزرەتی موحەممەدبەدیاری هات .

مەجزوب " مجذوب ": راکێشراو ، ئەوکەسەی سەوداسەر و شەیدای عیشق بووە .

ماعاریف "معارف ": (١) زانستی، زانستی یەکان،زانیاری (٢) خەڵکی ناسراو ، زاناوشارەزا ، نزیک وناسیاوتی .

مەرحەمەت " مرحمت ": میهرەبانی، بەزەیی پێداهاتن لوتف ورەحمەت .

مەحەببەت " محبت ": خۆشەویستی ، دۆستی .

مەشعەلە " مشعل = مشعلە ": ئاگری تێدادەکرێتەوە . چرادان، قەندیل ، شاپڵیتە .

مەشرەب " مشرب ": (١) زەوق ، مەیل ، خەیاڵ، هەوای نەفس ، شێوەی بیرکردنەوە ، (٢) جێی ئاوخواردنەوە .

مەجمەعە " مجمعە ": زەمینێک کەخەڵک لەوێ داکۆببنەوە ، بیابانی بێ ئاوگیا ، مەجومعە ، سینی گەورە .

مەجموع "مجموع": کۆکراوە ، دەفتەرێک کەمەباستی جۆرا و جۆری تێدا کۆکرابێتەوە ، وەکوشیعرو نوسراوەی تر .

مەجمەر" مجمر": بخوردان، (٢) ئاگردان، ئەوشتەی ئاگری تێدادەکرێتەوە .

موشتاق " مشتاق": ئارەزو، ئارەزومەند، تاسەخواز، ـ ئەوەی مەیل وئارزوی شتێک دەکا، خاوەن شەوق وئارەزو .

موشتەق " مشتق ": جیابونەوە، شتێک لەشتێکی تر جودا بوبێتەوە، وشەیەک لەوشەییکی تروەرگیرابێ ودروستکرابێ .

موشەووەش " مشوش ": شێواو، پەشێو، پەرێشان، تاریک .

مەسئەلەت " مسئلە . مسالە ": داواکردن، ویستن ،تکا کردن، .

مەتلەع" مطلع ": (١) پێشەکی، سەرەتای قسە، یەکەمین دێری غەزەل یاقەسیدە (٢) ئەو جێ ولایەی کەرۆژوما نگ وئەستێرە ـ کانی لە هەڵدێ .

مونتەخەب " منتخب ": تایبەتی هەڵبژیرراو، نوێشک .

مەعریفەت " معرفت ": ناسینی شتێک ، زانستەزانیاری (مەعریفەتوللا = معرفت اللە": خواناسی .

مەعشوق "معشوق": یار، خۆشەویست، دڵبەر.

مەعدوم" معدوم": لەناوچو، تیاچو، نەبون، نەبو.

مەنزور" منظور": ئەوەی دەکەوێتە بەرچاو، دیار ،بێزاو، ئەوەی دەبیزێ .

مونتەزیر" منتظر": چاوەنور، چاوەروان، چاوەروانی.

مەنزل " منزل": خانو، شوێنی دابەزین ، شوێنی .

میعراج" معراج": پەیژە، قالدرمە، پێپلکانە، ئەوشتەیە کە بەهۆی ئەوە وەئادەمیزادەتوانێ بەرزببێتەوە، شەوی میعراج: ئەوشەوەیە کەحەزرەتی موحەممەد بەفەرمانی خودا بەرزبووە بۆ لای بارەگای خوداوگەیشتە مەقامی ئەو، ئەوجییەی کەس نەیگەیشتوتێ.

مەدینە " المدینة": (١) شارێکە لەحیجازلەباکوری رۆژ ئاوای وڵاتی عەرەبی سوعودی، لەخاکێکی پڕلەئاووميوەدايە ،لە

پێشا ناوی " یەسریب .یثرب " بو ، حەزرەتی موحەممەدپێغەمبەری ئیسلام لە ٦٢٢ ی زایینی هیجرەتی کردە ئەوێ و لە ٦٣٢ زایینی حەزرەتی رەسول (د ـ خ) لەمەدینە وەفاتی کرد و دوای ئەو زاتە ،حەزرەتی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان بەدوای یەکدا بونە خەلیفەوجێ نشینی پێغەمبەر ، مەقدی پێغەمبەر و سێ کەس لەخولەفای راشیدین: ئەبو ـ بەکر و عومەرو عوسمان (رض) لەمەزارو مزگەوتی نەبی ئەکرەم لە مەدینەیە ، لە ساڵی ٥١٧ زایینی مەدینە کەوتە بن دەس تورکی عوسمانی ولە ساڵی ١٩١٦ زایینی لەدەست عوسمانی یەکان دەرچو و لە ١٩٢٤ ی زایینی کەوتە بن دەستی عەرەبی سعودی .

مەنتیق " منطق ": (١) قسەکردن، وتار، تەرازوی قسە (٢) ناوی زانستی یێکەبەهۆی دەستوری ئەوەوە ئادەمیزاددەتوانێ خۆی لەهەڵەبپارێزێ لەبیرکردنەوە یالێکدانەوەدا ، دەڵێن ئەرەستودەستوری ئەم زانستی یەی دۆزیوەتەوە .

مەدار "مدار": جێی سوڕانەوەو بزوتنەوە، ئەوشتەیەکە شتێک لە چواردەوری دادەسوڕێتەوە، ئەوجێیەیەکەشتێک دەورەی ـ دەدا ، لەزاراوەی جوغرافیادا بریتی یەلە وخەتەی کە ئەستێرە گەورەکەکان تێیدا بەدەوری رۆژدا دەسوڕێنەوە، داێرەییکی نا ـ دیارەلەسەرزوی زەوی، موازی خەتی ئیستیوایە .

مەستور" مستور": (١) داپۆشراو، لەپشت پەردە (٢)داوێن پاک،بەناموس ، بەحەیا (٣) ئەندامی مێینەیەی ژن .

مەسموم" مسموم": ژەهر خواردو، کەسێک کەژەهربچێتەناو لەشیەوە .

مەبحەس " مبحث ": باس جێی لێکۆڵینەوەوگەڕان بەدوای شتێک دا .

میسال "مثال": کۆی " مەسەل = مثل"ە: وەکو، سیفەت ،

قسەی نەستەق ، قسەی دا هێنراو .

موعەتتەر "معطر": عەتراوی، بۆنخۆش .

مرید: خاوەن ئیرادە ، ئەوەی بریاردەدا لەسەرکردنی شتێک ، ئەوەی ئارەزوی شتێک دەکا ، ئەوکەسەی ببێ بەپەیرەوی پیرێک وشێوەورەوشتی تەریقەتی لی‌فێربێ، مورشید، لەزاراوەی سوفیایەتی دا بۆلایەنگری تەریقەتی دەروێشی بەکاردەهێنرێ (٢) یەکێک لەسیفەتەکانی سبوتی خوای گەورەیە .

مەلەکوت " ملکوت ": گەورەیی، هێزودەسەڵاتی ئاسمانی، دونیای فریشتەکان، مەلەکوتی: نیسبەتە بۆمەلەکوتە واتەئاسمانی مەلاییکەیی .

مەلول "ملول": پەشێو، خەمگین، شێواو، دڵتەنگ .

ملکی وەحدەت (ملکی وحدت ": مُڵکی خواناسی، مُڵکی یەکتاپەرستی .

مەرارەت " مرارت ": تاڵ بون، تاڵی، رەنج وسەختی، ناخوشی .

مەزاق "مذاق ": تام، چێژ، چەشتن ، زەوق ، جێگەی هێزی چەشتن ، ژێرزبان .

مورشید " مرشد ": رێنما ، رێبەر، ئەوکەسەی رێی راست بەخەڵک نیشان دەدا .

مەکتەب " مکتب ": جێی نوسین ، جێی دەرس وتنەوە، فێرگە، مەدرەسە.

مینا : شیشە، بەللور، ئاوێنە، تەینوک (٢) هەموشتێکی بەڵاجیوەر دوزێروزیو وبەردی بەنرخ نەخش کرابێ(٣) جۆرەرەنگێکە بۆکاردەهێنرێ، (٤) میناتور، وێنەکێشان، نەخش کردن بەلاجیوەرد وزێروزێوئاوورەنگ لەسەرروی کاغەز یا مەعدەن(٥)پێستی سپی سەردان (٦) ناوی بالندەییکە، (٧) گوڵێکی جوانەناوەراستی

خـرو زەردەپەری سپی یاشینی کاڵی   بوتەوە (٧) جێ بیکەلەشاری مەککە ورەبباتی لێ دەکرێ، ئەو ئەوقوربانییەی لەوێ دەکــــرێ، " نەحری مینا " ی پێ دەڵێن .

مــەهیــب " مهیــب ": سامناک ، بەهەیبەت ، کەسێک یاشتێـک کەئادەمیزادلێی بترسێ .

مــەهلــەکــە " مهلکــە ": جێی لەناوچون، جێی قەڵاچو بون، ـ مەیدانی جەنگ کەخەڵکی تێدادەکوژرێ .

مــەنشــەء " منشــاء ": سەرچاوە ، شوێنی پەیدابون،شـوێنـــــی دیاربون، جێگەی نەشوونماوپەروەردەبون.

مـرووەت " مـروت ": پیاوەتی جوامێری، جەوانمەردی،مەر ـ دانەیی، دڵ ناسکی .

مــەنسـور " منصـور ": یارمەتی دراو ، یاریدەدراو ، ســەر ـ کەوتـــو .

مــوخلیــس " مخلــص ": دۆستی پاک ، دۆستی بێ ریاوبێ خەوش ئەوکەسەی کاری بێ ریادەگەیەنێتە ئەنجام .

مــەحشــور "محشــور ": هاوڕێ، هاودەم، هاونشین، هاوسوحبەت لەدەوری یەک کووبو .

مــەحــز "محض ": خالیس ، پاک ، هەرشتێکی خالیس کەلــەگەڵ شتێکی ترتێکەڵاونەکرابێ .

مـوحــەسسیـل" محصـل ": بەدەست هێنەر ، ئەوکەسەی شتێـــــک بەدەس بێنێ، تەحسیل دار ، مەئموری وەسول، قوتابی، شاگـــــردی مەدرســە .

مــەسحـور "مسحـور ": سیحرلی کراو ، جادولێکراو ، فریودراو .

میــزاج: تێکەڵ بون، تێکەڵاو بون ، ئەوەی کەشتێکی لەگەڵ تێکەڵ بوبێ، وەکو شیریاشەراب لەگەڵ ئاو (٢) سرشت ، خوورەوشت تەبیعەت ، حاڵەتی سروشتی بەدەن .

مـولاقـات " مـلاقـات": لەگەڵ كەسێك ڕوبەڕوبون، ڕوبەرو- بون لەگەڵ یەكتر، یەكتردیتن .

مـونـافـات " منـافـات ": یەكتردەركردن، یەكتردور - خستنەوە، پێچەوانەی یەكتربون.

مـوحیببـان " محبـان": دۆستان ، خۆشەویستان .

مـوشتـەری " مشتـری": (١) كریار، ئەوكەسە كەشتێـك دەكڕێ، (٢) ئەستێرەی گەڕۆكی بەرجیس ، ئەستێرەی هورمز ،گەورە ترینی ئەستێرە گەڕۆكەكانی بنەماڵەی ڕۆژە، لەڕوی ڕوانكێشەوە- لەدوای زوهرە. دوهەمین ئەستێرەیەنزیك بە ١٢٣٠ بەرامبەری زەوی یە ودوازدەمانگی هەیە وهەردوازدەساڵ یەك دەوربەدەوری خۆردا- دەگەڕێ ، قازی فەلەكیشی پێ دەڵێن .

مـوشـك : ماددەییكی بون خۆشە لەناوكی مامزی موشك دێتە دەرێ، مامزی موشك جۆرە ئاسكێكەدوكەڵیی درێژی هەیە وەكونابی فیل، زۆرترلەشاخەكانی هێمالیای هێندوستان دەژی، لەژێرزكـی كیسەییكی بچوكیوەكو دومەڵ هەیە ماددەییكی پەیتی تێدا كـۆ- دەبێتەوە هەر كاتێكی كەكیسەكی پڕدەبێ مامزكەهەستبە ئازار و خارشت دەكا ، ناچارلەبەردی دەخشێنێ تادومەلەكەدەتەقێ وئـاوی پۆرگەكەدەرژێتە سەروی زەوی ووشك دەبێتەوە، ئەمەماددەیموشكی بون خۆشە، مامزی تاتارومامزی خەتاومامزی موشكینیشی پـێ - دەڵێـن .

مـوفلیـس " مفلـس ": هەژار، بێچارە، بێ شت ، بێ ماڵ و سامان ، بێ پوڵ ، دەستكورت .

مـودارا " مدارات = مـدارا ": ڕەفتاركردن لەگەڵ كـەسێـك بەروخۆشی ومیهرەبانی ، ڕوی خۆش نیشان دان بەكەسێك .

مـوهـر" مهـر": (١) مور، ئالەتێكی مەعدەنی یا پلاستیكییە ناوی كەسی لەسەرهەڵدەكەندرێ، لەباتی ئیمزالەنامەوپـاكـەت

وشتی تردا چاپ دەکرێ، یا شتێک دادەخرێ بۆئەوەی نەکرێتەوە مۆری لێ دەدرێ، (٢) کیسەی سەربەستراو، کیسە ناکراوە.

مونافی" منافی": پێچەوانە، پێچەوانەی یەکتربوون، یەکتردەرکردن ویەکتردور خستنەوە.

موحابا " محاباە": لاەیەن گرتن، یا ریدەدان،لایەن گرتنی کەسێک بەبێ هەق .

موددەعی "مدعی": ئەوکەسیە کەداوای لای یەکێکی تر هەیە، ئەوکەسەی داوای هەقی خۆی دەکا .

موئمین " مؤمن": بەئیمان ،موسوڵمان، پێچەوانەی ــ کافر.

مەئمول " مامول ": ئارەزوکراو، ئاواتەخواز،تاسەبار.

موجاز"مجاز": ئیجازەدراو، خاوەن ئیجازە،ئیزن دراو ، رەوا.

موددەعا "مدعا ": بانگ کراو، داواکراو،ئارەزو.

موعتاد" معتاد": خۆگرتو، ئەوکەسەی بەکارێک یا بە شتێک خوبگرێ .

مولا "مولا": خاوەن ، گەورە، سەروەر، ئاغا ، خۆشەویست.

مەوزون " موزون": کێشراو، ئەوەی قورسایی هەیە، ئەوەی قاڵب وئەندازەی خۆی گرتووە .

مول " مل": شەراب ، مەی

مونیس " مونس ": هاودەم، هاونشین، خوپێ گرتو.

مونکیر " منکر": بێ باوەر، ئەوکەسەی باوەری بەکارێک یا شتێک نەبێ .

میقدار" مقدار": ئەندازە، پارچەیەک لەشتێک، ئەوەی ــ بەهۆی ئەو ئەندازەی شتێک بەدەدست بێ .

مەنسور"منشور": پرژاو، پەرت وبڵاو، پراکەندە، (٢)ـ پەخشان ، نەسر.

مەهوەش: جوان ، دڵبەر، مانگ روخسار، مەهوەشان، ئەو کەسانەی روخساریان وەکومانگ جوانە، رویان دەڵێی مانگە.

مودەببیر" مدبر": راوێژکەر، ئەوکەسەی بیری پاشە رۆژی هەیە، ئەوەی پاشەرۆژی لەبارچاوە.

مونحەسیر" منحصر": راوەستاو لەسەرشتێک .

مەفقود"مفقود": گومبو، ون بو.

مەبدەء" مبدا ": سەرەتا ، بنەرەت ، ئەسڵ ، هۆ.

مەتبوع" متبوع": پەیرەوی کراو.

مەحفوز" محفوظ": پارێزراو، راگیراو.

موعین" معین": یاریدەدەر، یارمەتی دەر، یاوەر،یار.

مەنع"منع": راگرتن ، وەستاندن، وەستاندنی کەسێک لە کارێک یا شتێک .

مەنزڵ : خانو، جێگەی دانیشتن وژیان، سەرا .

مەزلوم" مظلوم": ستەم لێکراو، ستەمدیتو، ئەوکەسەی زوڵم وستەمی لێ کرابێ .

مەعاسی" معاصی": کۆی"مەعسیەت = معصیت " : گوناه، تاوان .

مومتاز: هەڵبژێردراو، تایبەتی ، جوداکراوە.

مەجاز" مجاز": وشەیەک لەجێی راستەقینەی خۆی بەکار نەهێنرێ وبۆمانایێکی تروەربگیرێ بەمەرجێک پێوەندی یەک بە مانا بنچینەیی یەکەبیان بەستێتەوە .

موشکیل " مشکل = مشکلە ": کاری سەخت ، کاری قورس، ئاڵۆز وداپۆشراو.

موژگان :مژوڵ ، بژانگ ، برژانگ .

میرئات " مرآه ": ئاوێنه ، تەێتوک .

موهەییا " مهیا ": ئامادە، حازر ، ×

مەشور "ماشور": قسەوباس، قسە وباسێک کەلەکۆنەوەلە یەکێکەوە بەیەکێکی تر گەیشتبێ .

مەلاحەت " ملاحت ": دڵبەری، جوانی ، پڕخۆی بون.

مەزبەلە " مزبلە ": زبڵخانە، جێی رشتنی زبڵ .

میحنەت " محنت ": ئازار ، بەڵا، خەم، خەفەت ، کارەساتە کەسەر.

میزان : (١) ئەرازو، ئەندازە، (٢) ناوی بورجی حەوتەمە.

مەعمور " معمور ": ئاوا ، ئاوەدان ، تەعمیرکراو ، دژی کاول وکەلاوە..

مەخزەن "مخزن": گەنجینە، عەممار ، جێی پاراستنیماڵ .

فێڵباز ، پڕمەکر ، جادوگەر.

مەسدود " مسدود ": بەستە، بەستراو ، داخراو .

مەیت " میت ": مردو.

مەسرەف " مصرف ": خەرج کردن.

موئەددیب " مودب ": خاوەن تەربیەت ، بەئەدەب .

مەخجول " مخجول": شەرمەزار ، خەجالەتی پیماو .

مەزبوت " مضبوط": وەرگیراو .

مەکتەبی روشدی یە : ئیبنی روشدئەبولوەلید "٥٠٢-٥٩٥ی" کۆچی مانگی فەیلەسوفییەناوبانگی عەرەب کەدانیشتوی ئیسپانیا بووە وخەڵکی " قەرتەبە " یە، نزیک بەپەنجا جلدکتێبی نوسیوەکە یەکێک لەوکتێبانەفەلسەفەی ئیبنی روشدە، ئەلکوللیاتی ئەولە

زانستی پزشکی دا بەزمانەکانی لاتین وئیسپانیایی وعیبری تەرجەمەکراوە، لەولاتی مەراکیش کۆچی دوایی کردووەولە شاری " قەرتەبە " بەخاک سپێردراوە.

ن =

نـار: ئاگــر

نـافـه: وەکوناوک ، ناوک ئاسا . وێنەی ناف ، ناوکیمامزی موشک ، ئەومادەیەی کەلەناوکی مامزی موشک دا کودەبێتەوە .

ناتیـق " نـاطـق": رەوانبێژ، قسەزان ، چاوێژ، قسەرە- وان دەمەوەر، فەسیح.

ناقیـس " ناقـص ": هەرشتێک کەکەموکەسری تێدابێ .

نـاگـەهـان: لەناکاو، لەپڕدا ، سەرزەدە، بێ خـەبـەر، بێ وەخت .

نـایـب " نـائـب ": جێ نشین جێگر، کەسێکەلەباتیـیەکێکی تر کاروبارەدەگەیەنێتەئەنجام .

نـەبـاتـات " نبـاتـات ": کۆی نەبات = نبات : گیا ، - هەموشتێکی کەلەسەرزەوی بڕۆێ، وەکوگوڵ وگیاودارو درەخت .

نـەزم" نظـم": (١) شیعر، قسەی کێش وقافیەدار، دژی - پەخشان (٢) رێک وپێک کردن ، جوان کردن، بەرستەوەکردنی مروارێ

نـەزارەت "نظـارت ": بینین ، ڕوانین، چاوەڕوانی، چاوە- دێری، چاولەڕێ بون (٢) زیرەکی وریایی .

نـەشـر" نشـر": (١) بڵاوکردنەوە، بڵاوکردنەوەی دەنگ وباس (٢) هەڵخستنی جل وبەرگ وپارچەی شۆراو، (٣) زیندوکردنەوە، - زیندوکردنەوەی مردومان لە رۆژی قیامەت دا ، دژی لەففزاراوە- یێکە لەشیعردا بەکاردەهێنرێ ، بڕوانە " لەففونەشر" .

نـەسـر" نثـر": پەخشان، پەرگەندەکردن، قسەو وتـەییـــک شیعرنەبێ .

نـەفـس " نفـس ": گیان، لەش ، جەوهەری هەموشتێک ،نەفسی ئەممارە: گیانی شەتیانی کەئادەمیزادفربودەداوهەڵی دەخـەڵــە تێنێ بۆکاری خراپ وناپەسەند .

نەفەس "نفس": با ، هەناسە ، ئەوبایەیەکە لەکاتی هەناسەکێشان دا لەنێوان سی ودەمدادێ ودەچێ .

نیسبەت " نسبت ": نزیکایەتی ، پێوەندی لەنێوان دوشت یا دوکەس ، لەیەک چون لەنێوان دوشت .

نیسار " نثار ": پەراگەندەیی، پەرش وبلاوی(٢) ئەوشتانەیە کەبەسەربوک یا هەرکەسێکی تردا دەکرێ لەسەردەمی خۆشی وبەختیاری دا ، لەشیرینی و پارەوشتی تر .

نەسیم: سروە ، شنەی بای شەمال ، شنەی با .

نەزیر "نظیر": وەک یەک ، بەرامبەر ، هاوتا ، وێنەی یەک .

نیزام " نظام ": رێک وپێک کردن ، ئاراستەکردن، رستە کردنی مرواری، رستەی مرواری، شێوەورەوشت ، ریزی دارو درەخت لەفارسی دا بەمانای سپاوشەرتەش .

نیزاع " نزاع ": شەروکێشە ، گفت وگۆوکەشمەکەش ، جەنگ .

نەقش "نقش ": رەنگ رِشتن، کێشانی وێنەوروخساری کەسێک یا شتێک .

نوقسان " نقصان ": کەمێ ، کەم بون.

نەقد " نقد ": هەڵاوەژێری ، پاک کردنەوە ، جوداکردنەوەی پارەی ساغ لەقەڵب ، دەرخستنی جوانی وناشیرینی قسە ووتارو — شیعر (٢) پارە ، پوڵ ، نرخ ، نەقدی عەیار .

نوقتە " نقطه ": نیشانەییکی بچوک وخرە لەژێریا لەسەر هەندێ پیتی نوسین داهەیە ، وەکونوقتەی سەرپیتی(ن) یا ژێرپیتی (ب) خاڵ .

نەمام: گیاوداری تازەپیگەیشیو ، هەموکەس وشتێکی تازە پێگەیشتو .

نیش : (١) نوکی تیژ، وەکودەرزی وخەنجەرونەشتەروهی تر (٢) چزوی هەندێ زیندەوەری وەکودوپشک وزەردەواڵەو مارکە زەهریان بەهۆی ئەووەدەرژێننەناولەشی ئادەمیزاد.

نەقایس" نقائص" : کۆی" نەقیسە= نقیصە": بڕوانە نوقسان " نقصان".

نیسیان " نسیان " : فەراموش کردن، فەرامۆشی، لەبیر چونەوە، لەیادچونەوە.

نومعان " نعمان" : نازناوی هەریەک لەفەرمانرەوایان وپادشایانی حەیرە، (٢) بەمانای خوێن، "شقائق النعمان": گوڵ لالە، گوڵاڵەسورە.

نەمەدپوش : ئەوکەسەی جل وبەرگیپێنەوپەروی دەروێشی دەپۆشێ.

نیگار : (١) بوت، خۆشەویست، مەعشوق، دڵبەر،مەحبوب (٢) نەقش، وێنە.

نیگاە : روانین، تەماشاکردن، چاو، رونی کردن.

نەوا : (١) ئاهەنگ، ئاواز، (٢) ناوی ئاوازێکی تایبەتی یە (٣) ماڵ وسامان، هۆی زیندەگانی (۴) خواردەمەنی.

نەدامەت " ندامت " : پەشیمانی، دڵگیری،خەموخەفەت.

نەحو "نحو" : (١) زانستی یێکەلەبابەت شیعراب ودەستوری راستخۆیندن ودروستنوسیتی زمانی عەرەبی یەوەیە، (٢) وەکولا، رێگە.

نەفی" نفی " : دورخستنەوە، نەبوکردن(٢) دەرکردن دورخستنەوەی کەسێک لەشارێکەوە بۆشارێکی تر، ئاوارەکردن.

نیدا " ندا " : بانگ کردن، بانگ وئاواز.

نەقیزەین " نقیضین ": پێچەوانە، دژ وپێچەوانەی دو شت ، سەرەوژێری .

نمانا " هەورامی": نوواندی، دەری خست ، نیشانی دا .

نەشوجەوبەرت " هەورامی": لەیادت نەچێ، لەبیرت نەچێ، فەرامۆشی نەکەی .

نیهایەت " نهایت ": دوایی، پایان ، ئاخر،دوایی کارێک یا شتێک .

نەوخیز: تازە رووا و، تازەدەرهاتو، تازەپێ گەیشتو .

و =

واریس " وارث " : میراتگر، ئەوەی میراتدەبا ، ئەو کەسەی میراتی بۆ دەمێنێتەوە لەیەکێکی ترەوە .

والا : بالاَبلَند، بەرز، پایە بلَند، (٢) جۆرەقوماشێکی ئاوریشمی یە .

واسیع " واسع ": فراوان ، بەرین ، دژی تەنگ .

وەسف " وصف ": پێداهەلَگوتن ، دەرخستنی شێوەی شتێک یا کەسێک دەرخستنی وەزعی شت .

وەسوەسە : ئەندێشەی بەد پەیداکردن، بزوتنەوەی هەواو — هەوەسی شەیتانی لەناودلّ دا =

وەسل " وصل ": پێوەند کردن، بەستن بەیەکتری یەوە ، بەیەکتری گەیشتن .

وەنەوشە : گیایەکی کورتە ، قەدی بارێک وگولّی بچوکی‌هەیە ، رەنگی شین یا زەردەبێ، لەباخچەدا دەروێنرێ،لەتەبیعەتیش دا بەهاران لەپێش هەموگولّێک دادەردەچێ ، بۆنی خۆشەو گولاَوی لێ دەردەهێنرێ .

وڕێنە : هەزەیان، بێهودەوتن ، لەحالّی نەخۆشی یالە خەودا ، قسەبرزکاندن، وتاری بێهودەو ناعاقلاَنەلەحالّی‌نەخۆشی دا .

وەعز " وعظ ": پەندوئاموژگاری دان، ئامۆژگاری کردن، ئاراستەکردن بۆکاری چاک .

وەعدە: (١) پەیمان ، بەلّێن، (٢) سەردەم، کات .

وەعید " وعید ": بەلّێنی‌دانی شەڕوبەدی، وەعدەی خراپە ترساندن .

وەزارەت " وزارت ": وەزیری، پلەوپایەی وەزیری .

وەجد " وجد ": ئەوین و خۆشەویستی، زەوق وشەوق، شەیدا وسەوداسەری کەسێک بون ، خۆشی، خۆشحاڵی.

وجووه: کۆی " وجه= وەجه ": ڕو ، روخسار ،ڕوی شتێک (٢) رێگا ، لایەن، نییەت ، هۆ ، (٣) گەورەی قەوم، (٤) کەسێکی پایەبەرز ، (٥) پارەوپوڵ .

ویجدان " وجدان ": نەفس و هێزی باتینی نەفس، ئەو هێزە باتینییەی کەبەهۆی ئەولەچاک وخراپی کردەوەکان تێ ـ دەگەین .

وجود: (١) بون ، هەستی، پێچەوانەی عەدەم (٢) لەش ، بەدەن ، جەستە .

ویرد "ورد": زیکر ، دوعا ، کەمێک لەقورئان کەئینسان هەمو شەورۆژی بیخوێنێ .

ویسعەت " وسعت " : کوشادی، هەراوی، بەربلاوی جێ ـ پانایی .

ویلداش : هاوڕێ، دۆست ، رەفیق ، هاواڵ ، وشەیەکی تورکی یە .

وەحید "وحید": تەنیا ، یەکتا .

ھ =

هاتیف " هاتف ": دەنگیغەیبی، ئاوازی غەیبی، دەنگ و سەدای غەیبی .

هیجران " هجران": جودایی، دوری لەدۆست ویاران..

هیلال" هلال": مانگی سەرەتای مانگ تاسی شەو ،کەبەشێوەی کەوان لەئاسمان داخۆی دەنوێنێ، کینایەتەبۆبرۆی دڵبەرولاوازی ـ دڵداروعاشق .

هەراس "هراس ": ترس وبیم .

هەمجالیس : هاونشین ، دۆست ، هاورێ، رەفیق .

هیممەت " همت ": بڕیاروکۆششی بەهێز ، مەبەست ،توانا .

هەیئەت " هیئت ": (١) روخسار ، شێوە، حاڵ، روخسار و وەزعی هەرشتێک (٢) پۆلێک خەڵک ، تاقمێک خەڵک ، دەستەیەک خەڵک .

هیندو "هندو ": هێندێ، خەڵکی هێندوستان، تیرەییکە لە هێندوستان مەزهەبی تایبەتی خۆی هەیە وهێندوسیشیان پێ دەڵێن، کینایەتەبۆزوڵف وخەت وخاڵی ڕەشی دڵبەرو خۆشەویست .

هیدایەت "هدایت ": ڕێ، پێشان دان ، ئاراستەی ڕێی ڕاستکردن .

هودهود : شانەبەسەر، پەپو سلێمانە ، پەپوسولەیمانە ، پەپوسلەمانکە ، باڵندەییکەڕەنگی خۆڵەمێشی یە ، خاڵی زەردوـ ڕەش وسپی هەیە ، لەکوتربچوکترە ، پوپەییکی وەکو تانج لەسەر سەری داهەیە ، دەڵێن چاوی گەلێک تیژو وردبینە ، لەخۆش خەبەری دا بێ وێنەبووە .

هــودا "هــدى": خــودا ، ڕاستی، ڕێیڕاست ، رابەر، ڕێ ـ پێشانـدەر.

هــووەیــدا "هــویــدا ": ئاشکــرا ، دیــار، روناک ، پەیدا .

ی =

یـەعقـوب " یعقـوب": کـوڕی ئیسحاقە، بەناوبانگتریـن و گەورەترین پیاوماقوڵانی عیبرانی یە، لەقەبی ئیسرائیلە ،بەنـی ئیسرائیلی بردەمیسروماوەیەک لەوێ ژیانی بردەسە، دوازدەکوڕی هەبو بەناوبانگترینیان حەزرەتی یوسف بو، دوازدەتیرەکـانـی بەنی ئیسرائیل بەناوی ئەوانەوەیە، لەقورئان داباسی کراوە.

یـوسف : " سەدەی سێزدەی پێش زایین، کوڕییەعقوب وناوی دایکی راحیلە، رەمزی جوانی یەلەناوپیاوان دابەپێی تـورات براکانی فرۆشتیان بەهەندێ لەبازرگانان، لەپاشان بوبەوەزیری فیرعەونی میسر وبەرێوەبەری ئازوقەلەبرسی یەتیەکەدا ،بەپێی قورئانیش براکانی خستیانەبیرێکەوە بەهۆی هەندێ کاروانچی یان رزگاری بو، بردیانەمیسروفرۆشتیان بە"پوتیفار" واتەعزیزیمیسر، زولەیخای ژنی عەزیزگیرودەوسەوداسەری یوسف بو، بەڵام یـوسـف دەستی لەگەڵ تێکەڵ نەکرد، لەبەرئەوەلای مێردی بوختانی پـێ کردوخرایەزیندانەوە، لەئەنجامدا لەزیندان هاتەدەرێ وبـوبـە وەزیری فیرعەون ویارمەتی یەعقوب وبەنی ئیسرائیلی داکەسینـا بکەن بەمەلبەندی ژیانی خۆیان.

یـەدی بـەیـزا " یدبیضاء ": دەستی سپی ،ئیشارەتەبـەوە کە حەزرەتی موسا پێغەمبەرکەدەستی دەکردبەباخەڵیا ودەری دەهێنا تروسکەوشەوقی ئەدایە وەودە روبەری خۆش هەموروناک دەکـردو حەزرەتی عیساکە فوی لەمردودەکردزیندودەبووە.

یـەنبـوع " ینبـوع": سەچاوە، کانی.

* * *

ئەوەی شایانی باس بێ بۆفەرهەنگی ئەودیوانەلەفەرهەنگی عەمید وفەرهەنگی موعین وبەتایبەت لە فەرهەنگی دیوانە "نالی" یەکەی ماموستای زاناودکتور" مەعرۆف خەزنەدار" سوودم وەرگرتووە.

پێغەمبەری مەزنی ئیسلام حەزرەتی مُحَمّدرەسولی ئەکرەم(د ـ خ) ـ فەرمویەتی :

کەسێک بەچاکەی خەڵک نەزانێ بەچاکەی خوداپیش نازانێ، جا لەبەر ئەمە پڕ بەدڵ لەدۆستی بەرێزو زاناو فەرهەنگ ، خۆشەویست و دڵسۆزم جەنابی ماموستا محەمەد صاڵح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل) زۆر سپاس دەکەم کە بە دیوانی حەریق دا چونەتەوەو هەڵەی گرتووەو نیشانەکانی بۆ داناوە.

خاوەنی اِنتشاراتِ محمّد محمّدی، کردستان ، سقز

١٥ی ڕێبەندانی ١٣٦٨ هەتاوی.